# کچی سەرهەنگ

ئەلێکساندر پووشکین

و: سیامەند مامیر شاسواری



# کچی سەرهەنگ

## ئەلێکساندر پووشکین

سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠٢٤

ئەلێکساندر پووشکین

# کچی سەرهەنگ

رۆمانی مێژوویی

سیامەند شاسواری

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی



АЛЕКСАНДР ПУШКИН
Капитанская дочка
Alexander Pushkin
THE CAPTAIN'S DAUGHTER
AND A HISTORY OF PUGACHOV
Alexander Pushkin
А.С. Пушкин
Капитанская дочка
ابنة الضابط
الكسندر بوشكين
ابنة الآمر
THE CAPTAIN'S DAUGHTER
ALEXANDER PUSHKIN
TRANSLATED BY ROBERT CHANDLER AND ELIZABETH CHANDLER
إبنة الضابط
دختر سروان
КАПИТАНСКАЯ ДОЧКА
THE CAPTAIN'S DAUGHTER
& A HISTORY OF PUGACHOV
Alexander Pushkin
Alexander Pushkin
The Captain's Daughter
А.С. ПУШКИН
КАПИТАНСКАЯ ДОЧКА
АЛЕКСАНДР ПУШКИН
Капитанская дочка
ابنة النقيب
ALEXANDER PUSHKIN
THE CAPTAIN'S DAUGHTER
AND OTHER STORIES

تاکوو گەنجی ڕێز و ئابڕووت بپارێزە!

«**پەندێک**»



ڕۆمانی مێژوویی «**کچی سەرهەنگ**»

نووسینی ئەلێکساندر پووشکین، وەرگێڕانی: سیامەند مامیر شاسواری،

لە ڕووی دەقی ئینگلیزیی وەرگێڕدراوی ناتالی دادینگتۆن و تۆماس کین، دیسان وەشانی

پاوڵ دیبرێکزینی و ڕاجەر کلارک، هەروەها بەراوردکردن لەگەڵ وەرگێڕانی

جۆراوجۆری عەرەبی و فارسی و نەرویجی

ساڵی ٢٠٢٤ کراوە بە کوردی

**The Captain's Daughter**,
historical novel by Alexander Pushkin,
Translated to Kurdish by: Siyamend Mamir Shaswari,
from English version of Natalie Duddington and Thomas Keane;
also version of Paul Debreczeny and Roger Clarke; Version
of George Munro, New York 1884; and comparison
with various translated versions of
Arabic, persian and
Norwegian.

**تێبینی:**

ئەو وشانەی لە پەراوێزدا ڕاڤە نەکراون، لە فەرهەنگۆکی کۆتایی پەرتووکەکەدا ئەیدۆزنەوە، هەروەها سەرجەمی وشە و پەراوێزەکان لە **فەرهەنگی شاسوار** دا هەن کە ئەتوانن لە ماڵپەڕی **کوردیپیدیا** دایبەزێنن.

# پێڕست:


| | | | |
|---|---|---|---|
| بەشی ١ | جێداری پادگان | لاپەڕەی | ٩ |
| بەشی ٢ | ڕابەر | لاپەڕەی | ٢٧ |
| بەشی ٣ | قەڵای سەربازی | لاپەڕەی | ٤٧ |
| بەشی ٤ | دوێل | لاپەڕەی | ٦١ |
| بەشی ٥ | ئەوین | لاپەڕەی | ٧٧ |
| بەشی ٦ | ڕاپەڕینی پۆگاچێڤ | لاپەڕەی | ٩١ |
| بەشی ٧ | هێرش | لاپەڕەی | ١١١ |
| بەشی ٨ | میوانێکی بانگهێشتنەکراو | لاپەڕەی | ١٢٥ |
| بەشی ٩ | دووری | لاپەڕەی | ١٤١ |
| بەشی ١٠ | گەمارۆی شار | لاپەڕەی | ١٥١ |
| بەشی ١١ | وارگەی یاخیبوان | لاپەڕەی | ١٦٥ |
| بەشی ١٢ | کچەی هەتیو | لاپەڕەی | ١٨٥ |
| بەشی ١٣ | قۆڵبەستکردن | لاپەڕەی | ١٩٧ |
| بەشی ١٤ | دادگاییکردن | لاپەڕەی | ٢٢٩ |
| | فەرهەنگۆك | لاپەڕەی | ٢٥١ |
| | لەمەڕ کچی سەرهەنگ | لاپەڕەی | ٣٠٠ |

بەشی ١

## جێداری پادگان

بەیانی، جێدارێک لە پادگان نیشتەجێ دەبێت،
-گرنگی پێ نادەم! با وەک سەرباز بچێتە ڕیزەوە و،
گیان لەسەر دەست
تەنها بە زمان ئاسان خۆیا دەکات!
چیها پەژارە خۆی لە بۆسەی ناوە . . .
ئەی باوکی کێیە؟

«کنیاژنین»[١]

باوکم، ئاندرەی پەترۆڤیچ گرینیۆڤ[٢]، بە گەنجێتی لە بن فەرماندەیی «کۆنت مۆنیش سیمبرسک»[٣] خزمەتی کردبوو، ساڵی هەزار و حەوسەد و ئەوەندە بە پلەی سەرهەنگی لە سپا کارکەنار ببوو. لە دوای ئەوەش بۆ هەمیشە لە

١ ـ کنیاژنین: Yakov Knyazhnin (١٧٤٢ـ١٧٩١) یاکۆف، مەزنترین تراژێدینووسی سەردەمی کاترینی گەورە.

٢ ـ Andrei Petrovich Grinyov

٣ ـ Count Münnich Simbirsk

سەرا و سەراوی ڕاوەنی[٤] تایبەتی خۆی لە لە پارێزگای «سیمبرسک»[٥] دەژیا. هەر لەوێش بوو لەگەڵ «ئاڤدۆتیا ڤاسیلیێڤنا»[٦]، کچی زەویدارێکی بچووکی شارستانی هاوسەرگیری کرد. باوکم و دایکم بوون بە خاوەنی نۆ مناڵ، بەڵام خوشک و براکانم هەر هەموویان لە تەمەنی مناڵی کۆچی دوایان کرد.

هێشتا مێرمنداڵ بووم،[٧] وەکوو یاوەر[٨] لە هێزی پادگانی «سمیۆنۆڤسکی»[٩] ناونووس کرام، ئەویش بە یارمەتی خزمی نزیکمان «شازادە ب» کە پلەی پێشەنگی[١٠] پادگان و مرۆڤێکی شیاو و بەبەزیی بوو. هەڵبەت هەرچەند بەناو دامەزرابووم بەڵام بڕیار وا بوو، تا کۆتایی خوێندن، لە دۆخی پشوودا بم و نەچم بۆ خزمەت.

شێوازی خوێندن لەو ڕۆژانەدا، لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ هەیە زۆر جیاواز بوو. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، زاوا و ڕاچییەکەمان «ساولیچ»[١١] کرا بە هەژمەم[١٢]، ئەویش بە هۆی ئاکاری

---

٤ ـ ڕاوەن: property دارایی، دازدە، سامان، شت یان کۆمەڵێک شت کە لە چاوی ڕێسادا هیی کەسێک بێ. ع ملكية N eiendom د ملک.

٥ ـ Simbirsk

٦ ـ Avdotya Vassilyevna

٧ ـ لە هەندێ چاپدا نووسراوە: هێشتا لە سکی دایکمدا بووم.

٨ ـ یاوەر: sergeant سەربازی ناو سەرنۆگە، چاوەش، پلەیەکی سەربازی لە ئەفسەر بەرەوخوارە N sersjant ع عەریف، شاویش د گروهبان.

٩ ـ Semyonovsky

١٠ ـ پێشەنگ: captain سەربازی پۆلیس ناو سەرهەنگ، کاپتن، ئەفسەری سێ ئەستێرە.

١١ ـ Savelich

١٢ ـ هەژمە: servant of honour نۆکەری ڕازیار و ڕاوێژکاری تایبەتی، نۆکەری بەرکار، نۆکەری هاودەم. ع خادم الشرف N ærestjener د نوکر خاص.

ساکار و هۆشمەندانەی بۆ ئەو کارە بە شیاویان زانیبوو. بەم شێوەیە بە سەرپەرشتی ئەو، لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا، بە باشی خوێندن و نووسین بە زمانی ڕووسی فێر بووم. ئەوسا باوکم کابرایەکی فەڕانسەیی بە ناوی «بەوپرەی»[١٣] دامەزراند.

جەنابی «بەوپرەی» لەگەڵ ئازووقەی ساڵانەی بڕاندی و ڕۆن زەیتوون، لە مۆسکۆوە، هات بۆ لامان. ساولیچی ڕاهێنەرم زۆر لە هاتنی ئەو کابرایە ناشاد بوو و لەبەر خۆیەوە هەر بۆڵەی دەهات: «باشە، شوکری خوا، ئەوەتا منداڵەکە ڕوومەتی خاوێنە، قژی شانە کراوە، خواردنی ڕێکوپێکە، ئەی ئیتر بۆچی پارەی زیادە دەدەن بەم مۆسیۆیە؟ مەگەر لە ناو ئەو هەموو خزمەتکارەی خۆیدا کەسێکی وا دەست ناکەوێ؟»

جەنابی «بەوپرەی»، پێشتر لە وڵاتی خۆی فەڕانسە، ئارایشتگای هەبوو، پاشانیش لە پرووس ببوو بە سەرباز. ئێستەکانێش، وەک خۆی دەیوت، بۆ وانەوتنەوە هاتبوو بۆ ڕووسیە؛ هەڵبەت بەبێ ئەوەی واتای دروستی بەکارهێنانی وشەی فێرکردن بزانێت.

مۆسیۆ کابرایەکی خراپ نەبوو، بەڵام بە توندی ڕاڕا و حولحولی و بێمێشک خۆیای دەکرد. خاڵی لاوازی، هەڵپەی بۆ ئافرەتی ناسکۆڵە بوو و بە زۆری تووشی کێشەی دەکرد. بە مشت و شەپلاخە و پلاری لۆمە وایان لێدەکرد، چەندین کاتژمێر ئەیناڵاند و خۆی هەڵدەگلۆفی. جگە لەوەش بە گوتەی

١٣ـ Beaupré

خۆی «خۆ ناکۆکی لەگەڵ بتڵ نەبوو.» یا خود دەیویست پیاڵەیەک زیاتر هەڵبدات.

بەڵام لەبەر ئەوەی لە ماڵی ئێمە کاتی نیوەڕۆ، ئەویش لە گلاسی بچکۆلەدا شەراب دەخورایەوە، ڕاهێنەری تازە هەر زوو لەگەڵ خواردنەوەی ڕووسی ڕاهات و ڕایشی گەیاند: «شەراب بۆ هەرسی خواردن زۆر بەسوودە.»

من و مۆسیۆ، لە هەمان سەرەتاوە بە باشی لەگەڵ یەکدی ڕێککەوتین. هەرچەند بە گوێرەی ڕێککەوتننامە ئەبوایە زمانی فەرانسە و ئاڵمانی و هەموو زانستەکانی تر فێری من بکات، بەڵام وا ڕێک کەوتین ئەو هەندێ شت بە زمانی ڕووسی لە منەوە فێر ببێ و، دوای ئەوەش هەر کامە و خەریکی کاری خۆمان ببین.

بەمجۆرە من و مۆسیۆ بووین بە دۆستی زۆر نزیک و من ئەوم لە هەموو کەس زیاتر بە مامۆستای خۆم دەزانی، بەڵام لە بەختی بەد، چارەنووسی لێکی جیا کردینەوە. ڕووداوەکە بەم شێوە بوو:

ڕۆژێکیان «پالاشا»ی[١٤] جلشۆر، کە کچێکی قەڵەوی هاوڵاوی بوو، لەگەڵ «ئاکۆلا»ی یەک چاوی مانگالەوەڕێن، هاتن بۆ لای دایکم، خۆیان خست بەسەر قاچیدا و بەگریانەوە مۆسیۆیان تاونبار کرد، ئەو ساویلکانەی هەڵفریواندووە و دەستدرێژی پێکردوون.

ئینجا دایکم کە بە ئاسانی ئەو مژارانەی پشتگوێ

١٤ـ پالاشا: Palasha ناو ناوی کچانەیە لە زمانی ڕووسیدا بە واتای زەریای ئازاد.

نەدەخست، سکاڵای بردە لەی باوکم. باوکیشم کە لەم مژارانەدا زۆر بە هەڵوێست بوو، فەرمانی دا ئەو بەرەڵڵا فەرانسەییە بانگ بکرێت. خزمەتکاران وتیان خەریکە وانە بە من دەڵێتەوە. باوکم خۆی هات بۆ ژوورەکەی من. «بەوپرەی» لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی ڕاکشابوو و خەوێکی قووڵ بردبوویەوە. منیش خەریکی کاری تایبەتی خۆم بووم.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم، نەخشەیەکی جوگرافیایی لە مۆسکۆوە بۆ من هاتبوو. ئەم نەخشەیە ماوەیەکی باش بەبێ سوود بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، دەمێک بوو سەرنجی منی بە هۆی گەورەیی و چۆنایەتی باشی کاغەزەکەیەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. دەمێکە بوو دەمویست بەرزەحەواییەکی پێ دروست بکەم و لەم کاتەدا خەوەکەی «بەوپرەی»م بە دەرفەت زانیبوو و خەریکی ئەو کارە بووم. باوکم کاتێک هاتە ژوورەوە، من خەریک بووم چیلکەیەکم دەلکاند بە «کەپکەی هیوای چاک»ـەوە[15]. باوکم کاتێک ڕاهێنانی جوگرافیایی منی بینی، گوێی ڕاکێشام و بە فڕکە بەرەو قەرەوێڵەکەی «بەوپرەی» بردمی، کابرای لە خەو داچڵەکاند و، یەک بە خۆی کەوتە نەڕاندن و سەرکۆنەکردنی. «بەوپرەی» لەم دارەتە پەرێشانەدا ویستی هەڵسێت، بەڵام نەیتوانی، چونکە سەرخۆش و کەلەلا لێی کەوتبوو. باوکم یەخەی جاکەتەکەی گرت، لە سەر قەرەوێڵەکە هەڵیساند و لە ژوورەکە بردییە

---

١٥ـ کەپکەی هیوا: Cape of Good Hope کەپکەی هیوای چاکە. لە دوای کەپکەی ئاگۆلاس، باشووری ترین بەشی کیشوەری ئەفریقایە، لە ئەفریقای باشوور. [ع] رأس الرجاء الصالح [N] Kapp det gode håp [د] تنگە امید نیک.

دەرەوە. هەر ئەو ڕۆژە لە خزمەت دەریان کرد و ئەم ڕووداوە بووە هۆی شادمانی «ساولیچ».

خولی خوێندنی منیش بەم شێوەیە کۆتایی هات!

لەوە بەدواوە، منیش وەکوو منالانی تری کۆڵان ئەژیام، یان بە دوای کۆتردا هەڵدەهاتم، یان لەگەڵ منالانی خزمەتکاران یاری «سێباز»مان[١٦] دەکرد. بەم شێوەیە ژیان ڕابورد تا گەیشتمە تەمەنی ١٧ ساڵی. لەم کاتەدا چارەنووسی من لەپڕ گۆڕانێکی مەزنی بەسەردا هات.

ڕۆژێکیان لە وەرزی پایزدا، دایکم لە ژوورەکەدا بە هەنگوین لاچەژی دروست دەکرد، من سەیری تەختی سپی ژوورەکەم دەکرد و لیوم دەلستەوە. باوکم لە بەر پەنجەرەکە دانیشتبوو، ساڵنامەی دەرباری دەخوێندەوە، کە هەموو ساڵێک بۆیان دەهێنا.

ئەم پەرتووکە هەمیشە بە توندی کاری دەکردە سەری. بە زۆری بە وازێکی فراوانەوە چەندین جار دەیخوێندەوە و بۆ ماوەیەک لەو خوێندنەوە دەغەزرا. دایکم کە خوو و ڕەفتاری ئەوی ئەناسی تێدەکۆشا ئەوەندەی بۆی دەکرێ، ئەم پەرتووکە نەگریسە بشارێتەوە و، بەمجۆرە بۆی هەبوو ساڵنامەی دەرباری بۆ چەند مانگ نەدەکەوتە دەستی

١٦ـ سێباز: leapfrog کەوشەک، هەمزەڵ، یارییەکی پێنج شەش کەسییە، مالآن ئەنووشتێنەوە و دەست دەنێنە سەر ئەژنۆیان، یەکێکی جەمسەر باز دەدات بەسەر هەموو منالەکاندا، پاشان بۆ خۆی ئەنووشتێتەوە و یەکی دوای ئەو باز دەدات؛ بەو شێوەش هەیە کە یەکێک ئەنووشتێتەوە و هەموو بەسەر ئەودا باز دەدەن. ع لعبة القفزیة N sprang د بازی جفتک چارکش.

باوکم؛ بەڵام کە ئەشی دۆزییەوە بە ئاسانی لە خۆی دووری نەدەکردەوە. ئێستاکە باوکم خەریکی خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە بوو، جاربەجار شانەکانی ڕادەوەشاند و دەیوت: «هەهـ، ســالار!... ئەم کابرایە لە سەردەمی مندا یاوەرێک زیاتر نەبوو!... سوارچاکی سپا... ماوەیەکی زۆر نییە پێکەوە...»

سەرەنجام ساڵنامەکەی هەڵدایە سەر مێزێکی بچووک و بیرێکی قووڵ بردییەوە. ئەم چەشنە تاسبردنەوانە هەرگیز بەرەنجامی باشی بۆ ئێمە نەبوو.

لەپڕ ڕووی کردە دایکم و وتی:

ـ «ئاڤدۆیتا ڤاسیلیێڤنا»، پەترۆشا[١٧] تەمەنی چەندە؟

دایکم وەڵامی دایەوە:

ـ ئێستە لە ساڵی حەڤدە دایە. پەترۆشا لەو ساڵەدا لەدایک بوو کە پوورە ناستازیا گراسیمۆڤنا چاوێکی کوێر بوو و لەو ساڵەدا...

باوکم قسەی پێ بڕی و وتی:

ـ زۆر چاکە. کەوابوو، ئێستە کاتی ئەوەیە بچێتە بەر خزمەت. ئیتر بە ئەندازەی پێویست یاری کردووە و بە دوای کۆتردا هەڵاتووە.

دایکم لە ئەندێشەی دوورکەوتنەوەی من وەها دۆش داما، کەوچکەکە لە دەستی بەر بوویەوە، کەوتە ناو مەنجەڵەکە و فرمێسک لە چاوی جۆگەلەی بەست. بەڵام شادمانی من

---

١٧ـ پەترۆشا Petrusha گچکەڵەی ناوی پیۆتەر یان پیتەر Peter ـە.




له بیستنی ئەم گوتەیە ئەندازەی نەبوو. چوون بۆ خزمەتی سپایی له لای من لەگەڵ ئازادی یەکێک بوو؛ هەروەک ئازادی و ژیانی ڕابواردن له پەترزبۆرگ پەیوەندییەکی دارماڵیان پێکەوە هەبوو. خۆم له بەرگی ئەفسەری سپادا وێنا دەکرد و، ئەمە بە بڕوای من ئەوپەڕی بەختەوەری مرۆیی بوو.

باوکم پێی خۆش نەبوو فەرمانەکانی دوا بکەوێ. ڕۆژی ڕۆیشتنی من دیاری کرا. شەوێک کە بەیانییەکەی ئەبوایە بڕۆم، باوکم وتی دەیهەوێ نامەیەک بۆ بەرپرسی داهاتووم بنووسێ و بۆ ئەم کارەش داوای کاغەز و پێنووسی کرد.

دایکم وتی: ــ ئاندرەی پەترۆڤیچ لەبیرت نەچێ له زمانی منیشەوە هەواڵی شازادە ب... بگەیەنی و بڵێی هیوادارم سۆزی خۆی له پەترۆشا دریغ نەکات.

باوکم ناوچەوانی تێک نا و وتی: ــ لەو گەوجێتییە! بە چ هۆیەکەوە نامە بۆ شازادە ب... بنووسم؟

ــ خۆت وتت ئەتەوێ نامە بۆ بەرپرسی داهاتووی پەترۆشا بنووسی.

ــ دەی؟

ــ دەی مەگەر شازادە ب... بەرپرسی پەترۆشا نییە؟ ناوی پەترۆشا لە یادگانی سمیۆنۆفسکی تۆمار کراوە، ئیتر.

ــ تۆمار؟ بە من چی ناوی ئەو تۆمار کراوە. پەترۆشا ناچێت بۆ پەترزبۆرگ. چونکە لەوێ جگە لە هەڵەخەرجی و هەرزەیی خۆ فێری هیچی تر نابێت. نەخێر، پەترۆشا دەبێت لە سپادا خزمەت بکات. دەبێت لەگەڵ دژواری ڕابێت و دووکەڵی باروت بچێت بە لووتیدا، تا ببێ بە سەرباز، نەک بە ژنخەڵەفێنێکی خۆدەرخەر. ناسنامەکەی لە کوێیە؟ بیهێنە بۆم.

دایکم ناسنامەکەی منی لە مجری لای کراسی تەوفنەکەمەوە[١٨] بوو، دۆزییەوە و، بە دەستێکی لەرزۆکەوە دای بە باوکم. باوکم ماوەیەک بە وردی سەیری کرد و کۆتاییەکەی لە سەر مێزەکەی بەردەمی دانا و دەستی کرد بە نووسین.

مەراقم وەها بزوابوو، نەبێتەوە. باشە ئەگەر نەچم بۆ پەترزبۆرگ ئەی بۆ کوێم دەنێرن؟چاوەکانم لە پێنووسەکەی جیا نەدەبوونەوە، کە بە ئارامی دەبزوا و دەچووە بەرەوە. کۆتاییەکەی نامە تەواو بوو و باوکم مۆری کرد و لەگەڵ ناسنامەکەم خستییە ناو پاکەتێکەوە. پاشان چاویلکەکەی داگرت، بانگی کردم بۆ لای خۆی و وتی:

ــ ئەم نامەیەم بۆ ئاندرەی کارلۆڤیچ ر...[١٩] دۆست و

---

١٨ـ کراسی تەوفن: baptismal shirt ئەو کراسەی مرۆڤی فەلە کاتی بۆنەی پیرۆزکردن لەبەری دەکات.

١٩ـ Andrey Karlovich R

هاوکاری کۆنی خۆم نووسیوە. تۆ دەچیت بۆ ئۆرنبۆرگ[٢٠] و لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا دەست دەکەیت بە خزمەت.

بەم شێوەیە بناغەی هیواکانی من بە جارێک داڕووخا. لەبری ژیانی پڕ لە هەژانی پەترزبۆرگ، ئەبوایە بە پەژارە و ناسازییەوە لە ناوچەیەکی چەپەک بژیم. خزمەتی سەربازی، کە تا ساتێک بەر لە ئێستە تەنها بە جێگۆڕکێیەکی نشینگەم دەزانی، ئەوا وەک ئازارێکی بەردەوام خۆیای دەکرد.

بەڵام جێگەی مشتومڕ نەبوو. بەیانی ئەو ڕۆژە، فایتوونی گەشت هاتە بەر دەرگای ماڵمان. باوڵی جل و دەزگایەکی چالێنان و چەند بەستە نانی سپی و شیرینییان خستە ناوی. باوکم و دایکم ماڵاواییان لەگەڵ کردم.

باوکم وتی:

ـ ماڵیاو پیۆتەر! بە ڕاستگۆیی و ئەمەگەوە خزمەت بەو کەسە بکە دەچیت بۆ لای. هەمیشە گوێڕایەڵی بەرپرسانت بە و هەرگیز پێچەوانەی ویستی ئەوان مەجووڵێرەوە. زۆر هەڵپەی پلەوپایەت نەبێت و لە هیچ کارێک مەپرنگێرەوە. هەمیشە ئەم پەندەت لەبیر بێت، کە دەڵێت: «تا جلەکانت نوێیە ئاگات لێیان بێت و هەتا گەنجیت ڕێز و ئابڕووی خۆت بپارێزە.»

دایکم جەختی لەسەر ئەوە کرد ئاگام لە خۆم بێت و فەرمانی بە ساولیچ دا لە پەرستاری و ئاگاداریم کۆتایی نەکات. پاشان کەوڵپۆسێکی بچووکی پێستی کەروێشک و بەسەر ئەویشدا

٢٠ـ ئۆرنبۆرگ: Orenburg شارێکی نیوملیۆن کەسییە لە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕووسیا نزیک سنووری کازاخستان.

بەرەکێکی[٢١] درێژی پێستی ڕەویان کردە بەرم. لەگەڵ ساولیچ سواری فایتوون بووین و لەکاتێکدا دڵۆپی گریان ڕوومەتیانی تەڕ کردبووم، ڕێگەمان گرتەبەر. هەر ئەو شەوە گەیشتینە سیمبرسک. لەوێ پێویست بوو بۆ دابینکردنی هەندێ کەلوپەل، بیست و چوار کاتژمێر، ڕابوەستین. کەوابوو لە میوانخانەیەک دابەزین.

ساولیچ بەیانی زوو چوو بۆ بازاڕ. من ماوەیەک لە پەنجەرەکەوە سەیری کۆڵانە چەپەڵەکەم کرد و پاش ئەوەی کە ماندوو بووم، چووم بۆ گەڕان لە کۆڵانەکانی نزیک بە میوانخانە. چوومە هۆڵی بیلیارد و لەوێ کابرایەکم بینی، نزیکەی سیوپێنج ساڵان، باڵا بەرز و سمێڵی درێژ و ڕەش، دەلمەیەکی درێژی لەبەردا بوو و دارێکی بیلیارد بەدەستییەوە بوو، کلکی سەبیلێکی بچووکیشی بە ددان گرتبوو.

ئەم کابرایە لەگەڵ خەنیمێک یاری دەکرد. بڕیار وابوو ئەگەر خەنیمەکەی بیباتەوە، پێکێک ڤۆدکای بۆ بکڕێ و ئەگەر بیدۆڕێنێ چوار دەست و پێ بە بن مێزەکەدا بڕوات. من وەستام بۆ سەیرکردن. چەندە یاری درێژەی دەکێشا، هاتوچۆ بە بن مێزەکەدا پتر ئەبوو. کۆتاییەکەی کار گەیشتە ئەوێ کە خەنیم لە بن مێزەکە مایەوە.

براوە چەند وشەیەکی خۆبادان و دژ بە خەنیمی وت و، ئەوسا پێشنیازی بە من کرد گەمەی لەگەڵ بکەم. منیش بە بیانووی ئەوەی کە نازانم پێشنیازەکەم ڕەت کردەوە.

---

٢١ـ بەرەک: چۆخەی درێژ لە پێست یان شاڵی بووزووی خوری و تووکی وشتر.

گوایە ئەوەی زۆر لا سەیر بوو یەکێک یاری نەزانێ، چونکە بە بەزەییەوە لێی ڕوانیم. ئەوەندەی پێنەچوو کەوتینە گفتوگۆ. زانیم ئەم کابرایە ناوی ئیڤان ئیڤانۆڤیچ زوورینە[٢٢] و، لە پادگانی «هاسر» سەرۆکی دەستەی سوارەی پادگانە.

هاتبوو بۆ سیمبرسک سەربازی تازە وەربگرێ و، لە میوانخانە دامەزرابوو. لە پاش تۆزێک دوان، وەک باوی ئەفسەرانە، پێشنیازی بە من دا پێکەوە نان بخۆین. منیش بەخۆشییەوە پەژیرەم کرد و، پێکەوە چووینە سەر مێزی نانخواردن.

زوورین لەپەسا شەرابی دەخواردەوە و منیشی بۆ خواردنەوە هان دەدات، بەو هۆکارەی کە دەبێت خۆمان لەگەڵ خزمەتی سەربازی ڕابهێنین. لەگەڵ ئەوەشدا سەربردەی بچووکی لەمەڕ بارودۆخی پادگان دەگێڕایەوە، کە من دەمدا لە قاقای پێکەنین.

کۆتاییەکەی، ئەوسا کە لەسەر مێزەکە هەڵساین، دارماڵ پێکەوە بیووین بە هاوڕێ. زوورین پێشنیازی کرد فێری بیلیاردم بکات. دەیوت:

ـ ئەمکارە بۆ هەموو سەربازێک پێویستە. زۆر جار ڕوو دەدات کاتی جەنگ ئەگەینە گوندێک. باشە کاتی وەها دەبێت خۆمان بە چییەوە سەرگەرم بکەین؟ خۆ هەمیشە ناکرێ بە کوتانی جوولەکە خۆمان سەرگەرم بکەین! مرۆڤ ناچارە بچێ بۆ میوانخانە و دەست بکات بە یاری. بۆ ئەمکارە زانینی

٢٢ـ Ivan Ivanovich Zurin

بنەماکانی یاریکردن پێویستە.

ئەم بەڵگانە دارماڵ دڵکاوی کردم و بە وردبینی دەستم کرد بە فێربوون. زوورین بە دەنگی بەرز هانی دەدام و لە گەشەکردنی خێرام سەری سوورِ مابوو. پاش ئەوەی چەند وانەی فێرکردم، وتی با لەسەر پارە کایە بکەین. بەڵام تەنها بە یەک کۆپەک[٢٣]، ئەویش نەک بۆ پارەکە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بە هەوانتە کایەمان نەکردبێت، چونکە ئەو کارە بە بۆچوونی ئەو کردەوەیەکی دشت بوو. پاشان فەرمانی دا رِام پانچمان[٢٤] بۆ بهێنن و بە منیشی دا تاقی بکەمەوە، لەکاتێکدا بەردەوام دەیوت:

ـ دەبێت خۆمان لەگەڵ خزمەتی سەربازی رِابهێنین، خزمەتیش بەبێ پانچ خۆ ناکرێت.

من بە قسەم کرد و، یاری درێژەی هەبوو. چەندە زیاتر لەو گیراوەیەم دەخواردەوە، جەربەزەتر دەبووم. وەهام دەدا لە تۆپەکان بەسەر قەراخەکەدا وەکوو گوللە بازیان دەدا بۆ دەرەوە. منیش توورە ببووم و دەمگورِاند بەسەر داوەرەکەدا. ئینجا بەردەوام برِی پارەکەم دەبردە سەرەوە، وەکوو منداڵێک وابووم کلیلی هەماری دەست کەوتبێت. بەدەم یارییەوە کات زوو تێپەرِیبوو. کۆتاییەکەی زوورین سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد، دارەکەی دانا و پێی اگەیاندم

---

٢٣ ـ کۆپەک: kopek دراو یەک لە سەدی رِوبل، یەکەی دراوی رِووس و بلارِووس.
ع کوبیک N kopek د کپک.

٢٤ ـ رِام پانچ: rum punch تێکەڵەی چای و ئارەق.

سەد ڕوبلم دۆڕاندووە. ئەم مژارە تۆزێ بوویە هۆی شڵەژانی من، چونکە پارەکانی من لە لای ساولیچ بوو. کاتێک کەوتمە داوای لێبوردن، زوورین قسەی پێ بڕیم و وتی:

ـ تکایە خۆت مەشەمزێنە، هیچ گرنگ نییە، من ئەتوانم ڕاوەستم. جارێ وەرە با بچین سەرێک لە ماڵی ئارینۆشکا(٢٥) بدەین.

بەمجۆرە، من ئەو ڕۆژەم، بەهەمان ڕووداری کە دەست پێکردبوو، کۆتایی پێهێنا. لە ماڵی ئارینۆشکا شێومان خوارد و زوورین لەپەسا پێکەکەی پڕ دەکردەوە و پاتەی دەکردەوە دەبێت خوو بە خزمەتی سەربازی بگرین.

ئەوەندەی لە سەر مێزەکە هەڵساین، من بە ئاستەم خۆم پێ ڕادەگیرا. نزیک نیوەشەو، زوورین بردمیەوە بۆ میوانخانە. ساولیچ لە پاگەردی پلیکانەکان پێمان گەیشت و کاتێک جەخت و سووربوونی بۆ خزمەت لە سیادا بینی، ئاهێکی هەڵکێشا و بە دەنگێکی پڕبەزەیی وتی:

ـ چی ڕووی داوە؟ چیت بەسەر هاتووە؟ لە کوێ ئەو هەموو ئارەقەت خواردووەتەوە؟ ئەی خوایە گیان! تۆ خۆ هەرگیز لەم کارانەت نەدەکرد؟

من بە دژواری و پچڕپچڕ وەڵامم دایەوە: ـ بێدەنگ بە پیرەمێردی دەم بە بۆڵە! مەگەر شێت بوویت؟ بڕۆ بخەوە و لە کۆڵم بەرەوە! نا، ڕاوەستە من ببە سەر جێگەکەم.

بەیانییەکەی داگیراو و بە ژانەسەرێکی سامناکەوە لەخەو

---

٢٥ـ Arinushka

هەڵسام. ڕووداوەکانی شەوی ڕابوردوو بە شێوەیەکی ئاڵۆز دەهاتنەوە یادم، کە هاتنەژوورەوەی ساولیچ پیاڵەیەک چا بەدەستەوە، ڕشتەی بیری بچڕاندم.

ساولیچ لەکاتێکدا سەری خۆی ڕادەوەشاند، وتی:

ـ پیۆتەر ئاندرۆڤیچ گرینیۆڤ[٢٦] بۆ تۆ زۆر زووە ئاوا بکەویتە خواردنەوە و ڕابواردن و ئەم کارە دشتانە. ئەمانە لە کوێوە فێر بوویت؟ باوک و باپیرەی تۆ هیچکامیان شەرابخۆر نەبوون. باسی دایکت ئیتر ناکەم، لە هەموو تەمەنیدا بیرەیەکیشی نەخواردوەتەوە. سووچی ئەو مۆسیۆ نەگریسەیە کە بەردەوام غاری دەدا بۆ کۆگای ئانتیپۆنا و دەیوت: «خاتوون، تکایە پێکێک ڤۆدکا!» ئەوەش بەرەنجامەکەی. فەرموو، گەیشتە کوێ؟ گومانی تێدا نییە ئەو سەگبابە ئەم خووە دزێوەی فێری تۆ کردووە. بەرەنجامی دامەزراندنی مامۆستای بێگانە لەمە باشتر نابێت. دەڵێی ئەرباب بە ئەندازەی پێویست خزمەتکاری نەبوو!

من تەریق بوومەوە و ڕووی خۆم وەرگێڕا و وتم:

ـ بڕۆ ساولیچ من چایم ناوێ.

بەڵام ساولیچ کەوتە ئامۆژگاری. بە ئاسانی بێدەنگ نەدەکرا. شوێن گوتەی خۆی گرت و وتی:

ـ گوێ بگرە ئەرباب! شەرابخواردنە هیچ باش نییە. تۆزێ گیراوەی خەیار و هەنگوین بخۆ با چاکتر ببیت، یان دیسان شەرابت ئەوێ؟

---

٢٦ـ Pyotr Andreyich Grinyov

لەمکاتەدا خزمەتکارێک هاتە ژوورەوە و نامەیەکی لە ئیڤان ئیڤانۆڤیچ زوورینەوە هێنا بۆ من. من کردمەوە و ئەم دێڕانەم خوێندەوە:

«پیۆتەر ئاندرۆڤیچی بەڕێز، تکایە ئەو سەد ڕوبلەی دوێنێ دۆڕاندت، بە هۆی ئەم تەتەرەکەوە بۆم ڕەوانە بکە. زۆر پێویستم بە پارەیە.

ئامادەی خزمەت،

بچووکتان – ئیڤان زوورین»

پارە نەبوو. بۆیە بە کەمتەرخەمییەوە فەرمانم بە ساولیچ، کە گەنجەدار و بەرپرسی هەموو کارەکانی من بوو، دا سەد ڕوبل بدات بە خزمەتکارەکە.

ساولیچ بە سەرسووڕمانێکی سەیرەوە پرسی:

ــ چۆن؟ لەبەر چی؟

منیش بەوپەڕی خەمسارییەوە وەڵامم دایەوە:

ــ چونکە بڕی ئەو پارەیە وامدارم!

ساولیچ، کە وردە وردە زیاتر دەحەپەسا، وتی:

ــ وامداری؟ ئەرباب جەنابت کەی کاتی ئەوەت هەبووە وام وەربگری! دیارە ڕازێک لەم نێوانەدا لە ئارا دایە. من هەرگیز ئەو پارەیە نادەم!

من لای خۆم بیرم لێکردەوە، ئەگەر ئێستە لە بەرامبەر ئەم کابرا ڤیرسیچمەیەدا کۆڵ بدەم، پاشتر تووشی کێشەیەکی

گەورە دەبم و ئاسان نابێت خۆم لە بن باشاری ئەو دەرباز بکەم. بۆیە بە لووتبەرزییەوە خاچ لێم ڕوانی[۲۷] و وتم:

ـ من ئەربابی تۆم و تۆ هەژمەی منی. پارە هێنی منە و منیش بە ویستی خۆم لە قوماردا دۆڕاندوومە. جا پێت دەڵێم لەوە زیاتر ئامۆژگاری مەکە و، فەرمانی ئەربابەکەی خۆت ڕاپەڕێنە.

ساولیچ، وەها لە گوتەی من داچڵەکا کە دەستەکانی بەرز کردەوە و وەک پەیکەرێکی بەردین بە بێجووڵە ڕاوەستا. من بە دەراوێکی[۲۸] ڕقاوی هاوارم کرد:

ـ ئەی بۆ نارۆیت؟

ساولیچ کەوتە گریان و بە دەنگێکی لەرزۆک وتی:

ـ ئەرباب پیۆتەر ئاندرۆڤیچ بە پەژارە مەمکوژە. سۆمای چاوەکانم، گوێ لە گوتەی ئەم هەژمە پیرەی خۆت ڕابگرە. بۆ ئەو دزە بنووسە یاری دوێنێ بۆ ڕابواردن بووە و تۆ پارەی وەهات نییە. سەد ڕوبل! خوایە گیان! بڵێ باوک و دایکت فەرمانیان داوە تۆ بۆت نییە جگە واخێن و چاڵێن قومار بکەیت.

من بە توندی قسەکەیم بڕی و وتم: ـ وڕێنە بەسە! پارەکەی پێ بدە، ئەگینا فڕێت دەدەمە دەرەوە.

---

۲۷ ـ خاچ تێڕوانین: Angry look, scowl ناوی فەرمان ڕاستەوخۆ و بە مۆڕەوە تێڕوانین. [ع] نظرة غاضبة [N] Sint utseende [د] نگاه خشم آلود.

۲۸ ـ دەراو: tone ناوی فەرمان شێواز و چۆنیەتی ئاخافتن؛ دەنگێک بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە؛ شێوازی ئاخافتن و گۆکردنی: بێژە، دەموبێژ. [ع] نبرة [N] tone [د] لحن. ن: سوورەی ئەمریکایی دەراوێکی کوردی زۆر خۆشی هەیە!

ساولیچ بە پەژارەیەکی زۆرەوە سەیری کردم و، بۆ دانی وامەکەی من چووە دەرەوە. پیرەمێردی ڕەبەن دڵی بۆ من دەسووتا. بەڵام من دەمویست خۆم ڕزگار بکەم و بیسەلمێنم ئیتر منالّ نیم!

پارە درا بە زوورین. ساولیچ پەلەی دەکرد چەندە زووتر لەم میوانخانە نەگریسە بمباتە دەرەوە. بۆیە دوای چەند خولەک هات بۆ لای من و وتی:

ـ ئەرباب، ئەسپەکان ئامادەن.

من بە ویژدانێکی شێواو و ژێوانەوە، بەبێ ئەوەی ماڵاوایی لە زوورین بکەم، لە سیمبرسک ڕۆیشتم، چونکە لام وابوو ئیتر ماموّستای بیلیاردەکەم نابینمەوە.

بەشی ٢

# ڕابــــەر

ئەی خاکی من، ئەی خاکە هەژارەکەم،
ئەی نیشتمانە نامۆکەم؟
بە وازی خۆم خۆ نەهاتووم بۆ ئێرە
ئەسپە تیژپەڕەکەیشم نەیهێناوم
ئەوەی ئەم گەنجە نەبەردە نەترسەی
گەیاندە ئێرە، جەربەزە بوو و بوێری بوو و
پیاڵەکیشی مەی!

«سترانێکی کۆن»

ئەندێشەی من لە گەشتەکەدا زۆر شادمان نەبوو. ئەو پارەیە لە دەستم چووبوو، بە بەهای ئەو ڕۆژانە یەکجار زۆر بوو. دەمزانی ڕەفتارم لە میوانخانە گەوجیەتییەکی دارماڵ بوو و، بەرامبەر بە ساولیچ تاوانبارم. ئەم بیرانە لێم نەدەگەڕا. پیرەمێردی بەلەنگاز، بە دارەتێکی پەڕاراوی لە سەر کورسی فایتوونەکە دانیشتبوو، پشتی کردبوویە من و ناوبەناو

کۆکەی دەکرد. من دەمویست هەر جۆر بووە لەگەڵی ئاشت بکەمەوە، بەڵام نەم دەزانی بۆ ئەو کارە دەبێ چی بکەم. سەرەنجام ڕووم تێکرد و وتم:

ــ گوێ بگرە ساولیچ، ئیتر بەسە. وەرە با ئاشت بکەینەوە. دەزانم من تاوانبارم و هەڵە لە لایەن منەوە بووە. دوێشەو لە ڕووی نەزانییەوە سووکایەتیم بە تۆ کرد. بەڵام لەمە بەدوا دەرفەتت پێ دەدەم ڕێنموونیم بکەیت و، بەڵێن دەدەم لە داهاتوودا گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانت ڕادێرم. ئیتر گرنگ نییە و مەیگرە خۆت. وەرە با پێکەوە دۆست بین!

ساولیچ بە ئاهێکی قووڵەوە وەڵامی دایەوە:

ــ ئای ئەرباب! من لە خۆم تووڕەم. هەڵەکە تەنها هینی منە کە لە میوانخانە بەجێم هێشتی. چارە نەبوو. دەبوایە بچم بۆ ماڵی ئەم ژنە ناچیزەیە و خوسووم ببینم. ئەوە نییە وتوویانە: «ئەوەی بچێت بۆ ماڵی خەسوو، خۆی لە زیندان دەبینێتەوە!»[٢٩] ئیتر چۆن ڕووم بێت خۆم پیشانی ئەربابەکانم بدەم؟ چیم پێ دەڵێن، ئەگەر بزانن کوڕەکەیان بوو بە مەیخۆر و قومارباز؟

من هەوڵم دەدا دڵی بدەمەوە و، بەڵێنم دەدا لەوە بەدوا یەک کۆپەکیش بەبێ ڕەسەندی ئەو نەبڕێنمەوە. ساولیچ وردە وردە ئارام بوو، بەڵام هێشتاش جارجارە سەری ڕادەوەشاند و دەیوت:

ــ سەد ڕوبل! بە قسە خۆشە!

---

٢٩ـ پەندی ڕووسی.

تۆزەتۆزە لە نشینگەی داهاتووم نزیک دەبوومەوە. فەراگەردمان[٣٠] بیابانی خەمناکی کاکیبەکاکی بوو کە زۆرگ[٣١] و زۆپی فراوانی لێ بوو. بەفر عەرزەکەی داپۆشابوو. خۆر خاوەخاو بە ئاسۆدا ڕێی دەکرد و فایتوون بە جادەیەکی تەنگدا دەڕۆیشت، کە لە ڕاستیدا ڕێچکە ڕێگەی گەونکەران بوو. لەپڕ ئاژۆتەکە[٣٢] سەیرێکی ئاسمانی کرد و وتی:

ـ جەنابی ئەرباب بە باشتری نازانن بگەڕینەوە بۆ ناو شار؟

ـ ناوشار بۆ؟

ـ هەواکەی جێگە متمانە نییە. با هەڵکیردووە. چاوت لێیە چۆن پڕووشەی بەفرەکە هەڵدەدات بە حەوادا؟

ـ دەی ئەمە مەترسی چییە؟

فایتوونچی بە قامچییەکەی ڕۆژهەڵاتی پیشان دا و وتی:

ـ ئەو لایە دەبینی؟

ـ من جگە لە زەوی سپی و ئاسمانی ساو هیچی تر نابینم!

ـ ئەویٚ، ئەها، ئەو هەورە بچووکە.

---

٣٠ـ فەراگەرد: Environment ناو دۆر، دۆرمادار، کشتوکەنار، دەوروبەر، ناوچە، پەڕانپەڕ، ئەو نەواقەی کە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیا تێیدا ئەژی N Miljø ع بیئة د محیط.

چێوە: perimeter ناو پەڕانپەڕی بازنە. ع محیط N omkrets د محیط.

٣١ـ زۆرگ: mound زورگ، زورب، زەوی هەڵەت و چاڵ و بەرز، زنجیرە تەپۆڵکە. ع تل N haug د ماهور.

٣٢ـ ئاژۆت: driver کارا لێخوڕ، لێخوڕی فایتوون و ئۆتۆمۆبیل و هتد. ع سائق N sjåfør د ڕانندە.

من بە وردی ڕوانیمە ئەو لایە. هەورێکی بچووکی سپیم بینی، کە لە دوورەوە وەکوو گردێکی پەرتی بچووک خۆیای دەکرد. ئاژۆت بۆی ڕوون کردمەوە ئەم هەورە سەرەتای کرێوەیەکی دژوار ڕادەگەیەنێت.

من پێشتر چیرۆکی تۆفان و باهۆزی[٣٣] بەفری ئەم ناوچەیەم بیستبوو و دەمزانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری لەناو خۆیدا ون کردووە.

ساولیچیش لەگەڵ بۆچوونی ئاژۆتەکە هاودەنگ بوو و ئامۆژگاری دەکردم هەتا زووە با بگەڕێینەوە. بەڵام باکەی لە لای من زۆر بەهێز نەبوو و هیوادار بووم بەمزوانە بگەینە وێستگەی داهاتوو. بۆیە فەرمانم دا خێراتر بڕۆین.

ئاژۆت، ئەسپەکانی تاودا و ئەسپ کەوتنە چوارناڵە، بەڵام بەردەوام بە ترس و نیگەرانییەوە سەیری لای ڕۆژهەڵاتی دەکرد. ئەسپەکان بە لەزێکی زۆر دەڕۆیشتن. بەڵام باکە لەپەسا بەهێزتر ئەبوو. گەواڵە[٣٤] هەور ببوو بە هەورێکی گەورەی سپی، بە ئارامی بەرز دەبوویەوە و ئاسمانی دادەگرتەوە. پاش ماوەیەک سەرەتا کردی بە باکوزیرک[٣٥] پاشان لەپڕ بوو بە گلێرە[٣٦] و دەنکی قەڵەو. بایش کەوتە گرماندن و باهۆز دەستی پێکرد. ئەوەندەی پێنەچوو حەوا

---

٣٣ـ باهۆز: storm گەردەلوول، گژەبا. [ع] عاصفة [N] storm [د] توفان.

٣٤ـ گەواڵە: cloudlet گەوارە، پەڵە هەور. [ع] القزعة سحابة صغيرة [N] litet moln
[د] ابرپارە، تکە ابر.

٣٥ـ باکوزیرک: بەفری وردی سەرەتای کرێوە، بارینی بەفر و باران بە تۆف و کرێوەوە.

٣٦ـ گلێرە: hailstorm تەرزەلۆکە، تەرزەی وەرد، ڕەهێڵە و تۆفانی تەرزە. [ع] عاصفة البرد [N] haglstorm [د] تگرگ ریز.

بوو بە زەریایەکی بەفر و هەموو شتی لەناو خۆیدا قووت دا و شاردەوە.

ئاژۆت هاواری کرد:

ــ ئای لەو دۆخە سامناکە، جەنابی ئەرباب! هیچ کوێ دیار نییە.

سەرم لە گالیسکەکە بردە دەرەوە و لە درزی چاومەوە ڕوانیم. تاریکی باهۆز کەشەکەی داگرتبوو. با وەها دەیلووراند دەتوت درندەیە زیندوو بووەتەوە. ئەسپەکان وردە وردە خاویان کردەوە و کتوپڕ وەستان.

من بە شڵەژانەوە لە ئاژۆتم پرسی:

ــ بۆچی وەستان؟

ئاژۆت لە شوێنەکەی خۆیەوە بازی دا خوارەوە و وەڵامی دایەوە:

ــ بچم بۆ کوێ؟ نە دەزانم لە کوێین و نە ڕێگەیەک خۆیا دەکات. هەموو لایەک بەس مژە و تاریکی.

من کەوتمە سەرکۆنەی ئاژۆتەکە. بەڵام ساولیچ لایەنی ئەوی گرت و بە تووڕەیی وتی:

ــ بۆ گوێ لە گوتەی ڕاناگری؟ ئەگەر گوێت لە قسەی ڕاگرتایەت و بگەڕایەتینەوە بۆ میوانخانە، چاییەکمان دەخواردەو، تا بەیانی بە ئاسوودەیی لێی دەخەوتین. تۆفانیش بە ناچاری تا ئەو کاتە کۆتایی دەهات و ڕێگەی خۆمان دەگرت و دەڕۆیشتین. خۆ ناچین بۆ زەماوەند؟

ساولیچ ڕاستی دەکرد. گوتەی ئەو بوو. چارەمان نەبوو.

بەفر بە توندی دەباری و فەراگەردی فایتوونەکە کەڵکە بوو. ئەسپەکان وەستابوون، سەریان داخستبوو و دەلەرزین.

ئاژۆت بە گەردی فایتوونەکەدا دەگەڕا و زین و سامۆرتەی[٣٧] تەرکبەندی توند دەکردەوە. ساولیچ لەبەر خۆیە بۆڵەی دەهات و، من بە هیوای ئەوەی نیشانی مرۆڤ یان شوێنێکی ڕێگا بدۆزمەوە، بە بێهوودە سەیری هەموو لایەکم دەکرد. بەڵام باهۆز وەها هەموو لایەکی لێڵ و تاریک کردبوو، هیچ دیار نەبوو. کتوپڕ ڕەشاییەک سەرنجی منی ڕاکێشا و هاوارم کرد:

ــ بڕوانە ئاژۆت، ئەو ڕەشاییە چییە؟

ئاژۆت سەیری کرد و سەرکەوت بۆ شوێنەکەی خۆی و وتی: ــ مەگەر خوا بزانێت ئەرباب. نە فایتوونە و نە درەختە، بەڵام وا پێدەچێ خەریکە دەجووڵێت.

من فەرمانم پێدا بچێت بۆ لای ئەو شتە پێوارەی[٣٨] وردە وردە لێمان نزیک دەبوویەوە. پاشی دوو خولەک بە پیاوێک گەیشتین.

ئاژۆت لێی پرسی:

ــ کاکی برا دەزانی ڕێگاکە لە کام لاوەیە؟

ڕێبوار وەڵامی دایەوە:

---

٣٧ـ سامۆرتە: saddle straps ئاڵقە و بەندی پاشکۆی زین بۆ بەستنەوەی جانتا و شمەکی سوار، قایشی تەرکبەند. N sal-stropp ع سرج حزام د فتراک.

٣٨ـ پێوار: unknown نەزانراو، پەنام، نادیار، نەدیار، شپنە، غەیبی. ع مجهول، غیر معروف N ukjent د ناشناختە، پنهان. ⇦ وازا و پێوار د آشکار و پنهان E overt and hidden.

ــ ڕێگا ئەمەیە. واین لە سەر عەردێکی تەخت. بەڵام من لێرە زیاتر نەڕۆیشتووم.

من ڕووم کردە غەوارەکە و پرسیم:

ــ گوێ بگرە کاکی برا. ئایە تۆ ئەم ناوچەیە دەناسیت و دەتوانیت بمانگەیەنیتە شوێنێکی دڵنیا؟

ڕێبوار وەڵامی دایەوە:

ــ بەڵێ، من ئەم ناوچەیە وەک بەری دەستم دەناسم. بە سواری و پیادە زۆر جاران پێیدا تێپەڕیوم. بەڵام چاوتان لێیە دۆخی هەواکە چەند ئاڵۆزە؟ لەم کەشەدا بۆی هەیە بە ئاسانی ڕێگاکە ون بکەین. باشتر وایە لێرە ڕاوەستن، ڕەنگە تۆفان ئارام بگرێ و ئاسمان ببێت بە ساماڵ. ئەوسا دەکرێ لە ڕووی ئەستێرەکانەوە ڕێگاکە بدۆزینەوە.

هێوری و بڕوابەخۆیی کابرا هانی دام خۆم بدەم بە دەستی چارەنووسەوە و شەو لە بیابان بمێنمەوە. لەپڕ ڕێبوارەکە خۆی هەڵدایە سەر کورسی تەنیشت ئاژۆتەکە و وتی:

ــ سپاس بۆ خوا! وابزانم گوندێک لەم نزیکانە هەیە. بای دەرەوە بۆ لای ڕاست و بکەوەرە ڕێ.

ئاژۆت بە دەراوێکی نەیارانە وتی:

ــ بۆچی بڕۆم بۆ لای ڕاست؟ مەگەر لەو لایە چیت لێ دیارە؟ «نە ئەسپ هینی تۆیە و نە زین و ساموٚرتە، کە وا بوو بەبێ هەرا بچۆ بە دوای کارت دا!»[٣٩]

---

٣٩ـ پەندی ڕووسی.

من مافم بە ئاژۆتەکە دا و بە کابرای ڕێبوارم وت:

ـ بۆ پێت وایە لەم نزیکانە گوندی لێیە؟

ڕێبوار وتی:

ـ چونکە کاتێک با لەو لاوە هات بۆنی دووکەڵ دای بە لووتمدا، بۆیە لام وایە دەبێت ئاواییەک لەو لایە هەبێت. بای دەرەوە بۆ لای ڕاست و بەرەو ڕووی بڕۆ.

لە هۆشمەندی و بۆزەنی[٤٠] کابرا سەرم سووڕ ما. بۆیە فەرمانم بە ئاژۆت دا بکەوێتە ڕێ. ئەسپەکان لەبەر زۆری بەفر بە ئەسپایی دەڕۆیشتن. فایتوونەکە بە ئارامی بەسەر بەفر و کەند و لەندی ڕێگەدا دەچوو پێشەوە. کاتی ڕۆیشتن جارجارە سەنگەلای[٤١] دەکرد و جار بە لای ڕاست و جار بە لای چەپدا خوار دەبوویەوە. لە گەمییەک دەچوو لە ناو زەریایەکی تۆفانیدا. ساولیچ بە هەر لۆژەیەک خۆی دەدا بە سەر مندا و لە دڵەوە ئەینالاند.

من پرچە درێژەکەم بەردایەوە و کەوڵپۆسەکەم لە خۆمە ئالاند. هەوای تۆفانی و بزووتنی ئارامی فایتوونەکە خاوی کردمەوە و لە ناکاو خەو بردمیەوە.

لەم کاتەدا خەونێکم بینی کە تا ئێستەش لەبیرم نەچووەتەوە و، هێشتاش کاتێک لەگەڵ ئەو ڕووداوە سەمەرانەی ژیانم هەڵی دەسەنگێنم، وا ئەزانم ئەو خەونە

---

٤٠ـ بۆزەن: sharp nose ناوی فەرمان زۆر بۆنکەر، ئەو کەسەی توانای بۆنکردنی بەهێزە؛ هێمایر خۆهەڵقورتێنەر، کەسێک کە سیخوڕی لە کاری دگەردا دەکات.

٤١ـ سەنگەلا: swing ناوی فەرمان لۆژە، لەرە، هاتوچۆ، لەپلەپ، هەلوور؛ بزووتنی بە هەر دووک لای ڕاست و چەپدا. ع أرجوحة N svinge د نوسان.

سرووشێک[٤٢] بووە. هیوادارم خوێنەری بەڕێز لێم ببووری، چونکە دیارە ئەو بە ئەزموون باش دەزانێت، مرۆڤ چەندەش بە پێشبینی و پێشگۆیی بێبڕوا بێت، چەندە ئاسانە جار جارە بڕوای پێ بکات.

لە ڕاستیدا، من لە هەمان دارەتی ئەندێشەیی و سۆزاوی خۆمدا بووم کە، ڕاستەقینە دزە دەکاتە ناو خەونەکانمان و لە بەرجەونێکی تەمومژاویدا لەگەڵی تێکەڵ دەبێت. لەم دارەتەدا وام هاتە بەرچاو تۆفان توندتر بوو و ئێمە هێشا لەو بیابانە پڕ لە بەفرەدا سەرگەردانین... لە نکاو دەروازەیەکی گەورەم بینی و فایتوونەکە چووە حەوشەی ماڵی خۆمان. من لەوە دەترسام باوکم لەو گەڕانەوە چاوەڕواننەکراوەی من زویر ببێت و، وەک خۆم پێشبینیم دەکرد، هۆکارەکەی بە نافەرمانی دابنێت. بۆیە بە دڕدۆنگی لە فایتوونەکە دابەزیم و، دایکم بینی بە پەژارەیەکی فراوانەوە دێت بەرەو ڕووم. کاتێک گەیشتە نزیکی من، وتی:

ـ ئارام بە کوڕم. باوکت زۆر نەخۆشە و دەیهەوێ ماڵاواییت لێ بکات.

من بە دارەتێکی حەپەساو و تۆقاو بە دوای دایکمدا چووم بۆ ژووری خەو. ڕووناکی زۆر کەم بوو و لای سیسەمەکە خەڵکانی پەژارەمەند ڕاوەستابوون. من بە ئارامی نزیک بوومەوە. دایکم پەردەکوللەکەی لادا و وتی:

---

٤٢ـ سرووش: inspiration بانسروشت ناو دەنگی پێوار، دەنگی لە غەیبەوە. ع الهام، نفخ N inspirasjon د وحی، الهام.

ـ ئاندرەی پەترۆڤیچ، پەترۆشا ئەوەندەی هەواڵی نەخۆشییەکەی تۆی بیست، گەڕاوەتەو و هاتووە بۆ سەردانت. لێی بووورە و نزای بۆ بکە.

من چۆکم دادا و ڕوانیمە نەخۆشەکە. بەڵام لەپڕ هێدمە بووم، چونکە لە جیاتی باوکم جووتیارێکی ڕەشتاڵەم بینی لەناو جێگاکە خەوتووە و بە شادمانییەوە سەیرم دەکات. بۆیە بە دڕدۆنگییەوە بە دایکم وت:

ـ ئەمە واتای چییە؟ ئەوە خۆ باوکم نییە! بۆچی دەبێ داوای نزا لە گوندییەک بکەم؟

دایکم وەڵامی دایەوە:

ـ گرنگ نییە پەترۆشا، ئەم کابرایە باوەپیارەی ژنەکەی تۆیە. دەستی ماچ بکە. لەبری باوکت بڕیار دەدات.

من ئامادە نەبووم پەژێرەی فەرمانی دایکم بکەم. لەپڕ جووتیارەکە لەسەر جێگە هەڵسا. تەورێکی لە عەرزەکە هەڵگرت و لە حەوادا ڕایوەشاند. دەمویست هەڵێم... بەڵام نەمدەتوانی. ژوورەکە پڕ بوو لە لاشەی کوژراوان. قاچم لە تەرمێک گیرا و بەر بوومەوە ناو پەنگاوی[٤٣] خوێن...

جووتیارەکە بە ترسەوە و بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە بانگی کردم و وتی:

ـ «وەرە، مەترسە، با نزات بۆ بکەم...» ترس و هەراس سەرتاپامی داگرتبوو... لەم کاتەدا داچڵەکام.

---

٤٣ـ پەنگاو: stagnant water ئاوی لێکدراو مەنداو، ئاوی مەنگ و ڕاوەستاو. ع میاه راکدة N stillestående vann د آب جمع شده و راکد.

ئەسپەکان وەستابوون و ساولیچ دەستی منی گرتبوو و دەیوت:

ـ دابەزە ئەرباب. گەیشتووین.

من چاوەکانم هەڵگلۆفی و وتم:

ـ گەیشتووینەتە کوێ؟

ساولیچ وەڵامی دایەوە:

ـ میوانخانەیەک. خوا یارمەتی داین و ڕێک هاتین بۆ ئەم گوندە. زووکە دابەزە و خۆت گەرم بکەرەوە.

من لە فایتوونەکە دابەزیم. باهۆز هێشتاش دەیلووراند، بەڵام لە تەوژمی کەم ببوویەوە. هەوا وەها تاریک بوو هیچ شتێک دیار نەبوو. خاوەنی میوانخانە فانۆسێکی دابوویە بن باڵتۆکەی، هات بە پیرمانەوە. منی برد بۆ ژوورێکی بچکۆلانە کە تا ڕادەیەک پاک و خاوێن بوو. ئەم ژوورە بە مەشخەڵێکی دارین ڕوون کرابوویەوە، تۆپلیەکی شەشخۆر و کلاوێکی کازاخی[٤٤] بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو.

خاوەنی میوانخانە، کازاخێکی خەڵکی «یاییکا»[٤٥] بوو، هەرچەند شەست ساڵی تێپەڕاندبوو، بەڵام هێشتاش گەنج و بەوەج خۆیای دەکرد. ساولیچ بە باوڵی دەزگای چاییەوە بە دوای مندا دەهات. بۆ دروستکردنی چای، کە هەرگیز ئەوەندە تامەزرۆی نەبووم، داوای ئاگری کرد. میواندار چوو

---

٤٤ـ کازاخ: Kazakhs **ناو** یان Cossack نەتەوەی کازاخی دانیشتووی کازاخستان یان کازاخستان و هەندێ شوێنی ئاسیای ناوەڕاستن.

٤٥ـ یاییکا: Yaïka یایکا شارۆچکەیەکی دووهەزار کەسییە لە مەڵبەندی بۆدری لە پارێزگای گانزۆرگۆ لە باشووری ڕووسیا نزیک سنووری کازاخستان.

بۆ سازکردنی ئاگر.

من لە ساولیچم پرسی: ــ ئەی ڕابەرەکەمان لە کوێیە؟

دەنگێک لەوبەری ژوورەکەوە وەڵامی دایەوە:

ــ وام لێرە ئەزبەنی.

من ڕووم کردە ئەو لایە و لە سەر سەکۆیەک لە بنی ژوورەکە، کابرایەکی ڕیش ڕەش و دوو چاوی درەوشاوەم بینی. پێموت:

ــ کاکی برا، سەرمات نییە؟

ــ چۆن دەبێ سەرمام نەبێت؟ ئەویش بەم بەرەکە ناسکەوە. کەوڵپۆسێکی باشم هەبوو، بەڵام دوێنێ لە لای خاوەنی مەیخانە بە بارمتە دامنا، پێم وانەبوو سەرماکەی ئەوەندە دژوار بێت.

لەم کاتەدا، میواندار بە سەماوەرێکەوە هاتە ژوورەوە. من پیاڵەکەم بۆ ڕابەرەکە ڕاگرت و ئەویش لە سەکۆکە هاتە خوارەوە. بەژنی سەرنجی ڕاکێشام. کابرایەکی چل ساڵان دەبوو. باڵای ناونجی و لەڕ و ناوشان پان بوو. ڕیشە ڕەشەکەی تازە خەریک بوو ڕەنگی ماشوبرنجی وەردەگرت. چاوەکانی قەڵەو و بێئارام، دزەی دەکردە هەموو لایەک. قژی بە شێوەیەکی خڕ بڕیبوو و بەرەکێکی دڕاو و شەرواڵێکی هەراوی ڕێڕێی لە پێدا بوو. پیالەی چاکەم پێدا. خواردییەوە بە دارەت و دەراوێکی سەممەرە وتی:

ــ جەنابی ئەرباب، گەورەیی بفەرموون و بڵێن پێکێک شەراب بدەن بە من. چای خواردنەوەی کازاخ نییە.

منیش پڕ بەدڵ داواکەیم پەژێرە کرد. میواندار لە گەنجینە، بتڵ و پێکی هێنایە دەرەوە، لێی نزیک بوویەوە و لێی ڕوانی و وتی:

ــ ئەمە تۆی دیسانەوە هاتوویت بۆ ئەم ناوە؟ لە کوێوە دەرکەوتیتەوە؟

ڕابەرەکەی من، بە شێوەیەکی واتادار چاوێکی داگرت و وتی:

ــ من لە بێستان ئەفرێم و دانەم کۆ دەکردەوە، دایەگەورە بەردێکی تێگرتم، بەس بەرم نەکەوت؛ ئەی ئێوە کاروبارتان چۆن تێدەپەڕێ؟

میواندار بە هەمان زمانی توولەکی وەڵامی دایەوە:

ــ شتێکی ئەوتۆمان بۆ وتن نییە. ئێواران زەنگیان لێدەدا، بەڵام ژنی قەشە ئەو کارەی بەرگیراو کردووە. ئەوەتا قەشە لێرەیە و ئەهریمەن وا لە گۆڕستان.

هاوڕێی هەردەگەردی ئێمەش وتی: ب

ــ بێدەنگ بە، ئەگەر باران ببارێت قارچک هەڵدەتۆقێت و، ئەگەر قارچک هەڵتۆقێت سەبەتەمان بۆی هەیە. ئینجا (چاوێکی تری داگرت) تەورەکەت بشارەوە، جەنگەڵباان وان لەم ناوە. بەخۆشیتان، جەنابی ئەرباب!

بە گوتنی ئەم وشانە پێکەکەی هەڵگرت، قومێکی لێدا، کڕنۆشێکی بۆ من برد و گەڕایەوە بۆ سەر سەکۆی بان سۆپاکە.

ئەوکات من لەو گفتوگۆ خۆمانەیە هیچ تێنەگەیشتم،




بەڵام پاشتر ئەوەم زانی ئەو وشانە، پەیوەندی بە ڕاپەڕینی کازاخانەوە هەبووە، کە پێدەچوو لە پاش ڕاپەڕینەکەی ١٧٧٢، ئێستا ئیتر کوڵیان داوە و دامرکاونەتەوە.

ساولیچ، شەمزاو و گوماناوی گوێی لە گوتوبێژی ئەو دوانە ڕاگرتبوو و، لەپەسا و بە دوودڵی و بێمتمانەیی، جار دەپڕوانیە میواندار و جاریش ڕابەر.

میوانخانە بە تاکی تەنێ لەناو دەشتەکە و دوور لە ئاوایی ساز کردبوو. زیاتر لە ڕەبەت و لانەی جەردە دەچوو. بەڵام چارە نەبوو، چونکە ڕێگەی دەربازبوون نەبوو. دڵەڕاوکەی ساولیچ بێ ئەندازە ببوویە مایە سەرگەرمی من. لەم کاتەدا خۆم بۆ خەوتن ئامادە کردبوو و لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشام. ساولیچیش بڕیاری دا لەسەروو سۆپەکەوە بخەوێ. میواندریش لە سەر مێزەکە خۆی دا بە عەرزا. ئەوەندەی پێنەچوو هەموو خەوتوانی مەیخانە کەوتنە پرخەپرخ و، منیش وەکوو مردوو خەو بردمیەوە.

بەیانێ تۆزێ درەنگ لەخەو هەڵسام. تۆفان ئارام ببوو و بەفر بیابانی بێسنووری داپۆشیبوو. فایتوون ئامادە بوو. من پارەی مەیخانەم دا. پارەکە ئەوەندە کەم بوو، ساولیچیش کە هەمیشە تێدەکۆشا کەمتر بدات، هیچی نەوت و، دیار بوو

گومانەکانی شەوی ڕابوردوو لە مێشکی چووبوویە دەرەوە.

من بانگی ڕابەرەکەم کرد، سپاسی خزمەتەکەیم کرد و بە ساولیچم وت نیو ڕوبل بەخششی بداتێ. ساولیچ برۆکانی تێکنا و وتی:

ــ ئەمە ئیتر چییە؟ نیو ڕوبل[٤٦] پاداشت؟ بۆ چی؟ لەبەر ئەوەی تۆ بەزەییت بەودا هاتووەتەوە و هێناوتەتە مەیخانەوە؟ ئەرباب خۆت دەزانی، بەڵام ئێمە ئەوەندەش پارەمان نییە... ئەگەر بتەوێ بەخشش بە هەموو کەس بدەی، ئەوا خۆمان بە برسێتی دەمێنینەوە.

نەمدەتوانی لەگەڵ ساولیچ مشتومڕ بکەم. چونکە وەک بەڵێنم پێدابوو ئەو دەسەڵاتداری پارەکەی من بوو. بەڵام لەوەی کە نەمدەتوانی بەخشش بە کەسێکە، ئەگەر نا لە مەرگ، بەڵکوو لانیکەم لە دارەتێکی دژوار دەربازی کردووم، بەخشش بدەم، زۆر تووڕە بووم.

بۆیە بە ئارامی پێموت:

ــ زۆر چاکە ئەگەر پارەیشی نادەیتێ، لانیکەم برێ لە جلەکانی منی بدەرێ. چاوت لێیە جلەکانی چەند تەنکە. ئەو کەوڵپۆسە کەروێشکەی منی پێ بدە.

ساولیچ وتی:

ــ بەزییت هەبێت پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! کەوڵپۆسی تۆ کەی بە کاری ئەو دێت؟ لە یەکەم دەرفەتدا دەیفرۆشێت و

---

٤٦ ـ ڕوبل: ruble یان rouble یەکەی دراوی بلاڕووس و ڕووس. نرخی یەک لە سەدی یووڕۆیەکە. سەرەتا پارەی ئیمپراتۆری ڕووسیە و پاشان یەکێتی سۆڤیەت.

شەرابی پێ دەکرێت.

هەقاڵە هەردەگێڵەکەی من وتی:

ــ باشە پیرەمێرد، بە تۆ چی من چی دەکەم. ئەوە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە. جەنابی ئەرباب کەوڵپۆسی داوە بە من. ئەرکی ئەرباب فەرمان دانە و ئەرکی هەژمە ڕاپەڕاندن.

ساولیچ بە تووڕەیی وتی:

ــ دزی چەتە تۆ لە خوا ناترسی؟ دەبینی ئەم منالە بێگوێیە، تۆش ئەوەت کردووە بە بیانوو و لە سادەیی ئەو کەڵکاوەژوو[٤٧] دەکەیت و دەتەوێ ڕووتی بکەیتەوە؟ کەوڵپۆسی ئەو منالە کەی بەکاری تۆ دێت؟ بەو ناوشانە چوارهەنگڵەت[٤٨] بۆ ئەوە ناشێ بیدی بە شانیشتدا!

من ڕووم کردە ساولیچ و وتم: ــ تکات لێدەکەم مشتومڕ مەکە. زووتر بڕۆ و کەوڵپۆسەکە بهێنە.

ساولیچ نالاندی و وتی: ــ ئەی خوایە گیان! کەوڵپۆسی تۆ تازەیە! خۆزگە دەتدا بە کەسێکی تری جگە لەم بەرەڵڵا سەرخۆشە!

بەم چەشنە کەوڵپۆسی کەروێشک ئامادە بوو و، ڕابەرەکەمان کەوتە تەکاندنی.

---

٤٧ـ کەڵکاوەژوو: misusage, abuse دادوەری ناوی فەرمان ناوی لێکدراو بەکارهێنانی چەواشە، بەکارهێنان بە شێوەی نەشیاو و بۆ مەبەستی نەشیاو. ع اساءة N misbruke د سوء استفادە. کەڵک و کەڵکاوەژوو

٤٨ـ چوارهەنگڵ: giant ناو ئاوەڵناو چوارشانە و کەتە و بەرسینە پان، زیاتر بۆ ئەسپ بەکار دەهێنرێت مەگەر ئەوەی بۆ تەوس یان ئاماژە بێ بە مرۆڤێکی زەبەلاح. ع عملاق N kjempe د لندهور. چوارشانە

ئەم کەوڵپۆسەی تەنانت بۆ منیش بچووک بوو، بۆ ئەو کابرا هەر نەدەشیا. بەڵام بە زۆر لەبەری کرد و کاتی لەبەر کردن لە چەند لاوە تەقەڵەکانی هەڵتەقین.

ساولیچ لە بیستنی دەنگی هەڵتەقینی تەقەڵەکان، وەها هەڵچوو، خەریکبوو بدات لە پرمەی گریان. بەڵام گەریدەی ناوبراو لە بەخششەکەی من زۆر شادمان بوو و تا لای فایتوونەکە بەرێی کردم و بە رێزێکی زۆر تایبەتەوە وتی:

ــ جەنابی ئەرباب، سپاستان دەکەم، هیوادارم پەروەردگار پاداشتان بداتەوە. لە هەموو ژیانی خۆمدا ئەم گەورەییەی جەنابتان لەبیر ناکەم.

ئەو بە رێگەی خۆیدا رۆیشت و ئێمەش بە رێگەی خۆماندا. منیش بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە ساولیچ درێژەم بە گەشتەکە دا. بەم شێوەیە هەر زوو تۆفانی دوێشەو و رووداوی رابەر و کەوڵپۆس فەرامۆش بوو.

کاتێک گەیشتینە ئۆرنبۆرگ راستەوخۆ چووم بۆ لای ژنراڵ. ژنراڵ کابرایەکی بەوەج بوو، بەڵام بە هۆی تەمەنی زۆرەوە بەژنی تۆزێک چەمابوویەوە. پرچی درێژی بە تەواوەتی سپی بیوو و جلە کۆنەکانی لە زۆری لەبەرکردن، رەنگی رۆیشتبوو و سەردەمی ئیمپریس «ماری ئیڤانۆڤنا»ی[٤٩] دەهێنایەوە بیری مرۆڤ. کاتی ئاخافتن دەراوێکی زۆر ئاڵمانی هەبوو.

نامەکەی باوکم پێدا. ژنراڵ بە بیستنی ناوی باوکم بە

---

٤٩ـ ئیمپریس ئانا ئیڤانۆڤنا: Anna Ioannovna (١٦٩٣ـ١٧٤٠) یان ئانای رووسیا، لە ١٧١١ تا ١٧٣٠ دوشسی کۆرلەند و لە ١٧٣٠ تا ١٧٤٠ تزاری رووسیا بوو.

خێرایی هەڵسەنگاندم و وتی:

ـ دەڵێی دوێنێ بوو کە ئاندرەی پەترۆڤیچ لە تەمەنی تۆدا بوو. بزانە ئێستا چ ڕۆڵەیەکی بەوەجی هەیە. ئای کە تەمەن بە خێرایی تێدەپەڕێ!

ژنراڵ نامەکەی کردەوە و لەبەر خۆیەوە کەوتە خوێندنەوە و، ناوبەناو هەندێ ڕستەی نامەکە یان تێبینی خۆی ئەبیسترا:

«جەنابی ئاندرەی کارلۆڤیچ هێژا، هیوادارم جەنابتان ...» ئەم هەموو فەرمیاتە ئیتر چییە؟ ئەوە تەریق نابێتەوە؟ دیارە دەبێت ڕێسای سەربازی ڕەچاو بکەین، بەڵام خۆ مرۆڤ بۆ دۆستێکی کۆنی خۆی ئاوا نانووسێ...

«هیوادارە جەنابی ژنراڵ لە بیریان نەچووە...» جا دیارە...

«کاتێک جەنابی ژنراڵ مونیش... جەنگ... پێشڕەوی سەربازان... هەی بەڵێ... کارۆلین، ئەو پەرییە شۆخە...» دیارە هێشتاش یادگارەکانی ڕابواردنی ڕابووردووی لەبیر ماوە... «ئەوا کوڕە لاسارەکەم دەنێرمە خزمەتتان... هیوادارم باش بیرازی بکەن[٥٠].»

لەوە دەچێت ئەو بیرازکردنە دابی ڕووسەکان بێت...

ئەوسا ڕووی کردە من و پرسیاری کرد:

ـ ئەمە چییە؟ بیرازی بکە؟...

منیش بە دارەتێکی ساکارانە وتم:

ـ واتە لەگەڵی میهرەبان بن و بە نەرمی بجووڵێنە، ئازادی

٥٠ ـ بیرازکردن: چاوگی ئێبیەر دەمەزەرد کردنەوەی داس و مەڵەغان بە یارمەتی کوورەی ئاسنگەر و کوتانەوە. هێمایر ژیرکردن و پەروەردە بە شێوازی و بەپێی بەرنامەی سەخت و دژوار.

بەربەست مەکەن.

ــ ئا، تێگەیشتم... «مەهێڵن زۆر ئازاد بێت...» نا بێگومان ئەم ڕستەیە واتایەکی تری هەیە... «ناسنامەکەی لە هووتوێی نامەکە دایە...» کوا؟ لە کوێیە؟... ئا... ئەوەتانێ... «ئەم مژارە بە سمیۆنۆڤسکیش ڕابگەیەنن...» باشە، بە سەرچاو!... «هیوادارم دەرفەتم بدەیتێ پلەی بەرزی سەربازیت لە بەرچاو نەگرم و بلێم... وەک هاوڕێ و هاوکارێکی لەمێژینە ماچت دەکەم...» ئای کە هاوڕێیەتی کۆن هاتوەتەوە بیری!... ئەوە چۆن بوو ئاوەزی پێی شکا... «هتد... و هتد...»

ژنراڵ پاش خوێندنەوەی نامەکە، لای ناسنامەکەم داینا و وتی:

ــ زۆر چاکە خانزادەی بچکۆلانە! من ئەم کارە ئەنجام دەدەم بەو شێوەیەی باوکت وتوویەتی. تۆ دەبێت بە ئەفسەر لە هێزی «ن». بۆ ئەوەش کات بە فیڕۆ نەچێت، بەیانی بەرەو قەڵاتی سەربازی «بێلۆگورسکی»[٥١] دەکەویتە ڕێ و، لەوێ لە بن فەرماندەیی سەرهەنگ «میرۆنۆڤ»[٥٢]، کە مرۆڤێکی شیانستە، دەست دەکەی بە خزمەت. لەوێ، لە خزمەتی ڕاستەقینە تێدەگەیت و ڕێسای سەربازی و سپایی فێر دەبێت. مانەوەی تۆ لە ئۆرنبۆرگ سوودی بۆ تۆ نییە. زێدەڕەوی بۆ گەنجان کارێکی نەشیاوە. زۆر چاکە ئینجا زۆرم

---

٥١ ــ Belogorsky شارۆچکەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵای ڕووسیە.

٥٢ ــ Mironov

پێخۆش دەبێت ئەگەر ئەمڕۆ بۆ نیوەڕۆ بێی بۆ ماڵی ئێمە.

لای خۆم بیرم لێ کردەوە لەوە خراپتر ئیتر هەر نابێت. ئەگەر لە هەمان منالییەوە و لە لای دایکم پلەم یاوەری سپا بوو، چ سوودێکی بۆ من هەبوو؟ تۆ بزانە بۆ کوێم دەنێرن؟ بۆ هێزی ن و قەلاتی چەپەک و دوورەدەستی لای سنووری قرقیزستان!

بۆ نانی نیوەڕۆ لە ماڵی ئاندرەی کارلۆڤیچ و جێگرە پیرەکەی نانمان خوارد. دەستپێوەگرتنی ئاڵمانی بە ئاشکرا لەسەر سفرەکەی دیار بوو و، وا بزانم ناردنی دەسبەجێشم، بۆ ئەوە بوو دەترسا لە خواردنەکەیدا ببم بە هاوبەش.

ڕۆژی دواتر مالاوایم لەگەڵ ژنراڵ کرد و بەرەو نشینگەی داهاتووم کەوتمە ڕێ.

بەشی ٣

# قەڵای سەربازی

سەربازی پادگانین
دڵخۆش و شادمانین!
ئاوێک و پاروویەک نان
خواردنە و هەم بژیومان
کاتێک دوژمنی نەناس
ڕق لە دڵ و ماف نەناس
دێنە سەر سفرەی ڕووتمان
بۆ چاشت دەبن بە میوان
گوللەی زرفت[٥٣] لێدانە
چی بکەین ئیتر، نیمانە

«سترانێکی سەربازی»

قەڵاتی سەربازی بێلۆگۆرسکی چل کیلۆمەتر لە شاری

٥٣ـ زرفت: Lead ناو سرفت، قورقوشم یان سرب، توخمێکی کیمیاییە لە ڕیزی کانزاکاندا بە هێمای Pb لە Plumbum و گەردیلەی ژمارە ٨٢ـە.

ئۆرنبۆرگ دوور بوو. ڕێگاکەی بە لێژایی کەناری چەمی یاییکادا تێدەپەڕی. چەمەکە هێشتا نەیبەستبوو و شەپۆلی قورقوشمینی لە بەستێن و کەناری بە بەفر داپۆشراودا، ڕەنگێکی تۆخی پەژاراوی دەنواندەوە. لەوبەری چەمەکە، دەشتی بەربەرینی قرقیز بوو، لە بەرەگەی ڕوانیندا خۆی دەدا لە ئاسۆ.

ئەندێشەیەکی پەژاراوی دایگرتبووم. ژیان لە قەڵاتی سەربازی زۆر نەی دەبزواندم. تێکۆشام بەرپرسی داهاتووم سەرهەنگ میرۆنۆڤ لە لای خۆم وێنا بکەم. لە ئەندێشەی خۆمدا ئەوم بە پیرەمێردێکی هەتەر و جنگن هاتە پێش چاو، کە جگە لە کارەکەی خۆی گرنگی بە هیچ شتێکی تر نادات. لەم کاتەدا خۆر وردەوردە دادەچوو و ئێمەش بە دوا خێرایی لێمان دەخوڕی.

لە ئاژۆتم پرسی:

ـ هێشتا زۆرمان ماوە بۆ قەڵات؟

وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر، ئەوەندەی نەماوە. ئەوەتا، هەر لێرەوە دەتوانی بیبینی.

من ڕوانیمە فەراگەردی خۆم و چاوەڕوان بووم تەلاری قەڵایەکی سامناک بە بارووی بەرز و خەرەندی قووڵ بە دەوریەوە ببینم، بەڵام جگە گوندێکی بچووک کە بە چەپەر دەوریان گرتبوو، هیچی ترم نەبینی. لە لایەکەوە سێ چوار خەرمانی وێنجە کە بەفر داپۆشیبوون و لەو بەریش

ئاشەبایەک کە پەڕەکانی تەختەبەندی کرابوو.

بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: ـ ئەی قەڵاتەکە لە کوێیە؟

ئاژۆت گوندەکەی پیشان دا و وتی:

ـ ئەوەتانێ ئیتر!

گەیشتینە بەرەوە و چووینە ناو گوندەکە. لە نزیک دەروازە تۆپێکی دێرسی دارِشتەی ئاسن دانرابوو. کۆڵانەکان تەنگەبەر و پێچەڵەپێلووچ، خانووەکان نزم و زۆربەیان میچ و بانیان دارِمابوو. من فەرمانم دا ڕاستەوخۆ بچێت بۆ ماڵی سەرهەنگ. خولەکێک دواتر، فایتوونەکە لەبەر خانوویەکی پەریووت و دارین کە لە شوێنێکی بەرزی نزیکی کلیسا دروست کرابوو، ڕایگرت.

هیچکەس نەهات بە پیری منەوە. من خۆم لە ناودالانەکە تێپەڕیم و دەرگای ژوورەکەم کردەوە. سەربازێکی پیر لە پشت مێزەکە دانیشتبوو و پینەی شینی ئەدا لە جلە سەربازییەکەی.

چوومە نزیکەوە و داوام لێکرد هاتنی من ڕابگەیەنێت.

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

ـ جەناب فەرموون بچنە ژوورەوە، ئەربابەکان وان لە ماڵەوە.

چوومە هۆدەیەکی تا ڕادەیەک پاک و خاوێن کە بە شێوەی کۆن ڕازابوویەوە. جامخانەیەکی پڕ لە دەفر و ئامانی نەسۆلانی چینی لە بەرێکەوە و، لە دیوارەکەی بەرامبەری بڕوانامەیەکی سەربازی لە قاپی شووشەدا هەڵواسرابوو. دیوارەکانی تر

وێنەی «گرتنی ئۆچاکۆف و کۆسترن»[٥٤]، پەردەی «خوازبێنی وەوی» و «ناشتنی پشیلە» هەڵواسرابوون.

لەبەر پەنجەرەکە، ژنێکی بەتەمەن، بە جاکەتی ڕووسی و ڕووسەری بە سەر، خەریکی قاڵنگەی[٥٥] کاموا بوو بە دەور دەستە ڕاگیراوەکانی کابرایەکی یەکچاو، لە بەرگی ئەفسەریدا.

خاتوونی بەتەمەن، بەبێ ئەوەی دەست لەکار هەڵبگرێت، وتی:

ــ فەرموو جەناب، کارتان چییە؟

وەڵامم دایەوە من نێردراوم بۆ ئێرە و ئەوە ئەرکی منە خۆم بە جەنابی سەرهەنگ بناسێنم. من ئەم قسانەم بە پیرەمێردی یەکچاو دەوت، چونکە وامزانیبوو ئەو ئەفسەرەکەیە. بەڵام ژنە گوتەی پێ بڕیم و وتی:

ــ «ئیڤان کوزمیچ»[٥٦] لە ماڵەوە نییە، چووە بۆ سەردانی «بابە گراسیم». بەڵام گرنگ نییە، من هاوسەری ئەوم. بەخێر بێن، فەرموو دانیشە.

پاشان بانگی خزمەتکارەکەی کرد و وتی:

ــ بڵێ با یاوەر بێت بۆ ئێرە.

---

٥٤ـ Ochakoff and Küstrin

٥٥ـ قاڵنگە: pull skein دەزوو ناو بەنی هەڵکراو بە شێوەیەکی تایبەتی ڕاست و چەپ لە پەنجە گەورە و پەنجە تووتە دەئاڵێنرێ و پاشی ئەوەی ناوقەد بەرەوژووری دەبەسترێت. جەمسەرەکەیتری لەپەسا دەکرێتە کار بەبێ ئەوەی بڵاو ببێتەوە، لە کاتێکا گلۆڵە ئەگەر جەمسەرەکەی بگری و بەری بدەی، تل دەبێتەوە و دەڕوات؛ چەند هەودا دەزوو یان ئاوریشمێکە کە پێکەوە هەڵ کرابن بۆ ئەوەی تاوتاو دەرکێشرێ و کار بکرێ. N trekke nøste.

٥٦ـ Ivan Kuzmich

پیرەمێردی وردیلە بە تاقە چاوەکەی هەڵیسەنگاندم و وتی:

ــ بۆم هەیە بپرسم لە کامە هێز خزمەتتان کردووە؟

من مەراقەکەی ئەوم پێ نابەجێ نەبوو.

پیرەمێرد درێژەی بە گوتەی خۆی دا:

ــ دەکرێ بفەرمووی بۆچی لە هێزەوە ناردووتیانە بۆ پادگان؟

وەڵامم دایەوە:

ــ لەبەر ئەوەی بەرپرسەکانم وایان پێخۆش بوو.

پیرەمێردی ڤیرسیچمە نەیدەویست بیبڕێتەوە، دیسان وتی:

ــ ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت دژ بە یەکێک لە ئەفسەرەکان بێڕێزیت کردووە؟

ژنە وتی:

ــ گەوجێتی بەسە. دەبینی ئەو گەنجە ماندووی ڕێگەیە. ئەمانە چ پەیوەندی بە تۆوە نییە... دەستت جوان ڕاگرە.

پاشان ڕووی کردە من و وتی:

ــ لەوەی تۆیان ناردووە بۆ ئێرە دڵمەند مەبە. تۆ یەکەمی نیت و دواکەسیش نابیت. وردە وردە لەگەڵ ئێرە ڕادیت و دابی بوومی ئەم ناوەت بەدڵ دەبێت. «ئەلکسیس ئیڤانۆڤیچ»یش[٥٧] بە هۆی تاوانەکەیەوە بۆ پێنج ساڵ

---

٥٧ـ Alexey Ivanych

نێردراوە بۆ ئێرە. لەگەڵ ئەفسەرەکەی بە پلەی جێدار[٥٨] چوون بۆ ناوشار، لەوێ شمشێری ڕاکێشاوە، پێکەوە شەڕیان کردووە و ئەلکسی ئیڤانۆڤیچ بە بەرچاوی دوو گۆڤانەوە جێدارەکەی کوشتووە. چی دەکەیت ئیتر؟ ئەم چەشنە بوویەرانەش ڕوودەدەن.

لەم کاتەدا یاوەر، کە کازاخێکی قۆز بوو و ڕواڵەتێکی شیانستی هەبوو، هاتە ژوورەوە. ژنی سەرهەنگ پێی وت:

ـ ماکسیمیچ[٥٩]، دەبێ خانوویەکی خاوێن بۆ ئەم جەنابە پەیدا بکەیت.

ماکسیمیچ وەڵامی دایەوە:

ـ بە سەرچاو، ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا[٦٠]. چەند ژوور لە ماڵی ئیڤان پۆلژەییێڤ[٦١] هەیە. ئەڵێی چی بیبەم بۆ ئەوێ؟

ژنی سەرهەنگ وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوێ کە هەر نا! ئەوان خۆیشیان جێگەیان تەنگە. جگە لەوە ئەو دۆستمانە و ڕێزی ئێمە لەبیر ناکات. دەزانێ ئێمە بەرپرسی ئەوین. جەبانی... جەناب ناوی بەڕێزتان چییە؟

ـ پیۆتەر ئاندرۆڤیچ.

ـ بەڵێ، جەنابی پیۆتەر ئاندرۆڤیچ ببە بۆ ماڵی سێمیۆن کۆزۆڤ[٦٢]. ئەو دۆدەیە ئەسپەکەی لە باخەکەی من بەرەڵڵا

---

٥٨ـ جێدار: second lieutenant سەربازی ئەفسەری سێ ئەستێرە، دوو ئەستێرە جێداری دووەم، یەک ئەستێرە جێداری سێیەم ٤ ملازم.

٥٩ـ Maximych

٦٠ـ Vasilisa Yegorovna

٦١ـ Ivan Polezhayev

٦٢ـ Semyon Kuzov

کردووە. دەی ماکسیمیچ کەشەکە ئارامە؟

یاوەر وەڵامی دایەوە:

ـ سپاس بۆ خوا، هەموو شت باشە. تەنها پرۆخۆرۆڤ[٦٣] لە گەرماو لەسەر تەغارێک[٦٤] ئاو، لەگەڵ ئۆستینیا نێگۆلینا[٦٥] بووە بە قڕەیان.

ژنی سەرهەنگ بە پیرەمێردی یەکچاوی وت:

ـ ئیڤان ئیگناتیچ[٦٦] لە ڕووداوەکەی پرۆخۆرۆڤ و ئۆستینیا بکۆڵەرەوە، بزانە سووچی کامیانە. بەڵام هەردووکیان سزا بدە. دەی ماکسیمیچ، کارەکەی پیۆتەر ئاندرۆڤیچ ڕاپەڕێنە. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، یاوەر ئەتانبات بۆ شوێنەکەتان.

ماڵاوایم لە ژنی سەرهەنگ کرد. ماکسیمیچ منی برد بۆ ماڵێک لە سەر کەناری بەرزی چەمەکە، لە تەنیشت قەڵاتێکەوە. نیوەی ئەم خانووە خێزانی سێمیۆن کوزۆڤ بەکاریان هێنابوو و نیوەکەی تری بوو بە نشینگەی من. ئەم بەشە ژوورێکی خاوێن بوو. بە تیغەیەک کرابوو بە دوو بەشەوە. ساولیچ بە ڕێکوپێکی کەلوپەلەکەی منی لە شوێنی خۆی دامەزراند. من لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە کە ئەیڕوانی بە دەشتە کاکیەکاکییەکەدا سەیری دەرەوەم دەکرد. بیابانێکی پەژارەمەند بوو لە ڕوانگەی بینیندا. لە لایەکەوە چەند خانووی

---

٦٣ـ Prokhorov

٦٤ـ تەغار: stoup, stone_trough دۆڵی خۆشۆردن؛ دەفری ئاوی ئاسنگەر و پینەچی.
[ع] جرن الماء [N] stoup [د] سنگاب، طغار.

٦٥ـ Ustinya Negulina

٦٦ـ Ivan Ignatyich

بچووکیش دەبینرا و چەند مریشک و کەڵەشێر لە کۆڵانەکان چینەیان دەکرد. پیرەژنێک لە ناو باڵیشمەی بەردەرگای خۆیان ڕاوەستابوو، قووتوویەکی بچووکی بەدەستەوە بوو، بەراز و کوودەڵەکانی بانگ دەکرد. بەرازیش بە دەنگێکی دۆستانەوە دەهاتن بە دەمییەوە.

سەبارەت بەو شوێنەی دەبوایە گەنجێتیمی تێدا بەفیڕۆ بدەم، پەژارەیەکی قورس دایگرتبووم. لە پەنجەرە دور کەوتمەوە و سەرەڕای جەختی ساولیچ، بەبێ شێو سەرم نایەوە. ساولیچیش بە پەرێشانییەوە پاتەی دەکردەوە:

ـ خوایە گیان! بەزەیت پێماندا بێتەوە. باشە ئەگەر ئەم منالە نەخۆش بکەوێ، ئەوسا خاتوون چیم پێدەڵێ؟

بەیانی تازە خەریکی جل لەبەرکردن بووم، دەرگا کرایەوە و گەنجێکی سپایی بە باڵایەکی مامناوەنجی و ڕەنگی گەنمی و یەکجار دشت، بەڵام بە ڕوخسارێکی گڕگرتووەوە، هاتە ژوورەوە و بە زمانی فەڕانسە وتی:

ـ ببوورە بەبێ ڕەچاوکردنی دابزانی خۆم کرد بە ژووردا. من ئەوەندە تامەزرۆی بینینی ڕوخسارێکی مرۆیی تازە بووم، خۆم بۆ ڕانەگیرا. پاش ئەوەی ماوەیەک لێرە مایتەوە لە چەمکی گوتەم تێدەگەیت!

بە گومان بۆم دەرکەوت ئەمە هەمان ئەفسەرە بە تاوانی دوێل و کوشتن، تەرەکراوە بۆ ئێرە. بەم شێوە پێکەوە ئاشنا بووین. شڤابرین[٦٧] زۆر زیرەک و تێگەیشتوو و گفت

---

٦٧ـ Shvabrin

شیرین بوو. بە دەراوێکی تەوساوی سەبارەت بە بنەماڵەی فەرماندە، دۆستانی و ئەو شوێنەی دەست چارەنووس هەڵیدابوویە ئەوێ، زۆر سەربردەی بۆ گێڕامەوە. کاتێک کە پێکەنینم بیوو بە قاقای بێبڕانەوە، ئەو پیرەمێردەی دوێنێ لە ماڵی فەرماندە خەریکی پینەی شەرواڵەکەی بوو، هات و لە لایەن ڤاسیلیا پێگۆرۆڤناوە میوانی کردم بۆ نانی نیوەڕۆ. شڤابرین وتی تا ئەوێ لەگەڵم دێت.

کاتێکە نزیک ماڵی فەرماندە بووینەوە، لەناو گۆڕەپانەکەی بەرامبەری نزیکەی بیست سەربازی پیر و لەکارکەوتوومان بینی، دارەی درێژ بەدەستەوە و، کڵاوی سێسووچ لە سەریاندا بەڕیزێکی ئامادەی ڕێکوپێک ڕاوەستابوون. لە بەردەمی ئەواندا فەرماندە، کە پیرەمێردێکی بەوەج و باڵابەرز بوو، بە جلی خەوەوە ڕاوەستابوو. ئەوەندەی ئێمەی بینی بە دارەتێکی مێهرەبان تۆزێ منی دواند و دیسانەوە کەوتەوە فەرمان دان. ئێمە وەستاین و کەوتینە سەیری ڕاهێنانی سەربازی، بەڵام فەرماندە وتی ئێمە بچین بۆ لای ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا و، بەڵێنی دا ئەویش لە ماوەیەکی کورتدا دێت بۆ لامان. لە کۆتایی گوتەیشدا وتی:

ــ ئێرە شتێکی سەرنجڕاکێشی لێ نییە.

ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا بەوپەڕی میهرەبانی و سۆزەوە پەزێرایی لە من کرد و وەها بە گەرمی لەگەڵم دەجوولایەوە وەک بڵێی هەموو تەمەنم ناسیبێتم. پیرەسەرباز و پالاشای خزمەتکار سەر مێزەکەیان دامەزراند. ژنی فەرماندە وتی:

ــ مەشقەکەی ئیڤان کوزمیچ زۆری پێچوو! پالاشا برۆ ئەربابەکەت بانگ کە بە بێت.

بەدەم گوتنی ئەم وشانەوە کچێکی ئاوا هەژدەسالان بە ڕوخسارێکی خڕی گوڵڕەنگەوە کە بسکە زێڕینەکەی خستبوویە پشت گوێی، هاتە ژوورەوە. لە یەکەم نیگادا دڵی منی گرت و ئەوە بوویە هۆی ئەوەی بە وردبینییەکی زیاترەوە لێی بڕوانم. شڤابرین، ماشای[٦٨] بۆ من وەک کچێکی دەبەنگ وێنا کردبوو. ماریا ئیڤانۆڤنا[٦٩] چووە سووچێک دانیشت و کەوتە دوورینی شتێک. لەم کاتەدا «بۆرش» یان سووپی کەلەم هێنرا و، لەبەر ئەوەی فەرماندە هێشتا نەهاتبوو، ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا پالاشای نارد بە دوایدا و وتی:

ــ بە ئەرباب بڵێ، میوانەکان چاوەڕێن و بۆرشەکە سارد دەبێتەوە. مەشقی لەدەست دەرناچێت. بۆ قیڕاندن کات زۆرە.

ئەوەندەی پێنەچوو سەرهەنگ ئامادە بوو و پیرەمێردی یەکچاویش بەدوایدا گەیشت. ڤاسیلیا ڕووی تێکرد و وتی:

ــ ئەمە ئیتر چییە؟ ماوەیەکە نانمان داناوە و ناتوانین تۆ بهێنینە سەر سفرەکە.

ئیڤان کوزمیچ وەڵامی دایەوە:

ــ کارم هەبوو، خەریکی ڕاهێنانی سەربازەکان بووم.

ژنەکەی وتی:

---

٦٨ــ ماشا Masha کورتکراوی ماریایە Marya.

٦٩ــ Marya Ivanovna یان Marya Mironov یان Maria Ivanovna Mironova

ــ تۆ پێت وایە دەتوانی ئەمانە فێر بکەیت؟ ئەی کە وا نییە. دڵنیا بە چەندە خۆت ماندوو بکەیت ئەوانە هیچ فێر نابن و ماندووبوونەکەت بەفیڕۆ دەچێت. لە ماڵەوە بمێنیتە و خەریکی نوێژ و نزاکانت بیت هەزار جار باشترە. دەی جەنابان فەرموون.

ئێمە دەستمان کرد بە خواردن. ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا بۆ ساتێکیش بێدەنگ نەدەبوو و لەپەسا لە منی دەپرسی:

ــ ناوی باوکت چییە؟ زیندووە یان نا؟ سامانی چەندە؟

بە گوێرەی ئەوەش کە دەیزانی باوکم سێسەد خزمەتکار و جووتبەندەی[٧٠] هەیە، دەیوت:

ــ دیارە لەم ڕووەوە کێشەی زۆرە. کەسانی دارا لەم جیهانەدا زۆر ئاسوودە نین. ئێمە جگە لە پاڵاشا خزمەتکاری ترمان نییە. سپاس بۆ خوا زۆر ئاسوودەین. تەنها ئاریشەمان «ماشا»یە. کاتی شووکردنیەتی و جگە لە شانەیەک و گەسکێک و چەند کۆپەک پارەی گەرماو هیچی تری نییە. هیوادارم مرۆڤێکی شیانست پەیدا ببێت، گوێ نەداتە ئەم شتانە و بیخوازێت، ئەگینا هەموو تەمەنی بێ شوو دەبێت و بە قەیرەیی کۆچ دەکات.

کچەی لامیسک[٧١] و بێئەنوا، سوور هەڵگەڕابوو و دڵۆپی

---

٧٠ـ مووژیک: moujik ڕووسی، جووتیاری بەستراو بە زەوی لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕووسیەدا، کە لەگەڵ زەوی ئەفرۆشرا و ئەکرِدرا. ◄ بە شێوەیەک لە شێوەکان جووتبەندە وەکوو مووژیکە.

٧١ـ بەژماڵە: destitute ئاوەڵناو بەلەنگاز، ڕەواڵ، ژار، کاسۆ، بێتووتە، بێئەنوا، ڕووت، نازشێواو، لانەواز. ع معوز N nødlidende د بینوا، ناتوان.

فرمێسک لە چاوەکانی دادەباری. من دڵم بۆی سووتا و ویستم کەشەکە بگۆڕم، بۆیە بەبێ هۆ وتم:

ـ بیستوومە باشقیرەکان[٧٢] دەیانهەوێ هێرش بکەنە سەر ئەم قەڵاتە.

ئیڤان کۆزمیچ پرسی:

ـ لە کێت بیستووە؟

ـ لە ئۆرنبۆرگ وایان دەوت.

فەرماندە وتی:

ـ ئەوە گوتەیەکی منالآنەیە. ماوەیەکی زۆرە کێشە و هەرا دامرکاوەتەوە. باشقیرەکان سەرکوتکراون و قرقیزەکان کۆڵیان داوە. پێم وانییە بوێرن کاری وا بکەن. گریمان واش بکەن، وەهایان تەمێ دەکەم، لانیکەم بۆ دەساڵی تریش سەر هەڵنەهێننەوە.

من ڕووم کردە ژنی فەرماندە و پرسیارم لێکرد:

ـ ئەی ئێوە ناترسن لە قەڵاتێکی ئاوا پڕمەترسی دەژین؟

وەڵامی دایەوە:

ـ ئای جەناب، من ڕاهاتووم. بیست ساڵە نێردراوین بۆ ئەم شوێنە. نازانی سەرەتا چەندە لەم دڕندە بێبەزەییانە دەترسام! سەرەتا کاتێک کڵاوە پێستەکەیانم دەبینی کە دەیانقریواند، وەک بڵێی لە هۆش خۆم دەچووم. بەڵام ئێستە وەها ڕاهاتووم، ئەگەر ببیستم قەڵاتەکەشیان گەمارۆ

٧٢ـ باشقیر: Bashkirs نەتەوەیەکی دوو ملیۆنی بنەچە تورکن، زۆربەیان لە کۆماری باشقیرستانی ڕووسیە و بەشێکیشیان دابەش بوون بەسەر ڕۆژاوای ڕووسیە و ڕۆژهەڵاتی ئورووپادا.

داوە، هەر بە بای خەیاڵیشمدا نایە.

شڤابرین بە هێوری وتی:

ــ ڤاسیلیا ییگۆرۆڤنا ژنێکی جەربەزەیە. ئیڤان کۆزمیچیش هەمان بۆچوونی هەیە.

ئیڤان کۆزمیچ وتی:

ــ بەڵێ، ئەوە ڕاستە. ژنی من لەو ژنە ترسنۆکانە نییە.

من پرسیارم کرد:

ــ ئەی ماری ئیڤانۆڤنا چی؟ ئەویش وەک ئێوە نەترس و بوێرە؟

دایکی وتی:

ــ نا، ماشا زۆر ترسنۆکە. هێشتاش کاتێک دەنگی تەقەی تفەنگ دەبیستێت، لە ترسان هەڵدەلەرزێت. دوو ساڵ بەر لە ئێستە، ئیڤان کۆزمیچ دای لەسەری لە ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی مندا، تۆپ بتەقێنن. بە هەر تۆپێک کە دەتەقا ئەم لامیسکە خەریک بوو گیانی دەربچێت. ئەوە بوو لەو کاتەوە ئیتر دەنگی تۆپیشمان نەبیستووە.

لەم کاتەدا هەموومان لەسەر مێزەکە هەڵساین. سەرهەنگ و ژنەکەی چوون بۆ ژووری خۆیان و، منیش چووم بۆ ماڵی شڤابرین و تا لای ئێوارە لە لای ئەو بووم.

بەشی ٤

# دوێـــل

دەی، زۆر چاکە، ئامادە بە و
لێم بڕوانە، ئێستاکانێ
سەردڵت دەکەم بە ڕەهۆڵ!

«کنیاژنین»

چەندین حەفتە ڕابورد. ژیان لە قەڵات نەک هەر دژوار نەبوو، بەڵکوو بە شێوەیەکی سەیر ئاسان خۆیای دەکرد. لە ماڵی فەرماندە، منیان وەک ئەندامێکی ماڵی خۆیان وەرگرتبوو. ژن و شوو، هەردووکیان مرۆڤی شیانست بوون. ئیڤان کۆزمیچ، کابرایەکی سادە بوو، بە هۆی جەربەزە و لێهاتوویی لە سەربازییەوە بە سەرهەنگی گەیشتبوو. مرۆڤێکی کراوە و ساکار بوو، بەڵام لە ناخی خۆیدا ئادەر[٧٣] و کادانە بوو. بەڵام، ئەوەی ڕاستی بێت، ژنەکەی ماڵەکەی دەبرد بە ڕێوە

٧٣ـ ئادەر: original, noble ئاوەڵناو کادانە، خانەدان، هیلاو، کەحێل، ڕەسەن و خاوەن کۆلکە. ع اصیل، نجیب N original, edel د اصیل، نجیب. ☜ ئادار

و هەروەها ئەویشی دەبرد بە ڕێوە و، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی قەڵاتی بە ئەرکی خۆی دەزانی، قەڵاتیشی وەک ماڵەکەی خۆی دەبرد بەڕێوە!

ماریا ئیڤانۆڤنای ڕەمۆک و شەرمن، وردە وردە لەگەڵ من ڕاهات و ئیتر منی بە دۆستی خۆی دەزانی. سەرەڕای پێشداوەرییەکانم، بۆم دەرکەوت ماریا کیژێکی هەستیار و تیژهۆشە.

ئەوەندەی پێنەچوو بووم بە هۆگری ئەم بنەماڵە میهرەبانە و، تەنانەت بووم بە هۆگری ئیڤان ئیگناتیچ، جێداری یەکچاویش؛ کە شڤابرین لای وابوو لەگەڵ ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا پەیوەندی نهێنی هەیە و، هەرچەند بچووکترین نیشانەی ڕاستی ئەو گوتەیە لە ئارادا نەبوو، بەڵام شڤابرین هەر لەسەر گوتەی خۆی سوور بوو.

من گەیشتبوومە پلەی ئەفسەری و بڕوانامەی خۆم وەرگرتبوو. خزمەتکردنم هیچ دژوار نەبوو، چونکە لەو قەڵاتدا نە ڕێژەم بینیبوو و نە مەشقی سەربازی و نە کێشێک و نە کاری تر. جارجارە فەرماندە بە ویستی خۆی ڕاهێنانی پێ دەداین، بەڵام سەربازانی بەڕێز ئەوەندە گەمژە بوون کە نەیاندەتوانی تەنانەت ڕاست و چەپی خۆیان لێک جیا بکەنەوە. هەندێ جار ناچار دەبوو بە گەچ لەسەر قۆڵیان بنووسێت ڕاست و چەپ، بۆ ئەوەی لێیان تێک نەچێت!

شڤابرین، چەنیدن پەرتووکی بە زمانی فەڕانسەیی هەبوو.

خوێندنەوەی ئەوانە سەرڕێژنەی[٧٤] وێژەیی منیان دەبزواند. بەیانیان پەرتووکم دەخوێندەوە و جارجارە هۆنراویەکیشم دەهۆنییەوە. نیوەڕوان هەمیشە لەماڵی سەرهەنگ نانم دەخوارد و وەک ڕاهاتبووم، تا ئێوارە لەوێ دەبووم. بابە گراسیم، قەشەی قەڵات و ژنەکەی ئەکولینا پەمفیلۆڤنا[٧٥] مەزنترین فرەوێژ و دەمهەراشی نەواقەکە، ئێواران دەهاتن بۆ ئەوێ. دیارە هەموو ڕۆژ ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ شڤابرینم[٧٦] دەبینی، بەڵام هاودەنگی لەگەڵ ئەو ئیتر زۆر ڕای نەدەکێشام، ڕاستەکەی لە گاڵتەکردنی بەردام لەمەڕ بنەماڵەی فەرماندە و بە تایبەت بەدگومانی ئەوم سەبارەت بە ماریا ئیڤانۆڤنام هیچ بەدڵ نەبوو. ناوەندێکی تری وەک ماڵی سەرهەنگ لەو نەواقە نەبوو، ڕاستەکەی ئەگەر هەشبوو، من تامەزرۆی ناسینی نەبووم.

سەرەڕای دەنگۆ و پێشبینییەکان، باشقیرەکان ڕانەپەڕین و ئارامشی دەربەست لە قەڵات فەراهەم بوو. بەڵام کوتوپڕ، جەنگێکی ناوخۆیی، بارودۆخی ناوخۆی قەڵاتی تێک دا.

پێشتر وتم جارجارە خەریکی کاری وێژەیی دەبووم. بەرهەمە وێژەییەکانی ئەو خولەم زۆر باش بوون و، چەند ساڵ دواتر، کاتێک ئەلێکساندر پترۆڤیچ سۆماڕۆکۆڤ[٧٧] ئەوانەی

---

٧٤ـ سەرڕێژنە: ناو سەرڕێژانە، سەلیقە، زەوق، شێواز، چێژ N stil, måte, smak
ع د سليقه، ذوق، اسلوب E style, manner, taste.

٧٥ـ Akulina Pamfilovna

٧٦ـ Alexey Ivanych Shvabrin

٧٧ـ ئەلێکساندر پترۆڤیچ سۆمارۆکۆڤ: Alexander Petrovich Sumarokov (١٧١٧ـ

بینی، زۆر پەسنی کردن. ڕۆژێکیان چامەیەکم هۆنییەوە کە لە لای خۆم زۆر ناوازە نواندی. نووسەران بە زۆری بۆ ڕاوێژ، لە بیسەری مەراییکەر دەگەڕێن. لەم ڕوانگەیەوە من چامەکەی خۆم جوان نووسییەوە و بردم بۆ لای شقابرین، کە لەو قەڵاتەدا بۆ تێگەیشتن لە دەق و وێژەناسی تاقانە بوو. پاش پێشەکییەکی کورت، پەڕاوەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و ئەم دێڕانەم بۆ خوێندەوە:

نێدەکۆشم بیری ماشا فەرامۆش کەم
ئەو جوانییە و ئەو شەنگییە لەبیر بەرم
ئاوسا ئازاد باڵ بگرمەوە.
بەس ئەزانم، ئەو چاوانەی
دڵی منیان فڕاندووە،
زیندوو زیندوو لە بەرچاوما دێن و دەڕۆن
ئارامی گیان، ستاری ژیانم نێك دەدەن.
ماشا! بڕوانە پەرێشانیم
بەزەییت پێمدا بێتەوە،
بڕوانە چۆن جەزرەبە و ئازار دەکێشم،
لەو زیندانی ئەوینەدا، تۆ بۆ منت بنیات ناوە!

چاوەڕوانی پەسن و وەسفی شقابرین، لێم پرسی:

ــ دەی، ئەم هۆنراوەیەت پێ چۆنە؟

شقابرین، هەرچەند ڕەخنەگرێکی بەفرسەند بوو، زۆر بە

---

١٧٧٧) هۆنەر و شانۆنووس و بەرهەمهێنەری شانۆی تاکەکەسی و بەدیهێنەری شانۆی کلاسیک بۆ دامەزراندنی کلاسیسیزم بوو.

ئاشکرا ڕای گەیاند ئەم هۆنراوەیە شتێکی ئەوتۆ نییە. منیش لەکاتێکدا تێدەکۆشام تووڕەیییەکەم بشارمەوە، پرسیارم کرد: ــ باشە بۆ؟

ــ چونکە ئەم دێڕە بۆشانە، شیاوی مامۆستای پێشووی من ڤاسیلی کریلیچ ترێتیاکۆڤسکی یە[٧٨] و چامە ئەویندارییەکانی ئەوم دەهێنێتەوە یاد.

پاشان پەڕاوەکەمی وەرگرت و کەوتە شکردنەوەی دێڕ و وشەکان و، لەگەڵیدا بە شێوەیەکی تەوساوی دەیخوێندنەوە. من نەمتوانی لەوە زیاتر خۆم ڕابگرم، پەڕاوەکەم لە دەستی دەرهێنا و وتم:

ــ من ئیتر بەرهەمی خۆم بە تۆ پیشان نادەم.

شڤابرین گاڵتەی بە گوتەیشم کرد و وتی:

ــ با بزانین چۆن ئەو بەڵێنەت دەبەیتە سەر! هەروەک ئیڤان ئیگناتیچ بەر لە نانخواردن پێویستی بە بتڵێک ئارەق هەیە، هۆنەرانیش پێویستیان بە بیسەر هەیە. دەی ئەم ماشایە کە تۆ ئاوەها هەست و سۆزی ئەویندارانەت بۆ ئەو دەردەبیت، کێیە؟ نەکا ماریا ئیڤانۆڤنا بێت؟

من بە تووڕەیییەوە وتم:

ــ هەر کەس هەیە، با بیێ. ئیتر نە بۆچوونی تۆم دەوێ و نە گوتەی بێ واتات!

شڤابرین کە ڕەفتاری بەردەوام تووڕەتری دەکردم، درێژەی دا بە فرەوێژی و وتی:

---

٧٨ـ Vassily Kirilych Tretyakovsky

ـ وا پێدەچێت شەیدایەکی ڕاستەقینەی، ئامۆژگاری ئەم دۆستەی خۆت ببیستە. ئەگەر دەتەوێ سەربکەوێ، دەبێ پەنا ببەیت بۆ شتەیەکی باشتر لە هۆنراوە.

ـ مەبەستت چییە، ڕوونتر بیڵێ!

ـ دەمەوێ بڵێم ئەگەر دەتەوێ ماریا ئیڤانۆڤنا، لە کازیوەی سپێدپەهنادا[٧٩]، بێت بۆ جێژوانت، لەبری هۆنراوە، جووتێک گوارەی بۆ بنێرە.

خوێن لە دەمارەکانمدا قوڵتیان دەدا و لەکاتێکدا بە دژواری خۆم بۆ ڕاگیرابوو، وتم:

ـ باشە، تۆ بۆچی سەبارەت بەو وا بیر دەکەیتەوە؟

شڤابرین بە خەندەیەکی چەتوونانەی دۆستانە وتی:

ـ لەبەر ئەوەی بە ئەزموون دەزانم ڕەوشتی وایە!

خۆم پێ ڕانەگیرا و یەک بەخۆم هاوارم کرد:

ـ تۆ درۆ دەکەی. ئەوە بوختانێکی سلسارانەیە.

ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما، قۆڵی گرتم و وتی:

ـ وات تەمێ بکەم، ئیتر لەو قسانە نەکەیت. چارەی ئەمە تەنها دوێلە.

بە سادەیی و پڕبەدڵ وتم:

ـ هەر کات بڵێیت، من ئامادەم.

لەم کاتەدا ئەوەندە هەڵچووبووم، حەزم دەکرد پارچە پارچەی بکەم. بۆیە هەڵسام و دەسبەجێ، چووم بۆ لای

---

٧٩ـ سپێدپەهنا و سپێدبالاّ: ناوی لێکدراو کازیوە دووبەشە، کازیوەی سپێدپەهنا کەناری ئاسمان واتە ئاسۆ زیوین بووە و، سپێدبالاّ بە دوایدا دێت، ئەو کاتەیە ڕووناکییەکە بەرز دەبێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسمان و وردە وردە هەوا ڕوون دەبێتەوە.

ئیڤان ئیگناتیچ. پیرەمێرد دەرزی بەدەست خەریک بوو قارچکی بە پەتەوە دەکرد، چونکە ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا فەرمانی پێدابوو، بیانکات بە پەتەوە و وشکیان بکات بۆ زستان. تا منی بینی وتی:

ــ ئای پیۆتەر ئاندرۆڤیچ بەخێر هاتی. ئەوە چۆن بوو؟ چۆن بیری ئێمەت کەوتیەوە؟ بۆم هەیە بپرسم بۆ چ کارێک هاتوویت؟

من بە چەند رستە دەمەقاڵەکەی خۆم و ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچم بۆ گێڕایەوە و داوام لێکرد ببێ بە گۆڤانی دوێلەکەمان. ئیڤان ئیگناتیچ بە وردی گوێی لە قسەکانم راگرت و بە تەنها چاوەکەی لێم زەق بوویەوە و وتی:

ــ واتە دەتەوێ بڵێی، بڕیارت داوە ئەلەکسی بکوژیت و، دەتەوێ من گۆڤانی بدەم؟ هەر ئەوەندە؟ وا نییە؟

ــ بەڵێ، هەر ئەوەندە.

ــ پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، تۆ بیت و خوا! ئەوە چ بیرێکە داوییە لە مێشکت؟ لەگەڵ ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ بووە بە قڕەت؟ ئەمە کەی گرنگە. بادی هەوایە، قسەی مشەیە. جنێوی پێ داویت؟ زللەیەکی لێداوی؟ تۆیش مشتێک لێبدایەت، بەم شێوەیە قڕە کۆتایی دەهات و لێک جیا دەبوونەوە. پاشانیش ئەوە ئەرکی ئێمەیە ئاشتتان بکەینەوە. بەڵام بیری لێبکەرەوە، کوشتنی مرۆڤێک؟ چ سوودێکی هەیە؟ دیسانەوەش ئەگەر دڵنیا بوایەتین کە ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ دەکوژرێ، زۆر دژوار نەبوو. راستەکەت دەوێ من هیچ خۆشم لێی نایەت. ئەی

ئەگەر هات و ئەو بە شمشێرەکەی تۆی هەڵدڕی، ئەوسا چی بکەین؟ ببوورە دەپرسم.

گوتەی پڕ لە تێبینی و بەجێی جێدار، بۆچوونی منی نەگۆڕی و من هەروەها لەسەر بڕوای خۆم ڕاوەستابووم. ئیڤان ئیگناتیچ وتی:

ــ خۆت دەزانی. چی دەکەیت بیکە! بەڵام من بۆ دەبێ گۆڤانی تۆ بم؟ دوو کەس بەر دەبنە یەک و یەکیان دەکوژرێ. دەی ئەمە چ پێویستی بە بینەر هەیە. بڕوا بکە من خۆم بەردەوام لەم ڕووداوانە لە لای سویدی و تورکەکان بینیوە.

من تێکۆشام ئەرکی گۆڤان بۆ ئەو ڕوون بکەمەوە. بەڵام ئیڤان ئیگناتیچ نەی دەویست لە مەبەستم تێبگات. ئەوە بوو کۆتاییەکەی وتی:

ــ هەرچی بڵێی سوودی نییە. بەڵام ئەگەر دەتەوێ من لەم بوویەرەدا بەشداری بکەم، من ڕاستەوخۆ دەچم بۆ لای سەرهەنگ ئیڤان کۆزمیچ و پێی ڕادەگەیەنم تۆ، بە پێچەوانەی ڕێسای پاشایەتی لە قەڵات، دەتەوێ تاوانی کوشتن ئەنجام بدەیت. ئەوسا جەنابی فەرماندە خۆی دەزانێت دەبێ چی بکەین.

من لەو قسانە تۆقام و تکام لە ئیڤان ئیگناتیچ کرد، هیچ بە فەرماندە نەڵێت. بەڵام دڵکاوکردنی ئاسان نەبوو و زۆر تێکۆشام تا بەڵێن بدات بە فەرماندە نەڵێت. بەم شێوە لە لای ڕۆیشتم.

ئێوارەکەی وەک خووی هەمیشەم لە ماڵی فەرماندە

بووم. تێکۆشام خۆم شادمان و بێکێشە پیشان بدەم تا نەبمە مایەی گومانی ئەوان و خۆم لە توانجی پرسیارەکانیان بپارێزم. بەڵام ددان بەوەدا دەنێم، ئەو ئارامییەی زۆر کەس لەو هەلومەرجانەدا خۆیانی پێوە با دەدەن، بە هیچ شێوەیەک لە مندا نەبوو.

ئەو ئێوارەیە هەست و سۆزم زیاتر ورووژابوو و زیاتر خۆی دەنواند. ماریا ئیڤانۆڤنا لەلام بەکێشەرتر و شۆختر و، بیری ئەوەی کە ڕەنگە ئیتر نەی بینم بە ڕادەیەکی زۆر ویست و خولیای دەبزواندم.

لەم ناوەدا شڤابرین پەیدای بوو. بردمە لایەکەوە و گفتوگۆکەی خۆم و ئیڤان ئیگناتیچم بۆ گێڕایەوە. ئەویش خەمسارانە وتی:

ــ چ پێویست بە گۆڤان هەیە، خۆمان کارەکە ڕادەپەڕێنن.

کە وابوو ڕێکەوتین بەیانی کاتژمێر هەشت لە پشت خەرمانی گەنمەشامی، لە نزیک قەڵات ئامادە ببین و دوێلەکەمان ئەنجام بدەین. گوتوبێژی ئێمە ئەوەندە دۆستانە خۆیای دەکرد، ئیڤان ئیگناتیچ بە شادمانی هات بۆ لامان و بە دارەتێکی ڕەزامەندانە وتی:

ــ ئاوا، کوڕینە! بزانە ئاشتی باش جەنگ چەند بەچێژە؟ ئابڕووی لەکەدار، چەندە باشترە لە پێستی بریندار!

ژنی فەرماندە کە لە سووچێکدا بە پەڕەی یاری فاڵی دەگرتەوە، وتی: ــ چییە؟ چی بووە؟ باش گوێم لێ نەبوو.

ئیڤان ئیگناتیچ کاتێک نیگای زویری منی بینی، کەوتەوە

بیری بەڵێنەکەی. شڵەژابوو و نەی دەزانی چی بڵێت. بەڵام شڤابرین دەسبەجێ فریای کەوت و وتی:

ــ ئیڤان ئیگناتیچ ئافەرینمان لێدەکات بۆ ئاشت بوونەوەمان.

ــ بەڵام کێ لەگەڵ کێ شەڕی کردبوو؟

ــ مشتومڕێکی بچووک لە نێوان من و پیۆتەر ئاندرۆڤیچدا ڕووی دابوو.

ــ لەسەر چی؟

ــ لەسەر شتێکی ئاسایی، پارچە هۆنراوەیەک!

ــ بە هۆی هۆنراوەیەکەوە؟ سەیرە! باش، چۆن ڕووی دا؟

پیۆتەر ئاندرۆڤیچ بەمزوانە چامەیەکی هۆنیوەتەوە. بۆ منی خوێندەوە و من هۆنروەکەی خۆمم لە هینەکەی ئەو بە باشتر زانی کە ناوی «کچی سەرهەنگ! شەو مەچۆ بۆ گەڕان»ـە. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ سەرەتا هەڵچوو و خەریک بوو ببێ بە قڕە، بەڵام پاشتر بیرێکی شیاوتری کردەوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی هەرکەس ئازادە هەرچی دەڵێت. بەم شێوەیە کۆتایی بە مشتومڕەکە هات.

ڕووداماڵراوی شڤابرین زیاتر تووڕەی کردم، بەڵام جگە لە من، کەس لە لاتاوی لاسارانەی ئەو تێ نەگەیشت، یان هەر هەستی پێنەکرد. وتووێژەکە لە هۆنراوەوە چوو بۆ لای هۆنەران و، فەرماندە، هۆنەرانی بە کەسانی نەشیاو و بێئاوەز دانا و دۆستانە ئامۆژگاری منی کرد، واز لە هەڵبەستەوانی بهێنم، چونکە هەم لەگەڵ کەش و هەوای سەربازیگەری

یەک ناگرێتەوە و، هەم وەک خۆیشی هیچ سوودێکی نییە!

بوونی شڤابرین لەوێ لە ئاستی ئوقرەداری من تێپەڕیبوو. بۆیە دەرفەتم لە جەنابی فەرمانده و خێزانی وەرگرت و چوومەوە بۆ ماڵەوە. شمشێرەکەم هەڵگرت و ڕوانیمە نووکەکەی و پاشام چوومە ناو جێگە. بە ساولیچم وت بەر لە کاتژمێر حەوتی بەیانی لە خەو هەڵم سێنێ.

بەیانی ئەو شەوە، کاتژمێری دیاریکراو لە پشت خەرمانەکان ئامادە بووم و چاوەڕوانی خەنیمەکەم ڕاوەستام. ئەوەندەی پێنەچوو ئەویش هات و وتی:

ـ بۆی هەیە ببن بە ملۆزممان، باشترە دەست پێبکەین.

بەرگی سەربازییمان داکەند و، لەکاتێکدا تەنها ئێلەگێکمان لەبەردا بوو، شمشێرمان لە کالانە دەرکێشا.

لەمکاتەدا لەناکاو، لە پشت خەرمانەکانەوە ئیڤان ئیگناتیچ لەگەڵ پێنج سەرباز دەرکەوتن و ڕایگەیاند دەبێ لەگەڵی بچین بۆ لای فەرمانده. سەرەڕای تووڕەییمان لەگەڵی ڕۆیشتین و لەکاتێکدا سەربازەکان گردی ئێمەیان گرتبوو، بە دوای ئیڤان ئیگناتیچدا، کە دەتوت لە جەنگێکی سەرکەوتوو گەڕاوەتەوە، ڕۆیشتین.

ئەوەندەی گەیشتینە ماڵی فەرمانده، ئیڤان ئیگناتیچ دەرگاکەی کردەوە و وتی: ـ هێنایانم!

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا هاتە پێشەوە، وەک فەرمانده وتی:

ـ بەهـ بەهـ! جەنابان! ئەم کارە واتای چییە؟ چۆن؟ لەبەر چی؟ مرۆڤکوژی لە قەلاتی ئێمە؟ ئیڤان کۆزمیچ گورج ئەمانە

دەسبەسەر بکە. بابێ، شمشێرەکانتان دابنێن. پالاشا ئەو شمشێرانە بـهێنە بۆ ئێرە. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ چاوەڕوانی ئەو کارە لە تۆ نەبووم. تەرێق نابیتەوە؟ ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ گلەیی لەسەر نییە. ئەو لە ئەنجامی مرۆڤکوژی لە زێدی خۆی تەرە کراوە. تەنانەت بڕوای بە خوایش نییە. بەڵام تۆ چی؟ دیارە هەموو ئەمانە لەوەوە فێر بوویت.

سەرهەنگ ئیڤان کۆزمیچیش دارماڵ لەگەڵ ژنەکەی هاودەنگ بوو و هەمان قسەکانی ئەوی پاتە کردەوە:

ـ ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا ڕاست دەکات، ڕێسا جەنگی تەن بە تەنی بەرگیراو کردووە.

لەم کاتەدا پالاشا شمشێرەکانی ئێمەی وەرگرتبوو. من نەم دەتوانی بەر بە پێکەنینی خۆم بگرم. بەڵام شڤابرین هێوری خۆی پاراستبوو و بە ئارامی وتی:

ـ خاتوون! سەرەڕای ئەوەی ڕێزم بۆتان هەیە، ناچارم بڵێم ئێوە لەخۆڕا خۆتان تێهەڵدەقورتێنن و سەبارەت بە ئێمە دادوەری دەکەن. ئەمە کاری ئیڤان کۆزمیچە و لێبگەڕێن ئەو بڕیار بدات.

ژنی فەرماندە وتی:

ـ ئەی لەو سەیرە! مەگەر ژن و شوو یەک تەن و بەڵکوو یەک گیان نین؟ ئیڤان کۆزمیچ تۆ دەڵێی چی؟ ئەمانە بنێرە بۆ زیندانی تەنها و، تا ئاوەز نەهاتووەتەوە بە سەریاندا جگە لە نان و ئاو هیچیان مەدەرێ. بابە گراسیم دەبێ ناچاریان بکات تۆبە بکەن. ئەمانە دەبێ لە زیندان داوای لێبوردن

بکەن و ددان بە گوناهی خۆیاندا بنێن، بەڵکوو لە گوناهیان خۆش ببن.

ئیڤان کۆزمیچ نەیدەزانی چی بکات؟ بەڵام ماریا ئیڤانۆڤنا ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو. ورده ورده باهۆز نیشتەوە و ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا ئارام بوویەوە. ئەوسا ناچاری کردین یەکدی ماچ بکەین. پالاشا شمشێرەکانی بۆ هێنایەنەوە. من و شڤابرین بە ڕواڵەت ئاشتمان کردبوویەوە و لە ماڵی فەرماندە چووینە دەرەوە. ئیڤان ئیگناتیچ بە دواماندا هاتە دەرەوە. لە ڕێگە بە تووڕەییەوە پێموت:

ــ تەرێق نابیتەوە سەرەڕای ئەوەی بەڵێنت بە من دا، دیسان مژارەکەت بۆ فەرماندە گێڕایەوە؟

ئیڤان ئیگناتیچ وتی:

ــ خوا ئاگای لێیە من یەک وشەشم بە ئیڤان کۆزمیچ نەوتووە. ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا لێمی هەڵێنجا و هەموو شتێکی لە بن زمانم دەرکێشا. ئینجا بەبێ ئەوەی وشەیەک بە سەرهەنگ بڵێت خۆی هەموو کارەکانی ڕێکخستبوو. دیسان سپاس بۆ خوا کە بەم شێوەیە کۆتایی هات!

ئیڤان ئیگناتیچ پاش وتنی ئەم قسانە بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشت و من و شڤابرین بە تەنها بووین.

من پێموت:

ــ خۆ ئێمە ناتوانین وا بەبێ ئەنجام لێی بگەڕێین.

شڤابرین وتی:

ــ دیارە ئەو سووکایەتییەی تۆ بە منت کردووە، مەگەر

بە خوێن، ئەگینا قەرەبوو ناکرێتەوە. بەڵام جاری واین لە بن چاودێریدا. دەبێ چەند ڕۆژێک ڕابوەستین. جارێ ماڵیاوا.

ئێمە وەکوو ئەوەی هیچ کێشەیەک لە نێوانماندا نەبێت، لێک جیا بووینەوە. من گەڕامەوە بۆ ماڵی سەرهەنگ و وەکوو خدەی هەمیشە لە لای ماریا ئیڤانۆڤناوە دانیشتم. ئیڤان کوزمیچ لە ماڵەوە نەبوو و، ڤاسیلیا بە کاری ماڵەوە ڕادەگەیشت. ئێمەش لەبەر خۆمانەوە گفتوگۆمان دەکرد.

ماریا ئیڤانۆڤنا دەیوت دوێلی من لەگەڵ شڤابرین، هەم ئەوی شەمزاندووە و هەم ئەوانی تری نیگەران کردووە. بە نەرمی سەرزەنشتی دەکرد.

ماریا ئیڤانۆڤنا دەیوت:

ــ کاتێک بیستم دەتەوێ دوێل بکەیت، تەواو تۆقام. پیاو بوونەوەرێکی سەمەرەن لەسەر قسەیەک، کە دەزانن حەفتەیک دواتر لەبیریان دەچێتەوە، ئامادەن یەکدی بکوژن و، هەموو شتێک بکەن بە سەرگەرد، هەم ویژدان و ئاسوودەیی ئەو کەسانەش... من دڵنیام تۆ هاندەری کێشەکە نەبوویت و لام وایە ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ تاوانبارە.

ــ بۆچی وا بیر دەکەیتەوە؟

ــ چونکا... ئەزانم ئەو حەزی لە گاڵتەپێکردنە. من ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچم خۆش ناوێ و نەفرەتم لێیەتی. بەڵام سەیر لەوە دایە نامەوێ کارێک بکەم ئەو ڕقی لە من بێت. ئەم مژارە بە شێوەیەکی سامناک دەمشڵەژێنێ.

ــ ئەو چی، ماریا ئیڤانۆڤنا؟ ئایە ئەو تۆی خۆش دەوێ؟

ـ بەڵێ... لام وایە خۆشی دەوێم.
ـ بۆ لات وایە؟
ـ لەبەر ئەوەی داوای کرد شووی پێ بکەم.
ـ داوای لە تۆ کرد شووی پێ بکەی؟ کەی؟
ـ پارەکە، دوو مانگ بەر لەوی تۆ بێی بۆ ئێرە.
ـ تۆیش دەستت نا لە ڕوویەوە؟
ـ وەک دەبینی بەڵێ. ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ زیتەڵەیە، شیانست و داراشە. بەڵام، کاتێک بیری لێ دەکەمەوە لە پاش زەماوەند دەبێ لە بەرچاوی مەردم ماچی بکەم... هیچ سامان و داراییەک لەم جیهانەدا ناتوانێ ئەو کارەم پێ بکات.

قسەکانی ماریا ئیڤانۆڤنا چاو و گوێمی کردەوە و لە زۆر شت تێی گەیاندم. زانیم ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ بۆچی ئەوەندە پاشملە دژی دەخوێنێت. بێگومان بە پەیوەندی نێوان ئێمەی زانیبوو و دەیویست نێوانمان تێک بدات. بۆیە ئەو قسانەی بوونە هۆی تووڕەبوونم لە سەرەتاش دشتتر خۆیایان دەکرد، چونکە زانیم ئەوانە گاڵتەی توولەکی نەبوون، بەڵکوو تۆمەتی دارێژراو و بەئاشکرا بوون.

بەڵێ، ئەو بە شێوەی ناڕەوا و تۆمەتلێدان بە دوای دڵبەرەوە بوو. بەم شێوەیە کەڵکەڵەی تەمێکردنی ئەو کڵاوبازە بێهەممەچیزە زیاتر پەرەی دەسەند و بە بێئوقرە بۆ دەرفەت دەگەڕام.

چاوەڕوانی زۆری نەخایاند. بەیانی ئەو ڕۆژە لە پشت

مێزەکە دانیشتبووم. کلکی پێنووسەکەم بە ددان ئەجوو و بە دوای سەروایەکدا دەگەڕام، کە شڤابرین تەقەی دا لە دەرگا.

پێنووسم دانا، شمشێرەکەم هەڵگرت و چوومە دەرەوە.

شڤابرین وتی:

ـ بۆ چاوەڕێ بکەین؟ کەس ئاگای لێمان نییە و دەتوانین بچین بۆ قەراخ چەم کەسی لب نییە.

بە بێدەنگی و شانبەشانی یەک دەڕۆیشتین. لە شیوی لای چەمەکە چووینە خوارەوە و هەردووکمان شمشێرمان ڕاکێشا.

شڤابرین لە من پسپۆڕتر و شارەزاتر بوو، بەڵام من بوێرتر و بەهێزتر بووم. مۆسیۆ «بەوپرەی»، کە کاتی خۆی سەرباز بیوو، چەند وانە و شێوەی شمشێربازی فێر کردبووم و، من بەباشی فێریان بیووم. شڤابرین چاوەڕوانی ئەوە نەبوو خەنیمەکەی ئەوەندە بەهێز و مەترسیدار بێت. بۆ ماوەیەک هیچکاممان نەمانتوانی زەبر بەویتر بگەیەنین. بەڵام کۆتاییەکەی کاتێک بینیم شڤابرین بەهێز نییە، بە هێرشی بەردەوام تا لێواری چەمەکە پاشەکشەم پێکرد. لەپڕ بەرگوێم کەوت کەسێک بەناو بانگم دەکات.

ئاوڕم دایەوە، ساولیچم بینی لە جادەکەوە بۆ لای من دێت. لەم کاتەدا هەستم کرد شتێک چەقی بە لای ڕاستی سینەمدا. بوورامەوە و تەختی عەرز بووم.

بەشی ٥

# ئەویـــن

ئای! کیژۆڵەی جوان و ناسک
هێندە گەنجی بۆ شوو ناشێی
بپرسە لە دایک و باوکت
لە خزم و لە هاوێکانت
باڵا بکە، ژیر و زیرەک
جیازی و ناوماڵ بخەرە یەک

«ستراني بوومی»

لە من باشترت دۆزییەوە، لە بیرم دەکەی
ئەگەر واش نەبوو، بیری من دەکەی

«گۆرانییەکی کۆن»

کاتێک هاتمەوە هۆشی خۆم، بۆ چەند خولەک نەمدەزانی لە کوێم و چیم بەسەر هاتووە. لە سەر قەرەوێڵەیەکی نەناسراو، لە ژوورێکی نامۆ، ڕاکشابووم و هەستم بە لاوازییەکی زۆر دەکرد.

ساولیچ، مۆمێک بەدەستەوە لە بەردەممدا ڕاوەستابوو.

یەکێک بە پارێزەوە تیلمەکانی سینە و شانمی دەکردەوە. وردە وردە کەشەکە ڕوون بوویەوە و یادەوەریم گەشایەوە. زانیم دوێلم کردووە و برینداربووم. لەم کاتەدا دەرگا جیڕەیەکی کرد و دەنگێک کە گیانی لەرزاندم، بە ئەسپایی پرسیاری کرد:

ــ ئێستە چۆنە؟

ساولیچ ئاهێکی هەڵکێشا و وەڵامی دایەوە:

ــ هەر وەک خۆیەتی. هێشتاش بێهۆشە، ئەمە ڕۆژی پێنجەمە!

من تێکۆشام وەرگەڕێم بۆ لای دەنگەکە، بەڵام نەمتوانی. لە خۆم نەویێ و بە دژواری پرسیارم کرد:

ــ من لە کوێم؟ ئەوە کێیە هاتووە؟

ماریا هاتە لای سەرمەوە، دانەوییەوە و پرسیاری کرد:

ــ چۆنی، دارەتت چۆنە؟

بە دەنگێکی شکاو و کپ وتم:

ــ سپاس بۆ خوا! ئەوە تۆی ماریا ئیڤانۆڤنا؟ بڵێ...

لەوە زیاترم پێ نەوترا، ئەوەندە داهێزرابووم ڕستەکەم بۆ تەواو نەکرا. ساولیچ بە شادمانییەوە یەک بە خۆی هاواری کرد:

ــ هاتەوە بەخۆیدا... هاتەوە هۆش خۆی... خوایە گیان سپاس... ئای خانی بچکۆلە، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، چەندە منت ترساندبوو! پێنج دانە ڕۆژ! گاڵتە نییە!

ماریا ئیڤانۆڤنا بێدەنگی کرد و وتی:

ــ جارێ نابێ قسەی لەگەڵ بکەیت، ساولیچ. هێشتا زۆر

بێهێزە، بۆ ئەوە نابێت.

لە ژوورەکە چووە دەرەوە و بە ئارامی دەرگاکەی داخست.

بیری جۆراوجۆر هەستەکانیان پەرێشان کردبووم. زانیم لە ماڵی سەرهەنگم و ماریا ئیڤانۆڤنا هاتووە چاوی پێم بکەوێ. ویستم چەند پرسیار لە ساولیچ بکەم. بەڵام ئەو گوێکانی خۆی گرتبوو و سەری بە نیشانەی نەرێنی رادەوەشاند. ناچار، پەژارەمەند پێڵوەکانم نایە سەریەک و خەوێکی قووڵ بردمیەوە. کاتێک لەخەو هەڵسام، ساولیچم بانگ کرد، بەڵام ماریا ئیڤانۆڤنام لە بەردەممدا بینی و دەنگی گیاننەوازی بەر گوێم کەوت.

هەرگیز ناتوانم بەختەوەری و هەستی شادمانیم لەو دارەتەدا بە وشە بنووسم. دەستەکانی ماریا ئیڤانۆڤنام برد بۆ لای لێوەکانم و بە دڵۆپی فرمێسکی سپاس شۆردیانم. ماشا دەستی نەکشاندەوە و... لەپڕ، لێوەکانی لە گۆنام نزیک بوونەوە و من ماچی گیانبزوێن و ئاگرینی ئەوم هەست پێکرد. گڕی ئەوین لە ناخمدا بڵێسەی کێشا. وتم:

ـ ماریای ئازیز ببە بە هاوسەرم! ئەو بەختەوەرییەم لێ درێغ مەکە!

ماریا ئیڤانۆڤنا هاتەوە بە خۆیدا. خۆی کۆ کردەوە، دەستی لە دەستم دەرهێنا و وتی:

ـ ئارام بگرە. تۆ بیت و خوا ئارام بگرە. تۆ هێشتا وای لە مەترسیدا. بۆی هەیە برینەکەت هەڵتەقێتەوە. ئاگات لە خۆت بێت. ئەمە چاکەیە لەگەڵ منی دەکەیت!

پاش وتنی ئەم وشانە، چووە دەرەوە و، منی لە کێشەری ئەویندا بەجێ هێشت. شادمانی هێزی هێنایەوە بەرم. بیری ئەوەی منی خۆش دەوێ و دەبێ بە هینی من، هەموو گیانی داگرتبووم و لە ئەندێشەمدا پاتە دەبوویەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستیم باشتر و باشتر دەبوو. سەرتاشی قەڵات دانرابوو بۆ تیمارم[٨٠]. چونکە پزیشکی تری لێنەبوو. خوشبەختانە ئەویش لاسایی پسپۆڕانی نەدەکردەوە. پزیشک و گەنجێتی من بوویە هۆی خێراتر چاکبوونەوەم. خێزانی فەرماندە هەر هەموویان پەرستارییان لێ دەکردم و، ماریا ئیڤانۆڤنا بە سات لێم دوور نەدەکەوتەوە. دیارە لە یەکەم دەرفەتدا، درێژەم بە گفتوگۆی ئەویندارانەی خۆم، لەگەڵ ماریا ئیڤانۆڤنا دا. ئەمجار ئەو بە کاوەخۆ گوێی لە گوتەم ڕاگرت. پاشان ئەویش بە پێچەوانە سۆزی خۆی بەرامبەر بە من ئاشکرا کرد و، وتی دڵنیایە لەوەی دایک و باوکی لەو شادمانییەی ئەو دڵخۆش دەبن.

پاشان لە درێژەی گوتەی خۆیدا وتی: ــ بەڵام باش بیری لێبکەرەوە! ئایە کەسوکاری تۆ لەگەڵ ئەمکارە نەیار نابن؟

من چوومە ناو بیرەوە. گومانم لە سۆزی دایکم نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەوشت و خووی باوکم دەناسی، دەمزانی لەو ئەوینەی من تێناگات و بە هەوەسی گەنجێتی دادەنێت. بۆیە ڕاستگۆیانە هەموو شتێکم بە ماریا ئیڤانۆڤنا وت. لەگەڵ ئەوەش نامەیەکم لەوپەڕی ڕهوونی و ڕەوڕەوانبێژی بۆ باوکم

---

٨٠ـ تیمار: treatment دەرمانکردنی برین. ع علاج N behandling د معالجة.

نووسی و تکام لێکرد لەم ڕێبازەدا سۆز و خۆشەویستی باوکانەی خۆی لە من درێغ نەکات.

نامەکەم پیشانی ماریا ئیڤانۆڤنا دا. ماریا ئەوەندە نامەکەی بە شیاو و کاریگەر زانی، دڵنیا بوو وەڵامێکی باش وەردەگرینەوە و، متمانە بە ئەوین و جەوانی خۆی دا بەدەست هەستی دڵی میهرەبانی خۆیەوە.

من لە هەمان ڕۆژەکانی سەرەتای چاکبوونەوەم لەگەڵ شڤابرین ئاشتم کردەوە. ئیڤان کۆزمیچ لەگەڵ سەرزەنشتی من وتبووی: ــ پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، من دەمویست تۆ بنێرم بۆ فرتووخانە. بەڵام ئەوەتا بە ئەندازەی پێویست ئازارت چەشتووە. ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ وا لە هەماری گەنم زیندانییە و شمشێرەکەی وا لە لای ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا. ئەوەندە لەوێ ڕای دەگرم تا لەو کارە دشتانەی خۆی ژێوان ببێتەوە.

بەڵام منی ئەویندار، هیچ کینەیەکم بەرامبەر بە شڤابرین نەبوو. لە لای فەرماندە بۆی پاڕامەوە و فەرماندەی میهرەبانیش بە ڕەزامەندی ژنەکەی ئازادی کرد. شڤابرین هات بۆ سەردانم و پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند و داوای لێبوردنی کرد. ددانی بەوەدا نا هەڵەکە دارماڵ لە لایەن ئەوەوە بووە. هیوای وابوو من ئەو ڕابوردووە فەرامۆش بکەم. منیش کە دەمزانی ئەو ئەویندار دڵسووتاوە، لە ڕووی ئێرەییەوە کەوتووەتە تۆمەت لێدان، تۆمەتەکانیم دایە پاڵ ئەڤانی بریندار و ئەوینی شکستخواردووی و لە دڵەوە لێی خۆش بووم.

زۆری پێنەچوو تەواو چاک بوومەوە و توانیم بچمەوە بۆ ماڵەوە. لەگەڵ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی لەبار نەبووم، نەمدەویست ودمی خرایەش لێبدەم، بۆیە تێدەکۆشام بیری نەشیاو لە مێشکم دوور بخەمەوە. هێشتا هیچمان بە ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا و شووەکەی نەوتبوو، بەڵام دڵنیا بووم خوزبێنییەکەم دایان ناچڵەکێنێ. من و ماریا، هیچکاممان هەستی خۆمان لەوان نەدەشاردەوە و هەردووکمان دڵنیا بووین کە ئەوان دژایەتی ناکەن.

سەرەنجام، سەرلەبەیانییەک ساولیچ هاتە ژوورەکەی من و نامەیەکی بۆ هێنام. من بە دەستێکی لەرزۆکەوە نامەکەم وەرگرت. ناونیشانەکەی دەسنووسی باوکم بوو و، ئەمە تووشی دڵەڕاوکەی کردم. چونکە بە زۆری دایکم نامەی بۆ دەنووسیم و باوکم لە کۆتاییەکەیدا چەند دێڕێکی لێ زیاد دەکرد.

چەند خولەکێک، بەبێ ئەوەی نامەکە بکەمەوە چەندین جار ناونیشانە فەرمییەکەیم خوێندەوە، کە نووسیبووی:



تێکۆشام لە شێوەی دەستنووسەکەیەوە، دارەتی دەروونی ئەو، لە کاتی نووسینی نامەکەدا بهێنمە بەرچاو. کۆتاییەکەی بڕیارم دا نامەکە بکەمەوە و بە خوێندنەوەی یەکەم دێڕ هەستم کرد تەلاری هیوام داڕماوە. نامەکە وا نووسرابوو:

کورم پیۆتر!

پانزەی ئەم مانگە، ئەو نامەی تێیدا داوای ڕەزامەندی منت بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ماریا ئیڤانۆڤنا، کچی ئیڤان کۆزمیچ داوا کردبوو، گەیشت. من نەک هەر نامەوێ ڕەزامەندی خۆم ڕابگەیەنم، بەڵکوو بەپێچەوانە، سەرەڕای پلەی سەربازیت، ئەمەوێ لەو کارە دزێوانەی کردوونە، سەرزەنشتت بکەم. تۆ سەلماندووتە شیاوی بەستنی شمشێر نیت. ئەو شمشێرەیان بۆ داکۆکی لە نیشتمان داوە بە تۆ، نەک بۆ دوێل لە دژی سلسارێکی[٨١] وەکوو خۆت. من هەر ئێستە نامەیەک بۆ ئاندرەی کارلۆڤیچ دەنووسم و داوای لێدەکەم لە قەڵانی بێلۆگۆرسکییەوە بتنێرێ بۆ شوێنی دوورتر، تا فێر ببی ئیتر لەو کارە گەوجانە نەکەیت. دایکت بە بیستنی هەواڵی دوێل و برینداربوونت بە ڕادەیەک پەژارەمەند بوو، ئەوەتا

٨١ـ سلسار: pixilated ئاوەڵناو بێشەرم، گەوەند، ڕێلاس، بێشەرمانە سەربەردای، پرتۆک، سەرسەری، پنتی، زۆر چەتوون. د وقح N skamløs د عجول، بی بندوبار E fiendish.

لە سەر جێگە کەوتووە. سەرەنجامی کاری تۆ بە کوێ دەگات؟ من لە دەرگانەی ئێزەد دەپاڕێمەوە ڕێنموونیت بکات بۆ ڕێگەی ڕاست. من نازانم چۆن وێراوتە، بەو ڕەفتارە دزێوانەوە داوایەکی ئاوەها بکەیت؟

باوکت: ئاندرەی پەترۆڤیچ

خوێندنەوەی ئەم نامەیە، هەستی جۆراوجۆری لە مندا وروووژاند. دەراوی تووڕەی باوکم و نووسینی ئەو ڕستە درژانە کاریگەرییەکی دژواریان لەسەرم هەبوو، سووکاەتیکردن بە ماریا ئیڤانۆڤنا ئەوەندە نارەوا بوون، بە توندی هەژاندمی. بیری ئەوی لە قەڵاتی بێلۆگۆرسکی تەرە دەکرێم، ئەوەندەی تر تووشی دڵەڕاوکەی کردم. بەڵام لە هەموو زیاتر بیری نەخۆش کەوتنی دایکم پەژارەمەندی کردم. دڵنیا بووم ساولیچ هەواڵی دوێل و برینداربوونەکەی منی بۆ نووسیون.

هەژاو و سەرلێشێواو لە ناو ژووورە بچووکەکەمدا دەهاتم و دەچووم، لەپڕ لە بەردەمی ساولیچدا ڕاوەستام و بەسەریدا هەڵشاخامەوە و وتم:

ــ ئەوە بەس نەبوو بە بۆنەی جەنابتەوە، بریندار بووم و یەک مانگ لە جێدا کەوتم، ئەتەوێ دایکیشم بە خەفەت لەناو ببەیت؟

ساولیچ حەپەسا و بە ترسێکی گریاناوییەوە وتی:

ــ ئەوە دەڵێی چی ئەرباب؟ من بوومە هۆی برینداربوونی جەنابت؟ خوا ئاگای لێیە من دەمویست هەڵێم و خۆم بهاوێمە

نێوان شمشێرەکەی جەنابت و ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ. بە داخەوە ئەم پیرییە نەگریسە نەیهێشت کاتی خۆی بگەمە لاتان، بەڵام ئەی من چیم کردووە بەرامبەر بە خاتوونی دایکت؟

باتەم کردەوە:

ــ چیت کردووە؟ کێ وتی گوزارشتی من بۆ باوکم بنووسی؟ کێ داوای لێکردی سیخوڕی من بکەیت؟

ساولیچ بەدەم گریانەوە وەڵامی دایەوە:

ــ ئەی خوایە گیان خۆت ئاگات لێیە!... من سیخوڕی جەنابم کردووە؟ فەرموو ئەمە نامەیەی ئەرباب بۆ منی نووسیوە. بخوێنەرەوە تا بۆت دەرکەوێت من چیم کردووە!

ئینجا نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و خوێندییەوە:

«تۆ دەبێ تەریق ببیتەوە! تۆی پیرەسەگ! کە سەرەڕای سپارشت و جەختی من سەبارەت بە کوڕەکەم هیچت بۆ نەنووسیوم. ئێستە ئیتر دەبێ غەوارە من لە گەنکارییەکانی ئەو ئاگادار بکەنەوە؟ بەمجۆرە ئەرك و ڕاسپاردەی خۆت ڕادەپەڕێنی؟ دەبێ تۆی پیرەسەگ بە تاوانی شاردنەوەی ڕاستییەکان و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو گەنجە چەمووشە بنێرم بۆ بەرازلەوەڕاندن. ئێستەش فەرمانت پێدەدەم، بە خوێندنەوەی ئەم نامەیە باری تەندروستیم بۆ بنووسە! بۆیان نووسیوم باشترە. بەڵام بە وردی بۆم بنووسە چۆن و لە چ شوێنێکدا بریندار بووە. ئایە برینەکەی بە شێوەیەکی شیانست تیمار کراوە یان نا؟»

دەرکەوت ساولیچ بە ڕاستی بێتاوانە و من بە گومان و سەرزەنشتی خۆم لەخۆڕا تۆمەتم لێداوە. داوام لێکرد لێم ببوورێت. بەڵام دیار بوو داوای لێبوردنی من کاریگەر نەبووە و لەپەسا دەیوت:

ــ بڕوانە بەم پیرییە چ چارەنووسێکم پەیدا کردووە؟ بزانە چۆن پاداشتی ئەمەگداریم وەرگرتووەتەوە. یەکێک پێم دەڵێ سەگ و یەکێکی تر بە هۆکاری بریندار بوونی خۆیم دەزانێت!... نەخێر ئەرباب پیۆتەر ئاندرۆڤیچ تاوانبار من نیم. تاوانبار ئەو مۆسیۆ نەگریسەیە. ئەو شمشێربازی و جەنگی فێری تۆ کرد. ئەو لای وابوو بەم شێوەیە دەتوانی خۆت لە کەسانی هووت و بێفەڕ بپارێزی. ئەمەش ئەنجامی هێنانی غەوارە و پارەبڕانەوەی لە خۆڕایی.

بیرم کردەوە، ئەی کێ باوکمی لە کارەکانی من ئاگادار کردوەتەوە؟ ژنراڵ؟ پێم وانییە ئەو ئەوەندە منی لەلا گرنگ بووبێت. پێشم وا نەبوو ئیڤان کوزمیچ ڕووداوی دوێلەکەمی بۆ باوکم نووسیبێت. ماوەیەک بیرم کردەوە و لە کۆتاییدا بیرم بۆ لای شڤابرین چوو. ئەو تەنها کەسێک بوو لە تەرەکران و دوورکەوتنەوەی من لە بێلۆگۆرسکی قازانجی دەکرد.

بۆ ئاگادارکردنەوەی ماریا ئیڤانۆڤنا لە ناوەرۆکی نامەکەی باوکم کەوتمە ڕێ. ماریا لە ئاستانەی دەرگاکەدا ڕاوەستابوو و ئەوەندەی منی بینی، وتی:

ــ چی ڕووی داوە؟ بۆچی ئاوەها ڕەنگت پەڕیوە؟

من نامەکەی باوکم دا بە دەستییەوە و وتم:

ــ ئیتر چارەمان نەماوە!

دەسبەجێ ڕەنگی ئەویش پەڕی و پاش خوێندنەوەی نامەکە، بە دەستی لەرزۆکەوە نامەکەی پێ دامەوە و بە دنگێکی گڕ و گیراو وتی:

ــ دەبێ بڕوا بەوە بهێنین چارەنووس دژی ویستی ئێمە بووە. باوک و دایکی تۆ من لە ناو خۆیاندا پەژێرە ناکەن: ڕەنگە ئەمە بۆ تۆیش باشتر بووبێت. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، ڕەنگە تۆ بەم شێوەیە بەختەوەرتر...

لێرەدا دەستم گرت و وتم:

ــ شتی وا نابێت، تۆ منت خۆش دەوێت و من بەو ئەوینەوە ئامادەم هەر کارێک بکەم. با بڕۆین خۆمان بخەین بەسەر دەست و پای دایکت و باوکتدا. ئەوان کەسانی دڵسۆزن و میهرەبانن... بە ڕەزامەندی ئەوان هاوسەرگیری دەکەین. من دڵنیام پاشتر دڵی باوکم نەرم دەبێ. دایکیشم بۆم دەپاڕێتەوە و ئەو دەمبەخشێ.

ماریا وەڵامی دایەوە:

ــ نا، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، من بەبێ ڕەزامەندی دایکت و باوکت شووت پێناکەم. ئەگەر ئەوان نزات بۆ نەکەن تۆ بەختەوەر نابیت. دەبێ لە بەرمبەر چارەنووسدا کۆڵ بدەین. من گازەت بۆ دەکەم. ئەگەر لە داهاتوودا، ژنێکی ترت دۆزییەوە و لەگەڵی هاوسەرگیریت کرد، من نزا بۆ هەردووکتان دەکەم.

لێرەدا، ماریا ئیڤانۆڤنا فرمێسکی داباراند و لە من دوور

کەوتەوە. ویستم برۆم بە دوایدا، بەڵام زانیم لەوە زیاتر خۆم پێ ڕاناگیرێت، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە، دەنگی ساولیچ بەئاگای هێنامەوە. پەڕە کاغەزێکی بە دەستەوە بوو. چەند دێڕێکی لەسەر نووسرابوو، دای پێم و وتی:

ــ فەرموو ئەرباب. دیسانەوەش بە من بڵێ دووزمانی نێوان باوک و کوڕ.

نامەکەم لە دەستی وەرگرت. وەڵامی نامەکەی باوکمی دابوویەوە. وشە بە وشە بەم شێوەیە بوو:

«ئەربابی گەورەم، باوکی دلۆڤان، ئاندرەی پەترۆڤیچ!

نامە گیاندارەکەی جەنابت بە دەستم گەیشت، کە تێیدا لەم هەژمەی خۆتان تووڕە ببون، کە من دەبێ لە ڕانەپەڕاندنی فەرمان ئەزبەنی تەرێق ببمەوە. دەبێ ئەوە بڵێم من سەگ نیم، هەرچەند خزمەتکارێکی بەئەمەگی دەرگانەی بەڕێزتانم و هەمیشە گوێڕایەڵی فەرمانی مەزنانەی ئێوەم.

ئەگەر سەبارەت بە بریندار بوونی ئەرباب پیۆتەر ئاندرۆڤیچ هیچم بۆ نەنووسین لەبەر ئەوە بوو نەمدەویست ببمە هۆی نیگەرانی و ئاڵۆزی دارەنی بەڕێزتان. دەزانم خانوون ئاڤدۆتیا ڤاسیلیێڤنا لە بیستنی

ئەو هەڤاڵە نەخۆش کەوتووە، هیوای تەندروستی بۆ دەخوازم.

برینەکەی پیۆتەر ئاندرۆڤیچ لە سینەی دا، لە ژێر شانی و لە بن ئێسکەکە دایە و حەوت سەنتیمەتر قووڵە. ئێمە لە کەنار ڕووبارەوە هێنامانە ماڵی فەرماندە و لەوێ کەوتینە تیمارکردنی. ستێپان پارامۆنۆ، برینەکەی تیمار کرد و ئێستە، سپاس بۆ خوا، مژدەتان دەدەمێ چاک بووەتەوە و زۆر باشە. جگە لە ڕەفتاری جوان و شیاوی لێ نەبینراوە. ئەوەم زانیوە بەرپرسانی زۆر لێی دڵگاون و، ڤاسیلیا ییگۆرۆڤنا وەك کوڕی خۆی پەرستاری لێدەکات.

هەڵبەت نابێ سەرزەنشت بکرێت. «ئەسپ چوار قاچیشی هەیە و جار هەیە سەرسم دەدات.» نووسیبووتان دەمنێرن بۆ بەرزاڵەوەڕاندن. من خزمەتکاری فەرمانی بەرێزتانم و چی فەرموودەی ئێوە بێت، مایەی شادمانی منە. لە کۆتاییدا بە خاکەڕایی درووتان بۆ دەنێرم.

خزمەتکاری هەمیشە ئەمەگدارتان

ئارهیپ ساولیچ

**کاتێ خوێندنەوەی نامەکەی پیرەمێردی میهرەبان، چەند جارێک بزە کەوتە سەر لێوانم. هەستم دەکرد توانای نووسینەوەی وەڵامم بۆ باوکم نییە. بەڵام بۆم دەرکەوت ئەم نامەیەی ساولیچ بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی دایکم بەس بێت.**

لەوە بە دواوە هەموو شت گۆڕا. ماریا ئیڤانۆڤنا ئیتر لەگەڵم نەدەدوا و تەنانەت خۆیشی لێ دەدزیمەوە. وردە وردە مانەوە لە ماڵی فەرماندە بۆ من دژوار بوو و، لەگەڵ تەنهایی و ماڵی خۆمان ڕاهاتم. ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا سەرەتا زۆر گلەیی دەکرد، بەڵام کە بینی من سوورم لەسەر بڕیاری خۆم، ئەویش لێم گەڕا. ئیتر ئیڤان کۆزمیچم جگە لەو کاتانەی کارێکی فەرمی هەبوایەت نەدەبینی. شڤابرینیشم بە کەمی دەبینی و، کاتێک هەستم بەوە کرد ئەویش خۆی دوورەپەرێز دەگری، دڕدۆنگیم پتر بوو.

لەم خولەدا ژیان بۆ من زۆر نالەبار بوو. پەژارەیەکی بەهێز دایگرتم، کە دوورەپەرێزی و بیکاریش ئەوەندەی تر پەرەی پێدەدا. لە تەنهایی خۆمدا، ئەوینیش لەبری ئەوەی ببێتە هۆی ئارامی، زیاتر و زیاتر ئازاری ئەگەیشتە سەر مۆخ ئێسقانم. تامەزرۆیی و کەڵکەی وێژە و خوێندنەوەش وردە وردە کەم بوویەوە. ترسی شێتبوون ئەیجەڕاندم، چونکە کۆتایی دارەتی وەها یان شێتبوونە، یان گەوتنە ناو گێژەنی ڕابواردن و بەرەڵڵایی.

بەڵام لەپڕ بوویەرێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دا، کە پاشتر مۆرک و نیشانی خۆی دا لە تەوێڵی ژیانم و، زەبرێکی کاریگەر و دەرمانگەری دا لە مێشکم، کە خەوەنووچکە دەیبردەوە.

بەشی ٦

# ڕاپەڕینی پۆگاچێڤ[٨٢]

گوێ بگرن گەنجان، گوێمان لێ بگرن
ئەوەی ئێمەی پیر پێتانی دەڵێین پەندە و وانەیە!
«گۆرانی بوومی»

بەر لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە سەمەرانەی خۆم ڕاستەوخۆ بینیومن، نەشیاو نییە چەند دێڕێک سەبارەت بە دۆخی پارێزگای ئۆرنبۆرگ لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا بنووسم.

لەم مەڵبەندە بەربەرینە پڕسامانە، کۆمەڵێک هۆزی دوور لە ژیار و شارستانی دەژیان کە بە تازەیی و بە ناچاری ملیان دابوو و لە بن دەسەڵاتی ناوەندی ڕووسیەدا دەژیان. ئەم هۆزانە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ژیانی ڕێکخراوی

٨٢ـ ڕاپەڕینی پۆگاچێڤ: Pugachev's Rebellion ڕاپەڕینێکی جووتیاری بوو، لە نێوان ساڵانی ١٧٧٣ بۆ ١٧٧٥ لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا، لە لایەن کازاخانی یاییکەوە بە سەرکردایەتی پۆگاچێڤ، ئەفسەری پێشووی سوپای ڕووسیا.



حکوومەتی ڕانەهاتبوون و خۆشیان لە خۆیاندا دڕ و تالانگەر بوون و، ناوبەناو ڕادەپەڕین، ڕاگرتنیان لەو مەڵبەندە بەرینەدا پێویستی بە چاودێری تایبەت هەبوو. لەم ڕووەوە حکومەت لە زۆر شوێنی ئەو ناوچەیە لەشکرگا و قەڵاتی تۆکمەی دروست کردبوو و هۆزە کازاخەکانی خاوەنی کەناری یاییکی لەو شوێنانە کۆ کردبوویەوە و بۆ سەرکوتانەوەی هۆز و نەتەوەکانی تر بەکاری دەهێنان. بەڵام هەر ئەم کازاخانەی یاییک کە دەبوایە ئاسایشت و تەناهی دابین بکەن، ئەوا ماوەیەک بوو خۆیان ببوون بە هۆکاری مەترسی و تۆقاندن. ساڵی ١٩٧٢ ڕاپەڕینێک لە شارەکانی ئەم مەڵبەندەدا بەرپا بوو. هۆکاری ڕاپەڕینەکەش سەختگیری ژنراڵ تراوبنبەرگ[٨٣] بوو و، دژایەتی و تۆڵەسەندنەوەی ئەو ڕێسایەی ژنراڵ دایشنابوو، لە پاش ملکەچ کردنیان. ئەنجامەکەی کوشتنی

٨٣ـ تراوبنبەرگ: General von Traubenberg جەنگ ساڵی ١٩٧٢ سەرۆکایەتی لیژنەی لێکۆڵینەوە و یەکلاییکردنەوەی سکاڵا و نارەزایەتییەکانی کۆزاک بوو، بەڵام زیاتر دژایەتی ئەوانی دەکرد. بۆیە بە دەستی کۆزاخەکان کوژرا.

ژنراڵ و شۆڕشێکی مەزن لە سپای کازاخدا بوو و، حکوومەت ناچار بوو بە هێزی مەزن و تۆپی گەورە و بە شێوەیەکی درندانە سەرکوتیان بکات.

ئەو بوویەرانە تۆزێک بەر لە گەیشتنی من بۆ قەڵاتی بێلۆگۆرسکی ڕوویان دابوو. لەو کاتەدا هەلومەرج ئارام بوو. فەرماندەران بە ئاسانی وایان زانیبوو ژێوانبوونەوەی یاخییە فێڵبازەکان ڕاستە و سەرکوتیان کردوون. ڕاستەکەی، ئەوان، نەفرەتی خۆیان شاردبوویەوە و خۆیان لە بۆسە نابوو تا لە دەرفەتێکی لەباردا ڕاپەڕنەوە و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە.

ئێستە دێمەوە سەر درێژەی سەربردەکەی خۆمان:

سەرەتای مانگی ئۆکتۆبری ١٧٧٣ بوو، هەوا وردە وردە تاریک دەبوو و، من بە تەنها لە ماڵەوە، گوێم لە لوورەی بای پاییزی ڕاگرتبوو. لەبەر پەنجەرەکەدا دەمڕوانییە ئەو هەورانەی بە بەر مانگدا تێدەپەڕین. لەم کاتەدا یەکێک لە لایەن فەرماندەوە هات و بانگی کردم. من بە دوایدا ڕۆیشتم.

لە ماڵی فەرماندە ئیڤان ئیگناتیچ و شڤابرین و یاوەری کازاخ ماکسیمیچم بینی. بەڵام ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا و ماریا ئیڤانۆڤنا هیچکامیان لەوێ نەبوون. فەرماندە، کە بەدەم بەخێرهاتنەوە دڵەڕاوکەی هەبوو، وتی دانیشین. جگە لە یاوەر کە دەبوایە لە لای دەرگاکە ڕاوەستێت، هەموو دانیشتین.

ئەوسا فەرماندە، نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی:

ــ هەواڵی گرنگ هەیە، جەناباں. گوێ ڕابگرن بزانن ژنراڵ چی

نووسیوە.

پاشان چاویلکەکەی کردە چاوی و ئەم دێڕانەی خوێندەوە:



**بۆ فەرماندەی قەڵاتی بێلۆگۆرسکی،**

**سەرهەنگ میرۆنۆڤ**

نهێـــنی

بە هۆی ئەم نامەیەوە پێتان ڕادەگەیەنم، قەزاقی هەڵاتووی خەڵکی دۆن، بە ناوی یەمیلیان پۆگاچێڤ، گوستاخییەکی لە بەخشینەهاتووی نواندووە، بەوەی کە ناوی ئیمپراتۆری کۆچکردوو «پیتەری سێیەم»ی لەسەر خۆی داناوە و، بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بەرەڵڵا و سلسار، لە ناوچە نشیمەنەکانی یاییک، کەوتووەتە ئاژاوەنانەوە. هەتا ئێستە پەلاماری چەندین قەڵانی داوە، کاولی کردوون و کوشت و کوشتاری لە ڕادە نێپەڕاندووە. بەمجۆرە پێتان ڕادەسپێدرێت لەگەڵ گەیشتنی ئەم فەرمانە، بۆ داکۆکی لە قەڵاتەکانتان، ئامادەکاری بکەن و بە دەرکەوتنی ئەم یاخیە داگیرکەرە، تەفرونوونای بکەن.

فەرماندە چاویلکەکەی داگرت، نامەکەی قەد کردەوە و وتیەوە:

ـ تەفرووتونایان بکەن. بە قسە خۆشە. ئەوە دیارە ئەم یاخیە زۆر بەهێزە و ئێمە جگە لە سەدویەنجا سەربازمان نییە و، ناشتوانین متمانە بە کازاخەکان بکەین. ماکسیمیچ مەبەستم سووکایەتی نەبوو. (یاوەر بزەیەکی کرد.) بەڵام چارەش نییە. دەبێ وریا بین. ئەرکی خۆتان بە وردبینی ڕایەڕێنن. گەشتی شەوانە لە هەموو شوێن دابنێن. ئەگەر قەڵات کەوتە بەر پەلامار دەروازەکان بە توندی دابخەن و سەربازەکان بنێرنە دەرەوە. ماکسیمیچ تۆ ئاگات لە کازاخەکان بێت. جەناباں تۆپەکە خاوێن بکەنەوە. بە تایبەت تێبکۆشن ئەم نهێنییە ئاشکرا نەبێت و جارێ کەس بە مژارەکە نەزانێت.

ئیڤان کۆزمیچ پاش دانی ئەم فەرمانانە، دەرفەتی دا بڕۆین. لەگەڵ شڤابرین شانبەشان هاتینە دەرەوە. کەوتینە گفتوگۆ و من لێم پرسی:

ـ تۆ دەڵێی چی؟ لات وایە بەرەنجام چۆن دەبێ؟

شڤابرین وەڵام دایەوە:

ـ بەس خوا دەیزانێ چی دەبێ. با بزانین. من جارێ زۆر گوێی نادەمێ، بەڵام ئەگەر...

شڤابرین ڕستەکەی تەواو نەکرد و بە ئاوازێکی فەڕانسەیی کەوتە فیکە لێدان.

هەواڵی ڕاپەڕینی پۆگاچێڤ، سەرەڕای پارێزی زۆر، لەناو شار بڵاو بوویەوە. ئیڤان کۆزمیچ سەرەڕای سۆزی بەرامبەر

بە ژنەکەی، هەرگیز ئامادە نەبوو نهێنی سەربازی لە لای ئەو بدرکێنێ. بۆیە کاتێک نامەی نهێنی ژنراڵی پێگەیشت، بۆ شاردنەوەی، لە لای ژنەکەی وتبووی بابە گراسیم هەواڵی سەمەرەی ئۆرنبۆرگی بۆ هاتووە کە ڕازی مەزنی تێدایە. ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا چوو بۆ سەردانی ژنی قەشە. لە گەڕانەوەشدا بۆی دەرکەوت شووەکەی کۆبوونەوەیەکی لە ماڵەوە پێکهێناوە و، ماشایشی لە ترسی شەمێلە[٨٤] و کوڵگرتن لە ئاشپەزخانە زیندانی کردووە.

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا، بە گوێرەی ئەوەی هیچ زانیارییەکی دەسنەکەتبوو، کەوتە هەڵپێچانی مێردەکەی و، ئیڤان کۆزمیچ کە خۆی بۆ ئەو پەلامارە ئامادە کردبوو، بەبێ ئەوەی بشڵەژێ، بوێرانە وەڵامی ژنە دایەوە و یەک وشەیشی نەدرکاند.

ــ دەزانی چۆنە؟ ژنانی ئەم قەڵاتە لایان وایە دەبێ کوانوو بە کا دابگرسێنن. ناشزانن ئەم کارە مەترسیدارە و ڕەنگە ببێتە هۆی سووتمان. من لە کۆبوونەوە فەرمانی ڕاستەوخۆم بە ئەفسەرەکان دا، لە داهاتوودا جگە لە ئێزنگ نابێ سوود لە هیچ شتێکی تر وەربگرن.

ئینجا ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا پرسیاری کرد:

ــ ئەی ئەو کچە نازشێواوە چی کردبوو؟ بۆ ئەوت تا گەڕانەوەی ئێمە لە ئاشپەزخانە زیندانی کردبوو؟

ئیڤان کۆزمیچ چاوەڕوانی ئەم پرسیارە نەبوو. بڕێ

٨٤ شەمێلە: eavesdrop کوڵگرتن و بە دزی گوێ لە گوتە ڕاگرتن. ع التنصت N tjuvlytte د استراق سمع، گوش ایستادن.

منگەمنگی کرد و بێدەنگ بوو. ڤاسیلیا زانی شتێکی گرنگ لە ئارا دایە و ناتوانێ ئەو ڕازە لە شووەکەی دەربکێشێ، بابەتەکەی گۆڕی و کەوتە پەسنکردنی هارویێ سوێرکەی ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنای ژنی قەشە کە چەندە چێژیان جیاواز و ناوازەیە.

ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی و هەر بیری لەوە دەکردەوە چی ڕووی داوە کە شووەکەی لەوی دەشارێتەوە.

بەیانییەکەی کاتێک لە کلیسا دەگەڕایەوە، ئیڤان ئیگناتیچی بینی خەریکی خاوێنکردنەوەی لوولەی تۆپەکەیە و خەوشوخاڵی مناڵە بەرەڵڵای لێدەدەهێنا. جلە شڕ و ئێسک و چیلکە و جگ و هەڵمات و چی تێدا نەبوو. لە خۆی پرسی ئەم ئامادەباشە جەنگییە ئیتر بۆ چییە؟ دیسان چاوەڕوانی هێرشی قرقیزەکانن؟ نا ئیڤان کوزمیچ شتی وا ناگرنگ لە من ناشارێتەوە.

ئیڤان ئیگناتیچی بانگ کرد، تا بەڵکوو ئەو ڕازەی هەستی ژنانەی ئەوی ورووژاندبوو، لە بن زمانی ئەو دەربکێشێ. سەرەتا وەک لێکۆلەرێکی پسپۆڕ، بە پرسیاری لاوەکی سەبارەت بە کاروباری ماڵەوە دەستی پێکرد، تا دارەتی بەرگریکارانەی ئەو تێک بشکێنێ. پاشان ئاهێکی لە دڵەوە هەڵکێشا و بە کەسەرەوە وتی:

ــ ئای، تۆ بیری لێبکەرەوە، چ باسە و چی ڕوو دەدات؟

ئیڤان ئیگناتیچ وەڵامی دایەوە:

ــ نیگەران مەبە، خاتوون. بە هیوای خوا هەموو شت بە باشی تێدەپەڕێت. سەربازی پێویستمان هەیە و تەقەمەنی و بارووتیش تا بڵێی لە هیملوو[٨٥] زۆرە، ئەوەتا تۆپەکەیش خاوێن دەکەینەوە. تەنانەت بۆی هەیە پۆگاچێڤیش بخەینە ناو تەڵەوە. خەمت نەبێ! ئەوەی خوا ئاگای لێی بێت، تووشی وەیشوومە نابێت.

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا پرسی:

ــ ئەم پۆگاچێڤە چ جۆرە مرۆڤێکە؟

ئیڤان ئیگناتیچ، ئینجا بە خۆی زانی هەموو نهێنییەکەی بۆ ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا ئاشکرا کردووە. بەڵام تازە تێپەڕیبوو و ڤاسیلیا ناچاری کرد هەموو بوویەرەکەی بۆ بگێڕێتەوە. بەڵێنی ئەوەیشی پێدا هەرگیز لە لای کەس نەیدرکێنێت!

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا وەک بەڵێنی دابوو ئەو ڕازەی لە لای کەس نەدرکاند، مەگەر هاوسەری قەشە. ئەویش هۆی خۆی هەبوو. مانگاکەیان تاکوو ئێستایش لە پێدەشتەکە دەلەوەڕی و بۆی هەبوو بکەوێتە بەردەستی یاخییەکان.

ئەوەندەی پێنەچوو قاو داکەوت و ئیتر هەموو کەس باسی پۆگاچێڤی دەکرد. بەڵام دەنگۆکان جیاواز بوون. فەرماندە لکی یاوەری کازاخ ماکسیمیچی نارد بۆ گوندەکانی ئەو ناوە تاکوو هەواڵی مسۆگەرتر بەدەست بهێنن. یاوەر پاش دوو ڕۆژ گەڕایەوە و ڕایگەیاند، لە دووری چل کیلۆمەتری

٨٥ـ هیملوو ammunation, arsenal جبەخانە، کۆگای تفاقی جەنگی، هەماری چەک و تەقەمەنی، ئامۆێر و کەرەستە. [ع] مستودع أسلحة [N] arsenal [د] زرادخانە.

لە دەشتەکەدا قەلاتی ئاگری گڕەمەشخەلانیان بینیوە و، لە باشقیرەکانیان بیستووە هێزێکی مەزنی ڕاپەڕیوان بەڕێوەن بۆ مەڵبەندەکە. هەرچی چۆن بێ، یاوەر نەیدەتوانی جەخت لەسەر هیچ هەواڵێک بکات، چونکە نەیوێرابوو لەوە زیاتر بچێتە پێشەوە.

لە قەلات، لە نێوان کازاخەکاند دڵەڕاوکەیەکی سەیر بەدی هاتبوو. پەرەم پەرەم لە ناو کووچە و کۆلاندا پێکەوە چرپەیان دەهات و ئەوەندەی یەکێکیان دەبینی بلاوەیان دەکرد. فەرماندە هەیتە و سیخوڕی ناردە ناویان. یەکێک لە سیخوڕە کالمووکەکان بە ناوی یۆلایی کە ببوو بە مەسیحی، زانیاری بەنرخی بۆ فەرماندە هێنا. بە گوێرەی زانیاری ئەو، گوزارشتی یاوەری کازاخ درۆیەکی مسۆگەر بووە. ئە فێڵەبازە پاش گەڕانەوە بۆ دۆستانی کازاخی خۆی گێڕابوویەوە کە چووە بۆ لای شۆڕشگێڕان و ئەوانیش بردوویانە بۆ لای سەرۆک و، شانازی ئەوەی پێ براوە دەستی سەرۆک ماچ بکات و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵی دواوە.

فەرماندە دەسبەجێ فەرمانی گرتنی یاوەری نووسی و یۆلایی لە جێگەی ئەو دانا. ئەم بوویەرە بووە مایەی نارەزامەندی کازاخەکان و کینەی شاراوەی ئەوانی کرد بە نەفرەتێکی ئاشکرا. ئەوان ئیتر ئەیانبۆلاند و ئیڤان ئیگناتیچ، کە فەرمانەکەی ڕاپەڕاندبوو، بە گوێی خۆی بیستبووی:

ــ بە سەرتەوە وەستابێ، بزانە چۆن تۆڵەت لێ بکەینەوە، مشکەکوێرەی سەربازخانە!

فەرماندە، دەیویست هەمان ڕۆژ لێکۆڵینەوە لە ماکسیمیچ بکات؛ بەڵام ئەو لە زیندان هەڵاتبوو؛ دیارە هاوڕێکانی لەم کارەدا یارمەتییان دابوو.

بوویەرێکی تر دڵەڕاوکەی فەرمانده‌ی دوو ئەوەندە کرد، ئەویش دۆڕینەوەی ڕاگەیاندنی هاندەرانەی باشقیرەکان بوو. فەرماندە ویستی جارێکی تریش بەبێ ئاگاداری ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا ئەفسەرەکان کۆ بکاتەوە و ڕاوێژیان لەگەڵ بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی کابرایەکی ساکار بوو، جگە لە ڕێگاکەی پێشوو نەهاتبوو بە بیریدا. ویستی ئەمجاریش ژنەکەی بنێرێ بە دوای نۆکە ڕەشکەدا، بۆیە بە ژنەکەی وت:

ــ ڤاسیلیا، دەڵێن بابە گراسیم هەواڵی تازەی لە شارەوە هێناوە...

بەڵام ژنەکەی قسەی پێ بڕی و وتی:

ــ ئیڤان کوزمیچ خۆت لە گێلی مەدە! مسۆگەر دیسانەوە دەتەوێ، بەبێ بوونی من، کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری پێک بهێنی سەبارەت بە پوگاچیڤ. بەڵام ئیتر ناتوانی هەڵم خەڵەتێنی.

ــ زۆر چاکە ئازیز. وا دیارە تۆش مژارەکە دەزانی. کە وایە تۆیش بمێنەرەوە و، لە کۆبوونەوە بەشداری بکە.

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا وەڵامی دایەوە:

ــ ئێستە باشتر بوو. من دەزانم تۆ مرۆڤێک نیت فێڵ و فێڵەبازی بزانیت. بنێرە با ئەفسەرەکان بێن.

ئێمە دیسانەوە کۆ بووینەوە. ئیڤان کوزمیچ لە بەرچاوی ژنەکەی مانیفێستی پوگاچیڤی بۆمان خوێندەوە، کە

کازاخێکی کەمخوێندەوار نووسیبووی. سەرکردەی یاخییەکان ڕایگەیاندبوو دەیهەوێ یەکسەر بەرەو قەڵاتی ئێمە بێت و، بانگهێشتنی کازاخان و سەربازانی کردبوو، خۆیان بدەن بە دەستەوە و بچنە ڕیزی شۆڕشەوە.

ڕاگەیاندن بە ڕستەی ناڕەوان نووسرابوو، بەڵام دەراوێکی بەهێزی کاریگەری هەبوو و، بە ئاسانی کاری دەکردە سەر کەسانی سادە.

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا لە پاش بیستنی مانیفێستەکە، هاواری کرد:

ــ ئەی ناڕەسەنی پەسپەندە![٨٦] چۆن دەوێرێ پێشنیازی وەها بە ئێمە بکات؟ چۆن دەگونجێ بڕۆین بە پیریەوە و ئاڵاکەمان لە بەرپایدا دانەوێنین! مەگەر نازانێت ئەوا چل دانە ساڵە واین لە سپادا و لەم شتانەمان زۆر بینیوە. مەگەر ئەلوێ هیچ فەرماندەیەک گوێی لەم سێبەندە ڕاگرتبێت؟

ئیڤان کۆزمیچ وەڵامی دایەوە:

ــ پێویست ناکات ئەو کارەیان کردبێ. بەڵام ئەوە دەری دەخات یاخییەکان تا ئێستا قەڵاتی زۆریان گرتووە.

شڤابرین ئەنجامگیری کرد:

ــ کە وابێ پۆگاچێڤ تا ئێستا دەسەڵاتێکی ناوە بە یەکەوە.

فەرماندە وتی:

---

٨٦ـ پەسپەندە: scoundrel, wanton پەست، ئاکاردشت، یارەمەز، پنتی، تەرەس، ، جیوەلۆک، سێبەندی، هۆڤەبەر، بێلەغاو. ع رذل N vilseløs د رذل.

ـ ئێستە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەومان بۆ دەردەکەوێ. ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا کلیلی هیملووم پێ بدە. ئیڤان ئیگناتیچ برۆ ئەو کابرا باشقیرە بهێنە دوێنێ دەسبەسەر کراوە. یۆلایی تۆیش برۆ قامچییەکە بهێنە.

ژنی فەرماندە هەڵسا و دەستی ڕاوەشاند:

ـ ئیڤان کۆزمیچ ڕاوەستە با ماریا ببەمە دەرەوە. ئەگەر گوێی لە ناڵەی کابرا بێ، زەندەقی دەچێ. ڕاستەکەت دەوێ خۆیشم دیمەنی وەهام پێخۆش نییە. ماڵیاوا.

لە ڕابوردوودا ئەشکەنجە لە دادگا و لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا کارێکی ئاسایی و ڕێسایی بوو. کاتێکیش ڕێسای هەڵوەشاندنەوەی ئەشکەنجە لە ڕەوتی لێکۆڵنەوەدا دەرچوو، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوو و بەرێوە نەدەبرا. بە زۆری لایان وابوو ددانپیانانی تاوانبار[٨٧] پێویستە تا بە تاوانکار[٨٨] بناسرێت. لەکاتێکدا ڕوونە ئەم ئەندێشەیە دژی لۆجیک و بیرسایە، چونکە لە بنەڕەتەوە هەڵە و نادادگەرانەیە. ئەگەر نکۆڵیکردنی تاوانبار بە بەڵگەی بێگوناهی ئەو نەناسرێ، ددانپیانانیشی بە هەمان ڕێژەی بەڵگەی تاوانکاری ئەو کەسە نابێت! تەنانەت ئێستەش هەندێ دادوەری پیر دەبینین لە هەڵوەشاندنەوەی

٨٧ـ تاوانبار: accused ئەو کەسەی تاوانبارکراوە، تاوانی بۆ هەڵبەستراوە بەڵام مەرج نییە کردبێتی؛ تاوانی بار کراوە و دراوە بە کۆڵیدا. [ع] متهم [N] tiltalte [د] متهم. ☜ تاوانکار

٨٨ـ تاوانکار: guilty ئەو کەسەی تاوانی بەسەردا سەلمێنراوە و دادگا سزای بۆ بڕیوەتەوە. [ع] مجرم [N] skyldig [د] مجرم [E] culprit. ☜ تاوانبار ☜ کەتن و تاوان.



ئەو ڕێسا نارەوایە دەکەونە ددانەکیڕە. بەڵام لەو ڕۆژانەدا کەس گومانی لە ڕەوایی ئەشکەنجە نەدەکرد؛ نە داوەر و نە تاوانبار.

بەم شێوەیە بوو کە فەرمانی سەرهەنگ نە حەپەساندمانی و نە بووە هۆی دڵەڕاوکە. ئیڤان ئیگناتیچ چوو بە دوای باشقیردا. ئەو کە لە هەماری ئازووقە زیندانی کرابوو، دوای چەند خولەک گەیشتە پشت دەرگاکە و فەرماندە وتی بیهێننە ژوورەوە.

باشقیر، کۆت و ڕنجیرکراو، بە دژواری لە باڵشمەی دەرگاکە تێپەڕی. کڵاوە گەورەکەی داگرت و هەر لەوێ وەستا. من سەیرێکم کرد و موچڕکەم پێدا هاتەوە. کابرایەکی بەرەوژووری حەفتا ساڵ. لووت و گوێیان بڕیبوو. لە جیاتی ڕیش چەند تاڵ مووی سپی بە چەناکەیەوە بوو. پیرێکی وردیلە و چەماوە؛ سەرەڕای ئەوەش چاوە بچووکەکانی

دەدرەوشانەوە.

سەرهەنگ تا کابرای بینی، ناسییەوە و زانی یەکێکە لە یاخییە سزادراوەکانی ١٧٤١. بۆیە نەڕاندی:

ـ ئا! یەکێک لەو گورگە پیرانەی پێشتریش کەوتبوویتە تەڵەی ئێمەوە. بە یەک نیگا و، بە بینینی کلەی بێ گوێ و لووتی بڕاوت زانیم چەتەگەری بۆ تۆ گەمەیەکی لەمێژینەیە. وەرە پێشەوە! پێم بڵێ لە کوێوە هاتوویت؟

پیرەمێردی باشقیر، نەجووڵا و بە نیگایەکی وشک و بێهەست ڕوانییە فەرماندە.

ئیڤان کۆزمیچ درێژەی دا:

ـ بۆ قسە ناکەی؟ مەگەر زمانی ڕووسی نازنی؟ یۆلایی بە زمانی خۆتان لێی بپرسە کێ ناردوویەتی بۆ ئەم قەڵاتەی ئێمە؟

یۆلایی بە زمانی تاتاری پرسیارەکەی فەرماندەی لێ پرسییەوە، بەڵام باشقیر خاچ لە ناو چاوانی ئەویشی ڕوانی و یەک وشەی نەوت.

فەرماندە وتی:

ـ ئێستە وات لێدەکەم وەڵام بدەیتەوە. کوڕینە ئەو بەرەکە ڕێڕێیەی لەبەر داکەنن و پشتی بە قامچی بکەن بە ڕێڕێ! تێگەیشتی چیم پێوتی یۆلایی؟

سەربازەکان بەرەکیان لەبەر باشقیر داکەند. ئینجا ئیتر ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕوخساری پیرەمێرددا ئاشکرا بوو و، وەک ئاژەڵێکی بچکۆلانە کە گیرۆدەی دەستی منداڵان

بووە، چاوی بە هەموو لایەکدا دەسووڕاند. بەڵام کاتێک سەربازەکان ڕایانکێشا و یۆلایی شەقەی لە قامچی هێنا، باشقیر بە دەنگێکی پاڕانەوە ناڵاندی و دەمی داچەقاند. ئەوسا بوو ئێمە لە ناو دەمی کابرادا، لە بری زمان پارچە گۆشتێکی بڕاومان بینی.

هەر کات بیر دەکەمەوە کە ئەم بوویەرە لە سەردەمی ژیانی مندا ڕووی داوە و، ئەوەندە ژیاوم تا سەردەمی دەسەڵاتداری هۆشمەندانەی ئەلێکساندر بە چاوی خۆم ببینم، ناتوانم لەو گەشەکردنە خێرایەی بنەما مرۆییەکان سەرم سووڕ نەمێنێ! تۆیش ئەگەر ئەم سەربردەیەت دەستکەوت، بیهێنەوە بیری خۆت کە باشترین و گرنگترین گۆڕانکاری لەم خولەدا ڕووی دابێت هەمان نارین[٨٩] و هەمان چاکبوونی ڕەوشتی گشتی مەردم و دەسەڵات بووە، کە بەبێ شۆڕشی بەزەبروزەنگ بەدی هاتووە.

هەرچی بێت بینینی ئەو دیمەنە هەموومانی ڕاشەکاند.

فەرماندە وتی:

ــ ئەو کۆڵەوارە بگەڕێننەوە بۆ شوێنەکەی، ئەوە ڕوونە هیچمان لەم کابرایە دەست ناکەوێ. یۆلایی، باشقیر بگەڕێنەوە بۆ هەمار. جەنابان، ئینجا با کەمێک لەمەڕ هەلومەرجی خۆمان بدوێین.

تازە دەستمان بە گفتوگۆ دەربارەی دۆخی قەڵات

٨٩ـ نارینە: کەسایەتی نەرم و گونجاو، نەرم و نیان، کەسێک ئەگەر گوێڕایەڵ بێت و زۆر دژایەتی نەنوێنێ پێی دەڵێن نارینە.

کردبوو، لەپڕ ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا بە هەناسەبڕکێ خۆی کرد بە ژووردا. فەرماندە بە سەرسووڕمانەوە لێی پرسی:

ـ چی ڕووی داوە؟

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا وەڵامی دایەوە:

ـ بەدبەختی گەورە، هەواڵی سامناک! ئەم بەیانییە قەڵاتی نیژنیۆزەرنی[٩٠] گیراوە. هاوڕێی بابە گراسیم لەوێوە هاتووە و بە چاوی خۆی گرتنی قەڵاتەکەی بینیوە. فەرماندە و هەموو ئەفسەرەکان هەڵواسراون و سەربازەکانیان زیندان کردووە. هاکا چەتەکان گەیشتنە ئێرە.

بیستنی ئەم هەواڵە چاوەڕواننەکراوە، بە توندی ڕایشەکاندم. فەرماندەی قەڵاتی نیژنیۆزەرنیم دەناسی کە گەنجێکی شیانست و لەسەرخۆ بوو. نزیک دوو مانگ لەمەوبەر لەگەڵ هاوسەرە گەنجەکەی، لەسەر ڕێگەیان لە ئۆرنبۆرگ بۆماڵەوە، سەردانی ماڵی سەرهەنگ ئیڤان کۆزمیچیان کرد. قەڵاتی نیژنیۆزەرنی تەنها پەنجا کیلۆمەتر لە قەڵاتی ئێمە دوور بوو و، ئەگەری ئەوە هەبوو پۆگاچێڤ لە ناکاو بگاتە مەڵبەندی ئێمەش.

دەسبەجێ ماریا ئیڤانۆڤنا و چارەنووسی ئەوم لەو هەلومەرجەدا هێنایە پێش چاوی خۆم و دڵم داخورپا.

بە فەرماندەم وت:

ـ ئیڤان کۆزمیچ تکایە گوێم لێ ڕابگرە، ئەرکی ئێمە

---

٩٠ـ Nizhneozerny

ئەوەیە تا دوا هەناسە داکۆکی لە قەڵات بکەین. بەڵام دەبێ بیر لە ئاسایشی ژنەکانیش بکەینەوە. من لام وایە تا ڕێگە دانەخراوە، ئەوان بنێرین بۆ ئۆرنبۆرگ یان قەڵاتێکی تر.

ئیڤان کۆزمیچ ڕووی کردە ژنەکەی و وتی:

ــ تۆیش پێت وانییە؟ باشتر نییە تا یاخییەکان سەرکوت دەکەین و مەترسی دەڕەوێتەوە، ئێوە بنێرین بۆ شوێنێکی دوورتر؟

ژنی فەرماندە وتی:

ــ ئەوی لەو قسە بێ سەروبەرانە! مەگەر قەڵات هەیە گوللەی پێنەگات؟ بێلۆگۆرسکی خۆمان چ خەوشێکی هەیە؟ ئەوا بیست و دوو ساڵ ساڵە لێرەین و باشقیر و قرقیزمان زۆر بینیوە. ئەگەری هەیە دەرەقەتی پوگاچێڤیش بێین.

ئیڤان کۆزمیچ وەڵامی دایەوە:

ــ زۆر باشە، ئەگەر تۆ متمانەت بە قەڵاتی خۆمان هەیە، بمێنەرەوە. بەڵام ئەی چی لە ماشا بکەین؟ ئەگەر بتوانین داکۆکی لە قەڵات بکەین تا هێزی پشتیوان دەگات، ئەوە قەیناکا. بەڵام ئەگەر ڕاپەڕیوەکان قەڵاتی گرت، چی؟

ڤاسیلیا وتی:

«ــ دەی، ئەوسا...» پاشان دڕدۆنگ و هەژاو، بێدەنگ بوو.

فەرماندە کە یەکەم جار بوو کاریگەری گوتەی خۆی لەسەر ژنەکەی دەبینی، درێژەی بە گوتەی خۆی دا و وتی:

ــ نا، ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا، باش نییە ماریا لێرە بمێنێتەوە.

دەینێرین بۆ ئۆرنبۆرگ بۆ لای دایکی تەوفنکراوی[٩١]. لەوێ سەربازی زۆری لێیە و تۆپیان زۆرە و شارەکە شوورەی بەردینی ڕاستەقینەی هەیە. پێشنیاز دەکەم تۆیش لەگەڵی بڕۆیت، ڕەنگە تۆ لە پیرەژنێک زیاتر نەبیت، بەڵام کە قەڵات گیرا ئەوسا دەزانی چۆن لەگەڵت دەجووڵێنەوە!

ژنی فەرماندە وتی:

ـ زۆر چاکە ماشا دەنێرین، بەڵام داخوازی وا لە من مەکە. خۆ بەم پیرییە لە تۆ جیا نابمەوە، تا لە گۆڕێکی نەناسراو سەربنێمەوە. پێکەوە ژیاوین و پێکەوەش دەمرین!

فەرماندە وتی:

ـ زۆر چاکە. کە واتە کات بە فیڕۆ نادەین. باشتر وایە ماشا ئامادە بکەیت بۆ ڕۆیشتن. چەند سەربازیشی لەگەڵ دەنێرین، هەرچەند زۆرمان پێویست بە سەربازەکانمانە. بەڵام ئەی ماشا کوا؟

ژنی فەرماندە وەڵامی دایەوە:

ـ وا لەماڵی ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنا. لە بیستنی گیرانی قەڵاتی نیژنیۆزەرنی و کوشتاری فەرماندە و ئەفسەرەکان، دارەتی تێکچوو و لەوە دەترسم نەخۆش بکەوێ.

پاش ئەم گوتەیە، ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا ڕۆیشت تا کەرەستەی گەشتی کچەکەی تەیار بکات. کۆبوونەوە دەستی پێکردەوە. بەڵام من ئیتر هیچم نەدەبیست و بەشداریشم نەدەکرد. ماریا ئیڤانۆڤنا کاتی نانی شێوان، بە ڕەنگێکی

٩١ـ دایکی تەوفنکراو: godmother ئاپیئناسر ئانە، دایکی ئایینی.

بەڕێو و چاوی سوورەوە ئامادە بوو. هەموو لە بێدەنگی دارماڵدا نانمان خوارد و لە کاتی ئاسایی زووتر کشاینەوە. لە پاش ماڵاوایی لەگەڵ ماڵی فەرماندە، بەرەو ماڵەکانی خۆمان کەوتینە ڕێ.

بەڵام من بە ئەنقەست شمشێرەکەم بەجێ هێشتبوو، تا بەو بیانووە بگەڕێمەوە بۆ ماڵی فەرماندە. لە دڵم چەسپیبوو ماریا بە تەنها دەبینم. هەرواش دەرچوو. وەک چاوەڕێ بووم بە تەنهایی بۆ بینینی من هاتە بێلاییەکە، شمشێرەکەی پێ دامەوە و بەدەم فرمێسک داباراندنەوە وتی:

ـ ماڵیاوا، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! من دەنێرن بۆ ئۆرنبۆرگ. هیوادارم زیندوو بمێنیت و بەختەوەر بیت. ئەگەر هات و یەکدیمان نەبینییەوە...

کەوتە لەرزین و پرمەی گریان دەرفەتی نەدا قسە بکات. لە ئامێزم گرت و وتم:

ـ ماڵیاوا! ئەی فریشتە دڵسۆزەکەم. ماڵیاوا لە گیان شیرینترم! ئەوە بزانە دوا ئەندێشە و دوا گوتەم هەر تۆ دەبیت!

ماشا خۆی دەگووشی بە سینەمدا و، دەگریا. بە گەرمی تەواوەوە ماچم کرد و بەپەلە بەرەو ماڵی خۆم بوومەوە.

بەشی ٧

# هێــــرش

ئای، ئەی کەللە هەڵوەداکەم، ئەی سەری سەربازییەکەم
ئای کە ئەمەگداری تزار بوویت و ڕاستگۆیانە،
بۆ سێ ساڵ و سێ ساڵی تریش!
بێ دڵخۆشی و چاوەڕوانی پەسن و پلە،
بێ ئەنجام و جیفە و پارە
ئەوەی لە تۆوە پێمگەیشت: قەنارە بوو و
ئاڵقەی تەناف بۆ هەڵواسین

«گۆرانییەکی کۆن»

ئەو شەوە بەبێ ئەوەی جلەکانم لەبەر داکەنم، تا کازیوە بێدار بووم. بڕیارم دابوو بەیانی زوو بچمە بەر دەروازەی قەڵات و لەگەڵ ماریا ماڵاوایی بکەم، کە دەڕۆیشت. هەستم دەکرد گۆڕانی مەزن لە ناخمدا ڕووی داوە. هەژانی دەروونیم، لەو بێکارییەی ئەم دواییانە تووشی بووم، ڕووخێنەرتر بوو. پەژارەی دوورکەوتنەوە لە ماریا و هیوای لێڵی بینینەوەی

هەم کەڵکەڵەی مەترسی بوو و هەم چەشنێک بەرزەفڕی.

شەو بە خێرایی ڕابرد و کاتی ڕۆیشتن هاتبوو، کە دەرگا کرایەوە و یاوەرێک هاتە ژوورەوە و پێی ڕاگەیاندم سەربازانی کازاخ بە شەو لە قەڵات هەڵاتوون و پۆلایپیشیان لەگەڵ خۆیان بردووە. جگە لەوەش سوارەی نامۆ فەراگەری قەڵات دەخولێنەوە.

بیری ئەوەی ماریا ئیڤانۆڤنا ئیتر ناتوانێ لە قەڵات بچێتە دەرەوە و خۆی دەرباز بکات، تۆقاندمی. چەند فەرمانم بە یاوەر دا و بە ڕاکردن بەرەو ماڵی فەرمانده چووم.

وردە وردە سپێدباڵا[٩٢] دەرەوییەوە و ڕۆژ دەردەکەوت. هەروا بەرەو ماڵی فەرمانده هەڵدەهاتم، یەکێک بانگی کردم. ئاوڕم دایەوە ئیڤان ئیگناتیچ بوو. خۆی گەیاندەوە بە من و وتی:

ــ بۆ کوێ دەچی؟ سەرهەنگ ئیڤان کۆزمیچ منی نارد بە دوای تۆدا. لە کەلووی قەڵات سەنگەری گرتووە. پۆگاچێڤ هاتووە!

من بە دڵێکی داڕماوەوە وتم:

ــ ماریا ئیڤانۆڤنا کەوتووەتە ڕێ یان نا؟

ئیڤان ئیگناتیچ وەڵامی دایەوە:

ــ نەخێر. بۆی نەلوا بڕوات. جگە لەوە، ڕێگەی ئۆرنبۆرگیان بەستووە. قەڵاتیان گەمارۆ داوە. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ دۆخەکە

٩٢ـ سپێدباڵا، بەشی دووەمی کازیوەیە و پاش ئەوەی سپید پەهنا سەردەکەوێ، ماوەیەکی کەم دەبێ بە سپیدباڵا و ئەوسا ڕۆژ دەبێتەوە.

یەکجار نالەبار و خراپە.

ئێمە بە فڕکە چووین بۆ کەلوو، کە گردێکی سروشتی بوو، دەورەکەی بە بەرد وەکوو چێورمە[٩٣] هەڵچنرابوو.

هەموو دانیشتوانی قەڵات لەوێ کۆ ببوونەوە. هێزی سەربازی هەموویان چەکدار بوون و بە شەو تۆپەکەیان گەیاندبوویە بان گردەکە. فەرماندە لە بەردەم لەشکرە بچکۆلەی خۆیدا دەهات و دەچوو. نزیکی مەترسی هێزێکی ناوازەی بەو پیرە سەربازە بەخشیبوو. لە پێدەشتەکە بە ماوەیەکی کەم بیست سوارێک غارغارێنیان بوو. ئەمانە بە ڕواڵەت کازاخ بوون، بەڵام لە ناویاندا باشقیری کڵاو پێست بە تیردانی بەرزەوە، کە ئەوانی جیا دەکردەوە، دەبینران. فەرماندە ڕێزی سەربازەکانی خۆی ڕێکخست و وتی:

ـ ڕۆڵەکانم باش گوێ بگرن، ئەمڕۆ دەبێ لە پێناوی ئیمپراتۆریدا گیانمان بەخت بکەین و لە جیهان تێبگەیەنین ئێمە سەربازی گیانباز و بوێرین!

سەربازەکان بە دەنگی بەرز و نەترسانە هوڕایان کێشا و پشتگیری گوتەیان کرد. شڤابرین لای منەوە ڕاوەستابوو و بە دووربین چاودێری دوژمنی دەکرد. سوارەکان کاتێک جموجۆڵی ناو قەڵایان بینی، لێک نزیک بوونەوە تا ڕاوێژ بکەن. فەرماندە بە ئیڤان ئیگناتیچی وت بیانداتە بەر تۆپ. پاشان خۆی پلیتەکەی ئاگر دا. گوللەی تۆپ ڤیزەی کرد و بەسەر

٩٣ـ چێورمە: ڕەمەند، وشکە کەڵەک، پاردە، غەرە، دیواری کورتی بە بەرد هەڵچنراو.



سەریاندا تێپەڕی. بەڵام بەس بوو بۆ ئەوەی سواران بڵاوە بکەن و بە غار بگەڕێنەوە بۆ دواوە. دەشتەکە دیسانەوە چۆڵ ببوو. لەم ماوەدا ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا لە خەرەندەکە سەرکەوتبوو و ماریا ئیڤانۆڤنای لەگەڵ بوو کە دەیویست لەو دوور بکەوێتەوە. کاتێک گەیشتە لای ئێمە وتی:

ــ دەی، هەواڵی جەنگ؟ دوژمن لە کوێیە؟

ئیڤان کوزمیچ وتی:

ــ زۆر دوور نین، بەڵام پەنا بە خوا باش دەبێت. ماشا تۆ چی؟ خۆ ناترسی؟

ماریا وەڵامی دایەوە:

ــ نا بابە گیان! لێرە کەمتر دەترسم تا لە ماڵەوە.

پاشان ڕوانییە من و بزەیەکی کرد. من بە دڵەڕاوکەوە دەسکی شمشێرەکەم لەناو دەستمدا گووشی و هەستم

کرد دوێشەو بۆ داکۆکی لە خۆی داویە بە من. ئاگرێک لە دڵمدا بڵێسەی دەکێشا. خۆم بە شۆڕەسوارێک دەزانی و دەمهەویست پێی بسەلمێنم شیاوی ئەوم و؛ پەلەم بوو ئەو کاتە بڕیاردەرە بگات.

ڕێک لەم کاتەدا، سوارەی تازە لە ماوەی یەک کیلۆمەتریدا لە پشت گردێکەوە خۆیا بوون و ئەوەندەی پێنەچوو پێدەشتەکە پڕ بوو لە سوارەی چەکدار بە نێزە و تیروکەمان.

لە ناویاندا کابرایەک بە کەوڵپۆسی سوور و شمشێری ڕووتەوە غاری دابوو: ئەو کەسە پۆگاچێڤ بوو.

پۆگاچێڤ، لەپڕ وەستا و سوارەکانی لە گردی خڕ بوونەوە. پاشان چوار سوار جیا بوونەوە و بە فەمانی ئەو بەرەو سەنگەرەکەی ئێمە غاریان دا. ئەوانمان ناسییەوە. کەزاخە دوخمانەکانی قەڵاتی خۆمان بوون. یەکیان کاغەزێکی لای کڵاوەکەیەوە ڕاگرتبوو و یەکی تریان سەری پۆلایی کردبوو بە سەری نێزەکەیەوە. نێزەی سووڕاند و کەللەسەرەکەی هەڵدا بۆ ناو سەنگەرەکەی ئێمە. کەللە کەوتە بەر پای سەرهەنگ. هەڵاتوانی دوخمان هاواریان دەکرد:

ــ واز لە جەنگ بهێنن و بۆ وتووێژ بێنە دەرەوە. تزار لێرەیە، وەرن شاگەی(٩٤) لێبکەن!

ئیڤان کوزمیچ وتی:

---

٩٤ـ شاگە: Hello ناقدەر شاگا، درووود، خۆش بە، شادبە، سڵاو، وتەیەکە بەکار دەهێنرێ بە واتای سڵاو و مەرحەبا، لە (شاگاهـ)ـەوە هاتووە، واتە کاتت وەکوو کاتی شا خۆشبێ. [ع] سلام، مرحبا [N] Hallo [د] سلام، درود.

ــ زۆر چاکە وا دەکەین. ئادەی کوڕینە، تەقە بکەن.

سەربازەکان پێکەوە تەقەیان کرد. ئەو سەربازەی نامە بە کڵاوەکەیەوە بوو، سووڕا و بەربوویەوە، ئەوانی تریش غاریان دا و دەرچوون.

ڕوانیمە ماریا ئیڤانۆڤنا. تۆقاوی بینینی سەری بڕدراوی یۆلایی و گێژ و وڕی بیستنی ڕێژنەی دەستڕێژی تفەنگی سەربازان، هێدمەگرتبووی و واقی وڕمابوو. فەرماندە بانگی یاوەری کرد تا کاغەزەکە لە دەستی کازاکی کوژراو دەربهێنێ. یاوەر ڕۆیشت و لە کاتێکدا هەوساری ئەسپەکەی کازاکی ڕادەکێشا، گەڕایەوە و، نامەکەی دا بە فەرماندە. ئیڤان کۆزمیچ نامەکەی خوێندەوە، دڕاندی و فڕێی دا. ئێستە ئیتر جوان دیار بوو یاخییەکان خۆیان بۆ پەلامار ئامادە دەکەن. ساتێک دواتر گوللە بە لای گوێماندا ڤیزەی کرد و چەقییە پەرژین و عەرزەکە.

فەرماندە وتی:

ــ ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا، ئێرە ئیتر جێگەی ژن نییە. ماشا ببەرەوە بۆماڵەوە. ئەوەتا زیاتر لە مردوو دەچێت تا زیندوو.

ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا کە لە کاتی گوللەبارانەوە بێدەنگ ببوو، سەیرێکی بیابانی پڕ فەرتەنەی کرد و وتی:

ــ ئیڤان کۆزمیچ، مەرگ و ژیان بەدەست خوایە! نزا بۆ ماشا بکە. ماشا بچۆ بۆ لای باوکت!

ماشای لەرزۆک، کە ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، چوو بۆ لای باوکی، کڕنۆشی بۆ برد و چۆکی دادا. فەرماندە بە سەر

سەرییەوە نیشانەی خاچی کێشا، پاشان بەرزی کردەوە و لە ئامێزی گرت و، بە دەنگی گڕ و دەراوی شکاو وتی:

ــ ماشای ئازیز، هیوادارم لە هەموو ژیانتدا بەختەوەر بیت. ئەو هەرگیز تۆ لەبیر ناکات. ئومێدم وایە شوویەکی شیانست بدۆزیتەوە و ئەوین و ئۆخژن لە ئامێزتان بگرن. لەگوڵ شووەکەت بەو جۆرە بژی وەک من و دایکت ژیاین. دەی، ماڵیاوا کچی شیرینم! ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنا بەپەلە لەم ناوە دووری بخەرەوە.

ماشا دەستی لە ملی باوکیدا، قوورەقوور دەگریا.

ژنی فەرماندە بوغز لە گەروویدا وتی:

ــ با ئێمەش یەکدی ماچ بکەین. خوا ئاگادارت ئیڤان کۆزمیچی خۆشەویستم. لێم ببوورە ئەگەر جار جار بوومە هۆی دڵتەنگیت.

فەرماندە ژنە پیرەکەی لە باوەش گرت، ماچی کرد:

ــ ماڵیاوا! خوا ئاگای لێت بێت. ئیتر بەسە. پەلە بکە، ماشا بگەیەنە ماڵەوە و جلێکی داپۆشراوتری لەبەر بکە.

ژنی فەرماندە و کچەکەی دوور کەوتنەوە. من تا چاوم هەتەری دەکرد، بە نیگا لەگەڵ ماریا ئیڤانۆڤنا ڕۆیشتم. ئەو ئاوڕی دایەوە و بە سەر ماڵاوایی لێکردم. ئیڤان کۆزمیچ دوای ڕۆیشتنی ژن و کچەکەی هات بۆ لامان و هەموو وزەی خۆی لەسەر دوژمن خڕکردەوە. یاخییەکان، جارێکی تر گردی سەرۆکەکەیان کۆبوونەوە و کتوپڕ لە گردەکەوە دابەزینە خوارەوە. فەرمانده وتی:



ـ ئێستە توندوتۆڵ لە بەرامبەریاندا بوەستن، هێرش دەستی پێکرد.

لەم کاتەدا یاخیەکان بە قریشکە و هەرایەکی سامناک بەرەو گردەکەی ئێمە هاشاوڵیان هێنا. تۆپەکەمان پڕ کردبوویەوە. فەرماندە ڕاوەستا تا نزیک کەوتنەوە. فەرمانی دا تۆپەکەی ئاگر درا. گوللە ڕێک دای بە ناویاندا و ژمارەیەکی تلاندەوە. هەر هەموو کشانەوە، تەنها سەرۆکەیان نەبێت. تۆکمە و خۆگر ڕاوەستابوو و شمشێرەکەی ڕادەوەشاند و هانیانی دەدا. قریوە و نەڕە کە بۆ ماوەیەک ئارام ببوو، جارێکی تر دەستی پێکردەوە.

فەرماندە وتی:

ـ دەی کوڕینە دەروازەکە بکەنەوە و تەپڵ لێدەن و بۆ پێشەوە! بە دوای مندا!

سەرهەنگ ئیڤان کوزمیچ و من بە چاوترووکانێک لە سەنگەر دابەزین و گەیشتینە ئەوبەری پەرژینەکە، بەڵام

سەربازەکان کە شڵەژابوون، لە شوێنی خۆیان نەجوولاَن.

ئیڤان کۆزمیچ هاواری کرد: ــ ئەی سەربازە بەجەرگەکان، ئەگەر بڕیارە بمرین، ئەو تەنها ئەرکی ئێمەیە!

لەم کاتەدا یاخییەکان ڕژان بەسەر ئێمەدا و، هووروژمیان برد بۆ ناو قەلاَت. تەپڵەکان بێدەنگ بوون و سەربازەکان تفەنگەکانیان دانایە عەرز. یەکێک لە دوژمنەکان خۆی دا بە مندا و تەختی عەرزی کرد. بەلاَم هەڵسامەوە و لەگەڵ ئاپۆرەی چڕەبەندان چوومەوە بۆ ناو قەلاَت. فەرماندە بە سەری بریندارەوە، کەوتبوویە دەست یاخییەکان و، داوای کلیلەکانی قەلاَتیان لێدەکرد. من ویستم یارمەتی بدەم، بەلاَم چەند کازاخی چوارشانە ڕێیان پێگرتم و لەکاتێکدا دەیانوت: «ــ ئێستە تێت دەگەیەنین دژایەتی ئیمپراتۆر واتای چییە!» بە کەمەربەند دەستیان بەستین و بە کۆلاَنەکاندا گەڕاندمانیان. دانیشتوانی قەلاَت بە نان و خوێوە لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە و دەیاندا بە یاخییەکان. دەنگی زەنگی کلیسا دەهات. لەناو دەنگی قیژە و شادمانیدا، یەکێک وتی:

ــ ئیمپراتور لە گۆڕەپان دانیشتووە، چاوەڕوانی جەماوەرە بچن و سەرسپێری خۆیان ڕابگەیەنن.

جەماوەر ورووژان بەرەو گۆڕەپان و کازاخەکانیش ئێمەیان پاڵنا بۆ ئەو لایە.

پۆگاچێڤ لە بەرهەیوانی ماڵی فەرماندە لە سەر کورسییەک دانیشتبوو. کەوڵپۆسێکی سووری زەنگیانەکاری کازاخی لەبەردا بوو، کلاَوێکی درێژی لە سەردا بوو، گوڵینگە

زێڕینەکانی تا لای چاوە درەوشاوەکانی شۆڕ ببوونەوە. ڕواڵەتی ئاشنا بوو. کازاخانی پیر دەوریان گرتبوو. بابە گراسیم بە ڕەنگی پەڕیو و جەستەی شەپڵە لێدراوەوە نزیکی بێلاییەکە ڕاوەستابوو. خاچێک بەدەستییەوە و وەک ئەوە بوو بۆ کوژراوانی داهاتوو دەپاڕێتەوە.

لە گۆڕەپانەکە، کازاخەکان بە پەلە خەریک بوون قەنارەیان دادەمەزران. ئەوەندەی کە ئێمە نزیک بووینەوە، باشقیرەکان بڵاوەیان بە ئاپۆرەکە کرد و ئێمەیان بە پۆگاچێڤ ناساند. دەنگی زەنگخانە و قرموقاڵی چرەبەندن بڕا و ، بێدەنگییەکی سامناک ئەو ناوەی داگرت.

پۆگاچێڤ پرسی: ـ فەرماندە کامیانە؟

سەرپەلی کازاخەکان، لەناو دەستەکەی هاتە پێشەوە و ئیڤان کۆزمیچی پیشان دا. پۆگاچێڤ بە دارەتێکی هەڕەشەئامێزەوە ڕووی کردە سەرهەنگی پیر و وتی:

ـ چۆن جەربەزەت کرد دژی تزاری خۆت جەنگ بکەیت؟

فەرماندە کە بە هۆی برینەکەی سەریەوە داهێزرابوو، دوا وزەی کۆکردەوە و بە دەنگێکی تۆکمە و بوێر وتی:

ـ تۆ تزار من نیت. تۆ چەتەیەکی تالانگەری و هیچی تر!

پۆگاچێڤ نەمرچانە برۆکانی تێنا و دەسرە سپییەکەی ڕاوەشاند. چەن کازاخ سەرهەنگیان گرت و بەرەو قەنارە پەلکێشیان کرد. باشقیرە زمانبڕاوەکەی دوێشەو، بە سواری ئەسپ و تەناف بەدەستەوە خۆیا بوو، ڕوون بوو بە مافی خۆی دەزانی ببێ بە جەللاد. ساتێک دواتر ئیڤان کۆزمیچی

ڕەبەنمان بینی ملی بە تەنافی قەنارەوە، ئەسووڕایەوە. پاشان ئیڤان ئیگناتیچیان هێنا.

پۆگاچێڤ وتی:

ـ سوێند بخۆ دەبێت بە سەرسپێری پیتەری سێیەم.

ئیڤان ئیگناتیچ قسەکانی فەرماندەی پاتە کردەوە و وتی:

ـ تۆ تزاری ئێمە نیت، تۆ چەتەیەکی تالانگەری!

پۆگاچێڤ، جارێکی تر دەسرەکەی ڕاوەشاند و جێداری جەربەزەش لە تەنیشت فەرماندەکەیەوە لە دار درا.

ئیتر سەرەی من بوو. من بوێرانە چاوم بڕییە پۆگاچێڤ و خۆم بۆ پاتەکردنەوەی وەڵامی هاوڕێیانی بوێرم ئامادە کردبوو. لەم کاتەدا بەویەڕی سەرسووڕمانەوە بینیم شڤابرین، کە قژی خۆی وەکوو کازاخەکان کورت کردبوویەوە و ئێلەگی کازاخی لەبەر کردبوو، لە ناو ڕیزی ڕاپەڕیوانەوە هاتە دەرەوە، چوو بۆ لای پۆگاچێڤ و چرپاندی بە گوێیدا.

پۆگاچێڤ بەبێ ئەوەی سەیری من بکات، وتی:

ـ هەڵیواسن!

ئاڵقەی تەنافیان خستە ملم. لە دڵی خۆمدا کەوتمە گازە[٩٥] و نزاکردن. لە دڵەوە تۆبەم کرد و لە هەموو گوناهانی خۆم ژێوان بوومەوە. لە خوا پاڕامەوە یارمەتی هەموو ئەوانە بدات لە دڵەوە خۆشیانم دەوێت.

جەللادەکان وەک دڵم بدەنەوە، بەردەوام پاتەیان

---

٩٥ـ گازە: psalm ناو پاڕانەوە لە دەرگانەی خودا، سەڵا، ڕازونیاز، کەبار. ع مناجات N psalm د مناجات.

دەکردەوە: «ــ مەترسە! هەرگیز مەترسە!» ئینجا لەپڕ دەنگێکم بیست هاواری دەکرد: ــ ڕاوەستن، دەست ڕاگرن! جەللادەکان خاو بوونەوە. من سەرم هەڵهێنا و ساولیچم بینی خۆی خستووە بە سەر پای پۆگاچێڤدا و دەپاڕێتەوە:

ــ خاوەنشکۆ، کوشتنی ئەو منداڵە بەرخئاسا دەستاژۆیەی[٩٦] سەرووەری من، چ سوودێکی بۆ بەڕێزتان هەیە؟ ئازادی بکەن، خوێنباییەکی باش پێشکەش بە جەنابت دەکەین. ئەگەر بۆ چاوترسێنکردنی ئەوانی تره، فەرموو من، منی پیرەمێرد بدە لە قەنارە!

پۆگاچێڤ ئاماژەیەکی کرد. تەنافیان لە گەردنم کردەوە و، دوو کەس لەکاتێکدا دەیانوت: «خاوەنشکۆ تۆی بەخشیەوە!» ئازادیان کردم.

ڕاستەکەی هەرگیز ناتوانم ڕادەی شادی و پەژارەم لەو کاتەی ئازادکردنمدا دەرببڕم. ئەندێشەم زۆر ئاڵۆز بوو و نەی دەتوانی چەق ببەستێ. کازاخەکان منیان برد بۆ لای پۆگاچێڤ و بە زۆر چۆکیان پێ دادام. پۆگاچێڤ دەستە گەورەکەی خۆی بۆ لام ڕادێرا و ئەوانەی فەراگەرد، لەپەسا دەیانوت:

ــ دەستی ماچ کە، دەستی ماچ کە!

بەس من ئامادە بووم بە مەرگێکی دڕندانە بکوژرێم، بەڵام ئەو کارە نەکەم.

ساولیچ لە پشتمەوە وەستابوو، پاڵی پێوە نام بۆ پێشەوە

---

٩٦ـ دەستاژۆ: tame ڕاهێنان ئاوەڵناو ماڵی، ڕام، ڕاهاتوو، کەوی، دەستەمۆ، ناکێوی، دەسەڵێن؛ گوێڕایەڵ، بەرخئاسا، بەگوێ، قسەبیس. ع ترویض، خاضعة. N tam د رام، اهلی، فەرمانبردار.

و دەیوت:

ــ ئەرباب پیۆتەر ئاندرۆڤیچی بەرێزم، چی تیایە؟ تۆزێ تف بکە بە دەستیدا! گوایە ماچت کردووە!

من لە شوێنی خۆم نەجووڵام. پۆگاچێڤ دەستی کشاندەوە و بە تەوسخەندێکەوە وتی:

ــ پێ دەچێ لە خۆشیان شاییمەرگ بووبێت! هەڵیسێنن!

منیان لە عەرز بەرزەوە کرد و لێمگەڕان. من کەوتمە تەماشای ئەو بۆنە توولەکییە هەراسناکە.

دانیشتوانی شار دەهاتن و سوێندی ئەمەگداریان دەخوارد. یەک لە دوای یەک دەهاتن، خاچەکەیان ماچ دەکرد و، کڕنۆشیان بۆ پۆگاچێڤ دەبرد و دەڕۆیشتن. سەربازانی قەڵاتیش لە ناویاندا بوون. بەرگدرووی قەڵاتیش، چەکدار بە دوێردە نووک شکاوەکەی، پرچی سەربازەکانی بە شێوازی کازاخان دەبڕی. ئەوانیش لەکاتێکدا بە بەری دەست تووکی سەریان خاوێن دەکردەوە، دەچوون بۆ دەست ماچکردنی پۆگاچێڤ. ئەویش ئەوانی دەبەخشی و لە لەشکری خۆی نانووسی دەکردن.

ئەم ئاهەنگە سێ کاتژمێر درێژەی کێشا. کۆتاییەکەی پۆگاچێڤ لە سەر کورسییەکە هەڵسا، لە بێڵایی هاتە خوارەوە. دەمڕاست[٩٧] و ڕیش سپی کازاخ بە دوایدا کەتنە ڕێ. دوو کازاخ بن باڵیان گرت و سواری ئەسپیان کرد. پۆگاچێڤ

---

٩٧ـ دەمڕاست: trustworthy دلیار، ڕاستگۆ، ڕاستاڵ، ڕاستبێژ، قسەڕاست، مرۆڤی جێگە بڕوا، پیرانی هۆز. ع موثوق، جدیر بالثقة N troverdig د قابل اعتماد.

ڕووی کردە بابە گراسیم و، پێی ڕاگەیاند لە ماڵی ئەو نان دەخۆن. لەم کاتەدا دەنگی ژنێک بیسترا. چەند ڕاپەڕیو، ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنایان بە قژی ئالۆسکاو و جەستەی ڕووتەوە ڕادەکێشا بۆ بەرهەیوانەکە. یەکیان سوخمە پەشمینەکەی ئەوی لەبەر کردبوو و ئەوانی تر، تەخت و باوەڵ و جانتا و گشت کەلوپەلی ناو ماڵەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

پیرێژنی نازشێواو، هاواری دەکرد:

ـ بەزەییتان بێت، لێمگەڕێن تا بچم بۆ لای ئیڤان کوزمیچ.

ئینجا لەپڕ چاوی بە لاشەی شووەکەی کەوت. وەک شێتی لێهات و بەوپەڕی ڕقەوە قیژاندی:

ـ ئەی سلسارانی مرۆڤکوژ! چیتان لەو شووە جەربەزەی من کردووە! ئەی سەربازە دلێرەکەم، سەرەنێزەی پرووس و گوللەی تورکان نەتگەیشتێ. بە داخەوە لە جەنگێکی ئابڕوومەندانەدا گیانت بەخت نەکرد؛ چەتەیەکی هەڵاتووی ناکەس گەشمەرگی کردی.

پوگاچێڤ وتی:

ـ ئەو جادووگەرە پیرە بێدەنگ بکەن!

کازاخێکی جەوان بە شمشێرە درێژەکەی زەبرێکی دا لە سەری ڤاسیلیا. ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا بە پلیکانەکاندا تل بوویەوە و گیانی دەرچوو.

پوگاچێڤ بە سواری ئەسپ کەوتە ڕێ. ئاپۆرەکەش بە دوایدا ڕۆیشتن.

بەشی ٨

# میوانێکی بانگهێشتنەکراو

میوانی ناکات لە تاتار خراپتـــرە!

«**پەندێک**»

گۆڕەپان چۆڵ بوو. من، داماو و هێدمەگرتووی بینینی ئەو دیمەنە، گێژ و پەرێشان هەروا لە شوێنی خۆم ڕاوەستابووم. بە تایبەتی بێئاگابوون لە دۆخی ماریا ئیڤانۆڤنا لە شتەکانی تر زیاتر دەیتۆقاندم. ماریا ئیڤانۆڤنا لە کوێیە؟ ئایە دەرفەتی خۆشاردنەوەی هەبووە؟ ئایە ڕەبەتەکەی هێمنە؟ من بەم بیرە پەرێشان و گرژەوە خۆم کرد بە ماڵی سەرهەنگدا. ماڵ چۆڵ و هۆڵ. مێز و کورسی و جامخانە و چینی نەسۆڵان هەمووی وردوخاش کرابوو.

لە پلیکانێکی بچکۆلەوە، کە دەچوو بۆ ژووروۆچکەکەی ماریا ئیڤانۆڤنا، سەرکەوتم. ئەوە یەکەم جار بوو ئەو ژوورەم بە چاو دەبینی. تالانکەران دۆشەکەی سەر سیسەمەکەیان هەڵتەقاندبوو، دۆلابەکەیان چۆڵ کردبوو و شکاندبوویان.




ئەی خاوەنی داوێنپاکی ئەم ژووره خاوێنه خۆی له کوێیه؟

له نکاو بیرێکی سەمەره هات به بیرمدا. بیرم کردەوه ڕەنگه کەوتبێته دەست چەتەکان!... دڵم داکەوت. زۆر به تاڵی گریام و ناوی ئازیزەکەم بانگ دەکرد و دیسان گریام!... لەم کاتەدا دەنگێکی ئارامم بیست و، کاتێکه ئاوڕم دایەوه پاڵاشام بینی له پشت دۆڵابەکه هاته دەرەوه و به دەم گریانەوه، دەستەکان لێک هەڵپێکراو، دەیوت:

ــئای پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! چ ڕۆژێکی سامناکه، چ بەدبەختییەک!

من به پەله پرسیارم کرد:

ــ ماریا ئیڤانۆڤنا؟ چی بەسەر هاتووه؟

پاڵاشا وەڵامی دایەوه:

ــخاتوون زیندووه. ژنی قەشه له ماڵی خۆیان شاردوویەتیەوه.

من تۆقام و هاوارم کرد: ــئەی قوڕ بەسەرم! له ماڵی قەشه؟ جاخۆ پۆگاچێڤ لەوێیه.

پاشان دەرگای ژوورەکەم دا بە یەکدا و دەرچوومە دەرەوە. ساتێک دواتر ئەوەندەم نەزانی وەکوو شێت بەرەو ماڵی قەشە هەڵدێم. لە ڕێگەدا هیچم نەدەبینی. لە ماڵی قەشەوە دەنگی هاوار و پێکەنین و گۆرانی دەبیسترا. گوایە پۆگاچێڤ و هاوڕێیانی شادمانن و جەژنی سەرکەوتن دەگێڕن.

پالاشا بە دوامدا هاتبوو. ناردم بە دوای ژنی قەشەدا. خولەکێک دواتر ئەکولینا پەمفیلۆڤنا شووشەیەکی خاڵی بەدەستەوە، هات بۆ لام بۆ دالانەکە.

بە دڵەڕاوکە و ترسەوە لێم پرسی:

ـ تۆ بیت و خوا ماریا لە کوێیە؟

ژنە وەڵامی دایەوە:

ـ لە سەر قەرەوێڵەکەی من. لە پشت پەردە تەیمانێک کە ژوورەکە دەکات بە دوو بەشەوە، خەوتووە. ئای پیۆتەر ئاندرۆڤیچ ئەوەندەی نەمابوو قوڕ بچێ بە سەرماندا. بەڵام سپاس بۆ خوا هیچی وا ڕووی نەدا. کاتێک پۆگاچێڤ لە سەر سفرەکە نانی دەخوارد، کچەی نازشێواو هاتەوە بە خۆیدا و نالەیەکی کرد. زەندەقم چوو. پۆگاچێڤ پرسی: «ـ پیرێژن ئەوە کێیە دەناڵێنێ؟» منیش کڕنۆشم بۆ برد و وتم: «ـ خوشکازاکەمە خاوەنشکۆ! دوو حەفتەیەک دەبێت لە جێگەدا کەوتووە.»

«ـ خوشکازاکەت گەنجە؟»

«ـ بەڵێ، خاوەنشکۆ!»

«ـ پیرێژن، خوشکازاکەتم پیشان بدە!»

«دڵم وەستا، بەڵام چارە نەبوو: ـ بە سەر چاو خاوەنشکۆ! بەڵام کچە ناتوانێ هەڵسێت، تا بێتە خزمەتتان!»

«وەڵامی دایەوە: ـ کێشە نییە پیرێژن! من خۆم دەچم و چاوم پێدەکەوێ.»

«ئەوسا پەردەی لادا و، بەو چاوانەی کە دەڵێی چاوی سیسارکە لە کچەی لانەواز ورد بوویەوە... بەڵام خوشبەختانە هیچ ڕووی نەدا. خوا بەزەیی پێماندا هاتەوە. بڕوا نافەرمووی! من و شووەکەم هەردووکمان خۆمان ئامادە کردبوو، هەڵمانواسن. بە خۆشییەوە پۆگاچێڤ کچەی نەناسییەوە. ئەی خوایە گیان، چ ڕۆژێک کەوتووین! ئیڤان کۆزمیچی سیابەخت! کێ بیری دەکردەوە تووشی ئەم ڕۆژە ببین؟ ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا و ئیڤان ئیگناتیچ! ئەی ئەوانیان بۆ کوشت؟ ئەی چۆن بوو تۆیان بەخشی؟ یان شڤابرین؟ تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە؟ بینیت قژی وەکوو کازاخەکان بڕیوە و لە ماڵی ئێمە خزمەتیان دەکات. ئای کە بێویژدانە. کاتێکە من باسی خوشکازاکەمم دەکرد، جۆرێک سەیری دەکردم، تیشکی چاوەکانی وەکوو خەدەنگ لە جەستەم دەچەقین. بەڵام درۆکەمانی ئاشکرا نەکرد. هەرچی بێت لەم لایەنەوە سپاسی دەکەم.

ئەوا قریوە و نەعرەتەی[٩٨] میوانە سەرخۆشەکانی بابە گراسیم بەر گوێ دەکەوت. میوانەکان شەرابیان دەویست و قەشە ژنەکەی بانگ دەکرد، شەرابیان بۆ بیات. ژنە بە پەلە

٩٨ـ نەعرەتە: roar نەڕە، گوڕە، قریوەی بەرز و گەورە. ع طافوا N brøle د نعرە.

وتی:

ــ پیۆتەر ئاندرۆڤیچ برۆ بۆ ماڵی خۆت. من ئیتر دەرفەتم نییە لەگەڵت بدوێم. ئەگەر ئەم چەتانە چاویان پێت بکەوێ، دەبێ بە کۆتایی ژیانت. چونکە لەوە ناچێت ئەم جارەش لێت ببوورێ. خوات لەگەڵ پیۆتەر ئاندرۆڤیچ. هیوادارم پەروەردگار لە بەزەیی خۆی بێبەشمان نەکات.

ژنی قەشە ئەمەی وت و لە من دوور کەوتەوە. من تۆزێ ستارم گرت و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. کاتێک لە گۆڕەپانەکە تێدەپەڕیم، چەن نەفەر لە باشقیرەکانم بینی پێڵاویان لە پای هەڵواسراوان دادەکەند. بە ئاستەم خۆم بۆ ڕاگیرا. چونکە زانیم هەر کاردانەوەیەک بە زیانی خۆم تەواو دەبێ. چەتەکان بە ناو قەڵاتدا دەخولانەوە و ماڵی بەرپرسانیان تاڵان دەکرد. لە هەموو لایەکەوە نەڕەی بەرەڵڵای سەرخۆش دەبیسترا. لە ماڵی خۆم چوومە ژوورەوە. ساولیچ لە بەر دەرگاکە چاوڕێی دەکردم. ئەوەندەی منی بینی یەک بە خۆی هاواری کرد:

ــ خوایە گیان سپاس! دەترسام یاخییەکان دیسانەوە تۆیان گرتبێت. ئای!... ئەربابە ئازیزەکەم تاڵانیان کردین. جل و دەفروئامان و پەردە و هەموو شتێکیان برد و هیچیان بۆ نەهێشتینەوە. بەڵام دیسان سپاس بۆ خوا هێشتا زیندوویت! ئەرباب سەرۆکەکەیانت ناسییەوە؟

ــ نا، نەمناسییەوە. بۆ مەگەر کێیە؟

ــ چۆن ئەو هەڵەگەردەت نەناسییەوە؟ ڕابەرەکەی لە میوانخانە کەوڵپۆسی کەروێشکەکەت پێدا. هەمان کەوڵپۆسە

نوێ نوێکە، کاتێک کابرای چوارهەنگڵ لەبەری کرد، تەقەڵەکانی لەبەر یەک هەڵتەقین.

ئەوەندە سەرم سووڕما، نەبێتەوە. ڕاستەکەی لێکچوونی پۆگاچێڤ لەگەڵ پسپۆڕی ڕێگامان زۆر زۆر بوو. بەڵام لە گوتەکەی ساولیچەوە بۆم دەرکەوت ئەو دوانە یەکن. بەخشینی کەوڵپۆسێکی منداڵانە لە پەتی سێدارە دەمپەڕێنێتەوە! ئینجا زانیم چۆن بووە بەخشراوم. پەیوەندی ئەو بوویەرە سەیرانە سەرسامیان کردبوو. هەڵاتوویەکی هەردەگێڵ کە لە کاروانسەرایەکەوە هەڵدەهات بۆ یەکی دی، ئەو هەموو قەڵاتەی گرتبوو و بناغەی ئیمپراتۆری خستبوویە لەرزین.

ساولیچ وەک خووی هەمیشەی پرسی: ــ هیچ ناخۆی؟ هەڵبەت لەماڵەوە هیچمان نییە، دەڕۆم بەڵکوو شتێک بدۆزمەوە.

ئەوەندەی تەنها بووم ئەندێشەی پەرێشان هەڵیگرتم. دەبێ چ بکرێ؟ مانەوە لە قەڵات و بنفەرمانی کردنی ئەو چەتانە پێچەوانەی بنەما و ویژدانی سەربازی من بوو وەکوو ئەفسەرێک. بەرپرس بووم بچم بۆ شوێنێک تا لەو هەلومەرجە دژوار و ناسکەدا خزمەتی سەربازییم بۆ نیشتمان سوودمەند بێت. بەڵام کەڵکەڵەی ئەوین هانی دەدام لە تەنیشتی ماریا ئیڤانۆڤنادا بمێنمەوە و، داکۆکی لە ئەو بکەم بە ئەرکی خۆم. لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینیم دەکرد هەلومەرج بە خێرایی دەگۆڕێ و، نەمدەتوانی ئەو مەترسیانەی لەسەر ڕێگە دایە



له بەرچاو نەگرم.

لەم کاتەدا، ڕشتەی بیرم بچڕا، چونکە کازاخێک بە هەڵات هەڵات خۆی گەیاندە لام و وتی:

ـ خاوەنشکۆ تزاری مەزن منی بانگ کردووە.

من خۆم ئامادە کرد و پرسیم:

ـ ئەو لە کوێیە؟

کازاخ بە هەڕانەوە وتی:

ـ وا لە ماڵی فەرماندە. باوکمان ئیمپراتۆر پاش نانخواردن چووە بۆ گەرماو و، ئێستە پشوو دەدات. جەناب نازانی، هەموو دیاردەکان دەری دەخەن مرۆڤێکی مەزنە. دەڵێن بۆ نانی نیوەڕۆ دوو کوودەڵەیان[99] بۆ کردووە بە کەباب، هەمووی خواردووە. دەڵێن گەرماوەکەی ئەوەندە گەرم کردووە، بە دڵنیایی تاراس کۆرۆچکین‌یش[100] خۆی تێدا ڕاناگرێ. جگە لەوەش ئەوەندەی شەراب خواردووەتەوە بووراوەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی بە ئاوی سارد هێناویانەتەوە هۆش خۆی... دەڵێن لە گەرماو دوو خاڵی نیشانەی پاشایەتی بە سینەیەوە پیشان داوە. لایەکیان هەڵۆیەکی دووسەر[101]

٩٩ـ کوودەڵە: piglet ناو بەچکەی بەراز. ع خنوص ولد الخنزير N grisunge د خوکچە.

١٠٠ـ تاراس کۆرۆچکین: Taras Kurochkin

١٠١ـ هەڵۆی دووسەری ڕووسیە:٢ Double_headed eagle نیشانەی ئیمپراتۆری لە ڕووسیە. دوای داگیرکردنی کۆنستانتینۆپۆڵ لە لایەن ڕووسیەوە، بەکارهێنانی هەڵۆی دوو سەر لە دووکنشینی گەورەی مۆسکۆ بڵاوبوویەوە، دوای ئەوەی ئیڤانی سێیەم دراوی بە لۆگۆی هەڵۆی دوو سەرەوە لێدا. هەڵۆی دوو سەر وەک توخمێکی گرنگی هەراڵدری بنەماڵە ئیمپراتۆرییەکانی ڕووسیا مایەوە، وەکوو خانەدانی ڕۆمانۆڤ لە ١٦١٣ـ١٧٦٢.

بە ئەندازەی دراوێک و لاکەی تریشی وێنەی خۆی کوترابوو.

من مشتومڕ لەگەڵ کازاخەکەم بەبێ سوود زانی و بە دوایدا بەرەوەو ماڵی فەرماندە ڕۆیشتم. لە ڕێگە خۆم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پۆگاچێڤ ئامادە دەکرد و، لەگەڵ ئەوەی نەمدەزانی چ بەرەنجامێکی دەبێ، تێدەکۆشام لە پێش چاومدا وێنای بکەم. خوێنەر بە ئاسانی لەوە تێدەگات دارەتی دەروونیم چەندە شپرزە بوو.

کاتێک گەیشتینە بەر ماڵی سەرهەنگ، ڕۆژوبان خەریکبوو تاریک دەبوو. لەداردراوانیش لەو تاریک و ڕوونەدا ڕواڵەتێکی هەڕەشەئامێزیان هەبوو. تەرمی ڤاسیلیا پێگۆرۆڤنای بەختەوەرگەڕاو هێشتاش لە بنی بەرهەیوانەکە کەوتبوو. دوو کازاخ کێشکیان دەکێشا. ئەو کازاخەی منی هێنابوو، ڕۆیشت و هێنانی منی پێڕاگەیاندن. دەسبەجێ گەڕایەوە و منی برد بۆ ئەو ژوورەی شەوی پێشوو بەو شێوە سۆزاوییە ماڵاوایم لە ماریا ئیڤانۆڤنا کردبوو.

دیمەنی ئێستە جۆرێکی تر بوو. لە گردی مێزێک کە سفرەی لەسەر ڕاخرابوو و هەموو جۆرە بتڵ و شەراب دانرابوو، پۆگاچێڤ و دە نەفەر لە سەرکردە پیرەکانی کازاخ بە کڵاو و جلوبەرگی ڕەنگنامەوە دانیشتبوون. ئەمانە هەموویان سەرخۆش بوون و گۆنایان ئاڵ و چاویان سوور و درەوشاوە. نە شڤابرین و نە یاوری تازە دوخمان لە ناویاندا نەدەبینران.

پۆگاچێڤ ئەوەندەی منی بینی، وتی:




ـ فەرموو، فەرموو جەناب! میوانی من بە. لێرە جێگەیەک هەیە. فەرموو، بەخێر هاتی!

ئامادەبوان تۆزێ خۆیان خڕ کردەوە و کۆتر دانیشتن. من لە بنی مێزەکە دانیشتم، بەبێ ئەوەی لێو بجرێوم. ئەوەی لامەوە، بە نەریتی میواننەوازی، پەرداخێکی لە بەردەمم دانا و پڕی کرد لە ڤۆدکا. بەڵام من دەستم بۆ نەبرد. پۆگاچێڤ لە سەرووی کۆڕەکە دانیشتبوو، ئانیشکی پاڵدابوو بە مێزەکەوە و ڕیشە ڕەشەکەی لە ناو دەستە گەورەکەیدا گرتبوو. لە ڕوخساری ئاسایی ئەودا بە هیچ شێوەیەک نیشانەی دڕندەیی نەدەبینرا. بێناڤبەر[١٠٢] لەگەڵ کابرایەکی پەنجا ساڵە، کە هەندێ جار بە کونت و، هەندێ جار بە تیمۆفەیچ[١٠٣] و ناوبەناویش بە مامە بانگی دەکرد، خەریکی گوتوبێژ بوو. ئەو دەستەیە هەموویان دۆستانە پێکەوە دەجوولانەوە و، ڕەفتارێکی تایبەتیان بەرامبەر بە سەرۆکەکەیان تێدا نەدەبینرا. گفتوگۆ دەربارەی هێرشی بەیانی و بەرەنجام و چالاکییەکانی داهاتوو

١٠٢ـ بێناڤبەر: constantly ئاوەڵکار بەردەوام، بەدرێژایی، درێژەدار. ع باستمرار N konstant د مدام، مداوم، دائما، بطور مستمر.

١٠٣ـ Timofeich

بوو و، هەموو کەس ئازادانە بۆچوونی خۆی دەردەبڕی و لەگەڵ پۆگاچێڤ وتووێژی دەکرد. کۆتاییەکەی، بەرەنجامی گوتوبێژی ئەو ڕاژووره سەمەره جەنگییە، بوو بەوەی بە گشتی دەنگ بڕیاریان دا، بەرەو ئۆرنبۆرگ بڕۆن. جووڵانێکی قارەمانانە کە نزیک بوو ئەنجامێکی سامناک بۆ دەسەڵاتی ڕووسیە بە دی بهێنێ.

کاتی کەوتنە ڕێش دیاری کرا: بەیانی.

ئینجا پۆگاچێڤ وتی:

ــ دەی هاوڕێیان، تا ڕۆژ نەبووەتەوە جارێکی تر گۆرانییە خۆشەویستەکەی من بخوێنین. چۆمۆکۆ دەست پێ بکە!

هەمان گەنجی لای منەوە بە دەنگێکی قەڵەوی ناوگەروو کەوتە خوێندنی سترانێکی پەژاراوی و ئەوانی تریش دەنگیان دایە دەنگی.

ئای دایە! لە جەنگەڵەکانت گەڵای سەوز ڕواون
بلا هاواری پەژاراویت پەرێشانم بکات
لەم ڕۆڵە بوێرەت بگەڕێ،
چونکە بەیانی دەبێ لە بەردەمی شا و
لە بەردەمی دادوەرانی دادترسێن ئامادە بم
خاوەنشکۆ لێم دەپرسێ
تۆ پێم بڵێ لەگەڵ کێدا چووی بۆ تاڵان؟
زۆرن؟ بوێرن؟
ڕاستیەکەی پێ دەڵێم و هیچی لێ ناشارمەوە.
هاوڕێیانی یەکڕەنگی من تەنها چوارن:

هاوڕێی یەکەم شەوی تاریک،
هاوڕێی دووەم خەنجەری ڕاستبێژی من و،
هاوڕێی سێیەم ئەسپی شەودێزی جەنگاوەرم،
هاوڕێی چوارەم کەمانی کشاومە بە پشتمەوە!
نێنەرانیشم تیری ئاگربار
ئەوسا پادشای فەلە بە من دەڵێ:
زۆر چاکە کوڕە جووتیارەکەم، تەمەن درێژ بیت!
هەم دەزانی ناڵان کەیت و هەم دەزانی وەڵام چۆنە
جا پاداشتی شایستەی تۆ لەم تەلارە بێوێنەدا،
قەنارەیە، قەنارەیە!

کاریگەری ئەو گۆرانییە جووتیارییە کە دەربارەی قەنارە بوو، بە تایبەت لە زمانی ئەوانەوە کە چارەنووس بەرەو سێدارە پەلکێشی دەکردن، بە ڕادەیەک بوو کە ناتوانم وەسفی بکەم. ڕوخساری درژ و، دەنگی گڕ و، دەراوی پەژاراوی شینگێڕییان کە بۆ دەربڕینی ئەو وشە نەگریسانە بەکاریان دەهێنا، تەزێکی هۆنەرانەی هێنا بە گیانمدا.

دانیشتوان پاش خواردنەوەی پێکێکی تر هەڵسابوون و ماڵاواییان لە پۆگاچێف دەکرد. منیش ویستم بە دوای ئەواندا بڕۆم، بەڵام پۆگاچێف ڕووی تێکردم و وتی:

ــ تۆ ڕاوەستە، دەمەوێ لەگەڵت بدوێم.

من و پۆگاچێف لە ژوورەکە تەنها بووین. بێدەنگی چەند خولەکێک لە نێوانمادا درێژەی کێشا. پۆگاچێف ماوەیەک لێمی ڕوانی و کۆتاییەکەی قاقایەکی وەهای لێدا کە منیش بەبێ



ئەوەی بزانم بۆ، کەوتمە پێکەنین.

پۆگاچێڤ وتی:

ــ دەی جەناب، ددان بەوەدا بنێ، کاتێک سەربازەکانی من ئاڵقەی تەنافیان خستە ملت زۆر ترسای... دەزانم لەو کاتەدا ئاسمان بۆ مرۆڤ لە کەوڵی بەران تەنگتر دەبێتەوە... ئینجا ئەگەر هەڕمە پیرەکت نەبوایەت بۆ خۆت بە حەواوە سەمات دەکرد. بەس من دەسبەجێ ئەو پیرەمێردەم ناسییەوە. دەی، جەناب! دەتوانی وێنای بکەی ئەو کەسەی تۆ گەیاندە کاراونسەرا خودی تزاری مەزن بووبێ؟! (لەم کاتەدا وەکوو گاڵتە پۆزێکی سەمەرە و لووتبەرزانەی بە خۆیەوە گرت.) تاوانی تۆ سەبارەت بە من زۆر قورسە، بەڵام من تۆ بەو دڵە پاکە و میهرەبانەت دەبەخشم. چونکە ئەو کاتەی من لە ترسی دوژمنەکانم خۆم شاردبوویەوە، تۆ خزمەتت پێکردم. لەمە بە دواوە، چاکەی گەورەتریشم لێ دەبینی. بەخشینی تۆ لە بەرامبەر ئەوەدا کە دەمەوێ پێتی بدەم هەر هیچ نییە. هەڵبەت ئەوسا کە تزارم لە تەختەکەی هێنایە خوارەوە. بەڵێن دەدەی ڕاستگۆیانە خزمەتم پێ بکەی؟

ڕەفتاری بێچاووڕووی کابرا ئەوەندە لە بەرچاومدا گاڵتەجاڕانە بوو، نەمتوانی بەر بە پێکەنینم بگرم.

پۆگاچێڤ ئەبرۆکانی تێکنا و پرسی:

ــ بە چی پێدەکەنی؟ بڕوا ناکەی من بتوانم تزار بڕووخێنم؟





ڕاستگۆیانە وەڵامم بدەرەوە!

تۆزێ شڵەژام. هەستم دەکرد نەمدەتوانی هەردەگێڵێک لە بەرگی تزاردا ببینم. ئەو کارە لە لای من ترسنۆکی دارماڵ بوو. ئەگەر بە درۆزن و داگیرکەرم ناو ببردایەت، ڕەنگە مردنی خۆمم مسۆگەر دەکرد. لەبەر ئەوەش یەکەمجار چووبوومە بن پەتی سێدارە، دژایەتی کردنی ئەوم لەم کاتەدا بە جەربەزەیەکی بێهۆ دەزانی. بۆیە تۆزێ تێدا مامەوە.

پۆگاچێڤ بە تووڕەییەوە چاوەڕوانی وەڵامی من بوو. کۆتاییەکەی (تاکوو ئێستەش ئەو چرکەساتە بە شانازییەوە دەهێنمەوە بیرم.) هەستی بەرپرسایەتی بەسەر لاوازی مرۆییدا زاڵ بوو. بە پۆگاچێڤم وت:

ـ گوێ بگرە، من هەموو ڕاستی بە تۆ دەڵێم. تۆ خۆت بیری لێ بکەرەوە، چۆن دەتوانم لە دڵەوە تۆ بە تزار بزانم؟! تۆ مرۆڤێکی هۆشمەندیت و ئەوە دەزانی ئەگەر ئەوەش بڵێم درۆ دەکەم.

ـ کە واتە، پێت وایە من کێم؟

ـ خوا دەیزانێ. بەڵام هەرکەس هەیت دەستت داوەتە کارێکی مەترسیدار.

پۆگاچێڤ وەکوو مۆڕە لێمی ڕوانی و وتی:

ـ واتە تۆ من بە خاوەنشکۆ پیتەری سێیەم نازانی؟ زۆر باشە. بەڵام ئەگەری ئەوە نییە کەسانی بوێر و دلێر

بەختی سەرکەوتنیان زۆر بێ؟ مەگەر بەر لەمە «گریشکا ئۆترێپیەڤ»[١٠٤] خۆی نەکردووە بە تزاری ڕووسیا؟ گرنگ نییە چۆن لەسەر من بیر دەکەیتەوە، بەڵام لە لای من مەرۆ. تۆ ڕاستگۆیانە خزمەتی من بکە، (بە پێکەنینەوە) منیش تۆ دەکەم بە فیلد مارشاڵ[١٠٥]، دەتکەم بە شازادە. ئەمرا دەڵێی چی؟

بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامم دایەوە:

ـ بەڵام من خانەدانێکی ئادەرم، سوێندم خواردووە بە شاژن تزار ئەمەگدار بم. ئەگەر بە ڕاستی دەتهەوێ چاکەیەکم لەگەڵ بکەیت، ڕێگەم بدە بچم بۆ ئۆرنبۆرگ.

پۆگاچێڤ بیرێکی کردەوە و وتی:

ـ ئەگەر بهێڵم بڕۆی، بەڵێن دەدەی لە هیچ هەلومەرجێکدا دژی ئێمە نەجەنگی؟

وەڵامم دایەوە:

ـ باشە چۆن دەتوانم بەڵێنی وا بدەم؟ خۆت دەزانی واز و ویستی من لەم بوارەدا ئازاد نییە. ئەگەر بمنێرن بۆ جەنگی تۆ، دەبێ بجەنگم و چارە نییە. تۆ خۆت ئێستە سەرۆکی، فەرمانەدەی، پێویستت بە گوێڕایەڵی سەرباز و ئەفسەرانت هەیە. ئەگەر پێویستیان بە من هەبێت و من بە گوێیان نەکەم

---

١٠٤ـ گریشکا ئۆترێپیەڤ: Grishka Otrepyev مەبەست تزار دیمیترییۆسی یەکەمی ساختەیە، کە بە فێڵبازی لە ساڵانی ١٦٠٥ـ١٦٠٦ خۆی کردووە بە تزاری ڕووسیا. ☜ پیتەری یەکەمی درۆزن

١٠٥ـ فیلد مارشاڵ: Field Marshal ناو باڵاترین پلەی سپایی، بەرامبەرە بە ژنراڵی پێنج ئەستێرە، پلەیەک لە ژنراڵی چوار ئەستێرە بەرزترە.

چی ڕوو دەدات؟ مەرگ و ژیانی من وا لە دەستی تۆدا. ئەگەر ڕێگەم بدەی بچم بۆ ئۆرنبۆرگ، ئەوا زۆر سپاسگوزارت دەبم، ئەگەریش بمکوژی ئەوا خوا دادوەری کارت دەکات. بەڵام هەرچی بێت من ڕاستییەکەم لە لا وتیت.

ڕاستگۆیی من کاری کردە سەر پوگاچێڤ و، لەکاتێکدا دۆستانە دەیدا بە سەر شانمدا، وتی:

ـ زۆر چاکە وای لێدەکەین. من کارەکانم بە نیوەکارە جێ ناهێڵم. تۆ ئازادی و بۆ کوێ دەچی بچۆ و، ئەوەش بکە خۆت پێت خۆشە! بەیانی وەرە بۆ لام بۆ ماڵاوایی. جا بچۆ بخەوە، چونکە منیش زۆرم خەو دێت.

پوگاچێڤم بەجێ هێشت و هاتمە ناو کۆڵان. شەو ئارام و کزەی هەبوو. مانگ و ئەستێرە بە بە گەشی دەدرەوشانەوە و، تیشکیان سێدارە و گۆڕەپانەکەیان ڕوون دەکردەوە. جگە لە ڕووناکی چرای مەیخانە، کە دەنگ و قریوەی سەرخۆشانی لێوە دەبیسترا، ڕووناکی تر لەناو گوند نەبوو. ڕوانیمە خانووی قەشە، دەرگا و پشدەری هەموو داخرابوو و دۆخەکە هێور خۆیای دەکرد.

گەیشتمە ماڵەوە و بینیم ساولیچ بە پەرۆشەوە چاوەڕێمە. لە هەواڵی ئازادیم لە ڕادەبەدەر شادمان بوو. ساولیچ لەکاتێکدا خاچی لە سەر سینەی دەکێشا، وتی:

ـ ئەی خوایە گیان سپاس بۆ تۆ! ئەوەندەی هەوا ڕوون بێتەوە، لە قەڵات دەچینە دەرەو. شێوم بۆ ئامادە کردوویت. شتێک بخۆ و ئاسوودە بنوو.

ئامۆژگاریەکەم بەکار هێنا. بە تامەزرۆیی نانم خوارد و لەو ژوورە ڕووتەدا، بە جەستە و گیانێکی ماندووەوە، خەو بردمیەوە.

بەشی ٩

## دووری

**خۆشەویستم! چەند شیرین بوو دیدارەکەت**
**فێری کردین ئەوینداری.**
**بەڵام لە تۆ دوورکەوتنەوە، داخی گرانم**
**جلێکی سەرتاپا بوو، گیان و جەستەی**
**بە ئازار و بە پەژارە داپۆشیبووم.**

«**کراسکۆف**»(١٠٦)

بەیانی زوو دەنگی تەپڵ و زیڕەی شەیپوور و قرمەی جەماوەر لە خەو ڕایچەناندم. هەڵسام و چووم بۆ شوێنی کۆبوونەوەی تاڵانیگەران. لەشکری پۆگاچێڤ، لە لای سێدارەکانەوە ــ کە هێشتا تەرمی قوربانییەکانی پێدا هەڵواسرابوو ــ بەڕیز وەستابوون. سەربازان سەرتاپا چەکدار و کازاخەکان بە

١٠٦ـ کراسکۆف: Mikhail Kheraskov هۆنەر (١٧٣٣ـ١٨٠٧) میخایل، هۆنەر و شانۆنووسی ڕووسی، لە ١٧٧١ تا ١٧٧٩ چامەی «ڕووسیاد»ی نووسی، کە یەکەم هۆنراوەی داستانی ڕوسییەیە لە چەشنی هۆمەر و ڤیرژیل.

سواری ئەسپ. ئالاّ و ئالاّیی[١٠٧] بەدەم باوە دەشەکانەوە. چەند تۆپ، کە تۆپەکەی خۆیشمانم لە ناویاندا ناسییەوە، سواری ئەرابە کرابوون. نزیک ماڵی سەرهەنگ، کازاخێک لەغاوی ئەسپە سپییە زۆر جوانە قرقیزەکەی پوگاچێڤی گرتبوو بە دەستیەوە و لەبەر پلیکانەکان چاوەڕێ بوو. دانیشتوانی قەلاّت گشت هاتبوون و چاوەڕوانی پوگاچێڤ بوون. چاوم گێڕا بۆ تەرمەکەی ڤاسیلیا یێگۆرۆڤنا، بردبوویانە سووچێکەوە و حەسیرێکیان دابوو بە سەریدا.

کۆتاییەکەی پوگاچێڤ لە بێلاّیی خانووەکەوە دەرکەوت و شاگەی لە جەماوەر کرد. جەماوەر کلاّوەکەیان ڕادەوەشاند. یەکێک لە دەمڕاستانی کازاخ کیسەیەک پارەی زێڕی ڕاگرت و پوگاچێڤ چنگ چنگ هەڵیدەدا بەسەر ئاپۆرەکەدا. چرەبەندان بە قیژە و هەراوە خۆیان هەڵدەدا بە سەر پارەکاندا و لەو ناوەدا کۆمەڵێکیش کەوتنە بن پێلەقەی ئەوانی تر.

پوگاچێڤ لە لایەن ڕاوێژکارانی تایبەتەوە گەمارۆ درابوو. شڤابرینیش لە ناویاندا بوو. لەپڕ نیگامان لێک گیرا و بەر لەوی ڕووی بدزێتەوە، نەفرەتی سووکایەتی لە چاوەکانی مندا بینی.

پوگاچێڤ، کاتێک منی لە ناو ئاپۆرەکەدا بینی، بەسەر شاگەی لێکردم و ئاماژەی کرد بچم بۆ لای. ئەوسا وتی:

ـ جوان گوێ بگرە. ئێستە دەڕۆی بۆ ئۆرنبۆرگ و، لە

---

١٠٧ـ ئالاّیی: ١ banner ناو ئاوەڵناو پلاّکارد، بەیداخ، دروشم؛ بانگەشەی لاکێشەی زۆر درێژ بە زۆری لە شەقام؛ ئەو پارچە کووتاڵ و پەڕۆیەی لە داری پیرۆز گرێ دەدرێت. ٤ لافتة N banner د پلاکارد، علم.

لایەن منەوە بە فەرماندە و هەموو ژنراڵەکان ڕادەگەیەنی، تا هەشت ڕۆژی تر لە ماڵی خۆیان چاوەڕێی من بن. ئامۆژگاریان بکە بە میهرەبانی و تامەزرۆیی بێن بە پیرمەوە، ئەگینا چاوەڕوانی مەرگێکی سامناک بن. ئینجا برۆ و بە خۆشی!

پاشان ڕووی کردە جەماوەر و لەکاتێکدا شقابرینی پیشان دەدا، وتی:

ــ ڕۆڵەکانم، ئەم ئەفسەرە فەرماندەی تازەی ئێوەیە. لە هەموو شتێکدا پەیڕەوی بکەن، چونکا ئەو وەڵامدەرەوەی قەلات و ئێوە دەبێ، لە لای من.

بیستنی ئەو وشانە، ترسی خستە گیانمەوە. شقابرین دەبێ بە فەرماندەی قەلات و ماریا ئیڤانۆڤنا دەکەوێتە بندەستی! ئەی خوایە گیان، چی بەسەر دێت؟

پۆگاچێڤ لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە. ئەسپەکەیان هێنا و ئەو بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی یارمەتی کازاخەکان بێت، خۆی هەڵدایە سەری. لەم کاتەدا، لە نکاو ساولیچم بینی لەناو چرەبەندانەکەوە هاتە دەرەوە و پەڕە کاغەزێکی دا بە دەست پۆگاچێڤەوە.

من لە مەبەستی تێ نەدەگەیشتم. بەڵام پۆگاچێڤ لووتبەرز و بەدەمار پرسی:

ــ ئەمە ئیتر چییە.

ساولیچ وەڵامی دایەوە:

ــ بیخوێنەرەوە، بۆت دەردەکەوێ.

پۆگاچێڤ نامەکەی وەرگرت و بۆ ساتێک لێی ورد

بوویەوە. کۆتاییەکەی وتی:

ــ بۆ ئەوەندە قلی بلی نووسیوتە؟ چاوە تیژەکانی خاوەنشکۆ بۆی ناخوێنرێتەوە. کوا، باشنووسی تایبەت لە کوێیە؟

گەنجێک لە بەرگی پاوەردا گورجوگۆڵ هاتە پێشەوە. ئیمپراتۆر نامەکەی دا بەو و وتی:

ــ بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە.

من پرستم لێبڕابوو و چاوەڕوان بووم بزانم پیرەمێرد چی نووسیوە. باشنووسەر بە دەنگی بەرز کەوتە خوێندنەوە:

ــ دوو دەست پیژامە، یەک کەتان و یەک ئاورێشمی سۆلان، نرخ شەش ڕوبل.

پۆگاچێڤ ئەبرۆکانی تێکنا و وتی:

ــ ئەمان واتای چییە؟

ساولیچ بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

ــ بلێ، دیسان بخوێنێتەوە.

باشنووسەری تایبەت، درێژەی دا:

ــ جلی فەرمی ماووتی سەوز، بایی حەوت ڕوبل، پانتۆڵی سپی، بایی پێنج ڕووبل. دوانزە ژێرکراس بە قۆڵی زەربەفتەوە، بایی دە ڕووبل. دەزگایەکی چایخۆری، بایی سێ ڕوبل...

پۆگاچێڤ نەیهێشت تەواوی بکات:

ــ ئەم نووسراوە بێ سەروبەرانە چییە؟ ئەم شەرواڵ و قۆڵی کراسە زەربەفتانە چ پەیوەندییان بە منەوە هەیە؟

ساولیچ کۆکەیەکی کرد و وتی:

ـ ئەمە ڕیزی ئەو شتانەیە دزەکان لە ئەربابی منیان دزیوە!

پۆگاچیێڤ بە دارەتێکی هەڕەشەئامێز وتی:

ـ چی؟ دزکان؟...

ساولیچ وەڵامی دایەوە:

ـ ببوورە ئەزبەنی، لە دەممە دەرچوو. نا، مەبەستم ئەوانە بوو کە هەموو لایەکیان تاڵان کرد و ئەوەی هەبوو بردیان. تووڕە مەبە گەورەم. ئەسپ چوار قاچیشی هەیە و هێشتاش سەرسم دەدات. تکایە ڕێگە بدەن هەمووی بخوێنێتەوە.

پۆگاچیێڤ وتی:

ـ ئەوی تری بخوێنەرەوە!

باشنووسەر کەوتەوە خوێندنەوە:

ـ جلی ئاورێشمی دیوای(١٠٨) دووبەر بایی چل ڕووبل. کەوڵپۆسی ڕێوی ڕێڕێی سوور بایی چل ڕووبل. هەروەها کەوڵپۆسی پێستی کەروێشک کە لە میوانخانە پێشکەشی جەنابتان کرا...

پۆگاچیێڤ بەو چاوانەوە کە ئاگریان لێ دەباری، نەڕاندی:

ـ ئیتر چی!

---

١٠٨ـ دیوا: taffeta, gauze ناو تافتە، کووتاڵی ئاورێشم، جۆرێک تەنراوی گرانبایی ئاورێشمە بە تایبەتی بۆ جلی کوردی ژنان. ع دیباج، دیبق N taft د نوعی پارچە ابریشمی.

ددان بەوەدا دەنێم لەو کاتەدا زۆر بۆ ساولیچ ترسام.
ساولیچ دەیویست سەرلەنوێ ڕوونکردنەوە بدات، بەڵام پۆگاچێڤ دەمی پێ داخست، کاغەزەکەی لە باشنووسەر وەرگرت و هەڵیدا بە ڕوومەتی ساولیچدا:

ـ پیرەمێردی گەمژە چۆن دەوێری لەگەڵ من وا قسە دەکەی؟ چۆن جەربەزە دەکەی بۆ ئەو شتە بێبایەخانە کاتم بگری؟ تالانیگەران!... تۆ دەبێ هەتا ماویت سپاسی من و سەربازانم بکەیت و شایگەشکەی بەخت خۆت بیت کە وەکوو ئەوانەی دژی من ڕاوەستان، لە سێدارە نەدراوی! کەوڵپۆسی پێستی کەروێشک؟ ئەی بە سەرچاو! دەتەوێ بڵێم هەر ئێستە کەوڵت بکەن و بیکەن بە کەوڵپۆس؟!

ساولیچ وەڵامی دایەوە:

ـ فەرمان، فەرمانی خاوەنشکۆیە! بەڵام من تەنها جووتبەندەیەکم و دەبێ وەڵامی ئەربابەکەم بدەمەوە.

پۆگاچێڤ پەرۆش و ڕەوشتی بەرزی خۆی نواند و، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت لەغاوی ئەسپەکەی سووڕاند و ڕۆیشت. شڤابرین و پیرانی کەزاخ بە دوایدا کەتنە ڕێ. سپای پۆگاچێڤ بە مرێس و تەناهی[١٠٩]، بە دوایدا لە قەڵات چوونە دەرەوە. مەردمی نەواقەکە، وەک بەرێکردن، تا ماوەیەک بە دوای پۆگاچێڤدا ڕۆیشتن. تەنها من و ساولیچ لە گۆڕەپانەکەماینەوە. ساولیچ نامەکەی بەدەستیەوە گرتبوو و بە

١٠٩ـ تەناهی: order ناوی چاوگ هۆنە، ئاسایش، ئاسوودەیی، ئارامشت، ئارامیی، تەکووز. ع نظم N rekkefølge د نظم و ترتیب.

چڕژانەوە[١١٠] لێی دەڕوانی.

ساولیچی ڕەبەن ویستبووی سوود لەو پەیوەندییە کۆکەی لە نێوان پۆگاچێڤ و مندا بەدی هاتبوو، وەربگرێ. بەڵام ئەم بیرە ژیرانەیە نەیگرت و نەچووە سەر. من ویستم لەو ئەمەگدارییە نابەجێیە سەرکۆنەی بکەم، بەڵام لەبەر زۆری پێکەنین نەمتوانی.

ساولیچ وتی:

ـ پێبکەنە! ئێستە پێدەکەنی ئەرباب! بەڵام کاتێک دەچین ئەو شتانە بکڕینەوە ئەوسا بە خۆت دەزانیت و پێکەنینت لەبیر دەچێتەوە.

من بەپەلە خۆم گەیاندە ماڵی قەشە، تا ماڵاوایی لە ماریا ئیڤانۆڤنا بکەم. ژنی قەشە هەواڵێکی ناخۆشی پێدام: شەوی پێشوو، ماریا ئیڤانۆڤنا یاوێکی توندی کردووە و لە نێوان بێهۆشی و وڕێنەدا ڕۆژی کردوەتەوە. ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنا منی برد بۆ لای ماریا. من چوومە لای سیسەمەکەیەوە، بەڵام نەخۆش منی نەناسییەوە. ماوەیەکی درێژ، بەبێ ئەوەی گوتەی دڵدانەوەی میهرەبانانەی بابە گراسیم و هاوسەرە دڵۆڤانەکەی ببیستم، بەبێ جووڵە ڕاوەستابووم. ئەندێشەی ڕەش و تاریک پەلاماریان هێنا بۆ مێشکم. دۆخی ئەو کچە هەتیوەی لە نێوان کۆمەڵێک چەتەی تاڵانگەردا یەخسیر ببوو و، بێتوانایی خۆم بۆ یارمەتیدانی، هەناوی دادەڕزاندم. جگە

---

١١٠ـ چڕژان: contrition پەشیمانی، ژێوانی، چڕژان، دارەتی هەستکردن بە هەڵە و ژێوانبوونەوە. ع ندم، توبە N anger د تأسف، پشیمانی، توبە.

لەوەش شڤابرین لە هەموان زیاتر مایەی نیگەرانیم بوو. چونکە بەو دەسەلاتەی لە قەلات هەیبوو ــ ئەو شوێنەی کیژی نازشیێواوی من دەبوا لەوێ بوایەت ــ دەیتوانی بە دلی خۆی لەگەل ماریای هەتیو بجوولێتەوە. چیم بکردایەت؟ رێگەدەستم بەسترابوو. تەنها رێگەی یارمەتیدانی ئەوە بوو، بە زووترین کات خۆم بگەیەنمە ئۆرنبۆرگ و بە هەموو هێزی خۆم بۆ وەرگرتنەوەی قەلات تێبکۆشم. مالاواییم لە بابە گراسیم و ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنا کرد و لێیان پارامەوە ئاگایان لە ماریای ناشاد بێت، کە ئیتر خۆم بە هاوسەری دەزانی. پاشان دەستەکانی ماریام گرت و ماچم کرد و بە فرمێسک تەرم کرد.

ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنا تا بەردەرگا لەگەلم هات و وتی:

ــ خوات لەگەل، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! هیوادارم بتوانین لە رۆژگارێکی لەبارتردا یەکدی ببینینەوە. ئێمە لەبیر مەکە. بێناقبەر نامەمان بۆ بنووسە. ماریای مەژیر[١١١] ئیتر جگە لە تۆ پشتیوان و ئامەردی نییە.

کاتێک گەیشتمە گۆرەپانەکە، ساتێک سەیری سێدارەکانم کرد و، سەریک رێزم بۆ دانەواندن. لە قەلات هاتمە دەرەوە و لەگەل ساولیچ، کە هەنگاوێک لێم دوور نەدەکەوتەوە، رێگەی ئۆرنبۆرگمان گرتە بەر.

گیرۆدەی بیری پەرێشانی خۆم، پام هەلگرتبوو و بە

---

١١١ ـ مەژیر: forlorn ئاوەلناو لانەواز، برەش، بێئەنوا، نازشیێواو، رەبەن، لارەمل. ع بائس N forlatt د درماندە.

خێرایی دەڕۆیشتم، لەپڕ دەنگی سمی ئەسپێکم بیست، لە دوامانەوە دەهات. ئەوەندەی ئاوڕم دایەوە، کازاخێکم بینی چوارناڵە دێت و ئەسپێکی یەدەگیشی پێیە. کە ورد بوومەوە بینیم دەست بۆ ئێمە ڕادەوەشێنێ. وەستاین. سوار لێمان نزیک بوویەوە و من یاوەری کازاخم ناسییەوە. لە بەردەممان لە ئەسپە باشقیرەکەی دابەزی و ڕەشمەی ئەسپەکەی تری دا بە دەست منەوە و وتی:

ـ جەناب! باوکمان پۆگاچێڤ ئەسپ و کەوڵپۆسێکی لە جلخانەی تایبەتی خۆی ناردووە بۆ بەڕێزت و... (کەوڵپۆسێک بە زینی ئەسپەکەدا هەڵواسرابوو.)

کازاخ تۆزێ ڕاما و درێژەی دا:

ـ هەروەها پەنجا کۆپەکیشی بۆ بەڕێزت ناردبوو... بەڵام من لە ڕێگەدا لێم ون بووە و هیوادارم لێم ببوورن!

ساولیچ بە گومانەوە مۆڕەیەکی لێکرد و وتی:

ـ لە ڕێگە ونم کرد! بێویژدان، ئەی ئەوە چییە لە گیرفانتدا زرینگەی دێت؟

یاوەر بەبێ ئەوەی بپرینگێتەوە وتی:

ـ چی لە گیرفانمدا زرینگەی دێ؟ ئەوە دەنگی لەغاوی ئەسپەکەیە.

من مشتومڕەکەم پێ بڕین و وتم:

ـ زۆر چاکە لە لایەن منەوە سپاسی ئەربابت بکە و، لە گەڕانەوەدا پارەکە بدۆزەرەوە و، وەکوو بەخشش هەڵیگرە بۆ خۆت.

کازاخ ئەسپەکەی وەرگێڕا و وتی:

ـ زۆر سپاس ئەربابی بەڕێز! هەتا ماوم نزای چاکەتان بۆ دەکەم.

ئەمەی وت و لەکاتێکدا دستی بە سەر گیرفانی باخەڵیەوە بوو، بە خێرایی لە چاو ون بوو.

من کەوڵپۆسەکەم لەبەر کرد و سواری ئەسپەکە بووم و، ساولیچیشم لە دوای خۆمەوە سوار کرد و درێژم بە ڕێگاکە دا.

ساولیچ وتی:

ـ ئەرباب، چاکم کرد ڕیزی شتەکانم پیشانی دا. دیارە لای خوی تەریق بووەتەوە. هەرچەند ئەم پاتاڵە قرقیزییە دەست و پای زۆر درێژە، کەوڵپۆسی پێستی مەڕیش نیوەنرخی ئەوە نییە، تۆ بەوت دا. بەڵام ڕاستەکەی ئەم شتانە، لەم کاتەدا، بۆ ئێمە وەک ڕێژەنن.

**موویەکیش لە بەراز بکەیتەوە هەر زۆرە!**

بەشی ١٠

# گەمارۆی شار

لەسەر گرد و لە پێدەشتدا
کۆنی هەڵدرا وەک چڵەبەنان[١١٢].
وەکوو هەڵۆ بە چاوی تیژ ڕوانییە شار
لە پشتی شاسەیوانەوە[١١٣] خاکی کۆڵ
ئاگرێکی زەبەلاحی لە ناویدا شاردەوە،
هەتاکوو شەو،
ئەو ئاگرە ببارێنێ بە دیواری شوورەی شاردا!
«کراسکۆڤ»

لە نزیکی شاری ئۆرنبۆرگ ژمارەیەک لە زیندانیانمان بینی، سەریان تاشراو، ڕوخساری قوپاو و گوێی بڕاو، لە بن چاودێری سەربازی پادگاندا خەریکی چاککردنەوەی شوورەی

١١٢ـ چڵەبەنان: row of tents چڵەبەندان، ڕەشماڵی شان بە شان، ریزە خێوەت کە سنگیان هاوبەشە. ع صف الخیام N rad med telt د ردیف چادر.

١١٣ـ شاسەیوان: tent ناو چەرداخ، دەوار، ڕەشماڵ، کۆن، خێوەت. ع خیمة N telt د سیاه چادر ییلاق نشینان.

شار بوون. هەندێک بە ئەرابە زبڵی ناو خەرەندیان دەردەدا و دەیانبرد بۆ دوور. هەندێک خەرەندیان قووڵتر دەکرد و ژمارەیەک کەریووچیان سەردەخست بۆ سەر دیوارەکان، تا بۆتکەی کێشکگران نۆژەن بکەنەوە.

لەبەر دەروازەی شار، داوای پسووڵەی هاتوچۆیان لێکردین، بەڵام ئەوەندەی جێگری سەربازی زانی ئێمە لە بێلۆگۆرسکییەوە هاتووین، ڕاستەوخۆ بردمانی بۆ ماڵی ژنراڵ.

من لەناو باغ ژنراڵم بینی. ژنراڵ، لەگەڵ باخەوانێکی پیر خەریک بوو وردبینانە بەرۆی گەرمی لە دارسێوەکانییەوە دەپێچا، کە بای پاییز زیانی پێ گەیاندبوون. نیگایەکی سادە و ئارام، تەندروستی لە ڕواڵەتییەوە خۆیای دەکرد. لە بینینی من زۆر شاد بوو و چونێتی ئەو ڕووداوانەی لەم و لەوی بیستبوو، لە من پرسیار کرد. من هەموو ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە و پیرەمێرد لەکاتێکدا خەریکی شکاندنی چڵە وشکەکان بوو، بەوردی گوێی لە من ڕاگرتبوو. کاتێک سەربردەی خەمناکی من کۆتایی هات، وتی:

ـ میرۆنۆڤی ئەرامەندە، زۆر بەداخەوەم بۆی، ئەفسەرێکی باش بوو، هەروەها خاتوو میرۆنۆڤ بە ڕاستی ژنێکی شیانست بوو، چ هارویێ سوێرکەیەکی دروست دەکرد! ئەی ماشای کچی سەرهەنگ چی بەسەر هات؟

وەڵامم دایەوە: ـ لە قەڵات لە لای ژنی قەشەیە.

ژنراڵ وتی:

ـ ئای، ئای، ئای! چەندە خراپ بوو! بە مسۆگەری ناتوانین متمانە بە ڕێسای چەتە و تالانگەر بکەین. چارەنووسی ئەو کچە لانەوازە چی لێ دێت؟

من وەڵامم دایەوە قەڵاتی بێلۆگۆرسکی خۆ لێرەوە ئەوەندە دوور نییە، ڕەنگە جەنابی ژنراڵ ناردنی هێزی پشتیوان و ڕزگارکردنی دانیشتوانی بێچارەی قەڵات ناخەنە دواوە. ژنراڵ بە دردۆنگییەوە سەری ڕاوەشاند و وتی:

ـ با بزانین. بۆ گفتوگۆ لەم لایەنە بە ئەندازەی پێویست کاتمان هەیە. ئێوارە وەرە بۆ ماڵی ئێمە پیاڵەیەک چای بەیەکەوە دەخۆینەوە. لیژنەی جەنگ ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ڕاوێژی هەیە، تۆ دەتوانی زانیاری تێروتەسەل دەربارەی پۆگاچێڤ و دارودەستەکەی بە ئێمە بدەی. ئێستەش بڕۆ پشوویەک بدە.

چووم بۆ ئەو ژوورەی بۆیان دیاری کردبووم. ساولیچ پێشتر کەلوپەلەکانی بردبووم بۆ ئەوێ. بێئۆقرە چاوەڕوانی کاتی دیاریکراو بووم. پێویست بە گوتن ناکات بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی ئاوا گرنگدا کە زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانم هەبوو، هەرگیز فەرامۆش ناکرێت. کاتی دیاریکراو، گەیشتمە ماڵی ژنراڵ. لەوێ یەکێک لە پایەدارانی فەرمی شار، پیرەمێردێکی سوورهاڵی گۆنا گەشی قەڵەو بە بەرگی زەردەوە، سەرۆکی گومرکی شار ـ گوایە پەیوەندی لەگەڵ سەرهەنگ هەبووـ و ئەوی بە ناوبرای خۆی ناو دەهێنا، چارەنووسی سەرهەنگی لێ پرسیم. لەگەڵیدا بە پرسیاری

تازە و گوتنی ڕوانگەی خۆی ــ ئەگەر نیشانەی شارەزایی دارماڵی لە کاروباری سەربازیدا نەبوو، بەڵام هۆشمەندی و تیژبینی ئەوی پیشان دەدا ــ قسەکەمی پێ دەبڕی.

بەدەم ئاخافتنی ئێمەوە، وردە وردە ئەوانی تریش گەیشتن. فنجانی چا بەدەستەوە، ژنراڵ بە جەختی تەواوەوە مژارەکەی هێنایە ئاراوە و وتی:

ــ جەنابان! مژاری بڕیاردان ئەوەیە بە چ شێوەیەک دژی یاخییەکان ببینەوە؟ یەکەم دەبێ بزانین ئایە دەبێ هێرش بکەین یان بەرگری. هەرکام لەم دوو شێوازە قازانج و زیانی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە شێوازی هێرشکردندا، دەتوانین بە خێرایی چەتەکان لەناو ببەین، بەڵام بەرگری دڵنیاتر و کەم مەترسی ترە. ئێستە باشترە هەرکام بۆچوونی خۆی بڵێ و دەنگی لەسەر بدەین. لە ئەفسەرە گەنجەکانەوە دەست پێ دەکەین. (ئینجا ڕووی کردە من) جەنابی جێدار فەرموو بۆچوونی خۆتمان پێ بڵێ!

من لە شوێنی خۆم هەڵسام و بە ڕستەی کورت و بەبێ درێژدادڕی بۆچوونی خۆم لەمەڕ پۆگاچێڤ و لەشکردەکەی وت. جەختم لەسەر ئەوە کرد کە پۆگاچێڤ بە هیچ شێوەیەک خۆی لە بەرامبەر سپایەکی تەناهیدا[١١٤] پێ ڕاناگیرێ.

بەشداربووان بۆچوونەکەی منیان پێ پەسەند نەبوو و

١١٤ـ سپای تەناهی: regular army سپای فەرمی هاوچەرخی دەوڵەت یان وڵاتێک واتە هێزە چەکدارە فەرمییەکان، بە زۆری هێزی زەمینی، هێزی هەوایی، هێزی دەریایی؛ بە پێچەوانەی هێزە نارێکخراو یان ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان NGO، وەک هێزی بەرگری خۆبەخش، سپای تایبەت، بەکرێگیراو و هتد. [ع] الجيش النظامي [N] vanlig hær [د] ارتش منظم.

بە بۆچوونێکی گەنجانەی سەرەڕۆیان زانی. دەمەقاڵە و پرتەوبۆڵە بەرز بوویەوە و من بە ڕوونی گوێم لە وشەی «تازەکار»[١١٥] بوو، هەندێک بە ئارامی دەیانگوت. ژنراڵ ڕووی کردە من و دەمبەبزە وتی:

ـ جێداری بەڕێز، لە ڕاوێژی جەنگیدا بۆچوونەکانی سەرەتا هەمیشە دەبنە مایەی پەلاماردان، دەڵێی چی ئیتر! ئینجا با بۆچوونی ئەوانی تریش بزانین. جەنابی ڕاوێژکاری زانکۆ بفەرموو بیروڕای خۆتمان پێ بڵێ.

پیرەمێردی زێڕینپۆش، دەسبەجێ فنجانی سێیەمی چاکەی، کە تا نیوە ڕامی تێکردبوو، هەڵقوڕاند و لە وەڵامی ژنراڵدا وتی:

ـ جەنابی ژنراڵ من لام وایە ئێمە پێویستمان نە بە هێرش هەیە و نە بە بەرگری.

ژنراڵ بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ـ جا شتی وا چۆن دەبێ؟ تاکتیکی ترمان نییە، یان دەبێ هێرش بکەین یان دەبێ داکۆکی لە خۆمان بکەین.

ـ جەنابی ژنراڵ، بە بیری من دەبێ بە بەرتیل بیکەین.

ـ بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ. پێشنیازێکی زۆر زەنگینە. بەرتیل پێدان[١١٦] وەکوو تاکتیکێکی گرنگی جنگی چەسپاوە. ئێمە

---

١١٥ـ تازەکار: greenhorn ناپوختە، نەشارەزا، ساویلکە. [ع] القليل الخبرة [N] grønnhorn [د] ناشی، سادەلوح.

١١٦ـ بەرتیل: bribery [ئاو] پارەیەکی نارێسایە دەدرێ بە کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێکی نارێسایی؛ بەرتیدان و بەرتیلوەرگرتن وەکوو یەک سزایان لە سەرە. [ع] رشوة [N] bestikkelser [د] رِشوە.

بە هەلی دەزانین و پێشنیازەکەی جەنابت بەکار دەهێنین. دەتوانین خەلاتێکی حەفتا ڕووبلی بۆ سەری ئەو چەتەیە دابنێین و تەنانەت دەتوانین تا سەد ڕووبلیش بدەین.

سەرۆکی گومریک قسەکەی بە ژنراڵ بڕی و وتی:

ـ بەڵێ وایە، ئەگەر ئەو تالانکەرانە سەرۆکەکەیان دەست و پێ بەستراو ڕادەست نەکرد، ئەوا منی ڕاوێژکاری پسپۆڕی زانکۆ، لە مەڕێکی قرقیزیش کەمترم!

ژنراڵ وەڵامی دایەوە:

ـ زۆر چاکە ئێمە دیسانەوەش لەم بارەیەوە پێکەوە دەدوێین و بڕیاری لەسەر دەدەین. بەڵام دیسانەوەش نابێ ئامادەیی سەربازییمان لەبیر بچێتەوە. درێژەی دەدەین و بۆچوونەکانی تریش دەبیستین.

هەموو بۆچوونەکان دژی ئەوەی من بوون.

هەموو ئەفسەرەکان کەمی سەرباز و دڕدۆنگی لە سەرکەوتنیان بە بیانوو دەهێنایەوە. پێیان وابوو دەبێ پارێز بکەین و شتی لەم بابەتە. هەموویان مانەوە لە ناوشار و لە پەنای شوورە و قەڵاتی بەردینی تۆکمە و بەرگری تۆپی قورسیان بە ژیرانەتر دەزانی، تا بڵاوکردنەوەی هێزەکان لە دەشتێکی بەربەریدا.

سەرەنجام ژنراڵ پاش بیستنی بۆچوونی هەموان، خۆڵەمێشی سەبیلەکەی داتەکاند و بەم شێوەیە کەوتە وتاردان:

ـ جەنابان! دەبێ بڵێم من لەگەڵ بۆچوونەکەی پیۆتەر

ئاندرۆڤیچ هاودەنگم، چونکە ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەو بنەما جەنگییە یەک دەگرێتەوە کە: «هەمیشە هێرشی لە بەرگری پێ باشترە!»

لێرەدا تۆزێ بێدەنگ بوو، کەوتە پڕکردنەوەی قەننەکەی. خەریکبوو ئەوینی من زاڵ دەبوو و بە لووتبەرزییەوە دەمڕوانییە ئەو ئەفسەرە بەرپرسانەی بە دڵڕاوکەوە پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد.

ژنراڵ بەدەم ئاهێکی قووڵەوە، دووکەڵی تیری[117] قەننەکەی دایە دەرەوە و درێژەی بە گوتەی خۆی دا:

ـ بەڵام جەنابان، کاتێکە مژارەکە پەیوەندی بە چاکە و ئاسایشی ئەو مەڵبەندەوە هەبێ، کە خاوەنشکۆ داویەتە دەستی من، هەرگیز ناوێرم ئەو بەرپرسایەتییە مەزنە بگرمە ئەستۆی خۆم. بۆیە بە ناچار منیش لەگەڵ بۆچوونی گشتی هاودەنگ دەبم و لە سەنگەری شوورە و قەڵات و تۆپدا چاوەڕوانی دوژمن دەکەم. هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە بە چالاکی ناوبەناو و پەلاماری تەق و ڕەو[118] هێرشەکانی دوژمن بەرپەرچ بدەینەوە.

ئینجا سەرەی ئەفسەرەکان بوو، بە تەوسخەندەوە بڕواننە ڕوخساری من.

---

١١٧ـ تیر: thick ئاوەڵناو خەست، چڕ، هەس. ن: هەنگوینی تیر. ن: دووکەڵی تیر. ع سمیک N tykk د غلیظ.

١١٨ـ تەق و ڕەو: fight and flight ناوی لێکدراو قنگەشەڕ، قوونەشەڕە، جەنگی پێشمەرگانە، جەنگی پارتیزانی؛ دەسووەشاندن و هەڵاتن. ع الحرب والهروب N kjempe og flykte د جنگ و گریز E Partisan warfare.

کۆبوونەوەی ڕاوێژکردن کۆتایی هات. من هێشتاش ناتوانم بۆ ئەو ژنراڵە پیرە بەداخەوە نەبم، کە ڕادەستی بۆچوونی کۆمەڵێک نەزان و بێئەزموون بوو.

چەند ڕۆژ لە دوای ئەو ڕاوێژە گرنگە، هەواڵمان پێگەیشت، پوگاچێڤ وەک بەڵێنی دابوو، خەریکە بەرەو ئۆرنبۆرگ پێشڕەوی دەکات. من سپای یاخییەکانم لە سەروو دیدەوانی[١١٩] قەڵاتەوە بینی و وام بۆ دەرکەوت لە دوا جارەوە کە پێش هێرش بنیبوویانم، هێزەکەیان دەیان جار زۆرتر بیوو. ئێستە تۆپخانەشیان هەبوو. ئەو تۆپانەی پوگاچێڤ لە قەڵاتە بچووکەکان بە تاڵان هێنابوویانی.

بڕیاری کۆبوونەوەی ڕاوێژی سەربازی هاتەوە بیرم و، پەی بردن بەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ لە پشت دیوارەکانی شاری ئۆرنبۆرگدا زیندانی دەبین، وەهای پەژارەمەند کردم، خەریک بوو ڕۆندک بە چاوما بێتە خوارەوە.

من لێرەدا سەربردەی گەمارۆی ئۆرنبۆرگ نانووسم، چونکە ئەوە کاری مێژووە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە سەربردەی کەسییەوە نییە. تەنها لە چەند وشەدا ئاماژە بەوە دەکەم بە هۆی نەزانمکاری بەرپرسانەوە، ئەو گەمارۆیە بووە هۆی قاتوقڕی و ڕۆژەڕەشی دانیشتوانی ئەو شارە و بوو بە مایەی وەزەنگ و تەنگانەیەکی گەورە. لەم دارەتەدا دژواری ژیان لە ئۆرنبۆرگ لە ڕادەی وزەی مرۆیی تێپەڕیبوو. نرخەکان

١١٩ـ دیدەوانی: observation tower چاودێرگە، ژوورێکی بەرزی تایبەت بۆ چاودێری قەڵات و زیندان و پادگان و، لە کۆندا بۆ بینینی دەرەوەی شوورەی شار. [ع] برج المراقبة [N] observasjonstårn [د] برج دیدبانی.

ئەوەندە سەرکەوتبوون، دارا و نەدار هاواریان چووبوو بە حەوادا. هەموو چاوەڕوانی مەرگ بوون و لەگەڵ تەقینەوەی گولله تۆپ لە تەنیشت خانوەکەیانەوە ڕاهاتبوون. تەنانەت پەلامارە ناوبەناوەکانی پۆگاچێڤ دای نەدەچڵەکاندن. من ئەوەندە بێزار بیووم خەریکبوو فجووق بکەم. ڕۆژگار بە خێرایی تێدەپەڕی و من هیچ ئاگایەکم لە بێلۆگۆرسکی نەبوو. دووری ماریا ئیڤانۆڤنا وزەی لەبەر بڕیبووم. بێئاگایی لە چارەنووسی ئەو تۆقاندبوومی. سواری ئەو ئەسپە دەبووم پۆگاچێڤ بۆی ناردبووم، غارم دەدا بۆ دەرەوەی شار و سوارەکانی پۆگاچێڤم دەدایە بەر گولله. بەڵام بە هۆی تێری و ئەسپی باش و شارەزایی و تفاق و ئامۆژی جەنگی باشترەوە، چەتەکان هەمیشە دەستی باڵایان هەبوو. سوارە لەڕ و برسییەکانی ئێمە دەرەقەتی ئەوان نەدەهاتن.

دەستەی سوارەی ئێمە جارجارە لە شار دەچوونە دەرەوە و هێرشیان دەکردە سەر سپای دوژمن، بەڵام بەفر ڕێگەی نەدەدا وەزەنگێکی ئەوتۆ بە دوژمن بگەیەنن. گوللەی تۆپ بەسەر خەرەندەکەدا وژەی دەکرد و لە دەشتەکە دەکەوتە خوارە. ئەمە بوو چالاکی سەربازی ئێمە! ئینجا ئەفسەرانی بەرپرسی ئۆرنبۆرگ ئەمەیان ناو نابوو ژیری و پارێز!

ڕۆژێکیان بەختمان یار بوو و توانیمان بڵاوە بە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی دوژمن بکەین. من خۆم گەیاندە کازاخێک کە لەوانی تر جیاببوویەوە و دەمویست بە شمشێرە تورکییەکەم زەبرێکی لێبدە، لەپڕ کڵاوەکەی داگرت و وتی:

ـ بەیانی باش، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! چۆنی، باشی؟

به یەگ نیگا یاوەری کازاخم ناسییەوە و لە ڕادە بەدەر لە بینینی شادمان بووم. وەڵامم دایەوە و وتم:

ـ بەیانی باش، ماکسیمیچ! کەی لە بێلۆگۆرسکییەوە هاتی؟

ـ تازە. دوێنێ لەوێ گەڕامەوە. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ نامەیەکیشم بۆ تۆ هێناوە.

هەستم کرد خوێن زایە ڕوخسارم. هاوارم کرد:

ـ کوا؟ لە کوێیە؟

ماکسیمیچ دەستی کرد بە گیرفانی باخەڵیدا و وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوەتانێ، بەڵێنم بە پالاشا دا، ئەم نامەیە بە تۆ بگەیەنم.

ئەوسا کاغەزێکی نووشتاوەی دا بە دەستمەوە و چوارناڵە دوور کەوتەوە. نامەم کردەوە و ئەو دێڕانەم خوێندەوە، کە تەزیان بە گیانمدا هێنا:

«خوا وای ویست، بە یەکجار لە نازی دایک و باوک بێبەشم بکات. ئیتر لەم جیهانەدا نە خزمم هەیە و نە کەس تا داکۆکیم لێ بکات. ئەزانم هەمیشە چاکەی منت ویستووە و دەزانم ئامادەی یارمەتی هەموو کەس بکەیت، کەوانە ببە بە پشت و پەنام. لە خوا دەپاڕێمەوە ئەم نامەیە بگات بە دەستت. ماکسیمیچ بەڵێنی داوە نامەکەت پێ بگەیەنێت. ماکسیمیچ بە پالاشای وتووە،

جارجارە تۆ لە کاتی تەق و ڕەودا دەبینیٚ. وتوویەتی تۆ نە لە بیری خۆت دایت و نە ئەوانەی بە ئەسرینەوە نزات بۆ دەکەن. من ماوەیەك نەخۆش بووم و کاتێك تۆزیٚ باشتر بووم، ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ -کە ئێستە لە جیاتی باوکم بووە بە فەرماندەی قەڵات- گوشاری بۆ بابە گراسیم هێناوە تامن ڕادەستی ئەو بکات. هەڕەشەی لێکردووە، سکاڵای دەباتە لای پۆگاچێڤ. من ئێستە لە ماڵی خۆمان وەك زیندانیم. ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ ئەیەویٚ من دڵگاو بکات شووی پیٚ بکەم و خۆی هەڵدەکێشیٚ ئەو گیانی منی ڕزگار کردووە، چونکە درۆکەی ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنای لە لای پۆگاچێڤ ئاشکرا نەکردووە. مردن لەو شووکردنە بە باشتر دەزانم. هەڕەشەی ئەووم لێدەکات ئەگەر شووی پیٚ نەکەم، دەمباتە وارگەی[120] تاوانکاران و ئەووەی بە سەر کەسانی وەکوو لیزابێتا خارلۆڤادا[121] هاتووە، بەسەر منیشی دەهێنن. داوام لێکرد، دەرفەتم بداتیٚ بیری لیٚ بکەمەوە. ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ سیٚ ڕۆژ دەرفەتی داوە پێم، بەو مەرجەی ئەگەر لە دوای ئەو سیٚ ڕۆژە شووم پیٚ نەکرد، ئیتر هەرگیز لێم خۆش نابیٚ و بەزەیی پێمدا نایەتەوە.

پیۆتەر ئاندرۆڤیچی هێژام! تۆ تەنها پشتیوانی منی. لەم پەرێشانییەدا فریام کەوە. ژنراڵ و هەموو

١٢٠ـ وارگە: camp سەربازی **ناو** چادرگا، کەمپ، هۆبە، زۆم، بارەگا، هەوارگە، لەشکرگا. **ع** مخیم **N** leir **د** اردوگاه، اردو.

١٢١ـ Lizaveta Kharlova یان Harlova

فەرماندەکان هان بدە پەلە بکەن و لەشکەرێک بنێرن بۆ یارمەتی ئێمە. ئەگەر توانیت خۆیشت وەرە. بە گیان و دڵ من ملکەچی ئەوەم کە تۆ بیڵێی.
هەتیوی بێ ئەنوا: ماریا ئیڤانۆڤنا

پاش خوێندنەوەی نامەکە، خەریک بوو شێت و هار دەبووم. بێبەزەییانە مامزەم لە لاکەلەکەی ئەسپە بێبەختەکەم دەکوتا و، بە چوارناڵە بەرەو شار دەم ئاژووت. لە ڕێگە تێدەکۆشام چارەیەک بۆ کچەی نازشێواو بدۆزمەوە، بەڵام هیچ نەدەهات بە مێشکمدا. کاتێک گەیشتمە شار، یەکسەر چووم بۆ ماڵی فەرماندە و شێتانە خۆم کرد بە ژووردا.

ژنراڵ لەناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد و قەننەی دەکێشا. ئەوەندەی منی بینی، وەستا. وەکوو شتێک بینیبێتی من بیبوویە هۆی سەرسووڕمانی. چونکە بە مەراقەوە هۆی هاتنە کتوپڕەکەمی پرسی. من وەڵامم دایەوە:

ـ جەنابی ژنراڵ، من وەک منالێک کە پەنا بۆ باوکی دەبات، خۆم خستوەتە دەرگانەتان. سوێندت دەدەم بە گەورەیی خودا ڕووم مەخە زەوی، چونکە بەختەوەری هەموو ژیام پەیوەندی بەو وەڵامەی بەڕێزتانەوە هەیە.

پیرەمێرد بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ـ فەرمووو بڵێ، ئازیز! چی بووە؟ من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

ـ جەنابی ژنراڵ، ڕێگەم بدەن بە لکێک سەرباز و پەنجا

کازاخ، بچم و قەلاتی بێلۆگۆرسکی پاقژ بکەمەوە.

ژنراڵ وەها لێم ورد بوویەوە، وەک بە شێتی زانیبووم، ڕەنگیشە هەڵەی نەکردبوو. ئینجا وتی:

ـ مەبەستت لە پاقژکردنەوەی قەلاتی بێلۆگۆرسکی چییە؟

بە گوڕ و تامەزرۆییەوە وتم:

ـ تەنها من بەرپرسی بەرەنجام و دەستەبەری سەرکەوتنی چالاکییەکە دەکەم. بەس ڕێگەم بدە بڕۆم.

ژنراڵ لەکاتێکدا سەری ڕادەوەشاند وتی:

ـ نا، جەوان! لەو ماوە درێژەدا بۆ دوژمن زۆر ئاسانە بەرت پێ بگرێ و پەیوەندیت لەگەڵ خاڵی ستراتژیک دابڕێ و، نەهێڵێ سەرکەوتنێکی مسۆگەر بەدەست بهێنێ. ئینجا کاتێک پەیوەندی...

ترسی ئەوەی سەرتیپ بە ڕێسای سەربازی وەڵامم دەداتەوە ئێستەکانێ لە ستراتێژییەوە دەچێت بۆ تاکتیک، خۆم پێ ڕانەگیرا و بە پەلە قسەم پێبڕی:

ـ بەڵام جەنابی ژنراڵ کچی سەرهەنگ میرۆنۆڤ لە نامەیەکدا بۆی نووسیوم یارمەتی بدەم. شڤابرین دەیهەوێ بەزۆر لە خۆی مارە ببڕێ، لەکاتێکدا ئەو نایهەوێ.

ـ بە ڕاستتە؟ ئای، ئەم شڤابرینە بەدفەڕێکی نەگریسە. ئەگەر بکەوێتە دەستم لە بیست و چوار کاتژمێردا دادگایی دەکەم و دەڵێم لە بن دیواری قەلاتدا تیرەبارانی بکەن. بەڵام ناچار تا ئەو کاتە دەبێ ڕاوەستین.

من شێتانە هاوارم کرد:

ـ دەبێ ڕاوەستین؟ مەگەر نازانی ئەو ماریا ئیڤانۆڤنا ناچار دەکات شووی پێ بکات؟!

ژنراڵ وەڵامی دایەوە:

ـ دەیجا خۆ ئەوە زۆر خراپیش نییە، بۆ ئەو باشترە تا ئەو کاتە ژنی شڤابرین بێت. بەڵام پاشان دەتوانێ ئەو بدات بە دەستی ئێمەوە و ئێمەش تیرەبارانی دەکەین. لە دوای ئەوەش زۆر کەس حەز دەکات ماریا بخوازێ. بێوەژنی ئادەر هەرگیز پەکیان ناکەوێ. ئەمەوێ بڵێم بێوەژنی جەوان زووتر لە کچان شوو دەکەن.

بە تووڕەییەوە وەڵامم دایەوە:

ـ دڵنیا بە دەمرم و، ئەو ڕادەستی شڤابرین ناکەم.

پیرەمێرد وتی:

ـ ئا! ئێستە تێگەیشتم. دیارە تۆ شەیدای ماریا ئیڤانۆڤنایت. بەڵێ، ئەمە شتێکی ترە. ئەی برەشی بێچارە! بەڵام لەگەڵ ئەوەش من ناتوان سەرباز و کازاخ بە تۆ بدەم. ئەو هێرشە کارێکی سەرەڕۆی بێهوودەیە و، من ناتوانم بەرپرسایەتی بگرمە ئەستۆ.

سەرم داخست. نائومێدی خەریک بوو باڵی بەسەرمدا دەکێشا، لەپڕ بیرێک هات بە مێشکمدا! ئینجا وەک ئەفسانەسازانی کۆن دەیاننووسی لە بەشی داهاتوودا دەزانن ئەو بیرە چی بوو.

بەشی ١١

## وارگەی یاخیبوان

ئەو کات کە شێر ورگی تێر بوو و
دەمی لستەوە،
سەرەڕای ئەدگاری شێرانەی
بە سۆزەوە پرسیاری کرد:
–چی هێناتی بۆ کابۆکی من؟
«سۆمارۆکۆف»

لە ماڵی ژنراڵ هاتمە دەرەوە و یەکسەر چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان. ساولیچ پاش زانینی بوویەرەکە کەوتە ئامۆژگاری کردنم:

–بۆچی هەموو ڕۆژ بۆ تەق و ڕەو لەگەڵ ئەو چەتانە لە قەڵات دەچیتە دەرەوە؟ ئەوە شیاوی مرۆڤی شیانست نییە، بۆی هەیە بە خوتوخۆڕایی لەدەست بچیت. دیسان ئەگەر خەنیمەکانت تورک و سویدی بوایەتن خۆی شتێک بوو. بەڵام ئەم دزانە خۆ بایی ئەوە نین.

قسەکەم پێ بڕی و وتم:

ــ جارێ پێم بڵێ چەندە پارەمان ماوە؟

ساولیچ بە شادمانییەوە وەڵامی دایەوە:

ــ بە ئەندازەی پێویستمان هەیە. دزەکان هەموو شوێن گەڕان، بەڵام من لەوان زیرەکتر بووم! وام شاردبوویەوە نەیاندۆزییەوە.

لەگەڵ وتنی ئەم گوتانەش، کیسەی پارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. من وتم:

ــ جا ساولیچ، نیوەی ئەو پارەیە بۆ خۆت دابنێ و نیوەکەی تری بدە بە من. من بەرەو قەڵاتی بێلۆگۆرسکی دەڕۆم.

پیرەمێرد دەنگی کەوتە لەرزین و وتی:

ــ ئەربابی هێژام، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! چۆن کاری ئاوا مەترسیدار دەکەی؟ ئەگەر دڵت بۆ خۆت ناسووتێ، بەزەییت بە دایک و باوکتدا بێتەوە. چۆن دەتوانی بڕۆی؟ بۆ چی؟ تۆزێ ڕاوەستە هێزی پشتوان دەگات و یاخییەکان وردوخاش دەکات. ئەوسا بۆ کوێ بتەوێ دەتوانی بڕۆیت.

بەڵام بڕیارەکەی من مسۆگەر بوو.

بە پیرەمێردم وت:

ــ مشتومڕ و ئامۆژگاری ئیتر بەسە. من دەبێ بڕۆم و ڕێگەی ترم نییە. پەژارەت نەبێ، خوا گەورەیە. ڕەنگە دیسانەوە یەکدیمان ببینییەوە. گوێت لە پارەش نەبێ، چیت پێویستە بە سێ بەرامبەریش بووە بیکڕە. ئەوا ئەو پارەیەم بە تۆ بەخشی. ئەگەر تا سێ ڕۆژی تر نەهاتمەوە...

ساولیچ قسەکەی پێ بڕیم و وتی:

ــ ئەوە دەڵێی چی؟ مەگەر من دەهێڵم بە تەنها بڕۆیت؟ هەرگیز بیری وا مەکەرەوە، ئێستە کە تۆ بڕیارت داوە، منیش لەگەڵت دێم. خۆ ئەوەندە گەوج نیم بە تەنها لە پشت ئەم شوورە بەردینەدا بوەستم. چی دەڵێی بیلێ، بەڵام من لەگەڵت دێم.

زانیم لەوە زیاتر مشتومڕ بێسوودە. لێی گەڕام خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکات.

دوای نیو کاتژمێر، من سواری ئەسپە خۆشڕەوەکەم بووم و ساولیچیش سواری ئەو ئەسپە بوو، دراوسێیەک لەبەر نەبوونی ئاڵف بە خۆڕایی پێی دابوو. بەرەو دەراوازە چووین و کێشکەکان ڕێگەیان داین و ئێمە لە ئۆرنبۆرگ چووینە دەرەوە.

هەوا تاریک دەبوو. ڕێگا بە بەردەمی گوندی **بەردا**دا[١٢٢] تێدەپەڕی کە بنکەی پۆگاچێڤ بوو. جادەکە بەفر داپۆشابوو. بەڵام شوێنی سمکوتی ئەسپی یاخییەکان، کە هەموو ڕۆژێک لەو ناوە تاراتێنیان دەکرد، لە هەموو لایەک دەبینرا. من ئەسپەکەم دایە غار و ساولیچ بە دژواری بە دوامدا دەهات. بەردەوام هاواری دەکرد:

ــ تۆ بیت و خوا، ئەرباب! ئەوەندە توند مەڕۆ! ئەم یابووە نەگریسەی من، بەو لنگدرێژەی تۆ ناگاتەوە. خۆ ناچین بۆ زەماوەند، بۆ وا پەلەتە؟ ئێمە دەچین بۆ ناشتنی خۆمان،

١٢٢ـ Berda

پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، ئەربابی ئازیزم! ئەی خوایە گیان، ئەم گەنجە سەرەڕۆیە چ چارەنووسێکی شوومی دەبێ؟

ئەوەندەی پێنەچوو، چراکانی گوند لە دوورە دەرکەوتن. لە دۆڵێکەوە کە خەرەندی سروشتی گوند بوو، خۆمان دەرباز کرد. ساولیچ ئەوا شانبەشانم دەهات، بەڵام هێشتاش لە پرتە و بۆڵە نەدەکەوت.

هیوام وا بوو بە ئاسانی دەوربدەینەوە و لە نەواقەی شار دوور بکەوینەوە، بەڵام لەناکاو، لە تاریکوڕوونی ئێوارەدا پێنج گوندی تێلا بەدەست لە بەردەممان هەڵقوڵان. ئەوانە گەشتی شەو بوون. داوای ناوی شەویان کرد. من نەمدەزانی و ویستم تێپەڕم، یەکیان لەغاوی ئەسپەکەی مى گرت. من شمشێرم ڕاکێشا و زەبرێکم لێدا، کڵاوە ئەستوورەکەی پاراستی. بەڵام خۆی ڕاوەشاند و لەغاوی ئەسپەکەمی بەردا. هاوڕێکانی لەو کاردانەوەی من ترسان و کشانەوە. من هەلەکەم قۆستەوە، مامزەم دا لە ئەسپەکەم و بە غار دوور کەوتمەوە. بۆی هەبوو تاریکی شەو لە دەستی ئەوانە ڕزگارم بکات، بەڵام کاتێک لام کردوە و چاوم بۆ ساولیچ گێڕا، نەمدۆزییەوە. پیرەمێردی ڕەبەن نەیتوانیبوو بەو یابووە شەلە خۆی لە دەستیان دەرباز بکات.

چارە نەبوو، پاش ئەوەی چەند خولەک ڕاوەستام و دڵنیابووم گیری کردووە، گەڕامەوە بۆ یارمەتیدانی. کە گەیشتمە لای گردەکە، دەنگەدەنگ هات. دەنگی ساولیچم ناسییەوە. خۆم گەیاندە شوێنەکە. ساولیچم بینی لە

ئەسپەکەی خراوەتە خوارەوە و خەریکە دەست و پای دەبەستن. گەڕانەوەی من بووە هۆی شادمانی شەوگەڕەکان و هاشاوڵیان بۆ هێنام. لە چاوترووکانێکدا لە ئەسپەکەم خستمیانە خوارەوە. یەکیان کە گوایە سەریەل بوو، وتی: دەسبەجێ دەمانبات بۆ لای ئیمپراتۆر و درێژەی دا:

ـ ئەویش یان دەسبەجێ لە سێدارەیان دەدات یان چاوەڕێ دەکات تا ڕۆژ ببێتەوە.

من ئیتر بەرگریم نەکرد و ساولیچیش پەیڕەوی لە من کرد. شەوگەڕەکان سەرکەوتوانە ئێمەیان دایە پێش خۆیان. لە گردەکە تێپەڕین و چووینە ناو شارۆچکەکە. پەنجەرەکان بە ڕووناکی چراپڵیتە، ڕووناکی دەدا و لە هەموو لایەکەوە دەنگی قرموقاڵ دەبیسترا. لە ناو کۆڵان و ڕێگە هاتوچۆ زۆر بوو و زۆریان لە ناو ئەفسەرانی بێلۆگۆرسکیدا منیان بینیبوو، بەڵام لەو تاریکییەدا کەس هەستی بەوە نەکرد من ئەفسەری ئەوێ بووبێتم.

شەوگەڕەکان یەکسەر ئێمەیان برد بۆ کۆلیتێک لە سەر چوارڕێیانێک. نزیکی دەرگاکە چەند داریل[١٢٣] شەراب و دوو دزگا تۆپ دەبینرا.

یەکێک لە حەسحەسەکان وتی:

ـ کۆشکی ئیمپراتۆر لێرەیە. من دەچم هاتنی ئێوە ڕادەگەیەنم.

---

١٢٣ـ داریل: cask **ناو** دەرم، کەمۆڵ، بەرمیلی تەختەی گەورە، کووپەی داری سەرگیراو، کووپەی شەراب. ع برمیل خشبی N tønne د بشکە چووبین.

ئەمەی وت و چووە ژوورەوە. من سەیری ساولیچم کرد. پیرەمێرد لەبەر خۆیەوە گازەی دەکرد و خاچی لەسەر سینەی دەکێشا. ماوەیەکی دوورودرێژ چاوەڕوانمان کرد، تاکوو حەسحەس گەڕایەوە و بە منی وت:

ــ بچۆرە ژوورەوە، باوکمان دەیەوی تۆ ببینێ.

چوومە ناو کۆلیت، یان وەک جووتبەندەکان دەیانگوت، چوومە ناو کۆشکی ئیمپراتۆرەوە. کۆلیتەکە دوو چراپلیتە ڕوونی دەکردەوە. دیوارەکانی بە کاغەزی زێڕین داپۆشرابوو. بەڵام، مێز و کورسی، دەفر و ئامان، خاولی هەڵواسراو بە بزمارێکەوە، کوانووی دایساوی سووچی ژوورەکە و، ڕفحەی[١٣٤] پانی پڕ لە دەفری سواڵەت[١٣٥]، هەمووی لە کۆلیتەکانی تر دەچوو.

پۆگاچێڤ سوخمە کازاخییە سوورەکەی لەبەردا بوو و کڵاوێکی بەرز لە سەریدا، بە مەزنایەتی شاهانە دەستی بە یەخەی ئێلەگەکەیەوە، لەسەر کورسییەکەی پاڵی دابوویەوە. لە نزیکیەوە چەند کەس لە هاوڕێ گرنگەکانی بە دارەتێکی ساختەی دەستەوسینە دانیشتبوون. جوان دیار بوو هەواڵی هاتنی ئەفسەرێک لە ئۆرنبۆرگەوە مەراقی بزواندبوون و خۆیان بۆ پەزێرایی ئامادە کردبوو. پۆگاچێڤ بە یەکەم نیگا

١٣٤ـ ڕفحە: shelf ناو ڕف، ڕەفە، تاقەی زۆپ، شوێنێکی تەختە یان گەچ و چیمەنتۆیە وەکوو تاقێکی باریکۆلە بۆ دانانی شمەک و وەکوو جامخانە. ع الرف N hylle د رف.

١٣٥ـ سواڵەت: tile ناو گڵێنە، کاشی، گۆزە و دیزە و کیتەڵە و شتی دروستکراو لە گڵەسوورەی سوورەوەکرا. ع البلاط N flis, slate د کاشی.

منی ناسییەوە، ئەو دارەتی خۆگێڤکردنەوەی خستە لاوە و بە پەلە پرسی:

ــ ئا، ئەوە تۆی! چۆنی جەناب؟ چی بوو ڕێگەت کەوتووەتە ئەم ناوانە؟

من وەڵامم دایەوە بۆ کاری تایبەتی خۆم لە شار هاتوومەتە دەرەوە و سەربازەکانی ئەو گرتوومیانە.

پرسی:

ــ بۆ چ کارێک هاتبووی؟

نەمدەزانی بڵێم چی. پۆگاچێڤ لای وابوو نامەوێ لەبەر چاوی دانیشتوان قسە بکەم. ڕووی کردە هاوڕێکانی و فەرمانیدا بچنە دەرەوە. هەموویان بە قسەیان کرد، جگە لە دوو کەس.

پۆگاچێڤ بە منی وت ئازاد بە و، قسەی خۆت بکە. ئەمانە ڕازداری منن، هیچیان لێ ناشارمەوە.

لە سیلەی چاوەوە سەیرێکی دوو ڕازدارەکەم کرد. یەکیان پیرەمێردێکی چەماوە و وردیلە بوو، بە ڕیشی سپییەوە، شتێکی ئەوتۆ خۆیای نەدەکرد. بەڵام هاوڕێکەی تری مرۆڤێکی سەمەرە بوو و هەرگیز لە بیری ناکەم. کابرایەکی باڵابەرز، تێکسمڕاو، چل و پێنج دەبوو. ڕیشی سوور و چاوی مێشی درەوشاوە، لووتی بڕاو، پەڵەی سوور بە تەوێڵ و گۆناکانییەوە، دارەتێکی لە وەسینەهاتووی بە ڕوومەتی هاولاوی و پانی دەدا. کراسی سووری لەبەردا بوو، شاڵی قرقیز بە شانیەوە، شەرواڵێکی هەراوی کازاخی لەپادا

بوو. وەک پاشتر بۆم دەرکەوت، یەکەمیان یاوەری هەڵاتوو بێلۆبۆردۆڤ[١٣٦] و ئەوی تریان ئافانازی سۆکۆلۆڤ[١٣٧]، سزادراوێک کە سێ جار لە کانەکانی سیبری هەڵاتبوو و، نازناوی خلۆ پۆشای[١٣٨] وەرگرتبوو. سەرەڕای دڵەڕاوکەی بە هۆی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە چاوەڕواننەکراوەوە تووشی ببووم، ئەندێشەم باڵی گرتبوویەوە، بەڵام پۆگاچێڤ بە پاتەکردنەوەی پرسیارەکەی هێنامییەوە بە خۆمدا.

ـ بڵێ بزانم بۆچی لە ئۆرنبۆرگ هاتیتە دەرەوە؟

بیرێکی سەمەرە هات بە مێشکمدا. لای خۆم وتم ئێستە کە چارەنووس جارێکی تر منی هێناوەتەوە بۆ لای پۆگاچێڤ، مەبستی ئەوە بوو بەدەستی ئەو کارەکەم بۆ جێبەجێ بکات. بۆیە بڕیارم دا سوود لە دۆخەکە وەربگرم و بەبێ هەڵسەنگاندنی ئەوەی لە مێشکمدا بوو، لە وەڵامی پۆگاچێڤدا وتم:

ـ دەچووم بۆ قەڵاتی بێلۆگۆرسکی، تا هەتیوێک کە لەوێ گرفتار بووە، لە ئەشکنجە دەرباز بکەم.

بریسکە لە چاوی پۆگاچێڤ بوویەوە و هاواری کرد:

ـ کام لە پیاوانی من وێراویەتی ناجوامێرانە لەگەڵ هەتیوێک بجووڵێتەوە؟ ئەم کەسە چەندەش زیرەک بێت ناتوانێ لە سزای من خۆی بپەرێنێتەوە. بڵێ بزانم ئەم کەسە تاوانکارە کێیە؟

١٣٦ـ Beloborodov

١٣٧ـ Afanasy Sokolov

١٣٨ـ Khlopusha

وەڵام دایەوە:

ــ ئەو کەسە شقابرینە. ئەو کچە نەخۆشەکەی لە ماڵی قەشە بینیت لە سەر جێ کەوتبوو، ئەیەوێ بە کەڵەگایی بیکات بە ژنی خۆی.

پۆگاچێڤ ڕواڵەتی هەڕەشەئامێزی بە خۆیەوە گرت و وتی:

ــ ئەم شقابرینە وەها تەمێ بکەم، هەرگیز لە بیری نەچێتەوە. پیشانی دەدەم بەرەنجامی بەدڕەفتاری لەگەڵ سەرسپێرانی من و لادان لە ڕێسا چییە؟ من دەیدەم لە سێدارە!

خلۆ پۆشا، بە دەنگێکی وشک وتی:

ــ بۆم هەیە بۆچوونی خۆم بڵێم؟ تۆ لە دانانی شقابرین بۆ ئەو پلەیە وەک فەرماند، پەلەت کرد و ئێستەش لە هەڵواسینیدا پەلە دەکەیت! بە دانانی یەکێک لە دەرەبەگەکان، کازاخەکانت ڕەنجاند؛ لانیکەم بە یەکەم گومان لە شقابرین، دەرەبەگەکان لە خۆت مەڕەنجێنە.

ئەو پیرەمێردەش کە قردێلەی شینی دادووری بوو بە جاکەتەکەیدا، وتی:

ــ هیچ مافێکیان نییە و، بۆشیان نییە دڵیان بڕەنجێ. لە سێدارەدانی شقابرینینیش هیچ کارێکی خراپ نییە. ئینجا نابێ لە بیرمان بچێ لەم جەنابی ئەفسەرەش بکۆڵینەوە بۆچی هاتووە بۆ ئێرە؟ ئەگەر جەنابت بە ئیمپراتۆر ناناسێت، بۆ هاتووە بۆ سکالا! ئەگەر ملکەچی تۆیە بۆ تا ئێستا لە

ئۆرنبۆرگ ماوەتەوە؟ ئەگەر ڕێگەم بدەی بن پای دەسووتێنم تا پێمان بڵێ فەرماندەکانی ئۆرنبۆرگ بۆ سیخوڕی ناردوویانە!

به بۆچوونی منیش، بیرسای دزەپیرە زۆر بەبڕشت بوو و، لە بیری ئەوەی کەوتوومەتە چنگی چ جۆرە کەسانێک، پشتم تەزی پێداهات. بەڵام پوگاچێڤ کە پەرێشانی منی بینی چاوێکی لێداگرتم و وتی:

ــ دەی فەرموو جەناب؛ بە بڕوای من، گوتەی جەنابی فیلد مارشاڵ زۆر بەجێیە. تۆ دەڵێی چی؟

قۆشمەییەکەی پوگاچێڤ هێزی هێنایەوە بەرم. بە ئارامی وەڵامم دایەوە، من وام لە بن فەرمانی ئەودا، چۆنی پێخۆشە با لەگەڵم بجووڵێتەوە.

پوگاچێڤ وتی:

ــ زۆر چاکە، ئێستە بڵێ بزانم، هەلومەرج لە ئۆرنبۆرگ چۆنە؟

وتم: ــ سپاس بۆ خوا، هەموو شت باشە.

پوگاچێڤ پاتەی کردەوە:

ــ باش؟ خەڵک وا لە برسان دەمرن، تۆ دەڵێی هەموو شت باشە؟

پوگاچێڤ ڕاستی دەکرد، بەڵام من ئەرکی سەرشانم بوو، وا بڵێم. ئەوە بوو کەوتمە دڵکاوکردنی پوگاچێڤ و وتم ئەوانە دەنگۆیە و لە ئۆرنبۆرگ تا ڕادەیەک ئازووخە هەیە.

پیرەمێرد دای بە ناو قسەکەمدا و وتی:

ــ چاوت لێیە، ڕووبەڕوو درۆت لەگەڵ دەکات. هەموو

ئاوارەکان بە یەک دەنگ دەڵێن لە ئۆرنبۆرگ قاتوقڕییە، بەتا بڵاو بووەتەوە و دانیشتوان گۆشتی سیسارکە کەچەڵ دەخۆن و، بۆ ئەو خۆراکە بێبەرامبەرە سپاسی خوا دەکەن. ئەگەر دەتەوێ شقابرین بدەی لە دار، ئەوە کارێکی باشە، بەڵام ئەم جەنابەیش لە تەکیەوە هەڵواسە، چونکە هەردووکیان سەروبنی کڵاشێکن.

وا پێ دەچوو وشەکانی پیرەمێرد پۆگاچێڤی دڵڕدۆنگ کردووە. لە بەختی من خلۆپۆشا کەوتە دژایەتی هاوڕێکەی و وتی:

ـ بەسە ناومیچ(١٢٩)! ئەگەر بە قسەی تۆ بکات دەبێ هەموو کەس بدات لە دار. تۆ ئەم کارە بە ئازایەتی دەزانی؟ خۆت وایت لە لێواری گۆڕ و هەر ئەوانی تر لەناو دەبەیت. مەگەر تا ئێستە بە ئەندازەی پێویست خوێنت نەڕژاندووە؟

بێلۆبۆردۆڤ بۆی سەندەوە:

ـ گوایە جەنابت زۆر پیرۆزی! لە کەیەوە ئەوەندە بەبەزەییت لێ دەرچوو؟

خلۆپۆشا وەڵامی دایەوە:

ـ هەڵبەت منیش تاوانم کردووە. هەڵبەت ئەم دەستە (لێرەدا دەستە لەڕەکەی بەرز کردەوە و بە هۆی کەوتنەخوارەوەی قۆڵی کراسەکەی بازووی تووکنی دەرکەوت.) خوێنی زۆر لە عیسایییەکانی ڕژاندووە. بەڵام ئەوانە دوژمنی من بوون، نە میوان؛ لە کوێرەڕێی ناو لێڕەوار،

(١٢٩) ـ Naumych

نەک لە ماڵی خۆم و لەبەر سۆپا؛ ئینجا بە تیر و شمشێر، نەک بە تۆمەتی ژنانە.

پیرەمێرد ڕووی وەرگێڕا و لەبەر خۆیەوە وتی:

ــ لووت بڕیاو.

خلۆپۆشا نەڕاندی:

ــ ئەوە دەڵێی چی، پیرەمێرد! لووتی بڕاوت پیشان دەدەم. تۆزێ ڕاوەستە نۆرەی تۆیش دێت. خوا یار بێت، تۆیش لوتت بەر تیخی دوێرد دەکەوێت. ئاگات لێبێ تووکی ڕیشیشت هەڵنەکەنم!

پۆگاچێڤ بە دەراوێکی هێور و بەشکۆ وتی:

ــ ژنراڵەکانی من! دەمەقاڵە بەسە ئیتر. ئەگەر هەموو سەگەکانی ئۆرنبۆرگ لە بن پلووسکێکدا بقرووسکێنن، چ خەم نییە. کێشە لەوە دایە، ژنراڵەکانی ئێمە گەرووی یەکدی هەڵدڕن. بەسە ئیتر، ئاشت بکەنەوە.

خلۆپۆشا و بێلۆبۆردۆڤ ئیتر هیچیان نەوت و بە دارەتێکی کینەئامێز سەیری یەکدییان دەکرد. زانیم پێویستە دەبێ بابەتەکە بگۆڕم، ئەگینا بۆی هەبوو بە زیانم تەواو ببێ. بۆیە بە ڕوویەکی گەشەوە ڕووم کردە پۆگاچێڤ و وتم:

ــ ئا، لەبیرم چوو سپاستان بکەم بۆ ئەو ئەسپ و کەوڵپۆسەی بۆت ناردبووم. ئەگەر ئەو چاکەی ئێوە نەبوایەت، نەمان دەتوانی ڕێگەکە بدۆزینەوە و لە سەرمان ڕەق دەبووینەوە.

فێڵەکەم گرتی. ڕووی مۆنی پۆگاچێڤ کرایەوە. چاوێکی

داگرت و وتی:

ــ وەڵامی چاکە چاکەیە! جا پێم بڵێ ئەو کیژەی شڤابرین بەو شێوە ناجوامێرانە لەگەڵی دەجووڵێتەوە، چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟ دەزگیرانی تۆیە.

کاتێک زانیم کەشەکە لەبارە و پێویست بە شاردنەوەی ڕاستی نییە، وەڵامم دایەوە:

ــ بەڵێ ئەو کچە دەزگیرانمە.

پۆگاچێڤ بە شادمانی و دەنگی بەرز وتی:

ــ دەزگیرانی تۆیە؟ ئەی بۆ زووتر پێت نەوتین؟ ئێمە زەماوەندت بۆ دەگرین و خۆیشمان لەوێ هەڵدەپەڕین.

پاشان ڕووی کردە بێلۆبۆردۆڤ و وتی:

ــ جەنابی فیلد مارشاڵ، من و ئەم جەنابە دۆستی کۆنین. کە واتە جارێ با بەیەکەوە شێو بکەین. بەیانی لە شەو ژیرترە، بەیانی دەتوانی بیرێک بکەیەنەوە چی لەگەڵ بکەین.

من ویستم خۆم لە شانازی ئەو میوانییە، ببوێرم. بەڵام چارە نەبوو. دوو کچی گەنجی کازاخی خاوەن کۆلیت سفرەی سپییان لە سەر مێزەکە ڕاخست و نان و سووپی ماسی و چەندین بتڵ شەرابیان لە سەر سفرە دانا. من جارێکی تر خۆم لەگەڵ پۆگاچێڤ و یارانی سامناکییەوە لەسەر یەک سفرە بینییەوە.

بەزمی مەی خواردنەوە، کە من بە ناچاری پایەکی بووم، زۆری خایاند. مەستی بە سەریاندا زاڵ بوو. پۆگاچێڤ

سەری نایەوە و خەوی لێکەوت. هاوڕێکانیشی هەڵسان و لە منیشیان گەیاند هەڵسم. لەگەڵیان هاتمە دەرەوە. بە فەرمانی خلۆ پۆشا یەکێک لە کازاخەکان منی برد بۆ کۆلیتێک کە ساولیچیش لەوێ بوو و دەرگایان لێ داخستین. پیرەمێرد لەوەی ڕووی دابوو، ئەوەندە سەری سووڕمابوو، تەنانەت هیچی لە منیش نەپرسی. خزایە سووچێکەوە و بۆ ماوەیەک لەبەر خۆیەوە پرتەوبۆڵەی دەکرد، تا سەرەنجام بۆڵەی بوو بە پرخە. من خۆم دا بەدەست ئەندێشەوە و دارەتێکم هەبوو تاکوو بەیانی خەو نەچووە چاوم.

بەیانی پۆگاچێڤ ناردی بە دوامدا. بەرەو کۆلیتەکەی ئەو ڕۆیشتم. فایتوونێک بە سێ ئەسپی تاتارییەوە لەبەر ماڵەکە ڕای گرتبوو. کۆڵان پڕ بوو، جمەی دەهات. لە بێلاّیی خانووەکە پۆگاچێڤم بینی، کەوڵپۆس لەبەر و کڵاوی قرقیزی لەسەریدا، واتە بەرگی گەشتی لەبەردا بوو. هاوڕێیانی دوێشەو، ملکەچانە لە گردی ڕاوەستابوون و لەگەڵ ئەوەی دوێشەو بینیبووم دارماڵ جیاواز بوون. پۆگاچێڤ ڕووگەش و شاد، بەیانی باشی لێکردم و وتی لە فایتوونەکە لە لایەوە دابنیشم. پۆگاچێڤ بە ئاژۆتی تاتار، کە بەپێوە فایتوونی داژووت، وتی:

ــ بڕۆ بۆ قەلاّتی بێلۆگۆرسکی!

دڵم بە توندی کەوتە لێدان. ئەسپ جووڵان. زەنگۆڵەیان زرینگایەوە و فایتوون کەوتە ڕێ.

لەم ناوەدا دەنگێکی ئاشنام بیست، هاواری دەکرد:

ــ «ڕایگرە! ڕایگرە!»

کە سەیرم کرد ساولیچم بینی بەرەو ئێمە هەڵدێ. پۆگاچێڤ بە ئاژۆتی وت ڕای بگرێ.

ساولیچ هاواری کرد:

ــ ئەرباب، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! تکات لێ دەکەم بەم پیرییە لە ناو ئەم چەتانەدا جێم مەهێڵە.

پۆگاچێڤ وتی:

ــ ئەوە تۆی بوونەوەری پیر! خوا دیسانەوە خستمانییەوە یەک. وەرە، لە لای ئاژۆتەوە سوار بە.

ساولیچ لەکاتێکدا سەردەکەوت وتی:

ــ سپاس، جاوەنشکۆی باوکی تاجدار! هیوادارم سەد ساڵ تەمەنتان بێت کە بەرامبەر بەم پیرەمێردە میهرەبانن. هەتا ماوم نزاتان بۆ دەکەم و ئیتر هەرگیز باسی کەوڵپۆسی کەروێشک ناکەم.

بۆی هەبوو ئەم کەوڵپۆسی کەروێشکە بە ڕاستی پۆگاچێڤ تووڕە بکات. بەڵام لە بەختی من کابرا یان نەیبیست، یان خۆی لە گێلی دا.

ئەسپەکان بە چوارناڵە کوتنەوە ڕێ. مەردم لەسەر ڕێگە ڕاوەستابوون و، کڕنۆشیان دەکرد. پۆگاچێڤ بە سەر لە ڕاست و چەپەوە وەڵامی دەدانەوە. خولەکێک دواتر لە گوند چووینە دەرەوە و بە ڕێگەیەگی پانی تەختدا دەڕۆیشتین.

خۆیایە لەو هەلومەرجەدا من چ دارەتێکم هەبوو. لە ماوەی چەند کاتژمێردا کەسێکم دەبینی کە پێم وابوو

لەدەستم داوە. لەم کاتەدا بینی ئەوم دەهێنایە بەرچاو و وێنام دەکرد... هەروەها بیرم لە کابرایەک دەکردەوە کە چارەنووس منی لەگەڵ ئەو پەیوەند دابوو و بە شێوەیەکی پەنام کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەبوو. کەسێکە لە خوێنڕشتن نەدەپرینگایەوە و ئێستەکانی پشتیوانی دڵبەرەکەی من بوو.

پۆگاچێڤ نەیدەزانی ماریا کچی سەرهەنگ میرۆنۆڤە، بەڵام بۆی هەبوو شڤابرین ئەو ڕازە ئاشکرا بکات. هەروەها بۆی هەبوو لە ڕێگەی تریشەوە بەو ڕازە بزانێت... لەو دارەتەدا، لە ئەگەری ئەوەی چی بەسەر ماریا ئیڤانۆڤنا دەهات، مووچڕکەم پێدا داهات و تووکی سەرم ڕاست دەوەستا.

لەنکاو پۆگاچێڤ بە پرسیارێک ڕشتەی بیری پچڕاندم:

ــ دەی جەناب، بیر لە چیدەکەیتەوە، ئاوا بە قووڵی؟

وەڵامم دایەوە:

ــ چۆن دەتوانم بیر نەکەمەوە؟ من خانەدانێکی ئەفسەرم. دوێنی دژی تۆ دەجەنگیم و ئەمڕۆ خۆم لەگەڵ تۆ لە فایتوونێکدا دەبینم، لەکاتێکدا بەختەوەری ژیانم وا لەناو دەستەکانی تۆدا.

پۆگاچێڤ پرسی:

ــ مەبەستت چییە؟ مەگەر دەترسی؟

پێم وت ئەو جارێک منی بەخشیوە و لەوە دڵنیام یارمەتیشی داوم و یارمەتیشم دەدات.

پۆگاچێڤ وتی:

ــ هەق بە تۆیە، ویژدانت ڕاستی پێوتویت. بە ویژدانم سوێندت بۆ دەخۆم، ئەو کارە بکەم. چاوت لێبوو هاوڕێکانم چۆن بە ڕقەوە سەریان دەکردی؟ تەنانەت پیرەمێرد ئەمڕۆش لای وابوو تۆ دەبێ ئەشکەنجە بکرێیت و لە قەنارەت بدەن.

پاشان بۆ ئەوەی ساولیچ و ئازۆت گوێیان لێ نەبێ، دەنگی دابەزاند و درێژەی دا:

ــ بەڵام من لە پێناوی ئەو پیاڵە شەرابە و ئەو کەوڵپۆسی کەروێشکەی بە منت دا، بە قسەیانم نەکرد. ئەوەتا دەبینی من ئەو مرۆڤکوژە نیم، وەک ئێوەی دەرەبەگ دەڵێن.

گرتنی قەڵاتی بێلۆگۆرسکی و کوشتاری ئەو ڕۆژەم هێنایەوە بیر، بەڵام بە پێویستم نەزانی مشتومڕی لەگەڵ بکەم و دژی بوەستم. بۆیە لە وەڵامدا هیچم نەوت.

پۆگاچێڤ پاش ماوەیەک بێدەنگی پرسی:

ــ لە ئۆرنبۆرگ دەربای من چی دەڵێن؟

ــ دەڵێن شکستدانی تۆ کارێکی ئاسان نییە. ئەوەش بە ڕوونی خۆیایە، داوێکت داوە بە دەستیانەوە ناتوانن بیپچڕێنن؛ کارێکت کردووە بوونی خۆتت بە مسۆگەری سەلماندووە.

ڕوخساری پۆگاچێڤ، دارەتێکی بایبوونی بە خۆوە گرت و بە شادییەوە وتی:

ــ بەڵێ، ئەوە وایە. من لە جەنگدا پسپۆڕم! لە ئۆرنبۆرگ سەبارەت بە جەنگی یۆزیۆڤا[١٣٠] هیچت نەبیست؟ لەو جەنگەدا

---

١٣٠ـ Yuzeyeva





چل ژنراڵ کوژران و چوار هێزی سپایی گیران و چەک کران. پادشای پرووس کێ بێت خۆی لەگەڵ من بەراوەرد بکات!

هووشە و فیشاڵی ئەو چەتەیە، خستمیە پێکەنین و پرسیم:

ــ خۆت چۆن بیر دەکەیتەوە؟ دەتوانی خۆت لەگەڵ فرێدریک بەراوەرد بکەیت؟

ــ بۆ نا! من، ژنراڵەکانی ئێوەم شکست داوە و ژنراڵەکانی ئێوەش پێشتر ئەویان شکست داوە. جگە لەوەش لە جەنگدا بەخت هەمیشە یارم بووە و سپای من سەرکەوتوو بووە. تۆزێ ڕاوەستە کاتێک بەرەو مۆسکۆ بکەومە ڕێ، شتی باشتریش دەبینی.

ــ مەگەر دەتەوێ مۆسکۆ بگریت؟

پوگاچیڤ تۆزێ ڕاما و کۆتاییەکەی دنگی دابەزاند و وتی:

ــ تەنها خوا دەزانێ. دۆخەکەم ناسکە و هاوڕێکانم ڕاستگۆ نین. هاوڕێکانم هەموو چەتەن و بە هەموو لایەکدا خوار دەبنەوە. من دەبێ زۆر وریا بم، ئەگینا بۆی هەیە لە یەکم شکست و لاوازی، بۆ ڕزگاری خۆیان لە پەتی سێدارە، سەری من بکەن بە دیاری!

من وتم:

ــ ئەگەر وایە، باشتر نییە هەتا زووە، بکشێیتەوە و داوای لێبوردن لە شاژن بکەی؟

پوگاچیڤ بزەیەکی تاڵ نیشتە سەر لێوی و وتی:





ـ نا، ئیتر بۆ ژیوان بوونەوە زۆر درەنگە. شاژن هەرگیز من نابەخشێ. ئەوەی دەستم پێکردووە، درێژەی دەدەم. کێ چووزانێ؟ ڕەنگە سەرکەوتم و وەکوو گریشکا ئۆترێپییەڤ ماوەیەک لە مۆسکۆ دەسەڵاتم گرت بەدەستەوە.

ـ بەڵام تۆ دەزانی سەرەنجامی ئەو بە کوێ گەیشت؟ لە پەنجەرەوە هەڵیان دایە خوارەوە، بەو جەستە وردوخاشەوە لە قەنارەیان دا و تەرمەکەشیان سووتاند. ئینجاکوونێ لە دوای ئەوەش خوڵەمێشەکەیان کردە ناو تۆپێک و بە حەوادا بڵاویان کردەوە.

پۆگاچێڤ بە دارەتێکی چەشنێک لە دێوانەیی و شەیدایی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

ـ جا تۆیش گوێ بگرە، بامن چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە کە پیرێژنێکی کالمووک[١٣١] بۆی گێڕامەوە:

«ـ ڕۆژێک هەڵۆیەک لە قەلێک دەپرسێ: ئەوە چۆنە تۆ سێسەد ساڵ دەژیت، کەچی تەمەنی من لە سی و سێ ساڵ تێناپەڕێ؟ قەل وەڵامی دایەوە: ـ چونکە من مرداری‌وەبوو دەخۆم و تۆ دەبێ بە زیندوویی خۆت ڕاوی بکەیت. هەڵۆ بیری کردەوە دەیجا چییە با منیش خۆم لەگەڵ گەنخۆری ڕابهێنم. پێکەوە داهاتنەوە و لەسەر لاشەی ئەسپی مردارەوەبوو

---

١٣١ـ کالمووک: Kalmuck ئەندامی گەلێکی بە ڕەچەڵەک مەنگۆلیایی، کە زۆربەیان بوودایین و بە شێوەیەکی سەرەکی لە کۆماری کالمیکیا دەژین .

نیشتنەوە. قەل بە چێژەوە دەیخوارد و دەمی دەتەقاند، هەڵۆیش یەک دوو دەنووکی لێدا. باڵەکانی بە یەکدا دا و شەقەی لێهێنان و بە قەلی وت:

ـ نا جەنابی قەل، یەکجار خواردنی زیندوو، سێسەد ساڵ مردوو خۆری دەهێنێ. ئەوە من نیم، ماڵیاوا![132]» دەی سەبارەت بەم چیرۆکەی ژنەی کالمووک چ بۆچوونێکت هەیە؟

ـ بە ڕاستی چیرۆکێکی جوان بوو. بەڵام لە لای من ژیانی ئاوێتەی کوشتار و تاڵان، هەمان مردووخۆرییە.

پۆگاچێڤ بە سەرسووڕمانەوە لێی ڕوانیم و هیچی نەوت. هەردووکمان بێدەنگ بووین و چووینە ناو بیرەوە. ئاژۆتی تاتار کەوتە خوێندنی هەوایەکی بەژاراوی. ساولیچ وەنەوزی دەدا و بە جووڵەی فایتوونەکە بۆ دواوە و بەرەوە سەنگەڵای بوو. فایتوون بە ڕێگەی بەفرگرتووی زستانیدا دەڕۆیشت... لەپڕ گوندێک لە قەراخ چەمی یایک بە شوورە و منارەوە دەرکەوت. چارەکێک دواتر لە قەڵاتی بێلۆگۆرسکی چووینە ژوورەوە.

١٣٢ـ قەل هەزار ساڵ ژیا بەو تەرزە ~ سەر نەوی، هێشتا هەڵۆ هەر بەرزە!
ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن ~ نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن
ئەم سەربردەی ژنەی کالمووک، دەبێتە هۆی هاندانی پەرویزی ناتل خانلەری بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەی «هەڵۆ»، کە مامۆستایان هەژار و سوارە هەردووکیان کردوویانە بە کوردی و لە فەرهەنگۆکی ئەم پەرتووکەدا دانراوە.

بەشی ١٢

# کچەی هەتیو

دارسێوە ناسکەڵانەکە،
نە لقی هەیە نە سێبەر
بووکە جوانەکە،
نە باوکی هەیە، نە دایکی دڵسۆز
نە کەس هەیە بەرێی بکات،
نەکەس کە رێژەنی بدات
«گۆرانییەکی زەماوەند»

بەرەو ماڵی فەرماندە دەڕۆیشتین. جەماوەر بە ناسینەوەی فایتوونەکەی پۆگاچێڤ دەستە دەستە لێمان خڕ دەبوونەوە. شقابرین بۆ پێشوازی پۆگاچێڤ هاتە سەر پلیکانەکان. جلی کازاکی لەبەردا بوو و ڕیشی هێشتبوویەوە. کاتی دابەزینی پۆگاچێڤ هەڵات بۆ یارمەتیدانی و بە خۆشخزمەتی گوتەی نۆکەرانە دەدوا. ئەوسا کە چاوی بە من کەوت شڵەژا، بەڵام زوو هاتەوە بە خۆیدا و وتی:

ــ تۆیش هاتیتە ڕیزی خۆمانەوە؟

من بەبێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، ڕووم کرد بەو لادا.

کاتێک پێم نایە ئەو ژوورە ئاشنایەی بڕوانامەکەی فەرماندەی پێشوو وەک یادگارێکی سەردەمانی کۆن بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، بەژارەیەکی مەزن دایگرتم. پۆگاچێڤ لەسەر ئەو کورسییە دانیشت، پێشتر ئیڤان کۆزمیچ لە سەری وەنەوزی دەدا و بەدەم گوێگرتن لە سەرکۆنەی ژنەکەی، خەوی لێدەکەوت، وەک ئەو منداڵەی بە لیەلایەی دایکی خەو دەچێتە چاوی. شڤابرین خۆی پێکی ڤۆدکای هێنا. پۆگاچێڤ پێکەکەی وەرگرت و ئاماژە بە من وتی:

ــ بۆ ئەویش بهێنە.

شڤابرین بە پێکێکەوە هات بۆ لای من بەڵام من. بۆ دووەم جار ڕووم لێ وەرگێڕا. وا دەردەکەوت تەواو حەپەساوە و دەرکەوت هەستی بەوە کردووە پۆگاچێڤ لێی ناڕازییە، بۆیە بە ترس و نیگەرانییەوە سەیری منی دەکرد.

پۆگاچێڤ چۆنایەتی هەلومەرجی قەڵاتی لێ پرسی، تۆزێکیش سەبارەت بە دۆخی سپای دوژمن دوا و کتوپڕ لە ناو قسەکانیدا وتی:

ــ بڵێ بزانم کاکی فەرماندە، ئەو کچە کێیە لە ماڵەکەی زیندانیت کردووە؟

ڕەنگی شڤابرین وەکوو مردوو سپی هەڵگەڕا و بە دەنگێکی لەرزۆک وتی:

ــ خاوەنشکۆ زیندانی نییە... نەخۆشە... وا لە ژوورەکەی

خەوتووە.

پۆگاچێڤ ڕابوو وتی:

ــ بمبە بۆ لای.

دژایەتی پۆگاچێڤ نەلواو بوو. شڤابرین ئەوی بەرەو ژوورەکەی ماریا ئیڤانۆڤنا برد و منیش بە دوایاندا.

شڤابرین لە سەر پلیکانەکە وەستا و وتی:

ــ خاوەنشکۆ، چی لە من بکەن ملکەچی فەرمانم، بەڵام ڕێگە مەدەن کەسێکی بێگانە بێتە ژووری ژنەکەی منەوە.

من لەرزم پێد هات، بە دارەتێک کە خەریک بوو پەلاماری بدەم، هاوارم کرد:

ــ واتە تۆ ئەوت مارە بڕیوە؟

پۆگاچێڤ قسەکەی پێ بڕیم و وتی:

ــ ئارام بە! ئەم کارە پەیوەندی بە منەوە هەیە.

پاشان ڕووی کردە شڤابرین و وتی:

ــ لە خۆڕا مشتومڕ مەکە، من کێم پێخۆش بێت دەیبەمە ژوورەکەی ئەو. جەناب بە دوای مندا وەرە.

شڤابرین لای دەرگاکە وەستا و وتی:

ــ خاوەنشکۆ پێتان ڕادەگەیەنم، کچە یاوێکی توندی هەیە و سێ ڕۆژە بە تەواوەتی بێهۆشە.

پۆگاچێڤ پێی وت دەرگاکە بکاتەوە.

شڤابرین هەندێ لە گیفانەکانیدا گەڕا و ناچار وتی کلیلەکەم نەهێناوە. پۆگاچێڤ لەقەیەکی دا لە دەرگاکە. قفڵ هەڵتەقا و دەرگا کرایەوە. چووینە ژوورەوە.

بە یەکەم نیگا لە شوێنی خۆم وشک بووم. ماریا ئیڤانۆڤنا بە ڕەنگی پەڕیو و لەڕ و لاواز شڕە جلێکی گوندی لەبەردا بوو و لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو. گۆزەڵەیەک ئاو لە بەردەمیادا بوو کە پارچەیەک نان لە سەری بوو. لە بینینی من لەزی و هاوارێکی کرد. نازانم لەم ساتەدا چیم بەسەر هات.

پۆگاچێڤ بە تەوسخەندێکەوە وتی:

ـ نەخۆشخانەیەکی چاکت هەیە!

پاشان لە ماریا ئیڤانۆڤنا نزیک بوویەوە و وتی:

ـ بڵێ بزانم شووەکەت لەسەر چی ئاوا تەمێت دەکات؟ چ هەڵەیەکت کردووە؟

کچە پاتەی کردەوە:

ـ شووی من؟ ئەو شووی من نییە! من هەرگیز نابم بە ژنی ئەو، من بڕیارم داوە بمرم و، ئەگەر لە دەستی ئەو ڕزگارم نەکەن، بۆ خۆم دەمرم.

پۆگاچێڤ بە هەڕەشەوە ڕووی کردە شڤابرین و وتی:

ـ تۆی بێهەمەچیز وێراوتە من فریو بدەی؟ تۆی هیچوپووچ دەزانی سزای ئەو کارە چییە؟

شڤابرین لە بەرامبەر پۆگاچێڤدا چۆکی دادا. لەو کاتەدا سووکی شڤابرین لە ڕادە تێپەڕیبوو. تووڕە بووم و ڕقم لێی بوویەوە. خانەدانێک خۆی خستووە بەسەر قاچی کازاخێکی تالانگەردا، زۆر لام دزوار بوو. پۆگاچێڤ تووڕەییەکەی ڕەوایەوە، دڵی نەرم بوو و بە شڤابرینی وت:

ـ ئەم جارە دەتبەخشم. بەڵام ئەوە بزانە، کاتێکی تر

یەک هەڵە بکەیت، ئەم هەڵەیەش لە دژت بەکار دەهێنم.
پاشان ڕووی کردە ماریا و بە دەراوێکی سۆزئامێز وتی:
ـ بچۆ دەرەوە ئازیز! من تۆ ئازاد دەکەم. من تزارم!
ماریا ئیڤانۆڤنا سەیرێکی کرد و زانی ئەم کابرایە بکوژەکەی باوک و دایکییەتی، ڕوومەتی بە دەستی داپۆشا و بوورایەوە. من بەپەلە خۆم گەیاندە لای. بەڵام لەم کاتەدا پالاشا ئازایانە خۆی گەیاند و کەوتە پەرستاری خاتوونەکەی. پۆگاچێڤ چووە دەرەوە و ئێمەش سێ قۆڵی لە پلیکانەکان چووینە خوارەوە.
پۆگاچێڤ ڕووی کردە من و وتی:
ـ دەی جەناب، ئەوە کیژەکەمان ئازاد کردیت. ناتەوێ قەشە بانگ بکەین و بڵێین خوشکازاخەی لە تۆ مارە ببڕێت؟ من دەبم بە باوکی تەوفنکراوی کچە. شڤابرینیش دەبێ بە گۆڤانی تۆ. دەرگاکان دادەخەین و جەژنێکی بچکۆلانە بەڕیا دەکەین.
لەم کاتەدا ئەوەی لێی دەترسام، ڕووی دا. شڤابرین لە بیستنی پێشنیازەکەی پۆگاچێڤ شێت بوو و بە توورِیی وتی:
ـ خاوەنشکۆ، ڕاستە من تاوانکارم، بەڵام گرینیۆڤیش درۆی لەگەڵ کردوویت. ئەم کچە خوشکەزای قەشە نییە و کچی سەرهەنگ میرۆنۆڤە، کە کاتی گرتنی قەڵات درا لە قەنارە.
پۆگاچێڤ نیگای ئاگرینی خۆی گرتە من و بە توورەییەوە پرسیاری کرد:

ــ ئەوە دەڵێ چی؟

بە دەنگێکی گڕ وتم:

ــ شڤابرین ڕاست دەکات.

ڕوخساری پۆگاچێڤ ڕەش هەڵگەڕا و نەڕاندی بە سەرمدا:

ــ تۆ درۆت لەگەڵ کردبووم؟

وتم:

ــ تۆ خۆت داوەری بکە. من ئەگەر لە لای هاوڕێکانت بموتایەت کچی سەرهەنگ میرۆنۆڤ زیندووە، بە بیستنی ئەو هەواڵە پارچەپارچەیان دەکرد و ڕێگەی ڕزگارکردنی نەدەما.

پۆگاچێڤ پێکەنی و وتی:

ــ ڕاستیش دەکەی، ئەو شێتانە بەزەییان بە کچەی نازشێواودا نەدەهاتەوە. ژنی قەشە کارێکی باشی کرد فریوی دان.

من کە زانیم پۆگاچێڤ شادمان بووە، هەلەکەم قۆستەوە و وتم:

ــ گوێم لێ بگرە. من نازانم بە چی بانگت بکەم و نامەوێ بزانم. بەڵام سوێندت بۆ دەخۆم، ئامادەم لە پێناوی چاکەکانی تۆدا گیانی خۆم پێشکەش بکەم. بەس داوای شتێکم لێ مەکە پێچەوانەی ویژدان و ئایینزام نەبێت. تۆ چاکەی زۆرت بە من کردووە و ڕزگاریدەری من بوویت. ئێستە دارماڵی بکە و ڕێگەم بدە لەگەڵ ئەم کچە هەتیوە بە ڕێگەی خۆماندا بڕۆین. ئێمە لە هەرکوێ بین نزا بۆ ئاسوودەیی گیانی تۆ دەکەین.

دەڵێی ئەو متمانەیە کاری کردە سەر پۆگاچێڤ، چونکە بە نەرمی وتی:

ــ زۆر چاکە، من چاکەی خۆم دارماڵ دەکەم. ئەوە خووی منە. دڵدارەکەت لەگەڵ خۆت ببە و بۆ کوێ دەچی بچۆ. هیوادارم خوا ئەوین و سازگاریتان پێ ببەخشێت.

پاشان رووی کردە شڤابرین و فەرمانی پێدا پسوولەی گوزەرنامە[١٣٣] بۆ هەموو قەلات و زاڵگەی بن فەرمانڕەوایی ئەومان بۆ بنووسێ.

شڤابرین وەکوو بەرد لە جێگەی خۆی وشک ببوو. پۆگاچێڤ چوو بۆ سەردانی قەلات و شڤابرین بە دوایدا رۆیشت. بەڵام من بۆ تەیارکردنی کەرەستەی گەشت مامەوە.

پاش رۆیشتنی ئەوان، هەڵاتم بۆ ژووری ماریا ئیڤانۆڤنا. دەرگا داخرابوو. دام لە دەرگا.

پالاشا پرسی: کێیە؟

من ناوی خۆمم وت. دەنگی بلاوێنی ماریا ئیڤانۆڤنا لە پشت دەرگاکەوە بیسترا، وتی:

ــ تۆزێ راوەستە، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ. من جل لەبەر دەکەم. بچۆ بۆ ماڵی ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنا. من خولەکێکی تر دێم بۆ لاتان.

---

١٣٣ ـ پسوولەی گوزەرنامە: Pass Sheet هاتوچۆ بەڵگەی هاتوچۆ، بەڵگەیەک جگە لە پاسپۆرت، کە گەشتیار لە کاتی نائاسایی و شوێنی کێشەدا هاتوچۆی پێبکات و لە بازگەکان دەرباز ببێت. ع ورقة المرور N Pass Sheet د برگە عبور.

بەڵێم وت و چووم بۆ ماڵی بابە گراسیم. قەشە و ژنەکەی هەردووکیان هاتن بە پیرمەوە. ساولیچ پێشتر ئاگاداری کردبوون. ژنی قەشە وتی:

ـ ڕۆژت باش پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! چاوت لێیە خوا دووبارە ئێمەی گەیاندەوە بەیەک. دەی ئێستە چۆنی؟ ئێمە هەموو ڕۆژ باسی تۆمان دەکرد. ماریا ئیڤانۆڤنا لە نەبوونی تۆدا ڕۆژگارێکی ناخۆشی تێپەڕاند. دڵبەری لانەواز... بەڵام تۆ ئەوەم پێ بڵێ، ئەوە چۆنە ئاوا لەگەڵ پوگاچێڤ ڕێکوتوویت؟ چۆنە کەوڵی تۆیشی وەکوو ئەوانی تر دانەماڵی؟ دیسانەوە بۆ ئەو کارەی ئەبێ سپاسی ئەم مرۆڤکوژە بکەین.

بابە گراسیم قسەکەی پێ بڕی و وتی:

ـ بەس کە کچێ، هەرچیت پێیە بە یەکجار مەیڵێ. فرەوێژی بۆ تەندروستی باش نییە. فەرموو وەرە ژوورەوە جەنابی پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! ماوەیەکی دوورودرێژە یەکدیمان نەبینوە.

ژنی قەشە بەدەم درێژدادڕییەوە کەوتە پەزێراییکردن و، بۆی گێڕامەوە، شڤابرین ناچاری کردووە ماریا ئیڤانۆڤنا ڕادەستی ئەو بکات. پاشان سەربردەی خۆی و ماریای گێڕایەوە کە بە هۆی پالاشاوە، پەیوەندییان هەبووە. ئەو ئامۆژگاری ماریای کردووە نامە بۆ من بنووسێ و پالاشا بە یاوەردا بینێرێ و زۆر شتی تر...

کاتێک سەرەی من هات، منیش سەربردەی خۆمم زۆر بە کورتی گێڕایەوە. ژن و شوو کە زانیان پوگاچێڤ بە فێڵەکەی

ئەوانی زانیوە، خاچیان لەسەر سینەیان کێشا.

ژنە وتی:

ـ هیوادارم خوا یارمەتی هەمووومان بدات و ئەم دۆخە قوتار ببێت. ئەم ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچەش مرۆڤێکی بەدفەڕ و سەممەرەیە، ئێستە ئیتر ئەو تۆمەتی دوخمانی لە ئێمە دەدات، ئەی لەو پیاوە ئادەرە.

لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە و ماریا ئیڤانۆڤنا بە ڕەنگی پەڕیو و دەم بەخەندە هاتە ژوورەوە. بەرگی جووتیارییەکەی داکەندبوو و کراسێکی سادە و جوانی لەبەر کردبوو. من دەستم گرت و تا ماوەیەک نەمتوانی هیچ بڵێم. بە دڵی هەژاوەوە لێوەکانمان نەدەبزوا. خاوەنماڵ زانیان ڕازی دڵمان لە لا ئەوان ناگوترێ، هەڵسان ڕۆیشتن. ئێمە ماینەوە و کەوتینە گفتوگۆ. ماریا ئیڤانۆڤنا هەموو ئەوەی لە کاتی گرتنی قەلاتەوە بە سەری هاتبوو، بۆی گێڕامەوە. ئەو دژوارییانەی شڤابرینی نەگریس بەسەری هێنابوو.

پاشان پێکەوە ڕۆژانی پڕ لە خۆشی ڕابوردووومان هێنایەوە بیر و پێکەوە تۆزێ گریاین. منیش ئەوەی بە پێویستم زانی بۆیم گێڕایەوە و، وتم مانەوەی ئەو لە قەلاتێک کە شڤابرین فەرماندەی بێت، نەگونجاوە. ئۆرنبۆرگیش کە دانیشتوانی خۆیان لە ترس و برسێتیدا دەژیان بۆ ئەو نابێ. لەبەر ئەوەش کە کچەی نازشێواو کەسی لەم جیهانەدا نەبوو، پێشنیازم پێکرد، بچێت بۆ لای دایک و باوکی من و لەوێ بژی. سەرەتا، دڕدۆنگ بوو. دەیزانی باوک زۆر خۆشی ناوێ. ئەمە مایەی

دڵەڕاوکەی بوو. بەڵام من دەمزانی باوکم ڕەزێراییکردن لە کچە ئەفسەرێک کە گیانی خۆی لە پێناوی نیشتماندا داوە، بە بەختەوەری و تەنانەت بەویەڕی ئەرکی سەرشانی دەزانێ.

سەرەنجام وتم:

ـ ماریا، دڵبەرەکەم، من تۆ بە هاوسەری خۆم دەزانم. زۆر ڕووداوی پەرجووئاسا ئێمەی بۆ هەمیشە پێکەوە گرێ داوە، هیچ شتێک لەم جیهانەدا ناتوانێ لێکمان دابڕێ.

ماریا ئیڤانۆڤنا بەبێ خۆنواندن[١٣٤] و نازکردنی کچانە، گوێی لە گوتەم ڕاگرت. ئەویش دەیزانی چارەنووسی من و ئەو بە تەواوەتی پێکەوە گرێ دراوە. بەڵام دیسانەوەش پاتەی کردەوە بەبێ ڕەزامەندی و پەسەندی دایکم و باوکم هاوسەرگیریم لەگەڵ ناکات. من ئەم مەرجەم پەژێرە کرد. یەکدیمان ماچکرد و بڕیارەکەمان مسۆگەر کرد.

پاش کاتژمێرێک ماکسیمیچ پسووڵەی گوزەرنامە، کە پوگاچێڤ بە دەستنووسە لارولەوێرەکەی خۆی واژۆی کردبوو بۆ هێناین و، وتی منی بانگ کردووە بچم بۆ لای.

کاتێک چووم بۆ لای، بینیم ئامادەی ڕۆیشتنە. هەرگیز ناتوانم هەستی خۆم بەرامبەر بەم مرۆڤە سامناکە تاڵانگەرە دەربڕم. بۆچی ڕاستی بشارمەوە؟ لەو ساتەدا سۆزێکی بێوێنەم بۆی هەبوو. دەمویست بە زووترین کات لە چەتەکانی تر جیای بکەمەوە و ڕزگاری بکەم. شقابرین و ئەوانەی لە

١٣٤ ـ خۆنواندن: feigning چاوگی تێپەڕ ئاوەڵناو خۆدەرخستن، خۆنمایشکردن، خۆڕانان، خۆنمایی، ساختەکاری. ع التظاهر N late som د تظاهر کردن.

گردی وەستابوون، ڕێگەیان لەوە گرت ئەوەی لە دڵم دایە دەری ببڕم.

ئێمە دۆستانە ماڵاواییمان کرد. پۆگاچێڤ لەپڕ بە بینینی ئەکۆلینا پەمفیلۆڤنا لەناو ئاپۆرەکەدا، پەنجەی ئاماژەی وەک هەڕەشە بۆ ڕاوەشاند، چاوێکی لێ داگرت و، فایتوونەکەی بەرەو بەردا ئاژووت. کاتێکیش ئەسپەکان کەوتنە ڕێ، سەری لە پەنجەرەکەوە هێنایە دەرەوە و وتی:

ـ ماڵیاوا، جەناب! ڕەنگە دیسانەوەش یەکدیمان بینییەوە!

بەڵێ، ئێمە یەکترمان بینییەوە، بەڵام لە چ دۆخێک و بە هۆی چ بوویەرێکی سەمەرەوە!

پۆگاچێڤ، دوورتر و دوورتر دەکەوتەوە، بەڵام من هەر سەیری ئەو بیابانە چۆڕی شیرەم دەکرد کە فایتوونەکەی تێیدا بچووک و بچووکتر دەبوویەوە. ئاپۆرە بڵاوەیان کرد. شڤابرینیش ون بوو.

گەڕامەوە بۆ ماڵی قەشە. هەموو شت بۆ ڕۆیشتنی ئێمە ئامادە بوو. منیش نەمدەویست لەوە زیاتر ڕاوەستم. ئەوەی هی ئێمە بوو لە گالیسکەی شەقوشڕ بار کرابوو. ئەسپەکانی ئێمە لە گالیسکە کۆنەکەی سەرهەنگ بەسترا. ماریا ئیڤانۆڤنا بۆ ماڵاوایی لە دایک و باوکی چوو بۆ سەر گۆڕەکەیان لە پشت کلیسا. دەمویست لەگەڵی بچم، بەڵام پێی خۆش بوو بە تەنها بچێت.

پاش چەند خولەک لەکاتێکدا بە ئارامی دەگریا، گەڕایەوە. بابە گراسیم و ژنەکەی بۆ بەڕێکردنمان هاتنە دەرەوە. من و

ماریا ئیڤانۆڤنا و ڕالاشا، سواری گالیسکە بووین و ساولیچ لە تەنیشت ئاژۆتەوە دانیشت. هاوسەری قەشە وتی:

ــ خواتان لەگەڵ! ماریا ئیڤانۆڤنای خۆشەویستم! خواتان لەگەڵ پیۆتەر ئاندرۆڤیچی شابازی ئێمە! گەشتتان بێوەی و خوا شادیتان پێ ببەخشێ.

کەوتینە ڕێ. لە دەریزانی خانووی فەرماندەدا، شڤابرین دەرکەوت. کینە و خەمێکی ئاشکرا بە ڕوخساییەوە خۆیای دەکرد. خۆنواندن بۆ دوژمنێکی شکستخواردوو، شانازی نەبوو، بۆیە سەرم وەرگێڕا و ڕووم تێکرد.

سەرەنجام لە دەروازەی قەلات چووینە دەرەوە و بۆ هەمیشە لە قەلاتی بێلۆگۆرسکی ڕۆیشتم.

## بەشی ١٣

# قۆڵبەستکردن

تووڕە مەبە، ئەرکی منە وام پێ دەڵێ
تاکوو زیندان لەگەڵت بێم.
لە ناخەوە، ئامادەم و بڕوام وایە
ڕێگەم دەدەی تا من بۆچوونی خۆم بڵێم!

«کنیازنین»

منێک کە بەو شێوە سەمەرەیە بە دڵبەرەکەم گەیشتبووم و، تا بەیانی ئەو ڕۆژە ئاگام لە ژیان و مەرگی نەبوو، نەم دەتوانی بە ئاسانی بڕوا بەو ڕووداوانە بکەم. وامدەزانی ئەوەی ڕووی داوە خەوارەیە[١٣٥] و وەژارەیە[١٣٦].

ماریا ئیڤانۆڤنا، بیرێکی قووڵ بردبوویەوە و چاوی لە جادەی دوور بڕیبوو و پاشان ڕووی کردە من. پێ نەدەچوو

١٣٥ـ خەوارە: taken by sleep لە داوی خەو کەوتوو، خەوبردنەوە بە دڵنەخوازی. [ع] مأخوذة من النوم [N] tatt av søvnen [د] در دام خواب افتادن.

١٣٦ وەژارە: imagination, phantasies [ناو] هزر و بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتوو بە وەرم یان ئەندێشە. [N] fantasier [ع] تخیل [د] خیالپردازی، خیالبافی.

هێشتا بڕوای بەو ڕۆژەقە کردبێت ئێمەی تیابووین. هەردووک خامۆش بووین و دڵمان لەو هەموو هەڵچوون و داچوونەدا ڕەتێنرابوو.

پاش دوو کاتژمێر گەیشتینە یەکەم قەڵاتی بن فەرمانی پۆگاچێڤ. لەوێ ئەسپەکانمان گۆڕی. قزاقێکی ڕیشدرێژ، کە کرابوو بە فەرمانده‌ی ئەو شوێنە وەکوو ئەندامانی خانەدانی ئیمپراتۆری بەزێرایی لێکردین. وا دەرکەوت بە هۆی درێژدادڕی ئاژۆتەکەوە، منیان بە دۆستی هەرە نزیکی پۆگاچێڤ هاتووەتە بەرچاو.

دووبارە کەوتینەوە ڕێ. هەوا بەرەو تاریکی دەچوو. لە ناکاو گەیشتینە شارێکی بچکۆلانە، کە بە گوتەی فەرماندەی قەڵاتی پێشوو لەم دواییانەدا ببوو بە سەرسپێری پۆگاچێڤ.

شەوگەڕ ڕایان گرتین. ئاژۆت لە وەڵامی «چی لە فایتوونەکە دایە؟» بە دەنگی بەرز وتی:

ـ یەکێک لە دۆستانی تزار و خاتوونەکەی.

تا لامان کردەوە پۆلێک سەرباز ئابلۆقەیان داین. سەرپەلەکەیان بە سمێڵێکی ئەستوورەوە بە منی وت:

ـ دابەزە خوارەوە، هاوڕێی ئەهریمەن! ئێستە بەزێرایی لە خۆت و خاتوونەکەت دەکەم!

من لە فایتوونەکە دابەزیم و تکام لێکرد بمبەن بۆ لای فەرماندەکەیان. سەربازەکان لە بینینی ئەفسەرێک دەستیان لە جنێودان هەڵگرت. سەرپەل وتی بمانبەن بۆ بنکەی فەرماندە.

ساولیچ بە دوامدا هات و هەر دەیبۆڵاند:

ــ ئەمەش ئەنجامی دۆستایەتی لەگەڵ تزار! دڵنیام هەڵمان دەدەنە ناو ئاگری تەنوور... ئەی خوایە گیان! بەزەییت پێماندا بێتەوە.

گالیسکەکەش بە ئەسپایی بە دواماندا دەهات. پاش پێنج خولەک گەیشتینە لای کۆلیتێک کە زۆر ڕووناک بوو. سەرپەل منی لای سەربازەکان بەجێ هێشت و خۆی چووە ژوورەوە، هاتنی ئێمە ڕابگەیەنێ، بەڵام دەسبەجێ گەڕایەوە و وتی، جەنابی سەرهەنگ کاتیان نییە. فەرمانی داوە من ببەن بۆ زیندان و ژنەکەش ببەن بۆ لای ئەو.

من هەڵچووم و هاوارم کرد:

ــ ئەو قسە قۆڕە چییە؟ مەگەر گەوج بووە؟

سەرپەل وتیەوە:

ــ من نازانم جەناب. جەنابی سەرهەنگ فەرمانی دا جەنابت ببەین بۆ زیندان و خاتوونیش ببەین بۆ لای ئەو.

بە پەلە ڕام کرد بۆ ناو دالانەکە. سەربازەکان بەریان پێ نەگرتم. یەکسەر خۆم کرد بە ژووردا و بینیم شەش ئەفسەری تیپی سوارە، خەریکی یاری پەڕە بوون. سەرهەنگی فەرماندەی لەوێ بوو. وێنای بکەن کاتێک ئەوم ناسییەوە تا چ ڕادەیەک هێدمە گرتمی؟! ئیڤان ئیڤانۆڤیچ زوورین! ئەو کەسەی لە میوانخانەی سیمبرسک پارەی لێبردبوومەوە. یەک بە خۆم هاوارم کرد:

ــ ئەوە تۆی ئیڤان ئیڤانۆڤیچ زوورین! تۆ بڵێی؟

زوورین وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ، هەڵبەت خۆمم، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! لە بینینت زۆر شادمانم. ئەوە لە کوێوە؟ ئەڵێی خوا تۆی بۆ ئێمە ناردووە. وەرە، وەرە یاری بکە.

ـ سپاست دەکەم. بەڵام وا باشترە فەرمان بدەی خانوویەکم بدەنێ.

ـ خانووت بۆ چی. هەر لێرە لای خۆم دەمێنیتەوە.

ـ ناتوانم بە تەنها نیم.

ـ دەی هاوڕێکەشت بهێنە.

ـ هاوڕێ نییە، بەڵکوو لەگەڵ ژنێکم...

ـ ئا ژن! لە کوێ ڕاوت کردووە.

زوورین لەگەڵ گووتنی ئەو قسەیە، وەها دای لە قاقای پێکەنین، ئەوانی تریشی خستە پێکەنین. من زۆر شڵەژام.

سەرەنجام زوورین وتی:

ـ زۆر چاکە، خانووت پێ دەدەم. بەڵام بە مەرجێک وەک ئەو جارە پێکەوە یاری بکەین. بەڕاست بۆ ژنەکەی پۆگاچێڤت نەهێنا؟ ئەڵێی هەڵاتووە. بڵێ نەترسێ من مرۆڤێکی خانەدانم، هیچ وەزەنگی پێناگەیەنم.

بە زوورینم وت:

ـ باسی کام ژن دەکەی؟ ئەوە کچی فەرماندەی پێشوو، سەرهەنگ میرۆنۆڤە. من لە دەستی پۆگاچێڤ ڕزگارم کردووە و دەمەوێ بیبەم بۆ لای دایکم و باوکم.

ـ سەیرە! واتە ئەوە تۆی پێشتر گوزارشتیان لەسەر

دابووی؟ مژارەکە چییە؟

ــ دواتر بۆت دەگێڕمەوە، جارێ تۆ بیت و خوا ڕێگە بدە کچە بچێ بشوو بدات، سەربازەکانی تۆ زۆر سەیر تۆقاندوویانە.

زوورین دەسبەجێ چەند فەرمانی ڕاگەیاندو خۆی بۆ داوای لێبوردن لە ماریا ئیڤانۆڤنا چوو بۆ شەقام. بە سەرپەلی شەوگەڕەکانی وت باشترین خانووی بۆ دابین بکات.

وا جوانتر بوو من شەو لەگەڵ زوورین تێپەڕێنم. شێومان کرد و کاتێکە تەنها بووین، سەبارەت بە سەرەڕۆییەکانی خۆم بۆی دوام. زوورین زۆر بە تامەزرۆییەوە گوێی لێ ڕاگرتبووم و کاتێک من بێدەنگ بووم، سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:

ــ برام، هەموو ئەم شتانە وایە. بەڵام بۆ دەتەوێ هاوسەرگیری بکەیت؟ من ئەفسەرێکی ڕاستگۆم و نامەوێ فریوت بدەم. بڕوام پێ بکە، ژنهێنان کارێکی بێهوودەیە. تۆ خۆ ناتەوێ خۆت تووش بکەیت و ببێ بە پەرستاری کۆڵێک منداڵ؟ گوێم لێ ڕابگرە. کچی سەرهەنگ لە کۆڵ خۆت بکەرەوە. من ڕێگەی سیمبرسکم خاوێن کردووەتەوە. بەیانی ئەو بە تەنهایی بنێرە بۆ لای دایکت و باوکت و خۆت لە لای من بمێنەرەوە. پێویست ناکات بگەڕێتەوە بۆ ئۆرنبۆرگیش، چونکە ئەگەر دیسانەوە بکەویتە دەست یاخییەکان، ئەگەری ئەوەی بەرت بدەن، زۆر کەمە. بەم شێوەیە ئەوینی شێتانەی تۆ قوتار دەبێ و تۆیش لە دەستی ڕزگار دەبی.

هەرچەند بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ زوورین هاودەنگ

نەبووم، بەڵام هەستم دەکرد مانەوە لە ناو سپای شاژن ئەرکی منە. بۆیە بڕیارم دا بە گوتەی زوورین بکەم و ماریا ئیڤانۆڤنا بنێرم بۆ لای دایک و باوکم و خۆم لە هێزەکەی زووین بمێنمەوە.

کاتی خەوتن کە ساولیچ هاتبوو بۆ یارمەتی پۆستاڵەکانم لە پێم دەربهێنێ، پێم وت دەبێ خۆی ئامادە بکات ماریا ببات بۆ لای باوکم. ئەو سەرەتا پەژێرەی نەدەکرد:

ــ باشە ئەمە چ بیرێکە ئەرباب! چۆن دەتوانم بەجێت بهێڵم؟ ئەی کێ پەرستاری تۆ دەکات؟ جگە لەوە دایکت و باوکت چی دەڵێن؟

من کە دەمزانی ساولیچ چەندە ڤیرسیچمەیە، تێکۆشام بە ئارامی دڵکاوی بکەم. بۆیە وتم:

ــ دۆستی هێژام ئەرهیپ ساولیچ، تکات لێ دەکەم دژایەتی داخوازەکەم مەکە. من ئیتر پێویستم بە پەرستاری نییە و، ئەگەر ماریا ئیڤانۆڤنا بەبێ تۆ بڕوات، من هەرگیز دڵم ئاسوودە نابێت. ئەگەر تۆ خزمەت بە ئەو بکەی، لە ڕاستیدا خزمەتت بە من کردووە. چونکە من بڕیارم داوە ئەوەندەی دۆخەکە دەرفەت بدات هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم.

ساولیچ وەک هەمیشە بە سەرسووڕمانەوە دەستی بەرز کردەوە و وتی:

ــ ئەیهۆ، دەتەوێ ژن بهێنی؟ مناڵ چی داوە لە ژنهێنان. ئەی باوکت، ئەی دایکت چی دەڵێن؟

وەڵامم دایەوە:

ـ ئەوان ڕێگە دەدەن. دڵنیام کاتێک ماریا ئیڤانۆڤنایان ناسی ڕێگە دەدەن. پشتم بە تۆیش ئەستوورە. باوکم و دایکم متمانەیان بە تۆ هەیە و من دڵنیام تۆش پشتگیری دەکەی، نایکەی؟

دڵی نەرم بوو و وەڵامی دایەوە:

ـ ئای پیۆتەر ئاندرۆڤیچی بەڕێزم! هەرچەند بۆ تۆ زۆر زووە، بەڵام ماریا ئیڤانۆڤنا ئەوەندە باشە کە لەدەستدانی ئەو هەلە کارێکی زۆر هەڵەیە. با بڕیاری تۆ بێت. من لەگەڵ ئەو پەریزادە دەڕۆم و بە دایک و باوکیشت دەڵێم چ بووکێکی لەبارە و تەنانەت پێویستی بە جیازیش نییە.

سپاسی ساولیچم کرد و لەو ژوورەی زووری لێبوو، چوومە ناو جێگە. لە شادمانیدا هەناوم وروووژابوو و کەوتمە فرەوێژی. وتم و وتم. زوورین سەرەتا لەگەڵم هات، بەڵام وردە وردە وەڵامەکانی پەیوەندییان بە مژارەکەوە نەما، خەوی لێکەوت و پرخەی بەرزەوە بوو. منیش بێدەنگ بووم و وەکوو ئەو سەرم نایەوە.

ڕۆژی دواتر، چووم بۆ لای ماریا ئیڤانۆڤنا و ئەوم لە نەخشەکانم ئاگادار کردەوە. بە پەسەندی زانین و دەسبەجێ پەژێرەی کردن. هێزی زوورین، بڕیار بوو هەر ئەو ڕۆژە لە شار بڕوات. دەرفەتی دواکەوتن نەبوو. ماڵاواییم لە ماریا کرد و دامە دەستی ساولیچ، نامەیەکیشم پێدا بۆ دایکم و باوکم. ماریا ئیڤانۆڤنا دەگریا و بە دەنگێکی ئەسپایی وتی:

ـ خوات لەگەڵ، پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! ئایە دیسانەوە یەکدی

دەبینینەوە؟ من تاکوو زیندووم تۆ لەبیر ناکەم. تا کاتی مەرگ تەنها تۆ لە دڵمدا دەبیت.

نەمدەتوانی هیچ بڵێم، کەسانی تریش لەوێ بوون. نەمدەویست لەبەر چاوی ئەوام هەستی خۆم ـ بەو شێوەیەی کە هەژابووـ دەربڕم. کۆتاییەکەی کەوتنە ڕێ.

خامۆش و پەژارەمەند گەڕامەوە بۆ لای زوورین. زوورین دەیویست دڵم خۆش بکات. منیش بە دوای کەسکوونێکدا، تا ئێوارە خواردمانەوە و، بۆ زیوارەش[١٣٧] کەوتینە ڕێ.

کۆتایی مانگی فێڤریەری بوو. ئەو زستانەی چالاکی جەنگی دژوار کردبوو، ڕوو لە کۆتایی بوو و، ئەفسەرەکانی ئێمە خۆیان بۆ چالاکییەکی هەماهەنگ ئامادە دەکرد و هێزەکان بە شێوەیەکی هاوکات پێشڕەوییان دەکرد. ئۆرنبۆرگ هەروا لە گەمارۆی پۆگاچێڤدا بوو. بەڵام گوندە گیراوەکانی یاخییەکان بە بینینی هێزی سپایی خۆیان دەدا بەدەستەوە. ڕاپەڕیوان لە بەرامبەر ئێمەدا دەکشانەوە و هەموو شتێک پیشانی دەدا، جەنگ لە کۆتایی دایە، ئەویش بە شێوەیەکی خێرا و سەرکەوتوانە.

ئەوەندەی پێنەچوو شازادە گۆلیتزین[١٣٨] لە نزیک قەڵاتی تاتیشکەڤا[١٣٩] پۆگاچێڤی تێکشکاند. زەبرەکە کاریگەر بوو و هێزەکەی پۆگاچێڤ هەڵاتن و ئۆرنبۆرگ لە گەمارۆ ڕزگاری

١٣٧ ـ زیوارە: evening ناو ئێوارە درەنگان، عەسرۆجە. ع عصر، المساء متأخر N kveld د عصر دیر. G هەنبانە بۆرینە

١٣٨ ـ Golitzyn

١٣٩ ـ Tatishcheva

بوو. لەو کاتەدا تیپی زوورین لە دژی دەستەیەکی باشقیر دەجەنگا. بەڵام ئەوان، بەر لەوەی لە بەرەگەی ڕوانینی ئێمەدا دەربکەون، بڵاو دەبوونەوە.

کاتێک بەهار داهات، ئێمە لە گوندە تاتاریەکان نیشتەجێ بووین. ئەرخەوانە سوور[١٤٠] هەڵسابوو و لە هەموو لایەک ڕێگەی لێ بەستبووین. هیچمان لەدەست نەدەهات و دڵی خۆمان دەدایەوە، تەق و ڕەوی بێزارکەر لەگەڵ چەتەکان ڕوو لە کۆتاییە. سەرەڕای هەموو ئەمانە پۆگاچێڤ نەگیرا و لە سنووری کانەکانی سیبریەوە سەری هەڵدایەوە. سەرلەنوێ دەستەی تری پێکەوە نا و کەوتەوە تاڵان کردن.

هەواڵی پێشڕەوی پۆگاچێڤ جارێکی تر لە هەموو لایەک بڵاو بوویەوە و نووچەی گیرانی قەڵاتەکانی سیبری بە ئێمە دەگەیشت. هەواڵی گرتنی شاری کازان[١٤١] و ڕۆیشتنی هێزەکانی یاخییەکان بەرەو مۆسکۆ، فەرماندەکانی سپای لە خەوی کەمتەرخەمی ڕاچەناند، کە دوژمنیان بە هیچ دانابوو. فەرمان بۆ زوورین هات لە ڤۆلگا بپەڕێتەوە و خۆی بگەیەنێتە سیمبرسک کە ئاگری ئاژاوەکە لەوێوە سەرچاوی گرتبوو.

ئەگەری ئەوەی دەمتوانی بچمەوە بۆ ڕاوەنی خۆمان،

---

١٤٠ـ ئەرخەوانەسوور: ناوی لێکدراو زۆری و خوڕی و قورسی وەک لافاوی ناو چەم و ڕووبارە لە سەرەتای بەهار و سووربوونی ئەرخەواندا، کە بەفری کوێستان دەتاوێتەوە، ئاوی سارد تاشەسەهۆڵی زەبەلاخ لەگەڵ خۆی دەهێنێت، گڵەسوورەی سەرڕێگا دەشۆرێتەوە و ئاوی بەتەوژم وەک قوراوی ئەرخەوانییە.

١٤١ـ کازان: Kazan شاری گەورە و پایتەختی کۆماری تاتارستانە لە ڕووسیا، دانیشتوانی ملیۆنێک و دووسەد هەزار کەسە. پێنجەمین شاری گەورەی ڕووسیایە.

دایکم و باوکم ماچ بکەم و چاوم بە ماریا ئیڤانۆڤنا بکەوێت، دڵی پڕ دەکردم لە شادمانی. وەک مناڵ هەڵخەوداخەم بوو. باوەشم دەکرد بە زوورینداو دەموت:

ــ بڕۆ با بڕۆین بەرەو سیمبرسک.

زوورین ئاهێکی هەڵدەکێشا، شانەکانی هەڵدەتەکان و دەیوت:

ــ من دەزانم دەچی ژن دەهێنی و، خۆت بەدبەخت دەکەی!

وردە وردە لە کەناری ڤۆلگا نزیک دەبووینەوە. هێزەکەی ئێمە لە گوندێک لای دا و شەو لەوێ ماینەوە. ویستمان لە زێکە بپەڕینەوە، بەڵام لەپڕ هەواڵیان بۆ هێنام ئەوبەری چەم کەوتووەتە بەر پەلامار و یاخییەکان و سپای پۆگاچێڤ لەو ناوە بڵاو بوونەتەوە.

ئەم هەواڵە بە تەواوەتی شڵەژاندمی. گوند و ڕاوەنی باوکم تەنها سی کیلۆمەتر لە کەناری چەمەکە دوور بوو. کەوتمە دەستخستنی گەمییەک. جووتیارانی ئەو ناوە هەموو ماسیگر بوون و گەمی زۆر لەو ناوە دەست دەکەوت. چووم بۆ لای زوورین و لە مەبەستەکەی خۆم ئاگادارم کرد. ئەو وتی:

ــ ئەبێ پارێز بکەین. بە تەنها ڕۆیشتن مەترسی هەیە. تا بەیانی ڕاوەستە. بەیانی زوو هەمووومان لە زێ دەپەڕینەوە و بە پەنجا سەربازەوە دەچین بۆ دیداری باوکت و دایکت.

من پێم لێ چەقاند، دەبێ هەر بڕۆم. گەمی ئامادە

بوو. لەگەڵ دوو سەوڵژەن سوار بووین و ئەوان کەوتنە سەوڵلێدان.

ئاسمان ساماڵ بوو و مانگ دەدرەوشایەوە. هەوایش ئارام و قوڵگا بە هێوری تێدەپەڕی. گەمی بە هێواشی دەڕۆیشت و بەسەر ئاوە تۆخەکەدا دەچووە پێشێ. نیو کاتژمێر تێپەڕی. ئارامشی سروشت و نائارامی هەلومەرجی ڕامیاری و ئەوین منیان بە خۆیانەوە خەریک کردبوو. گەمی گەیشتبوویە ناوەڕاستی زێکە... لە نکاو سەوڵلێدەران کەوتنە پچەپچ.

من هاتمەوە بە خۆمدا و پرسیم:

ــ چییە؟

سەوڵلێدەران ڕوانیانە کەنار و وەڵامیان دایەوە:

ــ مەگەر خوا بیزانێ، بە ڕاستی دیار نییە چییە!

منیش ڕوانیمە ئەو لایە و، لە ڕووناکی کەمڕەنگی تیشکی مانگدا، بینیم شتێک لەگەڵ ڕەوتی ئاوەکە بۆ لای ئێمە دێت. ئەو شتە نادیارە لێمان نزیک دەبوویەوە. بە سەوڵلێدەرانم وت گەمییەکە ڕاگرن و چاوەڕێ بن.

مانگ لە پشتی گەواڵەیەک خۆی شاردەوە و کەشەکە تاریکتر بوو. ئەو شتە سەمەرەیە ئەوەت گەیشتبوویە لای من، بەڵام دیسان نەمدەتانی بزانم چییە؟

سەوڵلێدەران دەیانوت:

ــ تۆ بڵێی چی بێت؟ نە چارۆکەیە و نە دیرەگی کەشتی.

لەپڕ مانگ لە پشت پەڵەهەور هاتە دەرەوە ودیمەنێکی تا

بڵێی دشتی پێشانی ئێمە دا. ئەوە قەنارەیەک بوو بە پارچە تەختەیەکدا داکوترابوو و، سێ تەرمی پێدا هەڵواسرابوو. چەشنێک مەراقی ئاوێتەی دڵسووتان لە مندا پەیدا بوو. ویستم لە نزیکەوە ڕوخساری کوژراوان ببینم. بە سەوڵلێدەرانم وت بە چنگانەیەک[١٤٢] تەختەکەیان ڕاکێشا. تەختە هات و خۆی دا بە گەمییەکەی ئێمەدا. لە گەمییەکەوە بازم دایە سەر تەختەکە و خۆم لە نێوان لاشەی ساماناکی هەڵواسراواندا بنییەوە. مانگەشەوی ڕووناک ڕوخسارە تێکچووەکەی چارەڕەشانی ڕوون دەکردەوە. یەکیان پیرێکی چۆڤاشی[١٤٣] لای سیبری بوو. دووەمی جووتیارێکی ڕووسی بیست سالانی بالابەرزی تێکسمڕاو بوو. کاتێک ڕوانیمە تەرمی سێیەم، ناخودئاگا هاوارێکی بەزەییئامێز لە گەرووم هاتە دەرەوە. ئەمەیان جووتبەندەیەک بوو بە ناوی ڤانکا[١٤٤]. ڤانکای ڕەبەن، من دەمناسی. لەم دواییانەدا چووبوویە ڕیزی پۆلەکانی سەر بە پوگاچێڤەوە. لەسەر سەری ئەمانە پەڕەیەکی ڕەش داکوترابوو و بە ڕەنگی سپی لێی نووسرابوو: **چەتە و یاخی**

سەوڵلێدەران تەختەکەیان بە چنگاڵ ڕاگرتبوو و چاوەڕێی من. من جارێکی تر هاتمەوە بە خۆمدا و تەختەشکاو دیسانەوە لەگەڵ ڕەوتی ڕووبارەکە کەوتەوە ڕێ و بۆ ماوەیەکی درێژ

١٤٢ چنگانە: grass rake ناو درمەغ، گولکێش، درمغ، جۆرە چنگاڵێکە هەنگوینی پێ لە کونی بەرد دەردەهێنرێ. ع مجرفة العشب N gressrive د چنگک علف.

١٤٣ ـ چۆڤاش: Chuvash people ناو مەردمێکی بە ڕەگەز تورکی ئۆگۆرن، لە ناوچەی ئیدل ـ ئۆراڵ تا سیبری دەژین. ع شعب تشوفاش N Chuvash folk د مردم چوواش.

١٤٤ ـ Vanka

تارماییەکەی هێشتا دیار بوو. کۆتاییەکەی لەچاو ون بوو و گەمییەکەی منیش گەیشتە کەناری سەربەرەوژێری زێکە.

پاداشێکی زۆرم دا بە سەوڵلێدەران. یەکیان لەگەڵم هات و ماڵی کوێخای پیشان دام، کە لە قەراخ ڕێگاکە بوو. لەگەڵی چوومە ناو کۆلیتەکەوە. کوێخا لە بیستنی ئەوەی من ئەسپم دەوێ زۆر شادمان نەبوو، بەڵام ئەوەندەی کابرای سەوڵلێدەران چووە تەنیشتییەوە و چەند وشەیەکی چرپاند بە گوێیدا، کەمتەرخەمی کابرا لەپڕ گۆڕا بە خاکەڕایی. ساتێک دواتر فایتوونێک ئامادە بوو و من تێیدا دانیشتبووم و بەرەو گوندی خۆمان دەڕۆیشتم.

فایتوون بە ناو ئەو گوندانەدا تێدەپەڕی کە هەموویان خەوتبوون. من تەنها لە یەک شت دەترسام و ئەویش تووشبوون و گیران بوو. پەڕینەوەی من لە سەر زێ، هەم نیشانەی بوونی یاخییەکان و هەم نیشانەی گۆڕانی دەسەڵات بوو. هەرچی چۆن بێ من لە گیرفانمدا هەم ئەو گوزەرنامەیەم پێ بوو پۆگاچێڤ پێی دابووم و هەم ئەوەی لە سەرهەنگ زوورینم وەرگرتبوو. بەڵام لە ڕێگە کەسمان پێنەگەیشت و بەر لە کازیوە زێ و ئەو لێڕەواری هەفرەسەم بینی، کە گوند و سەراوی ئێمە لەوبەریدا بوو. ئازۆت قامچی لە ئەسپان ڕاوەشاند و چارەکێک دواتر گەیشتین. خانووی ئەربابی ئێمە لەوبەری گوند بوو. ئەسپەکان مینیان گرتبوو وبە غار دەڕۆیشتن، کەچی ئازۆت لە ناوەڕاستی ڕێگاکە ڕایگرت.

من بە پەلە پرسیم:

ـ چی بووە؟

ئاژۆت بە دژواری ئەسپەکانی باشار کرد و وتی:

ـ لەمپەریان لە سەر ڕێگاکە داناوە.

من سەیرم کرد و پاسەوانێکی تێلاّ بەدەستم بینی. جووتبەندە لە من نزیک بوویەوە، کلاّوەکەی داگرت و داوای پسوولەی گوزەرنامەی لێکردین.

پرسیارم کرد:

ـ ئەمە چ واتایەکی هەیە؟ بۆچی لێرە بازگەیان داناوە؟ ئەرکی تۆ چییە؟

کابرا لەکاتێکدا سەری دەخوراند، وتی:

ـ جەناب ئێمە ڕاپەڕیوین.

من بەوپەڕی هەڵچوونەوە پرسیارم کرد:

ـ ئەی ئەربابەکانی ئێوە لە کوێن؟

جووتبەندە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەربابەکان؟ ئەوان وان لە هەمار!

ـ بۆچی وان لە هەمار؟

ـ بۆچی؟ چونکە ئاندریۆشکای[١٤٥] کوێخای نەواقە ئەوانی لە کۆت و زنجیر کێشاوە و دەیهەوێ بیانبات بۆ لای خاوەنشکۆ تزار.

ـ ئەی خوایە گیان!... دەروازەکە بکەرەوە، گەمژە!

---

١٤٥ـ Andryushka کورتکراوی ناوی Andrey یان André، کوێخای نەواقە واتە بەرپرسی پارێزگا zemski پلەیەک بوو پۆگاچێف داینابوو.

چاوەڕێی چیت؟

پاسەوان دردۆنگ بوو. خۆم لە فایتوونەکە هەڵدایە خوارەوە و، شەقەزللەیەکم کێشا بە بناگوێیدا و دەرگاکەم کردەوە. سواری فایتوونەکە بوومەوە و فەرمانم دا بە خێرایی بازۆی بەرەو ماڵی باوکم. هەماری ئێمە لە حەوشەدا بوو. لەبەر دەرگای قفڵکراو دوو جووتبەندە وەستابوو. فایتوونەکە ڕێک لە بەردەمی ئەوان ڕایگرت. لە فایتوونەکە دابەزیم، بەرەو ڕوویان هاشاوڵم برد و وتم:

ــ ئەو دەرگایە بکەنەوە!

بێگومان دەبێ ڕواڵەتی من زۆر بەسام بووبێت، چونکە ئەوان تێلاکانیان فڕێ دا و هەلاتن. من تێکۆشام یان دەرگا یان قفڵەکە بشکێنم. بەلام دەرگا داربەڕووی ساخ بوو قفڵیش ئەستوور و گەورە. هیچیان نەدەشکان. لەم کاتەداگەنجێک لە کۆختی خزمەتکاران هاتە دەرەوە و بە دەراوێکی سووکانە لە منی پرسی ئەو قیژەوهەرام لە چییە.

من هاوارم کرد:

ــ ئاندریۆشکا لە کوێیە؟ بڵێ با بێت بۆ ئێرە!

جەوان لووتبەرزانە دەستەکانی خستە لاکەلەکەی و وتی:

ــ من ئاندرەی ئافاناسییەڤیچم[١٤٦]، نەک ئاندریۆشکا!

بە تووڕەییەوە یەخەیم گرت و بەرەو دەرگای هەمارەکە ڕاپێچم کرد و وتم: «ئەو دەرگایە بکەرەوە!»

سەرەتا دیویست بەرگری بکات، بەلام ترس بە سەریدا

---

١٤٦ ـ Andrey Afanasyevich

زاڵ بوو و کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، دەرگاکەی کردەوە. من فڕکەم کرد بۆ ناو هەمارەکە و لە سووچێکی تاریک کە بە هۆی تیرێژی کلاوژۆچنەی بنمیچەکەوە تۆزێ ڕووناکی بەر کەوتبوو، باوکم و دایکم بینی. دەستیان بەسترابوو و پایان لە کۆت کرابوو. من بەبێ ئەوەی هێزی ئاخافتنم هەبێت، ئەوانم لە ئامێز گرت. ئەوان بە سەرسووڕمانەوە سەیران دەکردم. چونکە سێ ساڵ خزمەتی سپایی وەها گۆڕابووم کە نەیاندەناسیمەوە. لەپڕ گوێم لە دەنگێکی ئاشنا و گیانبەخش بوو، دەیوت:

ــ پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، ئەوە تۆی؟

من گەڕامەوە و لە سووچێکی تردا ماریا ئیڤانۆڤنام بینی، ئەویش بە هەمان شێوە بەسترابوویەوە. هێدمە گرتمی. باوکم بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، سەیری دەکردم و نیشانەی شادمانی لە ڕوخساریدا دەبینرا.

دایکم قریشکەیەکی کرد، کەوتە گریان و وتی:

ــ پەترۆشا گیانم! خوا لە کوێوە تۆی نارد بۆ لای ئێمە؟ چۆنی چاوەکانم؟

من بە پەلە بە شمشێرەکەی خۆم گوریسەکانی دەستیانم بڕی و ویستم لەوێ بیانبەمە دەرەوە، بەڵام کە گەیشتینە لای دەرگاکە زانیم داخراوەتەوە. بۆیە هاوارم کرد:

ــ ئاندریۆشکا، دەرگاکە بکەرەوە.

ئادرۆشکا لە پشت دەرگاکەوە بە تەوسەوە وتی:

ــ هەر لەوێ بە، ئێستە پیشانت دەدەم یاداشتی بڕێزی

و گرتنی یەخەی خزنەتکاری تزار چییە؟

من لە ناو هەمارەکەدا دەسووڕامەوە و بۆ ڕێگەیەکی دەربازبوون دەگەڕام، باوکم وتی:

ـ خۆت ماندوو مەکە! من خانووەکەم بە شێوەیەک دروست نەکردووە دز بە دڵخوازی خۆی تەڕاتێنی تێدا بکات.

دایکم کە بۆ ساتێک لە بینینی من شادمان ببوو، لەوەی کە منیش بووم بە هاوبەشی چارەڕەشیەکەی ئەوان، سەرلەنوێ پەژارە دایگرتەوە. بەڵام من لەبەر ئەوەی لە لای دایکم و باوکم و ماریا ئیڤانۆڤنا بووم، پەژارەیەکی ئەوتۆم نەبوو. شمشێرێک و دوو دەمانچەم پێ بوو و دەمتوانی گەمارۆدەران بۆ ماوەیەک سەرقاڵ بکەم. سەرهەنگ زوورین لای ئێوارە دەگەیشت و ڕزگاری دەکردین. دوای ئەوەی لەم ڕاستیانە ئاگادارم کردن، بۆم دەرکەوت دایکم و ماریا ئیڤانۆڤنا تۆزێ دڵیان ئاسوودە بووە. ئەوان دووبارە لە بینینەوەی من شادمان بوون و، چەندین کاتژمێر بە نەوازش و گفتوگۆی بێبڕانەوە تێپەڕی.

باوکم وتی:

ـ دەی پیۆتەر، تۆ زۆر کاری دشتت ئەنجام داوە و من زۆر دڵم لە تۆ ئێشابوو. بەڵام دەبێ ڕابوردوو لەبیر بکەین. هیوادارم ژیر بووبێتی و دەزانم وەک ئەفسەرێکی بوێری جەربەزە ئەرکی خۆت ڕاپەڕاندووە. سپاست دەکەم کە ڕەفتاری تۆ بووەتە هۆی ئارامیم لە سەردەمی پیریدا. ئەگەر ئێستەش بە دەستی تۆ لەم بەندە ڕزگارم ببێت، ئەوە ژیان

زیاتر لەلام شیرین دەبێت.

من دەستم ماچ کرد و فرمێسک لە چاوەکامدا قەتیس بوون. پاشان ڕوانیمە ماریا ئیڤانۆڤنا و هەستم کرد لە بینینی من ئەوەندە شادمان بووە، دەڵێی ئەو دۆخە مەترسدارەی تێی کەوتبوون، بە هیچ نازانێ و هیچ کاریگەری لەسەری نەبووە.

لای نیوەڕۆ دەنگ و هەرای سەرسامهێنەر بیسترا. باوکم وتی:

ـ ئەو دەنگانە چییە؟ تۆ بڵێی سەرهەنگەکەی تۆ بێت؟

من وەڵامم دایەوە:

ـ نەخێر، بۆی نییە ئەو بەر لە ئێوارە بگاتە بەرەوە.

دەنگەکان پتر بوو. زەنگی کلیسا لێدرا. دەنگی سمی ئەسپ کە لە حەوشە هاتوچۆیان دەکرد، دەبیسترا. لەم کاتەدا سەرە چەرمووەکەی ساولیچ لە کونی دیوارەکەوە دەرکەوت و هاواری کرد:

ـ ئەرباب ئاندرەی پەترۆڤیچ! ئەرباب پیۆتەر ئاندرۆڤیچ! ماریا ئیڤانۆڤنا! بەدبەختییەکی مەزن! چەتەکان هاتوونەتە حەوشە. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ دەزانی کێ هێناویانی؟ شڤابرین، ئەلەکسی ئیڤانۆڤیچ، کە هیوادارم سەری بە قوڕدا بچێت.

ماریا ئیڤانۆڤنا بە بیستنی ئەو ناوە سامناکە، تەزی پێدا هات و جووڵەی لێ بڕا. من بە ساولیچم وت:

ـ گوێ بگرە! یەکێک بنێرە بۆ قەراخ چەم، بۆ لای سەربازەکان و بڵێ سەرهەنگ لە دۆخی ئێمە ئاگادار بکاتەوە.

ــ ئەرباب کێ بنێرم. جووتبەندەکان هەموو ڕاپەڕیون و دەستیان بەسەر هەموو ئەسپەکاندا گرتووە. ئای خوایە گیان! ئەوە هاتنە حەوشە و بەرەو هەمار دێن.

لەم کاتەدا هەندێ دەنگمان لە پشت دەرگاکەوە بیست. من ئاماژەم بە ماریا ئیڤانۆڤنا و دایکم کرد، لە سووچێکدا خۆیان بشارنەوە. خۆیشم شمشێرم لە کالانە دەرهێنا و، نزیکی دەرگاکە پشتم نا بە دیوارەکەوە. باوکم دەمانچەکانی وەرگرت و پڕی کردنەوە و لای منەوە ڕاوەستا. قفڵی دەرگا شکێنرا، دەرگا کرایەوە و ڕوخساری کوێخا دەرکەوت. من بە شمشێرەکەم زەبرێکم لێدا، بەربوویەوە و ڕێگەکەی بەست. لەم ساتەدا باوکم بە دەمانچە تیرێکی تەقاند، ئەوانەی گردی ئێمەیان گرتبوو، بەدەم جنێودانەوە بڵاو بوونەوە. من بریندارەکەم ڕاکێشا بۆ لایەکەوە و دەرگاکەم بە چەفت و کێلوون لە ناوەوە داخست.

حەوشە پڕ ببوو لە چەتەی چەکدار و من لە نێوان ئەوانەدا شڤابرینم ناسییەوە. بە ژنەکانم وت:

ــ مەترسن! هێشتاش هیوا هەیە. تۆیش بابەگیان، دەمانچەکان مەتەقێنە. دوا گوللە ڕابگرە.

دایکم بە ئەسپایی لە دەرگانەی خوا نزای دەکرد. ماریا ئیڤانۆڤنا لە نزیکیەوە بوو و، بە هێوری فریشتەکان دەهاتە پێشەوە. لە پشت دەرگاکەوە دەنگی جنێو و هەڕەشە دەهات. من لە شوێنی خۆم ڕاوەستابووم و ئامادە بووم یەکەم کەس بوێرێ بێتە پێشەوە بە شمشێر دوولەتی بکەم.

لەپڕ هەموویان بێدەنگ بوون و من دەنگی شڤابرینم بیست ناوی منی بە دەنگی بەرز بانگ دەکرد. هاوارم کرد:

ــمن وام لێرە، چیت دەوێ؟

ــخۆت بدە بەدەستەوە گرینیۆڤ، بەرگری سوودی نییە. بەزەییت بە دایک و باوکە پیرەکەتدا بێتەوە. بەرگری ڕزگارت ناکات و من بێگومان دەرەقەتی تۆ دێم.

ــئەی دوخمانی چی دەکەی بیکە.

ــمن هەرگیز هەڤاڵەکانم ناخەمە مەترسییەوە، بەڵام هەمارەکە گڕ تێبەردەدەم. جا تۆ چی دەکەی بیکە. دۆن کیشۆتەکەی بێلۆگۆرسکی، ئێستا کاتی نانخواردنە. بۆیە دەرفەتت هەیە تا هاتنەوەم بیر بکەیتەوە. ماریا ئیڤانۆڤنای ئازیز، ماڵیاو! من تۆ نابەخشم، هەرچەند ئێستە لەو سەیزانە تاریکەدا لەلای دڵدارە نازدارەکەتەوە ناخۆشت لێ ناگوزەرێ.

شڤابرین دوور کەوتەوە و چەند پاسەوانی لە لای دەرگای هەمارەکە بەجێ هێشت. هەمووومان هەروا خامۆش ماینەوە. هەرکامممان بیرێک مێشکی خەریک کردبوو، بەڵام نەی دەوێرا لای ئەوانی تر دەری ببڕێ. من لام وابوو شڤابرین، بە تایبەت کاتی توورەیی هەر کارێکی لەدەست دێت. لەم کاتەدا بە هیچ شێوەیەک دۆخی خۆمم لا گرنگ نەبوو، بەڵام دەبێ ددان بەوەدا بنێم کە دارەتی دایک و باوکیشم بە ئەندازەی ماریا ئیڤانۆڤنا مایەی دڵەڕاوکەم نەبوو. ئەمزانی جووتیار و جووتبەندە دایکمیان زۆر خۆشدەوێ. باوکیشم سەرەڕای خووی درژی لە لای جووتیارەکان جێگەی ڕێز بوو،

چونکە هەرگیز نەیدەهێشت فەرمانبەرانی ئاتاج و برسی بین. ڕاپەڕینی جووتیاران بە هۆی تووڕەیییەکی کتوپڕەوە سەری هەڵدابوو و دەربازبوونی دایکم و باوکم مسۆگەر بوو. بەڵام چارەنووسی ماریا ئیڤانۆڤنا بە دەستی دوژمنێکی بێبەزەی و بێویژدانەوە بوو. من تەنانەت نەمویرا ئەو بیرەش بهێنم بە مێشکمدا، کە بەر لەوەی جارێکی تر بکەوێتەوە دەستی ئەو دوژمنە دڕندەیە، خۆم کۆتایی بە ژیانی بهێنم! (خوا لێم خۆش بێت.)

نزیکەی کاتژمێرێک تێپەڕی. قریوەی سەرخۆشان لەناو گوند دەنگی دایەوە. پاسەوانەکان تێدەکۆشان لە مەرگ و ئەشکەنجە بمانترسێنن. ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی هەڕەشەی شڤابرین بووین. کۆتاییەکەی دەنگ و هەرایەکی زۆر لە حەوشەوە بیسترا و، جارێکی تر دەنگی شڤابرینمان بیست کە دەیوت:

ــ دەی؟ بڕیارت بە چییە؟ ڕادەست دەبیت؟

کەس وەڵامی نەدایەوە.

شڤابرین، پاش ئەوەی کەمێک ڕاوەستا، فەرمانی دا کا بهێنن. پاش تاوێک گڕ بڵێسەی کێشا و هەماری تاریک و ڕوون لە ڕێگەی درز و کەلەبەرەوە پڕ بوو لە دووکەڵ.

لەو کاتەدا ماریا ئیڤانۆڤنا لە من نزیک بوویەوە، دەستی گرتم و بە ئەسپایی وتی:

ــ ئیتر بەسە پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، مەهێڵە دایکت و باوکت لە پێناوی مندا لەناو بچن. شڤابرین تکای من پەژێرە دەکات.

بهێڵە من بچمە دەرەوە.

من شێتانە هاوارم کرد:

ــ هەرگیز! تۆ دەزانی چ چارەنووسێک چاوەڕێت دەکات؟

ماریا بە هێوری وەڵامی سایەوە:

ــ بە هیچ شێوەیەک ئابڕووی خۆم ناتکێنم، بەڵام ڕەنگە بتوانم ئەو بنەماڵەی بەو شێوە شیانستە کچێکی هەتیویان داڵدە داوە، لە مردن ڕزگار بکەم.ماڵیاوا ئاندرەی پەترۆڤیچ، ماڵیاوا ئاڤدۆیتا ڤاسیلییێڤنا، ئێوە زۆر چاکەتان لەگەڵ من کردووە، لێم ببوورن. ماڵیاوا پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، دڵنیا بە...

لێرەدا دای لە پرمەی گریان و ڕوخساری لە ناو دەستەکانیدا شاردەوە... من وەک شێتم لێهاتبوو. دایکیشم دەگریا.

باوکم وتی:

ــ قسەی بێواتا مەکە، ماریا ئیڤانۆڤنا! کێ ڕێگە دەدات تۆ بچی بۆ لای ئەو بەرەڵڵانە؟ لێرە بمێنەرەوە و بێدەنگ بە. ئەگەر بڕیارە بمرین، هەمووومان پێکەوە دەمرین. گوێت لێیە؟... لەوە زیاتر چی لەدەست دێت؟

شڤابرین دەیقیژاند:

ــ ڕادەست دەبن یان نا؟ پێنج خولەکی تر هەمووتان دەبن بە خەڵووز.

باوکم وەڵامی دایەوە:

ــ نەخێر، ڕادەست نابین، ئەی دڕندە!

ڕوخساری پیر و بوێری باوکم نیشانەی تووڕەیی ئەو بوو و چاوەکانی لە بن ئەبرۆی قاوەییەوە دەبریسکانەوە. ڕووی

کردە من و وتی:

ـ ئیتر کاتیەتی!

ئەوسا دەرگاکەی کردەوە. ئاگر کڵپەی کرد و بەرەو خەنەبەردیلەی بنمیچەکە بڵێسەی کێشا. باوکم بازی دا بەسەر ئاگرەکەدا، تەقەی لە دەمانچە هێنا و وتی:

ـ وەرن بە دوای مندا!

من دەستی دایکم و ماریا ئیڤانۆڤنام گرت و بە خێرایی بردیانمە دەرەوە. شڤابرین بە گوللەی دەمانچەکەی باوکم بریندار ببوو و لە خوێنی خۆیدا گەوزا. چەتەکان کە بە هۆی دەرپەڕینی کتوپڕی ئێمەوە بڵاو ببوونەوە، هاتنەوە بە خۆیاندا و دیسانەوە گەمارۆیان داین. من چەند زەبری ترم لە پەلاماردەران وەشاند، بەڵام لە ناکاو پارە ئاجوورێک دای بە تەخت سینەمدا، کەوتم و بۆ چەند سات بوورامەوە. کاتێک هاتمەوە بە خۆمدا شڤابرینم بینی لەسەر چیمەنە خوێناوییەکە دانیشتووە و بنماڵەی من لە بەردەمیدا ڕاوەستاون.

بن باڵی منیان گرت و بەرزیان کردمەوە. ژمارەیەکی زۆر جوتبەندە و کازاخ و باشقیر فەراگەردیان گرتبووین. شڤابرین بە شێوەیەکی سەمەرە ڕەنگی پەڕیبوو و ڕق و ئازار بە ڕوخسارییەوە خۆیای دەکرد. پاش ساتێک سەری بەرز کردەوە، ڕوانییە من و بە دەراوێکی نائاسایی وتی:

ـ ئەمە هەڵواسن... هەموو ئەوانی تریش... جگە لە کچەکە.

مەردم دەسبەجێ گردی ئێمەیان گرت و بەرەو فایتوونەکە

بردمانیان. بەڵام لەپڕ ئێمەیان بەردا و بە فڕکە هاڵاتن. چونکە سەرهەنگ زوورین بە سواری دەهاتە ژوورەوە و بە دوای ئەودا هێزێک بە شمشێری ڕووتەوە دەهاتن.

چەتەکان بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن. سەربازەکان کەوتبوونە دوایان، لێیان دەدان و بەرەو زیندانیان دەبردن. زوورین خۆی لە ئەسپەکەی هەڵدایە خوارەوە، شاگەی لە دایکم و باوکم کرد، دەستی منی دۆستانە گوشی و وتی:

ــ باش بوو کاتی خۆی گەیشتم، دەی ئەمەش دەسگیرانەکەتە؟

ڕوومەتی ماریا ئیڤانۆڤنا تا بناگوێ سوور هەڵگەڕا. باوکم چوو بۆ لای زوورین و بە دارەتێکی ئارام بەڵام زۆر کاریگەر سپاسی کرد. دایکم ماچی کرد و بە فریشەی ڕزگاری ناوزەدی کرد.

زوورین کاتێک چاوی بە شڤابرینی بریندار کەوت، وتی:

ــ ئەی ئەمە کێیە؟

باوکم بە دفرەیەکەوە کە جەنگاوەری ڕابوردووی دەهێنایەوە بیر، وتی:

ــ ئەمە سەردەستەی چەتەکانە. خوا دەستە لاوازەکەی منی بەهێز کرد و ڕێگەی دام ئەم مرۆڤکوژە بیراز بکەم و تۆڵەی ئەو خوێنانەی لێ بکەمەوە کە ڕژاندوونی.

من ڕووم کردە زوورین و وتم:

ــ ئەمە شڤابرینە.

ــ شڤابرین! زۆر چاکە. سەربازان، بیبەن بۆ لای پزیشک

و پێی بڵێن برینەکەی ببەستێ و بەباشی ئاگای لێی بێت. شقابرین دەبێ بنێردرێ بۆ لای لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کازان. ئەم کابرایە لە تاوانکارە گەورەکانە و گۆڤانی ئەو زۆر گرینگە.

شقابرین چاوە کزەکانی کردەوە. ئازارێکی بەهێز لە ڕوخساریدا خۆیا بوو. سەربازەکان خستیانە سەر بەرەکێکی باڵاپۆش و لەگەڵ خۆیان بردیان.

چووینە ژوورەوە. من بە کوزیرک[١٤٧] و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمڕوانییە فەراگەردی خۆم و سەردەمی منالیم دەهێنایەوە بیرم. هیچ شتێ نەگۆڕابوو و هەموو شتەکان لە شوێنی خۆیان بوون. شقابرین سەرەڕای خووی دڕندانەی چاوچنۆک نەبوو و ڕێگەی نەدابوو ماڵی ئێمە تالان بکەن.

خزمەتکارەکانی ئێمە لە ناودالان کۆ ببوونەوە. ئەوان لە ڕاپەڕیندا بەشدارییان نەکردبوو و لە ڕزگاری ئێمە پڕبەدڵ شادمان بوون. ساولیچ زۆر شانازی بەخۆیە دەکرد. دەبێ ئەمازە بەوە بکەم کاتی هاتن و پەلاماری چەتەکان، ساولیچ خۆی گەیاندبوویە گەوڕ، ئەسپەکەی شقابرینی زین کردبوو و لە گەوڕ هێنابوویە دەرەوە. پاشان بە هۆی نارێکوپێکی باری چەتەکان و سەرقاڵی جەماوەرەوە بەدزی و بە خێرایی بەرەو زێ ئاژووتبوو. هێزەکەی ئێمە کە لای چەمەکە لایان دابوو بۆ پشوودان، بردبوویان بۆ لای زوورین. واتە لە ڕێگەی ساولیچەوە زوورین لە دۆخی ئێمە ئاگادار دەبێت و،

---

١٤٧ـ کوزیرک: sadness وەژارە، کەسەر، کۆڤان، مۆژە، گژم، دڵمان، هەژمەت، پەرۆش، پۆژن. [ع] الحزن [N] tristhet [د] تأثر.

دەسبەجێ فەرمانی ڕەو بە هێزەکە دەدات:

ـ «گورج! گورج! غاردەن!»

ئەوە بوو لە کاتی پێویستدا گەیشتنە شوێنی مەبەست.

هەرچی چۆن بێت، سەرهەنگ زوورین فەرمانی دا دەبێ سەری کوێخا بکەن بە دارێکەوە و بۆ چەند کاتژمێر لە لای مەیخانە هەڵیواسن. سەبازەکان وردە وردە گەڕانەوە و چەند یەخسیرێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. لە هەمان هەمار کە ئێمەیان زیندانی کردبوو، بەند کران. پاشان هەر کەس چوو بۆ ژووری خۆی. پیرەکان کە شەوی ڕابوردوو خەو نەچووبوویە چاویان، پێویستیان بە پشوو هەبوو. منیش چوومە ناو جێگە و تەخت لێی خەوتم. زوورین بۆ ئەنجامی کارەکانی خۆی ڕۆیشت.

ئێوارە لە ژووری گەورە گردی سەماوەر کۆ بووینەوە و، شادمان و بە دڵی خۆشەوە کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی ئەو مەترسییەی تێپەڕیبوو. ماریا ئیڤانۆڤنا چای تێدەکرد و من لە لایەوە دانیشتبووم و هەموو سەرنجم چووبوو بۆ لای ئەو. باوکم و دایکم وا پێ دەچوو لە پەیوەندی دڵدارانەی ئێمە زۆر شادمانن. تاکوو ئێستەش دیمەنی ئەو دانیشتنە لە بیرگەمدا پارێزراوە. من لەم ساتەدا زۆر بەختەوەر بووم. ئایە شێوەی ئەم دیمەنە لە ژیانی تاڵی مرۆڤدا زۆرە؟

بەیانی ئەو ڕۆژە باوکمیان ئاگادار کرد جووتیارەکانی بۆ داوای لێبوردن لە حەوشە کۆ بوونەتەوە. باوکم چووە بەرهەیوان و پێی وتن:



ـ دەی، گەوجینە! مەبەستتان لەو ڕاپەڕینە چی بوو؟
جووتیارەکان بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە:
ـ ئەرباب لێمان ببوورە.
ـ باشە، ئەوە بەخشران، بەڵام ئێوە خۆتان شێت دەکەن و لەپڕیش ژیوان دەبنەوە! ئەمجارەیان بەهۆی ئەو شادمانییەی پەروەردگار لە بینینەوەی کوڕەکەم بە منی بەخشیوە، منیش ئێوە دەبەخشم. بڕۆن.
ـ ئێمە تاوانکارین، بەڵێ ڕاستە، گومانی تێدا نییە ئێمە تاوانکارین.
ـ پەروەردگار ڕۆژوبانێکی ناوازەی پێ بەخشیوین. ئەبێ دروێنە بکەین. دەی گەوجینە، سێ دانە ڕۆژە چیتان کردووە؟ گزیری سەرکار! هەر هەموویان بنێرە بۆ دروێنە و، چاودێری بکە بەر لە جەژنی سەن ژان[١٤٨] هەموو دانەوێڵە گەیشتبێتە

١٤٨ـ جەژنی سەن ژان: st. john's day ڕۆژی لەدایکبوونی یەحیای باپتیستە لە ٢٤ی جوونی هەموو ساڵێک لە لایەن کلیسای کاسۆلیک و ئۆرتۆدۆکس و

ئاش. دەی بڕۆن!

جووتیارەکان کڕنۆشیان برد و چوون بۆ سەر کاری خۆیان.

برینەکەی شڤابرین زۆر ئاستەم نەبوو. وەک زیندانی لە بن چاودێریدا ناردیان بۆ کازان. من لە پەنجەرەکەوە بینیم لەناو فایتوونەکەدا دایان نابوو. چاومان لێک گیرا و ئەو سەری داخست. منیش بە پەلە لە بەر پەنجەرەکە چوومە ئەو لاوە. نەمدەویست وابزانێ لە سووکایەتی بە دوژمنێکی ناچیزەی شکستخواردوو شادمانم.

زوورین دەیویست درێژە بە ڕێگەی خۆی بدات و منیش، سەرەڕای ئەوەی پێم خۆش بوو چەند ڕۆژێک لە لای کەسوکارم بمێنمەوە، بەڵا وام بە باش زانی لەگەڵی بڕۆم. شەوی بەر لە ڕۆیشتن بە گوێرەی دابی ئەو کاتە چوومە لای باوکم و دایکم. کڕنۆشێکی ڕاستەقینەم کرد و داوام لێکردن ڕێگە بدەن من و ماریا ئیڤانۆڤنا پێکەوە هاوسەرگیری بکەین. ئەوان بە فرمێسکی شادییەوە پەسەند و هاودەنگی خۆیان بۆ هاوسەرگیری ئێمە ڕاگەیاند. پاشان من ماریا ئیڤانۆڤنام برد بۆلایان، کە ڕەنگی پەڕیبوو و وەکشەقشەقە دەلەرزی و، ئەوان نزایان بۆ کردین.

ناتوانم دارەت و هەستی خۆم لەو کاتەدا دەرببڕم. ئەو کەسەی خۆی بە کات و ساتی وەهادا تێپەڕیبێت، دەزانێ دەڵێم چی. هەڵبەت نابێ گلەیی لەو کەسەش بکرێ کە کاتی وەهای نەبینیوە و، پێی بوترێ بچێت دڵداری بکات و دەرفەت

---

ئەنگەلیکان و لۆتەرانەوە بەڕێوە دەچێت.

لە دایک و باوکی وەربگرێت.

بەیانی ئەو ڕۆژە سەربازەکانی هێزی سەرهەنگ کۆ بوونەوە. سەرهەنگ زوورین لەگەڵ بنەماڵەی من ماڵاوایی کرد. هەموو لەو بڕوایەدا بووین جەنگ بەم زوانە کۆتایی دێت. من هیوادار بوون تا مانگێکی تر زەماوەند بکەین. ماریا ئیڤانۆڤنا، کاتی ڕۆیشتن، لە بەرچاوی جەماوەر منی لە باوەش گرت. من سواری فایتوونەکە بووم و ساولیچ دیسانەوە لە لامەوە سوار بوو و هێز کەوتە ڕێ. تا ماوەیەک ئەمڕوانییە ماڵی باوکم و لێی دوور دەکەوتمەوە. دڵەڕاوکەم بوو و وا دیار بوو کەسێک پێم دەڵێ، بەڵام تەنگوچەڵەمەی تۆ هێشتا تەواو نەبووە. دڵم بەرایی دەدا بوویەری سامناک چاوەڕێمە.

ئینجا من جەنگەکانی خۆم و کۆتایی ئەم هەلومەرجە ناگێڕمەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم کە ڕۆژەڕەشی گەیشتبوویە ئەوپەڕی خۆی. لە هەموو شوێن ڕێسای جەنگەڵ دەسەڵاتدار بوو. ئێمە لەو گوندانەوە تێدەپەڕین کە چەتەکان تاڵانیان کردبوون و، ئێمەیش ناچار بووین ئەوەی چەتە نەیتوانیوە لێیان بسێنێ، لییان بسێنین. داراکان و زەویداران لە ترسی تاڵانگەران لە جەنگەڵەکاندا خۆیان شاردبوویەوە. چەتە هەموو شوێنێکیان تاڵان کردبوو. دۆخی ناوچەیەکی بەربەرین کە ئەم وەیشوومەیە لێی دابوو و لە ناو بڵێسەی یاخیگەریدا دەسووتا، زۆر سامناک بوو. خوایە گیان ئاگات لێمان بێ، چاومان بە ڕاپەڕینی ڕووسی بێهەست و سۆز نەکەوێت.

پۆگاچێڤ بەردەوام هەڵدەهات و ئیڤان ئیڤانۆڤیچ میکلسۆن[١٤٩] راوەدووی دەنا. ئەوەندەی پێنەچوو هەواڵی شکستی مسۆگەری پۆگاچێڤمان پێگەیشت. زوورین زانی پۆگاچێڤ گیراوە و، لە هەمان کاتدا فەرمانی کۆتایی چالاکی جەنگیشی بۆ هات.

جەنگ کۆتایی هاتبوو.

لەگەڵ ئەوەش هەستێکی سەمەرە، شادییەکەی ژەهراوی دەکردم. بیری ئەو یاخیە، کە خوێنی زۆر کەسانی بێتاوانی ڕشتبوو و، ئێستە سزایەکی سەخت چاوەڕێی بوو، ئازاری دەدام. بە پەژارەوە لە خۆم دەپرسی:

ـ بۆ نێزەیەک لە دڵی نەچەقی، یان گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی نەهێنا. ئەمە بۆ ئەو زۆر باشتر بوو.

ئێوە بوایەتن چیتان دەکرد؟ من نەمدەتوانی بیر لە پۆگاچێڤ نەکەمەوە و نەیهێنمەوە بیرم، چۆن لە سامناکترین کاتەکانی ژیانمدا، ژیانی پێ بەخشی بوومەوە و دەزگیرانەکەمی لە چنگی شڤابرین ڕزگار کردبوو.

زوورین دەرفەتی دام بۆ سەردانی ماڵەوە. من لە ماوەی چەند ڕۆژدا دەگەڕامەوە و ماریا ئیڤانۆڤنای خۆشەویستم دەبینی. بەڵام لەپڕ لافاوی ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو لەگەڵ خۆی بردمی.

لە ڕۆژی دیاریکراوی ڕۆیشتندا، تۆزێک پێش ڕێکەوتن، زوورین هات بۆ ژوورەکەم، لەکاتێکدا زۆر داگیرابوو.

---

١٤٩ـ Ivan Ivanovich Michelson

نامەیەکی دایە دەستم. زوورین بەردەستەکەمی کردە دەرەوە و وتی دەیەوێ قسەم لەگەڵ بکات.

بە پەرۆشەوە پرسیم:

ـ چی ڕووی داوە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ هەواڵێکی ناخۆش. بیخوێنەرەوە! تازە هاتووە.

من کەوتمە خوێندنەوە: فەرمانێکی نهێنی بۆ هەموو فەرماندەکان، سەبارەت بەوەی لە هەر شوێنێک منیان بینی، بمگرن و لە بن چاودێریدا بمنێرن بۆ کازان، بۆ لای لیژنەی ڕاگەیشتن بە ڕاپەڕینی پۆگاچێڤ.

ئەوەندەی نەمابوو نامەکە لە دەستم بکەوێتە خوارەوە.

زوورین وتی:

ـ چارە نییە، من ئەرکی سەرشانمە ئەو فەرمانە ڕاپەڕێنم. ڕەنگە هەواڵی گەشتە دۆستانەکانت لەگەڵ پۆگاچێڤ، گەیشتووە بە بەرپرسان. هیوادارم بەرەنجامی خراپی نەبێ و بتوانی لە بەرامبەر لیژنەی تایبەت بێتاوانی خۆت بسەلمێنی. بڕۆ، بڕۆ بێورە مەبە.

ویژدانم ئاسوودە بوو. لە دادگایی نەدەترسام. بەڵام دواکەوتنی ژوانی دڵدار پەژارەمەندی دەکردم. فایتوون ئامادە بوو. زوورین دۆستانە بەڕێی کردم. سوار بووم. دوو سەرباز بە شمشێری ڕووتەوە لە هەردوو لامەوە دانیشتبوون. لە ئاراستەی جادەی سەرەکیدا کەوتینە ڕێ.

## بەشی ١٤
# دادگاییکردن

دەنگۆی هەمەپەسەند، وەک شەپۆلی زریا وایە!

«**تشتانۆک**»[١٥٠]

دڵنیابووم هەموو ئەم بوویەرە لە ڕۆیشتنی سەربەخۆم لە ئۆرنبۆرگەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەگەر وا بوایەت دەمتوانی بە ئاسانی بێتاوانی خۆم بسەلمێنم. چونکە چوونە دەرەوە لە قەڵات، نەک هەر نافەرمانی نەبوو، بەڵکوو بەئازایەتیش دەژمێردرا. ڕەنگە بە بوێری و سەرەڕۆیی تاوانبار بکرایەتم، بەڵام بە مسۆگەری بە هۆی نافەرمانییەوە سزا نەدەدرام. لەگەڵ ئەمەش، پەیوەندی دۆستانەم لەگەڵ پۆگاچێڤ ــ کە زۆر کەس بە چاوی خۆیان بینیبوویان ــ لە کەمترین دارەتیدا مایەی گومان و دردۆنگی بوو. بە درێژایی ڕێگە، بیرم لە لێکۆڵینەوە دەکردەوە و پرسیار و وەڵامەکان هەڵدەسەنگاند.

---

١٥٠ ـ تشتانۆک: riddles گەمە ناو مەتەڵۆک، هەڵهێن، فیشاردە. ع لغز، معما N gåter د لغز، معما L conundrum.

سەرەنجام بڕیارم دا تا لە دادگا، ڕووڕاست و بێترس، ڕاستی بڵێم، چونکە بڕوام وا بوو، سادەترین و لە هەمان کاتدا لێبڕاوترین ڕێگە هەر ئەوە دەبێ.

گەیشتینە کازان، کاول و سووتاو. لە شەقام و ڕێگەکاندا، لە جیاتی تەلار ، لاواری[١٥١] خانوو و تۆپەڵی خۆڵەمێش و دیواری دووکەڵاوی، داڕووخاوی بەبێ بنمیچ و پەنجەرە دەبینرا. ئەمانە شوێنەواری جەنگ لە دژی پۆگاچێڤ بوو. برام بۆ تەنها کۆشکێک لە ناوەڕاستی شار کە بەسەر پێوە ڕاوەستابوو. سەربازەکان منیان برد بۆ لای ئەفسەری کێشک. ئەفسەر ناردی ئاسنگەرێک هات، تا قاچی من بە کۆتی ئاسن ببەستێ. پاشان بردمیانە زیندان و لە ژوورێکی تەنگ و تاریک بە پەنجەرەیەکی میلەدارەوە جێیان هێشتم.

ئەم دەسپێکە لەوە نەدەچوو بەرەنجامێکی باشی هەبێ. لەگەڵ ئەوەش هیوا و جەربەزەم نەدۆڕاند. بۆ ئارامش و ئاسوودەیی ئەوانەی لە من چارەڕەشترن نزام کرد و بۆ یەکەم جار چێژی شیرینی کەبار و گازەم، کاتێکە لە دڵێکی بێگەردەوە دەکرێ، چەشت و لە پاش ساتێک بەبێ ئەوەی لە داهاتووی پڕ لە مەترسی خۆم دڵنیگەران بم، خەوم لێکەوت.

بەیانییەکەی وەردیان لە خەو ڕایچەناندم و ڕایگەیاند لیژنەی دادوەری بانگیان کردووم. دوو سەرباز لە ناو حەوشەکەوە منیان برد بۆ بنکەی فەرماندەیی. خۆی لە بەر دەرگا وەستا و منی ناردە ژوورەوە. چوومە ژوورێکی

١٥١ـ لاوار: fubble داروپەردوو، رووخاو و کەلاوە. [ع] خرابة [N] fubble [د] آوار.

فراوانەوە. لە لای مێزێکەوە کە پڕ بوو لە کاغەز و پووشە و پەروەندە، دوو کەس دانیشتبوون. ژنراڵێکی پیر بە نیگایەکی ڕچاو و ڕوومەتێکی دشتەوە، جێدارێکی قۆزی ئاوا بیست و هەشت ساڵانی میهرەبان و لێزان. لە پشت مێزێکی جیاواز لای پەنجەرەکە، توندنووسێک[١٥٢] دانیشتبوو، پێنووسێکی خستبوویە پشت گوێی و بەسەر کاغەزەکاندا دانەویبوویەوە، وەک بڵێی ئامادەی نووسینە.

پرسینەوە دەستی پێکرد. ناو و پیشە و پلەیان پرسیم. ژنراڵ ویستی بزانێ ئایە کوڕی ئاندرەی پەترۆڤیچ گرینیۆڤم یان نا؟ کاتێک وتم بەڵێ، بە تووڕەییەوە وتی:

ــ زۆر جێگەی داخە، پیاوێکی بەڕێز بەو نازناوەوە، کوڕێکی نەشیاوی وەک تۆی هەبێ!

بە خەمساری وەڵامم دایەوە، تاوانی من هەرچییەک بێت، ڕاستییەکەی دەڵێم و بێتاوانی خۆم دەسەلمێنم.

ژنراڵ ئەو متمانەبەخۆییەی منی بەدڵ نەبوو. ئەبرۆکانی تێکنا و وتی:

ــ خۆت بە زیرەک دەزانی، ها؟ بەڵام ئێمە لە تۆ زۆر زیرەکترمان بینیوە.

ئەوسا ئەفسەری جەوان پرسیاری لێکردم:

ــ کەی و لەبەر چی چوویتە ناو دەستەی پوگاچێڤەوە؟ ئەو لە چ چالاکییەکدا کەڵکی لە تۆ وەرگرت؟

---

١٥٢ ـ توندنووس: stenographer ناو کورتنووس، هێمانووس، ستینۆگرافەر لە دادگا و شوێنی فەرمی. ع المختزل N stenograf د مختصر نویس، تنوگراف.

من زویر و غەزراو وەڵام دایەوە:

ــ وەک ئەفسەرێک و وەک خانەدانێک هەرگیز ئامادە نەبووم سەر بۆ پۆگاچێڤ دانەوێنم، یان چالاکی و ڕاسپاردیەکی بۆ ئەو ئەنجام بدەم.

دیسان وەڵامی دامەوە:

ــ ئەوی پۆگاچێڤ چۆن ئەفسەرێکی خانەدان دەبەخشێ، لەکاتێکدا هەموو هاوڕێکانی ئەو دەکوژێ و هەڵدەواسێ؟ ئەوە چۆنە کە ئەم ئەفسەرە خانەدانە، دۆستانە لە جەژن و ڕابواردنی چەتەکاندا بەشداری دەکات و دیارییەکانی پۆگاچێڤ وەردەگرێ: ــ کەوڵپۆس و ئەسپ و پەنجا کۆپەک؟ بنەمای ئەو دۆستایەتییە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ بە چ هۆیەک، جگە لە دوخمانی و لادان و چرووکی ئەو کارە شیاوە؟ ئەم دۆستایەتییە سەمەرەیە لە کوێوە بەدی هاتووە؟

پرسیارەکانی جێدارەکە زۆر دڵی ئێشاندم و، زۆر بە گەرمی کەوتمە داکۆکیکردن لە خۆم. سەرەتا یەکەم چاوپێکەوتنی خۆم لەگەڵ پۆگاچێڤم لە تۆفان و باهۆزدا گێڕایەوە، پاشان شێوازی گرتنی قەڵاتی بێلۆگۆرسکیم بۆ وتن، کە ئەو منی ناسییەوە و بەخشیومی. پاشان ددانم بەوەدا نا ڕاستە ئەسپ و کەوڵپۆسم وەرگرتووە، بەڵام بەوپەڕی جەربەزەوە جەنگاوم. پاشان وتم ئەتوانن بوێری و ئازایەتی من لە خولی گەمارۆی ئۆرنبۆرگ لە ژنراڵی فەرمانەم بپرسن، تا ئەو پێیان بڵێ من چیم کردووە.

پیرەمێردی نەمرچ نامەیەکی کراوەی لەسەر مێزەکە

هەڵگرت و بە دەنگی بەرز کەوتە خوێندنەوەی:

«دەربارەی پرسیاری ژنراڵ سەبارەت بە گرینیۆف، کە وتراوە پێچەوانەی ڕێسای سەربازی و سوێندی ئەمەگداری، لە ڕاپەڕینی ئەم دواییەدا بەشدار بووە و پەیوەندی نهێنی لەگەڵ یاخی بەناوبانگ پۆگاچێڤ هەبووە، دەبێ پێتان ڕابگەیەنم: جێدار گرینیۆف لە سەرەتای ئۆکتۆبری ١٧٧٣ تا ٢٤ی فێڤریەری ١٧٧٣ لە ئۆرنبۆرگ خزمەتی کردووە و لەم ڕێکەوتەوە لە شار چووەتە دەرەوە و ئیتر هەرگیز نەگەڕاوەتەوە. لە ڕێگەی ئاوارەی جەنگییەوە هەواڵم پێگەیشتووە ئەو لە لەشکرگەی پۆگاچێڤ بووە و لەگەڵی چووە بۆ قەڵانی بێلۆگۆرسکی شوێنی خزمەتی پێشووی. سەبارەت بە ڕەفتاری دەتوانم بڵێم...»

دەستی لە خوێندنەوە هەڵگرت و بە ڕوویەکی تاڵەوە بە منی وت:

ـ ئەمجار چ داکۆکییەکت هەیە؟

دەمویست بەو شێوەی دەستم بە بەرگری کردبوو، کۆتایی پێ بێهێنم، پەیوەندی خۆم و ماریا ئیڤانۆڤنا بگێڕمەوە و شتەکانی تریش. بەڵام لەپڕ، لەمیەرێک لە هەناومدا ڕێگەی لێگرتم و پەشیمان بوومەوە. هێنانی ناوی ئەو ئەبوویە هۆی ئەوەی بانگی بکەن. زانیم ئەگەر بێتە ئەوێ، ئەویش تووشی تۆمەتی سووک و گرێدانی بە چەتە و تاڵانکەرەوە دەبێ. ئەم بیرە وەهای شڵەژاندم پەرێشان و بێدەنگ لە شوێنی خۆم

مامەوە.

دادوەران کە ڕواڵەتی خۆشبینی من وای لێکردبوون گوێ لە گوتەم ڕابگرن، بە بینینی دڵەڕاوکە و وسکوتبوونی من دیسانەوە بەدگومان بوونەوە.

ئەفسەرە قۆزەکە ویستی تا لەگەڵ گۆڤانی سەرەکی ڕووبەڕووم بکاتەوە. ژنراڵ فەرمانی دا «سلسارەکەی دوێنێ» بهێنن. من بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی خەنیمەکەم، چاوم بڕییە دەرگاکە.

پاش چەند خولەک، دەنگی زڕەی زنجیر هات. دەرگا کرایەوە و شڤابرین پێی نایە ناو ژوورەکە. لەو هەموو گۆڕانە سەرم سووڕما. بە شێوەیەکی سامناک ڕەنگپەڕیو و لاواز بوو. قژە ڕەشەکەی کە بە ماوەیەکی کەم پێش لە ئێستە، وەک ئەبەنووس[153] وابوو، ماشوبرنجی ببوو. ڕیشە درێژەکەی ئاڵۆسکا بوو و شانەنەکراو.

پاش هاتنە ژوورەوە بە دەنگێکی لاواز بەڵام تێڕادیو، تۆمەتەکانی خۆی پاتە کردەوە. گوایە من لە لایەن پۆگاچێڤەوە بۆ سیخوڕی نێردرابووم بۆ ئۆرنبۆرگ. هەموو ڕۆژ بە ناوی چالاکی لە قەڵات هاتوومەتە دەرەوە و گوزارشتی نووسراوم ناردووە بۆ پۆگاچێڤ. لەم دواییانەشدا بە ئاشکرا چوومەتە لای خۆی و لە گەشتەکانیدا لەگەڵ بووم. من تێکۆشابووم هاوپێلەکانی خۆم لە لای پۆگاچێڤ بەدناو بکەم، تا شوێنی

١٥٣ـ ئەبەنووس: Ebony ناو ڕەشەدار، کۆتەی ڕەش یان قاوەیی تاڵ، دارێکی گەرمەسێری هێند و سریلانکایە، بۆ دروستکردنی کەلوپەلی گرانبایی بەکار دێ.

ئەوان بگرمەوە. هانیان بدەم بچنە ڕیزی پۆگاچێڤەوە تا پاداشت وەربگرم.

بە ئارامی گوێم لە قسەکانی ڕاگرتبوو و، تەنها مایەی شادمانیم ئەوە بوو ئەو سلسارە، ناوی ماریا ئیڤانۆڤنای نەهێنا. بەم هۆیە منیش لە بڕیارەکەمدا لێبڕاوتر بووم کە ناوی ماریا ئیڤانۆڤنا نەهێنم. کاتێک لێم پرسرا چۆن تۆمەتاکانی شڤابرین بە درۆ دەخەیتەوە، وەڵامم دایەوە، ئەوەی پێشتر وتوومە هەموو داکۆکی منە و لەوە زیاتر هیچم نییە.

ژنراڵ فەرمانی دا بچینە دەرەوە. ئێمە پێکەوە چووینە دەرەوە. بە ئارمشەوە دەمڕوانییە شڤابرین. ئەو ناجوامێرانە تەوسخەندێکی کرد، زنجیرەکانی هەڵگرت و بە توندی ڕۆیشت. منیان بردەوە بۆ زیندان و ئیتر بۆ لێپرسینەوە بانگیان نەکردم.

ئەو سەربردنەی ئێستا دەیانگێڕمەوە، خۆم نەمدیون، بەڵام ئەوەندە لە لام پاتە کراوەتەوە کە هەموو وردەکارییەکانیانم باش لە بیرە و وا دەزانم بە شێوەیەکی پەنام[١٥٤] خۆم بەشداریم تیایاندا بووە.

باوکم و دایکم بە دڵسۆزی و مێهرەبانییەک پەزێراییان لە ماریا کردبوو، کە خەڵکی ڕۆژگارانی ڕابوردوو لە هی ئەمڕۆ جیا دەکاتەوە. ئەوان داڵدەدان و دڵدانەوەی کیژێکی

---

١٥٤ـ پەنام: absent ئاوەڵناو پێواری ڕازاوی، نادیار، بەرپێوار، نەتەن. ع غایب غیبی N fraværende د غایب، غیب، غیبی.

هەتویان بە ڕێزەنێک دەزانی پەروەردگار پێی بەخشبێتن. ئەوان بە ڕاستی ڕاکێشران بۆ لای. نەدەگونجا کەسێک ماریای دەلال بناسێت و خۆشی نەوێت. باوکم ئیتر ئەوینی منی بە هەوەس و ڕابواردنی جەوانی نەدەزانی و، دایکم تنها یەک ئارەزووی هەبوو:

ــ پەترۆشای ئەو، لەگەڵ ئەو بوونەوەرە وەشەسیاوەی[١٥٥] کچی سەرهەنگ هاوسەرگیری بکات.

هەواڵی گرتنی من بۆ بنەماڵە، یەکجار ناخۆش و دژاور بوو. بەڵام ماریا ئیڤانۆڤنا سەربردەی ئاشنایی من و پۆگاچێڤی ئەوەندە بە سادەیی گێڕابوویەوە، نەک هەر نیگەرانی نەکردبوون، بەڵکوو ببوویە هۆی ئەوەی دیسانەوە بێگێڕنەوە و پێبکەنن و خۆیانی پێوە سەرگەرم بکەن.

باوکم نەیدەتوانی و نەیدەویست بڕوا بکات، من بتوام لە ڕاپەڕینێکی وەهادا بەشداری بکەم، کە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی و هەڵوەشاندنەوەی پلە و پایەی دەرەبەگایەتی بوو؛ بۆیە بە پرسیاری بێناقبەر ساولیچی دەخستە تەنگانەوە. تا ڕادەیەک کە پیرەمێرد ددانی پێدا نابوو ئەویش پۆگاچێڤی بینیوە و تەنانەت بەرامبەر بەویش زۆر میهرەبان بووە، بەڵام سوێندی خواردبوو هەرگیز نەیبینیوە و نەیبیستووە من تووشی لادان و دوخمانی بوو‌بێتم.

باوکم و دایکم بەم هۆیەوە زۆر دڵیان ئاسوودە ببوو و

---

١٥٥ـ وەشەسیاو: tenderly ئاوەڵناو لەدڵنزیک، ژیکەڵە، دەلال، بەردڵ، بەناز، بەسۆز، مێریڤان، نازدار، بەردڵکەوتوو، شیرین، خوێنشیرین، خۆشەویست، سەوزەی خوێنشرین. ع بحنان، التحبیب N kjærlig, ømt د دوست داشتنی.

بە پەرۆشەوە چاوەڕوان بوون هەواڵێکی خۆشیان پێ بگات.

ماریا ئیڤانۆڤنا یەکجار بێئوقرە[١٥٦] و دڵ لەدوا بوو، بەڵام ددانی بە خۆیدا گرتبوو و هیچی نەدەوت.

چەند حەفتە تێپەڕی. کتوپڕ باوکم، لە پەترزبۆرگەوە نامەیەکی «شازادە ب»ی پێدەگات. نامەکە سەبارەت بە من دەبێ و شازادە پاش چاک و چۆنی، نووسیبووی بە داخەوە گومانی بەشداری من لەگەڵ یاخییەکان بە ڕوونی سەلماوە و سزایەکی سەخت بۆ من بڕدراوەتەوە. هەرچەند بە پێی ڕێسا دەبوایە تیرەباران بکرێم، بەڵام سەبارەت بە پلە و ئەمەگداری و پیری باوکم، شاژن دڵی بۆی سووتاوە و سزای مردنی سەرشۆڕانەی من پلەیەک دابەزێنراوە و دوور دەخرێمەوە بۆ شوێنێکی چەپەک لە سیبریا.

ئەم هەواڵە نەگریسە ئەوەندەی نەمابوو دڵی باوکم بتۆقێنێ و بیبێتە هۆی مردنی. باوکم هێوری خۆی لەدەست دا و خەمی خامۆشی، بوو بە گلەیی و بناشتی بەئازار و سکاڵاکردن لە بەختی نەهامەتی.

بە خۆی دەگوت:

ـ چی؟ کوڕی من! هاودەستی پۆگاچێڤ؟ ئەی خوایە گیان من زیندووم و ئەم هەواڵە دەبیستم؟ شاژن لێی خۆش بوو و سزاکەی سووک کردووە؟ مەگەر بۆ من جیاوازیی هەیە؟ مردن خۆ ترسی نییە. باپیرەم لە کاتی خزمەتدا گیانی بەخت

---

١٥٦ ـ بێئوقرە: solicitous ئاوەڵناو دڵ لەدوا، نیگەران، دڵ تۆقیو، ئارام لێهەڵگیراو، بێ حەجمین، نائارام. ع قلق N omsorgsfull د مضطرب.

کرد. باوکم لەگەڵ ڤۆلینسکی[١٥٧] و خرۆشچۆڤ ئەو هەموو ڕەنجەی دا و کوژرا. ئەم لکەی نەنگ و شوورەییە تا ماوین بۆ ئێمە بەسە!

دایکم لە ترسی هەڵچوونی باوکم نەیدەوێرا لە لای ئەو بگری، بەڵام تێدەکۆشا دڵی بداتەوە بەوەی کە ئەو دەنگۆ و قاوەی بڵاو بووەتەوە بنەمای نییە و نابێ ڕادەستی قسەی هەڵەق و مەڵەق بین.

ماریا ئیڤانۆڤنا لە هەموان زیاتر ئازاری دەچێژا، چونکە دڵنیا بوو ئەگەر بمویستایەت دەمتوانی خۆم بپەرێنمەوە و بێتاوانی خۆم بسەلمێنم. بە گێز و گومان[١٥٨] ڕاستەقینەی دۆزبوویەوە و خۆی بە هۆکاری بەدبەختی من دەزانی. ئەسرین و ئازاری لە هەموان دەشاردەوە و بە بێناقبەر لە بیری ئەوەدا بوو چۆن دەتوانێ ڕزگارم بکات؟

ئێوارەیەک، باوکم لەسەر موبلێک دانیشتبوو و پەڕەکانی

---

١٥٧ـ ڤۆلینسکی و خرۆشچۆڤ: Volynsky and Khrushchov کەسایەتی لە سەرکردەکانی پارتی ڕووسی دژی بوهرێن Bühren، دڵخوازە ئەڵمانییەکەی ئیمپرێس ئانا. ◄ لە مێژووی نوێی ڕووسیا، لە دوای پیتەری مەزن، هیچ ژنێک بە ناوی خۆیەوە دەسەڵادار نەبووە، بەڵکوو لە بن کاریگەری **ژنەپیاو** یان سۆتەکەیدا ڕامیاری کردووە و پلانی دارشتووە. ◄ کونت ئێرنست یۆهان بوهرێن Count Ernst Johann Bühren، دڵخواز، سۆتە یان ژنەپیاوی تساریتسا و ئیمپرێس ئانا ئیۆئانۆڤنا Anna Ioannovna بوو، کە بۆ ماوەی دە ساڵ، لە ١٧٣٠ تا ١٧٤٠ حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای کردووە.

١٥٨ـ گێز و گومان: hunch and guess ناوی لێکدراو گومان هەستێکی ڕەمەکییە، بەڵام گێز، گومانێکە ئەرخایەنیی لەگەڵ بێ، جا لەسەر بنەمای بینراوە و بۆچوونەکان ڕاوەستابێ یانیش لەسەر بناغەی ڕاستەقینە، گومان هەستکردنە بە ڕوودانی بوویەرێک لە داهاتوودا دەدات. ع الحس الباطني N anelse د احساس وقوع امری در اینده.

ساڵنامەی دەرباری هەڵدەدایەوە، بەڵام بیری لە شوێنانی تر دەگەڕا. خوێندنەوەی ساڵنامە، ئیتر ئەو چێژ و کاریگەرییەی هەمیشەی نەمابوو. باوکم ئێستە بە فیکە مارشێکی کۆنی لێدەدا. دایکم، خامۆش خەریکی چنینی بلووزێکی خوری بوو و جارجارە دڵۆپە فرمێسکێکی دادەتەکاندە سەری. لەپڕ ماریا ئیڤانۆڤنا کە لای دایکمەوە دانیشتبوو و گوڵدۆزی دەکرد، ڕایگەیاند پێویستە بچێ بۆ پەترزبۆرگ و داوای کرد کەرەستەی ڕۆیشتنی بۆ دابین بکەن.

دایکم یەک بە خۆی داچڵەکا و وتی:

ـ لە پەترزبۆرگ چی دەکەی؟ ماریا ئیڤانۆڤنا نەکا دەتەوێ بەجێمان بێڵی؟

ماریا ئیڤانۆڤنا وەڵامی دایەوە، هەموو ژیانی داهاتووی بەستراوە بەم گەشتەوە و، ئەیەوێ وەکوو کچی کابرایەک کە لە پێناوی ئەمەگداریدا گیانی خۆی بەخت کردووەە، داوای یارمەتی لە کەسانی بەدەسەڵات بکات.

باوکم سەری داخست، چونکە هەموو وشەیەکی دوخمانی کورە تاوانکارەکەی دەهێنایەوە بیری و، وەکوو چڵێک لە دڵی دەچەقی و، وەک سەرکۆنەیەکی تاڵ، سەری پێ دادەنەواند.

باوکم ئاهێکی هەڵکێشا و وتی:

ـ بڕۆ کچم، بڕۆ! ئێمە نامەنەوێ ببین بە لەمپەری بەختەوەری تۆ. ڕەنگە خوا بەزەیی پێتدا بێتەوە و شوویەکی باشت دەست بکەوێ. نەک دوخمانێکی قێزەون.

پاشان هەڵسا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە.




ماریا ئیڤانۆڤنا و دایکم بە تەنها بوون. ماریا تا ڕادەیەک نەخشەکەی بۆ دایکم شی کردەوە. دایکم بەدەم ڕۆندک داباراندنەوە لە ئامێزی گرت و لە خوا پاڕایەوە ئەنجامی ئەم تێکۆشانە بە باری باشەدا بگەڕێ. چەند ڕۆژ دواتر ماریا ئیڤانۆڤنا و پالاشای شایەنە[159] و ساولیچی هەژمەی میهرەبان ــ کە لە نەبوونی مندا دڵخۆشی ئەوە بوو لانیکەم یارمەتی دەزگیرانەکەم دەدات ــ کەوتنە ڕێ.

ماریا، بێوەی گەیشتە سۆفیا، هەواڵی وەرگرت دەرباری شاژن لە تزارسکۆ سێلۆ[160] بۆ پشوو لای داوە. ئەویش بە باشی زانی هەر لەوێ بمێنێتەوە. لە وێستگەی پۆست ژوورێکی ئاسایان پێدا. ژنی بەرپرسی وێستگەی پۆست دەسبەجێ لەگەڵی کەوتە گفتوگۆ و وتی خوشکەزای ئەو کابرایە سۆپاکانی کۆشک هەڵ دەکات. پاشان ئەوی لە زۆر ڕازی ژیانی دەربار ئاگادار کرد. پێی وت شاژن کەی لەخەو هەڵدەستێ و کەی قاوە دەخواتەوە و کەی دەچێ بۆ گەڕان. کام

---

١٥٩ـ شایەنە: ناو کەنیزی ڕازیار، کەنیزی بەرکار، کەنیزی هاودەم د ندیمه در باری N forlover ع خادمة الشرف E maid of honour.

١٦٠ـ ئەم Sofia و Tsarskoye Selo کە کۆشکی کاترینی لێیە، هەدووکیان دەکەونە باشووری شاری پەترزبۆرگەوە. تزارسکۆ سێلۆی هاوینەهەواری تزاری ئێستە ناوی پووشکینـە.

لە دەربارییەکان هەمیشە لەگەڵین و دوێشەو میوانداری کێی کردووە. کورتییەکەی قسەکانی ئانا ڤاسیلێڤنا[١٦١] دەیانتوانی بە باشی چەندین لاپەڕەی مێژوو پڕ بکەنەوە. ئەگەر تۆمار بکرایەت بۆ نەوەکانی داهاتوو زۆر بەسوود دەبوو. ئەوسا ئانا و ماریا پێکەوە بە هەموو کۆڵان و پرد و گوزەرێکدا تێپەڕین و ئانا ڤاسیلێڤنا بە وردی مێژووی هەموویانی بۆ گێڕایەوە. پاش گەڕانی دوورودرێژ بە شادمانی گەڕانەوە بۆ وێستگە.

ڕۆژی دواتر ماریا ئیڤانۆڤنا بەیانی زوو لە خەو هەڵسا، جلی لەبەر کرد و چوو بۆ ناو باخ، لە باخێکەوە بۆ یەکی تر. تیشکی خۆر گودیلەی دارلیمۆ ـ کە هەوای پایز خەزڵی زەرد کردبوون ـ بە سوورێکی گەش ڕەنگ دەکرد. ئەستێرکی گەورە بەبێ شەپۆل و لەرە بە تاوددانەوەی تیجەی هەتاو دەبریسکایەوە. قووی تازە لەخەو ڕاچەنیو، لە بن سێبەری دەوەنەکانی قەراخ ئاوەکەوە بەرەو ئەستێرک دەڕۆیشتن.

ماریا ئیڤانۆڤنا لە چیمەنێکی پڕ شکۆوە کە بە تازەیی تەلارێکی یادگاریان بە شانازی سەرکەوتنەکانی کۆنت پیۆتەر ئەلکساندرۆڤیچ ڕامیاتزۆ تێدا دروست کردبوو، بە پیاسەکردن تێدەپەڕی، لەپڕ سەگێکی بچووکی ئینگلیزی، بە حەوحەوکردن هات بۆ لای. ماریا ئیڤانۆڤنا ترسا و لە شوێنی خۆی وەستا. لەو کاتەدا دەنگی بلاوێنی ژنێکی بیست، دەیوت:

ـ مەترسە، گاز ناگرێ!

---

١٦١ـ Anna Vlasyevna

خاتوونێک لەسەر نیوکەتێک بەرامبەر بە تەلاری یادگار دانیشتبوو. ماریا لەسەر کورسییەکە دانیشت. ئەو خاتوونە بە مەراقەوە سەیری دەکرد و، ماریاش بە دزییەوە سەرتاپای ژنەی هەڵسەنگاند. کراسێکی سپی تایبەتی بەیانیانی لەبەردا بوو، کلاوێکی ڕەش لە سەریدا، کولۆنجەیەکی بچووکی ڕووسی لەبەردا بوو. چل ساڵان دەبوو، ڕوومەتی گووپن و سوورهاڵی، بزەی بەئەسپایی و چاوە شینەکانی ئەفسوونێکی لەوەسپنەهاتووی لە خۆیدا حەشار دابوو.

سەرەتا ژنە بێدەنگییەکی شکاند و پرسیاری کرد:

ــ وا دیارە خەڵکی ئێرە نیت؟

ــ بەڵێ خانم، دوێنێ لە مەڵبەندی خۆمەوە هاتووم.

ــ لەگەڵ کەسوکار؟

ــ نەخێر، بە تەنها هاتووم.

ــ تەنها!... بەڵام تۆ زۆر گەنجی!

ــ ڕاستە، بەڵام نە دایکم هەیە و نە باوک.

ــ مسۆگەر، بۆ کارێک هاتووی بۆ ئێرە؟

ــ بەڵێ خاتوون، ئەمەوێ سکاڵایەک بدەم بە شاژن.

ــ بە پێی ئەوەی کە هەتیویت، وا دیارە دەتەوێ سکاڵا لە کەڵکاوەژووی یەکێک بکەیت، یان دەتەوێ بڕیاری دادگاییەکی نادادگەرانە هەڵوەشێتەوە.

ــ نا خاتوون، من بۆ تکای بەخشین هاتووم نەک سکاڵا.

ــ بۆم هەیە ناوت بپرسم؟

ــ من کچی سەرهەنگ میرۆنۆڤم.

ــ سەرهەنگ میرۆنۆڤ! هەمان کە فەرماندەی یەکێک لە قەڵاتەکان بوو؟

ــ بەڵێ، خاتوون!

خاتوون کە بە ئاشکرا بەزەیی بە کچەدا هاتبوویەوە، بە ئارامی و میهرەبانی پرسی:

ــ بمبوورە خۆم لە کارتدا هەڵدەقورتێنم، بەڵام لەبەر ئەوەی جاروبار دەچم بۆ دەربار، ئەگەر پێم بڵێی داخوازەکەیت سەبارەت بە چییە، ڕەنگە بتوانم یارمەتیت بدەم.

ماریا، لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ، بەوپەڕی پێزانینەوە سپاسی داکات. هەموو شتێکی ئەم خاتوونە نامۆیە بە شێوەیەکی سەیر ئامۆ خۆیا دەکەن و متمانەی تێدا بەدی دەهێنن.

ماریا نامەیەکی نووشتاوە لە گیرفانی دەردەهێنێ و ئەیدا بە خاتوونەکە.

ئەو لەبەر خۆیەوە نامەکەی دەخوێندەوە، سەرەتا بە دڵسۆزی و میهرەبانییەوە دەیخوێندەوە، بەڵام لەپڕ ڕواڵەتی گۆڕا. ماریا ئیڤانۆڤنا لە هەموو چرکەساتەکانی خوێندنەوەی نامەکەدا، ئاگای لێ بوو. کاتێک نیگای هەتەری ئەوی بینی کە تا ساتێک لەمەوبەر ئارام و هێور بوو، ترسا.

خاتوون بە دەروایێکی سارد وتی:

ــ تۆ داوای بەخشینی گرینیۆڤ دەکەیت و شاژن ناتوانێ ئەو ببەخشێ. ئەو لە ڕووی نەزانییەوە نەچووە بۆ لای چەتەکان، بەڵکوو وەک لادەرێکی بێڕەوشت ئەو کارەی کردووە.

ماریا ئیڤانۆڤنا ڤیژاندی:
ــ بەڵام ئەوە ڕاست نییە.
خاتوون لەکاتێکدا ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو، وتی:
ــ چۆن ڕاست نییە؟
ــ ڕاست نییە، بە خوا سوێند دەخۆم ڕاست نییە. هەر ئێستە هەموو ڕاستییەکەت بۆ دەگێڕمەوە. ئەمانە هەمووی لەبەر من بووە. تەنها لەبەر من ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی بە خۆی ڕەوا بینیووە، هۆی ئەوەی لە دادگا داکۆکی لە خۆی نەکرد، ئەوە بوو کە نەیدەویست ناوی من بێتە ناو ئەم مژارەوە.
پاشان بە گەرموگوڕی هەموو ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز دەیزانن، بۆ خاتوون گێڕایەوە و خاتوونیش بە وردی گوێی لە گوتەی ڕاگرتبوو، لە کۆتاییدا وتی:
ــ تۆ لە کوێ نیشتەجێ بوویت؟
کاتێک زانی لە ماڵی ئانا ڤاسیلێڤنا دەژی، بزەیەکی کرد و وتی:
ــ زۆر چاکە دەیناسم. جارێ ماڵیاو. سەبارەت بەم دیدارە لەگەڵ کەس مەدوێ. هیوادارم بۆ وەڵامی داخوازەکەت زۆر چاوەڕێ نەبی.
پاش وتنی ئەو قسانە هەڵسا و بە کەناری گەلاڕێژی پارکدا ڕۆیشت و ون بوو. ماریا ئیڤانۆڤنا بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و پڕ لە شادی، گەڕایەوە بۆ ماڵی ئانا ڤاسیلێڤنا.
خانەخوێ لەم گەردشەی سەرلەبەیانی سەرکۆنەی کرد،

لەبر ئەوەی بۆ تەندروستی کچە بە قازانجی نەدەزانی؛ چونکە پایز بوو. پاشان سەماوەری هێنا، تا بەدەم دەمکردنی چایەوە سەرلەنوێ دەست بکاتەوە بە سەربردەکانی دەربار.

فایتوونێکی کۆشکی پاشایەتی هات و لەبەر ماڵەکەدا وەستا. خزمەتکارێک هاتە ژوورەوە و وتی:

ـ شاژن، خاتوو میرۆنۆڤی بانگ کردووە بۆ کۆشک.

ئانا ڤاسیلێڤنا، سەرسووڕماو و شڵەژاو هاواری کرد:

ـ ئەی خوایە گیان! ئیمپرێس تۆی میوان کردووە بۆ کۆشک! ئەو تۆی لە کوێوە ناسیووە؟ دەی ئازیز چۆن دەتەوێ لەوێ ئامادە بی؟ خۆ تۆ داب و نەریتی کۆشک و دەربار نازانی... باش نییە منیش لەگەڵت بێم؟ دەتوانم هەندێ شتت فێر بکەم. چۆن بە جلی گەشتەوە دەچی بۆ دەربار؟ باشتر نییە کراسە زەردەکەی مامانەکەی دراوسێمان بە ئەمانەت وەربگرم بۆت؟

خزمەتکاری کۆشک ڕایگەیاند، شاژن فەرمانی داوە، خاتوو ماریا ئیڤانۆڤنا بە تەنها و هەر بەو جلانەوە لە بەری دایە، بچێت بۆ کۆشک.

چارە نەبوو. ماریا ئیڤانۆڤنا سواری فایتوون بوو و لەگەڵ ئامۆژگاری و نزاکانی ئانا ڤاسیلێڤناوە بەرەو کۆشک کەوتە ڕێ.

ماریا ئیڤانۆڤنا هەستی دەکرد چارەنووسی ئەو ڕۆژە دەکەوێت بە لایەکدا. دڵی جار دەوەستا و جار گرمەی دەهات.

پاش چەند خولەک فایتوون گەیشتە بە دەرگای کۆشک. ماریا ئیڤانۆڤنا لەکاتێکدا دەلەرزی لە پلیکانەکان سەرکەوت. دەرگاکان پێشاوپێش بە ڕوویدا دەکرانەوە. لە چەندین ژووری ڕازاوە و دالانێکی بەشکۆ تێپەڕی. کۆتاییەکەی لە بەر دەرگایەکی داخراودا ڕاوەستان تا هاتنی ئەو ڕابگەیەنرێ. بیری بینینی شاژن ـ ئەویش ڕوو بە ڕووـ وەهای ترساندبوو، بە ئاستەم خۆی بەسەر پاوە ڕاگرتبوو.

پاش خولەکێک دەرگا کرایەوە و ئەو چوویە ژووری ئاڕایشتی شاژنەوە.

شاژن لە بەرامبەر مێزی ئاڕایشتدا دانیشتبوو و شایەنەکان فەراگەردی ڕاوەستابوون. بەڵام بە ڕێزی دارماڵەوە ڕێگەیان بۆ ماریا ئیڤانۆڤنا کردەوە.

شاژن بە میهرەبانی ڕووی تێکرد و ماریا ئیڤانۆڤنا ئەو خاتوونەی ناسییەوە، چەند خوولەک لەوەوپێش ئاوا ئازادانە گفتوگۆی لەگەڵ کردبوو. شاژن بانگی کرد بۆ لای خۆیەوە و بە پێکەنینەوە و وتی:

ـ لەوەی توانیم بەڵێنی خۆم ڕاپەڕێنم و داخوازەکەی تۆ ڕاپەڕێنم، زۆر شادمانم. کێشەی تۆ کۆتایی هات. من بڕوام بەوە هێنا، دەزگیرانەکەی تۆ بێتاوانە. ئەو نامەی لێرەیە، تۆ ئەرکی بکێشە و بیدە بە باوکی شووی داهاتووت.

ماریا ئیڤانۆڤنا بە دەستێکی لەرزۆک نامەکەی وەرگرت و بەدەم گریانەوە لە بەردەم شاژندا چۆکی دادا. شاژن هەڵیساند، ماچی کرد و لەگەڵی کەوتە گفتوگۆ:

ــ من دەزانم ئێوە سامانتان نییە، بەڵام من بە کچی سەرهەنگ میرۆنۆڤ وامدارم. سەبارەت بە داهاتووتان هیچ نیگەرانیتان نەبێت. هەموو چەشنە کەرستەی ئاسایشتان بۆ دابین دەکەم.

پاش ماوەیەکی باش دڵدانەوە و ئومیدەوارکردن، شاژن کچەی بەڕێ کرد. ماریا ئیڤانۆڤنا بە هەمان گالیسکە برایەوە بۆماڵەوە.

ئانا ڤاسیلێڤنا کە بێئوقرە چاوەڕێی دەکرد، تا زانستی خۆی سەبارەت بە ژیانی کۆشک دارماڵتر بکات، ڕێژنەی پرسیاری بێناقبەندی سەیر و سەمەرەی گرتە ماریا. ماریا وەڵامی هەموویانی بە شێوەیەکی ناڕوون و داخراو دایەوە. ئانا ڤاسیلێڤنا لەوەی کە ماریا ئەوەندە کەم دەزانێ هیوای لێی بڕا. ئانا ئەوەی بە ئەدگاری کەمڕووی گوندییانەی ماریاوە گرێ دا و بەدڵی فراوانەوە لێی خۆش بوو.

ماریا ئیڤانۆڤنا هەر ئەو ڕۆژە گەڕایەوە بۆ گوندی خۆیان، بەبێ ئەوەی خۆی بۆ گەڕان لە پەترزبۆرگ تووشی سەرئێشە بکات.

لێرەدا بیرەوەری پیۆتەر ئاندرۆڤیچ گرینیۆڤ کۆتایی دێت. وەک لە سەربردەیمان زانیوە، ساڵی ١٧٧٤ بە فەرمانی شاژن لە زیندان ئازاد کراوە. پیۆتەر ئاندرۆڤیچ لە ئاهەنگی سەربڕینی پۆگاچێڤدا بەشدار بووە. چەند خولەکێک بەر لەوەی سەری خوێناوی و بێ شۆری ڕاپەڕینی بۆ ترساندن

بەناو جەماوەردا بگێڕن، ئەو بینیویەتی و وەکوو سپاس و شاگە سەرێکی ڕاوەشاندووە.

ئێستاکانێ منداڵەکانی ماریا ئیڤانۆڤنا و پیۆتەر ئاندرۆڤیچ لە پارێزگای سیمبرسک دەژین. لە گوندێک کە هی دە خاوەندارە، لە خانوویەکی ئەربابی کە نامەیەک بە دەستنووسی کاترینی دووەم لە قاپێکی شووشەدا دەبینرێ. ئەم دەستنووسە بۆ باوکی پیۆتەر ئاندرۆڤیچ نووسراوە. شاژن لە نامەکەدا بێتاوانی کوڕەکەی پشتڕاست دەکاتەوە و پەسنی زیرەکی و ڕاستگۆیی کچی سەرهەنگ میرۆنۆڤ دەکات.

بیرەوەری پیۆتەر ئاندرۆڤیچ، لە لایەن یەکێک لە نەوەکانییەوە، سەبارەت بەوەی دەیزانی ئێمە دەستی نووسینمان هەیە، بۆ نووسینی ڕۆمانێکی مێژوویی، سەبارەت بەو خولەی باوەگەورەی ئاگای لە ڕووداوەکان بووە، دا بە ئێمە.

بە ڕەزامەندی خزمان، بڕیارمان دا سەربەخۆ چاپی بکەین. واتە بە ڕەزامەندی ئەوان هەندێ لە ناوەکانمان گۆڕا، بیرەوەرییەکانمان دەستەبەندی کرد و، چاپ و بڵاومان کردەوە.

کۆتایی

کۆتایی وەرگێڕان: کازابلانکا، ئاگوستی ٢٠٢٤

# فەرهەنگۆک

**ئادەر:** original, noble ئاوەڵناو کادانە، خانەدان، هیلاو، کەحیل، ڕەسەن و خاوەن کۆلکە. [ع] اصیل، نجیب [N] original, edel [د] اصیل، نجیب.

**ئادار:** constant ئاوەڵناو نەگۆڕ، جێگیر، بێجمین، بێجووڵە، مانی بەردەوام لە یەک شوێندا. [ع] ساکن [N] konstant [د] ثابت.

ن: ئادار لە سەر پادار نەما: بێجووڵە لە سەر جووڵەکەر نەما، هەموو جووڵەیەک بڕا، هەموو شت خاپوور کرا.

**ئاژۆت:** driver کارا لێخوڕ، لێخوڕی فایتوون و ئۆتۆمۆبیل و هتد. [ع] سائق [N] sjåfør [د] ڕاننده.

**ئاڵایی:١** banner ناو ئاوەڵناو پلاکارد، بەیداخ، دروشم؛ بانگەشەی لاکێشەی زۆر درێژ بە زۆری لە شەقام. [ع] لافتة [N] banner [د] پلاکارد، علم.




**ئاڵایی:٢** streamer ناوی چاوگ وەک ئاڵا، ئەو پارچە کووتاڵ و پەڕۆیەی دەدرێت بە سەر خزنی پیر و شێخان دا یان لە داری پیرۆز گرێ

دەدرێت.








**ئانا ئیڤانۆڤنا :** Anna Ioannovna دوشێر ئیمپریر تزار {١٦٩٣ـ١٧٤٠} یان ئیمپریس ئانای ڕووسیا، ساڵانی ١٧١١ تا ١٧٣٠ دوشسی کۆرلەند و لە ١٧٣٠ تا ١٧٤٠ تزاری ڕووسیا بوو.





**ئەرخەوانەسوور :** ناوی لێکدراو زۆری و خوڕی و قورسی وەک لافاوی **ناو چەم و ڕووبارە** لە سەرەتای بەهار و سووربوونی ئەرخەواندا، کە بەفری کوێستان ئەتاوێتەوە، ئاوی سارد تاشەسەهۆڵی زەبەلاخ لەگەڵ خۆی دەهێنێت، گڵەسوورەی سەرڕێگا ئەشۆرێتەوە و ئاوی بەتەوژم وەک قوراوی ئەرخەوانییە.

**تێبینی:** ئەرخەوانەسوور وشەیەکی لێکدراوی هێمایییە، وشەی سوور ئەلوێ ئاوەڵناو بێ بۆ ئەرخەوان و هەموو واتاکانی لە خۆیدا کۆکردوەتەوە. بۆ نموونە هەرچەند ئەرخوان و سوور هیچ پەیوەندییان بە لافاوەوە نییە، وشەی ئەرخەوانەسوور بۆ هەموو دانیشتوانی شاری سەقز تەنها یەک وێنا ئەنەخشێنێ، ئەویش ئەو کاتەیە لە سەر پردی ئاسن وەستاوە و چاوی بە ئاوی ئەرخەوانی وەک قوورە سوورەی پڕ لە تاشەسەهۆڵ ڕێشکەوپێشکە دەکات.

**تێبینی:** ئەرخەوانەسوور، بێژەی باوی ناوچەی سەقزە و بە «ئەرخەوانسوور» و «ئەرخەوان سوور»یش تۆمار کراوە.

خاڵ ⟵ **ئەرخەوانسوور:** کاتی سوور بوونی ئەرخەوان لە بەهاردا.

⟵ **ئەرخەوانسوور:** بریتییە لە هاتنی لافاو بە زۆری.

**ن:** ئەوەندە باران باریوە تانجەڕۆ ئەرخەوانسوور هاتووە.

ڕێژگە ⟵ **ئەرخەوان سوور:** سێڵاوی بەهاران کە هەڵدەستێ و لێڵ و مەیلەو سوورە. **ن:**

ئەرخەوان سووری بەهارە جەغەتووی فرمێسکم

ئەوی سامانی دڵە بردی هەمووی فرمێسکم

«بۆران»

هەنبانە بۆرینە ⟵ **ئەرخەوان سوور:** بریەتیە لە هەوەڵی نوورۆز.





**ئەڕابە:** wheelbarrow ئامێر کەرەستە عەرەبانە، کە هەم گارییە بووە و هەم جۆرێکی قورس و قۆڵی لە جەنگدا بەکار هێنراوە. ع عربة یدویة N trillebår د ارابە، ارادە.

**ئەڕابە :** wheel ئامێر کەرەستە چەرخ، پێچکە؛ خرتەک، ئەڕادە؛ تایەی عەرەبانە، تەگەر. ع عجلة N hjul د چرخ، غلتک.





**ئەلێکساندر سۆمارۆکۆڤ :** Alexander Petrovich Sumarokov (١٧١٧-١٧٧٧) هۆنەر و شانۆنووس و بەرهەمهێنەری شانۆی تاکەکەسی و بەدیهێنەری شانۆی کلاسیک بۆ دامەزراندنی کلاسیسیزم بوو.







**باکوزیرک :** ناوی فەرمان بەفری وردی سەرەتای کرێوە، بارینی بەفر و باران بە تۆف و کرێوەوە.

**بۆزن :** sharp nose ناوی فەرمان زۆر بۆنکەر، ئەو کەسەی توانای بۆنکردنی بەهێزە؛ هێمایی خۆهەڵقورتێنەر، کەسێک کە سیخوڕی لە کاری دگەردا دەکات.

**بە تامەزرۆییەوە :** eagerly ئاوەڵناو بەتاسەوە، بەگوڕەوە، بەپەرۆشەوە، بێئۆقرە، ئارام لێ هەڵگیراو، چاوەڕوان. ع بفارغ الصبر N ivrig د مشتاقانه.

**بەرتیل :** bribe دادوەری ناو پارەیەکی نارێسایە دەدرێ بە کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێکی نارێسایی؛ بەرتیدان و بەرتیلوەرگرتن وەکوو یەک سزایان لە سەرە. ع رشوة N bestikkelse د رشوه.

**بەرتیلکاری:** bribery دادوەری ناو دان و وەرگرتنی بەرتیل. ع الارتشاء N bestikkelser د الارتشاء، رشوەکاری.

**بەرتیلدان:** to give a bribe ناو بەرتیلکاری بە دانی بەرتیل. ع إعطاء رشوة N å gi bestikkelse د رشوە دادن.

**بەرتیلوەرگرتن:** taking a bribe دادوەری ناو بەرتیلکاری بە وەرگرتنی بەریل ع أخذ رشوة N tar bestikkelse د رشوە گرفتن.

**بەرتیلوەرگرتن:** taking a bribe ناو بەرتیلکاری بە وەرگرتنی بەریل ع أخذ رشوة N tar bestikkelse د رشوە گرفتن.

**بەردەست:**[3] orderly ناو خزمەتکاری تایبەتی ئەفسەری باڵا لە سپادا. ع مرتب N tildelt د گماشتە.

**بەرەک:** ١) ناو چۆخەی دریژ لە شاڵی بووزووی خوری و تووکی وشتر ٢) ناو جبەی خوری ٣) ناو دەلمە.









**بەژماڵە:** destitute ئاوەڵناو بەلەنگاز، ڕەواڵ، ژار، کاسۆ، بێتووتە، لامیسک، بێئەنوا، ڕووت، زوار، هەناسەسارد، کۆڵەوار، هەژار، هەڵوەدا، سەرگەردان، ئاوارە، نازشێواو، لانەواز، لاکەوتە، بێدەرەتان، بێتوانا، ڕەبیان. ع معوز N nødlidende د بینوا، ناتوان.

**بێناڤبەر:** constantly ئاوەڵکار بەردەوام، بەدرێژایی، درێژەدار. ع باستمرار N konstant د مدام، مداوم، دائما، بطور مستمر.

**پالاشا:** Palasha ناو ناوی کچانەیە لە زمانی ڕووسیدا بە واتای زەریای ئازاد.

**پەڕپووت:** tacky ئاوەڵناو شپرێو، لەبەریەکچوو، خەرەکشکاو، شەقوشڕ ع ردیء N klebrig د زواردرفته.

**پەردەتەیمان:** screen, paravan کەلوپەل ناو پاراڤان، پەردەیەکی گەورە و ئەستوور لە ناو ژوورێکدا هەڵیئەواسن بۆ جیاکردنەوە و کردنی بە دوو بەش. تەیمانی کووتاڵی ئەستوور. ع الشاشة N skjerm د پاراوان.



**پەنام:❶** absent ئاوەڵناو پێواری ڕازاوی، نادیار، بەرپێوار، نەتەن، نەدیو. ع غایب غیبی N fraværende د غایب، غیب، غیبی.

**پەنام و پێوار:** بۆ جەختکردن بە دوای یەکدا دێن. N fraværende ع د غایب، غیب، غیبی، تلویحی.

**وازا:** ناوی چاوگ ڕوون، دیار.

وازا و پێوار: د معلوم و مجهول.

**پەنام:❷** camouflage ناو خۆونکردن، خۆشاردنەوە، خۆدزینەوە لە دوژمن و مەترسی بە هاوڕەنگکردنی خۆ لەگەڵ ژینگە. ع تموية N kamuflere د استتار. جلی پەڵە



**پەنام:❸** esoteric ئاوەڵناو ئیزۆتێریک، ڕاز، ئارینەر، گوماناوی،

شاراوەیەک کە تەنها چەند کەس یان پەرەمێک بە زانایی و پسپۆڕییەکی تایبەتەوە تێی ئەگەن. [ع] سری [N] esoteriske [د] سری. ☜ ئیزۆتێریزم




**پەنامبین:** necromancer, predictor جادوو جادووگەر ناو نهێنی بین، کەسی خاوەن وزەی بانسروشتی کە شتی نادیار و غەیبی ئەبینێ. [ع] ساحر [N] nekromancer, prediktor [د] غیبگو.

**پەنامەکی:** confidential ئاوەڵناو نەپەنی، بە نهێنی، لەبنەوە، بەدزییەوە. [ع] سرِي [N] konfidensiell [د] محرمانه. ☜ سەنتە

**پەنگاو:** stagnant water ناوی لێکدراو مەنداو، ئاوی مەنگ و ڕاوەستاو. [ع] میاه راکدة [N] stillestående vann [د] آب جمع شده و راكد.

**پێشڕەو:** سەربازی پیۆلێن ناو ئەفسەری پەک تاج. پلەیەکی سپاییە، لە پێشەنگ بەرزتر و لە پێشکار نزمترە. [ع] مقدم [د] سرگرد [E] Magor.

**پلەکانی ئەفسەری سپایی:**

{جێدار: ملازم Sergent ستوان

جێداری یەکەم: ملازم اول 1st Lieutenant ستوان اول

پێشەنگ: نقیب Captain سروان

سەرهەنگ: رائد Mager سرگرد

پێشکار: مقدم Lieutenant_Colonel

سەرهەنگ: رائد Mager

سەردار: عقید Colonel سرهنگ اول

ڕاگر: العمید Brigadier سرتیپ

سالار: الفریق Lieutenant_General سرلشکر

پایەدار: المهیب Field_Marshal سپەسالار

## پلەی ئەفسەرانی سەربازی

| | | |
|---|---|---|
| جێدار | ملازم | Regimental sergent Major |
| جێداری دووەم | ملازم ٢ | 2nd Lieutenant |
| جێداری یەکەم | ملازم ١ | 1st Lieutenant |
| پێشەنگ | نقیب | Captain |
| پێشڕەو | رائد | Major |
| پێشکار | مقدم | Lieutenant - Colonel |
| سەردار | عقید | Colonel |
| ڕاگر | العمید | Brigadier |
| سەرتیپ | اللواء | Major- General |
| سالار | الفریق | Lieutenant- General |
| سالاری یەکەم | الفریق الاول | General |
| شکۆدار | المهیب | Field-Marshal |

**پێوار:** unknown نەزانراو، پەنام، نادیار، نەدیار، شینە، غەیبی. ع مجهول، غیر معروف N ukjent د ناشناختە، پنهان.

وازا و پێوار د آشکار و پنهان E overt and hidden.

دیار و نادیار د معلوم و مجهول E known and unknown

وزەی پێوار: potential energy وزەی شاراوە، شیان.

**تاتار:** Tatar نەتەوە ناوی تایبەت لە هۆزە بنەچە تورکەکانن، دانیشتووی کۆماری تاتارستان لە ڕۆژاوای ناوندی فیدراسیۆنی ڕووسیە، بەرەوژووری پێنج ملیۆنن، بە زمانی تاتاری دەئاخفن. کۆمەڵێکیان لە وڵاتانی تری بنەچە تورکدا دەژین. ◄ لە کچرسەرهەنگ نووسینی ئەلێکساندر پووشکین، لە پەندی ڕووسیدا هاتووە: میوانی ناکات لە تاتار خراپتــــرە! واتە تاتار لای ڕووسەکان و لەناو جەماوەری ڕووسدا بە نەتەوەیەکی دڕ و خراپ ناسراوە.




**تازەکار:❶** greenhorn ناو ناپوختە، نەشارەزا، ساویلکە. ع القلیل الخبرة N grønnhorn د ناشی، سادەلوح.

**تازەکار:❷** teenager ناوی لێکدراو نۆمس، شاگرد، تازە هاتوو، تازەورگیراو. ع مبتدأ N nybegynner د مبتدی.

**تاوانبار:** accused داد سزا ناوی بەرکار ئەو کەسەی تاوانبارکراوە، تاوانی بۆ هەڵبەستراوە بەڵام مەرج نییە کردبێتی؛ تاوانی بار کراوە و دراوە بە کۆڵیدا. ع متهم N tiltalte د متهم.

❂: تاوانبار و تاوانکار: accused and guilty د متهم و مجرم.

**تاوانبارکردن:** allegation دادوەری چاوگی ئێنەیەر تاوان پاڵدان و جەختکردن لەسەر تاوانباربوونی کەسێک بەبێ بەڵگا. ع ادعاء N

påstand د ادعا.

**تاوانکار:** guilty داد سزا تاوەکارا ئەو کەسەی تاوانی بەسەردا سەلمێنراوە. ع مجرم N skyldig د مجرم E culprit. ☜ تاوانبار ☜ کەتن و تاوان.

**تراوبنبەرگ:** General von Traubenberg جەنگ داگیرکاری ساڵی ١٩٧٢ سەرۆکایەتی لیژنەی لێکۆڵینەوە و یەکلاییکردنەوەی سکاڵا و نارەزایەتییەکانی کۆزاک بوو، بەڵام زیاتر دژایەتی ئەوانی دەکرد. بۆیە بە دەستی کۆزاخەکان کوژرا.





**تشتانۆک:** riddles گەمە ناو مەتەڵۆک، هەڵهێن، فیشاردە، پرسیار یان گوتەیەک کە بەوست بە شێوەیەک دەوترێ کە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکەی پێویست بە هۆش و زیرەکی هەیە و بە زۆری وەکوو یاری وایە. ع لغز، معما N gåter د لغز، معما L conundrum.

**ن:**

ئەم تشتانۆکە بێژە:

ئەوەی دای هێنا خۆی نەی ئەویست،

ئەوی کڕی پێویستی پێی نەبوو،

ئەوەی پێویستی پێی بوو، نەی دەزانی؟

←..... {کفن}

**توندنووس:** stenographer توندنووسی ناو کورتنووس، هێمانووس،

ستینۆگرافەر لە دادگا و شوێنی فەرمی. ع المختزل، كاتب الإختزال N stenograf د مختصر نویس، تنوگراف.

**تەڕاد:** ناو سمت و کەفڵی یەکسم، پێستی سەر کەلەکە.

**تەغار:**❶ stoup, stone_trough ناو دۆڵ، سوێنە، تەشتی پەلی دارین و گڵین و بەردین؛ دەفرێکە پینەچی ئاوی تێ دەکا و چەرم و پێڵاوی کۆنی تێدا دەخووسێنێتەوە؛ حەوز یان دەفرێکە، پێستەی تیا دەخووسێنرێت؛ دۆڵی خۆشۆردن؛ دەفری ئاوی ئاسنگەر و پینەچی. ع جرن الماء N stoup د سنگاب، طغار.



**تەغار:**❷ ناو کێش و پێوانەی دەخڵە، لە موکریان ٤ تەنەکە و لە باشووری کوردستان ٦٤ تەنەکەیە.

**تەغاراو:**❶ ناوی لێکدراو ئاو یان باراناوێکە لە شوێنی کەم ئاو لەسەر ماقۆڕ کۆ دەبێتەوە.

**ماقۆڕ :** water puddle سروشتی ناو وشکەناو، بەردێکە پەل بێ، یان چاڵی تێدا بێ و باراناوی تیا کوبێتەوە، زیاتر بۆ مەڕ و ماڵات، جا سروشتی یان دەستکرد. ع برکة الماء N vannpytt د گودال آب.



**تەغاراو:**❷ trough ناوی لێکدراو ئاوی خۆشکردنی پێستە لە ناو تەغاری زۆر گەورە. ع معلف N trau د سنگاب.





**تەق و ڕەو:** fight and flight **ناوی لێکدراو** قنگەشەڕ، قوونەشەڕە، جەنگی پێشمەرگانە، جەنگی پارتیزانی. [ع] الحرب والهروب [N] kjempe og flykte [د] جنگ و گریز [E] Partisan warfare.

**جەنگی پارتیزانی:** Partisan warfare **ناوی لێکدراو** تەق و ڕەو، چالاکی ڕێکخراوی هێزی ڕزگاریخوازی خاوەن ئامانجی ڕوونی ڕامیاری لە بەرامبەر سپای داگیرکەر. جەنگی تارتیزانی و گریلایی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەندی و ئەمریکای خواروو باوە. وشەی جەنگی گریلایی لە وشەی guerrilla ـ ئیسپانیایی تا ڕادەیەک بە هەمان واتای تەق و ڕەو بەکار هاتووە، وەک زۆربەی بزووتنەوەکانی ئەمریکای لاتین.








**تەناهی:** order **ناوی چاوگ** هۆنە، ئاسایش، ئاسوودەیی، ئارامشت، ئارامیی، تەکووز. [ع] نظم [N] rekkefølge [د] نظم.

**سپای تەناهی:** regular army **سپا** **سەربازی** سپای فەرمی هاوچەرخی دەوڵەت یان وڵاتێک واتە هێزە چەکدارە فەرمییەکان، بە زۆری هێزی زەمینی، هێزی هەوایی، هێزی دەریایی؛ بە پێچەوانەی هێزە نارێکخراو یان ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان، NGO، وەک هێزی بەرگری خۆبەخش، سپای تایبەت، بەکرێگیراو و هتد. [ع] الجیش النظامي [N] vanlig hær [د] ارتش منظم.

**تەوسخەند:** sneer تەوەروبیلار ناو فەرمان تیتاڵی، زەردەخەنە و تیڕوانین بە دەراوێکی سووکایەتیپێکردن و گاڵتەجاڕانە. ع سخرية N hån د تمسخر.






**تەوفن:** baptism ئاییناسر بۆنە بۆنەی پیرۆزکردنی ئوکەسەی بە فەرمی دەچێتە سەر ئایینی فەلە و دەبێت بە مەسیحی. ع المعمودية N dåp د غسل تعميد.

**کراسی تەوفن:** baptismal shirt ئاییناسر ئەو کراسەی گەنجی فەلە کاتی بۆنەی پیرۆزکردن لەبەری دەکات. ع قميص المعمودية N dåpsskjorte د پیراهن غسل تعميد.




**تێهەڵدان:** kick چاوگی تێنەپەڕ شەقیپادان، شەقلێدان، لەقەلێدان؛ لێدان لە گیاندار بەشەق. هێمایی دەرکردن. ع ركلة؛ طرد N sparke د با اردنگی زدن؛ راندن. ☜ یەکسانی

**تێهەڵدراو:** kicked چاوگی تێنەپەڕ بەرشقدراو، دەرکراو. ع ركل N sparket د اردنگی خورده.

**تێهەڵدەر:** چاوگی تێنەپەڕ شەقلێدەر، کەسێکە بە شەق لە خەڵک دەدات. ع ضارب N kicker د اردنگی زن. ❍:

هەر یەکێ لەوان خاوەم دەوڵەتە ~ ئەتۆی نەگبەتیش دڵت پێنج لەتە

ئەو داگیرکەر، تۆ داگیرکراوی ~ ئەو تێهەڵدەر، تۆ تێهەڵدراوی
بێدەوڵەت گەدا و دەوڵەتدار شایە ~ پێگەی ئەو دوانە کەی وەک یەک وایە؟
ئەوان وەکوو تۆ بێ هاوڕێ و سان نین ~ کویلە و سەردار هەرگیز یەکسان نین

**تیر :** thick ئاوەڵناو خەست، چڕ، هەس. ع سمیک N tykk د غلیظ.
ن: هەنگوینی تیر. ن: دووکەڵی تیر.

**تیمار :** treatment چارەسەر دەرمانکردنی برین، خزمەت و ڕاگەیشتن بە نەخۆش. ع علاج N behandling د معالجة.

**جەژنی سەن ژان :** st. john's day ئایینناسی ڕۆژی لەدایکبوونی یۆحەنا یان یەحیای باپتیستە، لە ٢٤ی جوونی هەموو ساڵێک لە لایەن کلیسای کاسۆلیک و ئۆرتۆدۆکس و ئەنگەلیکان و لۆتەرانەوە بەڕێوە دەچێت.







**جەللاد :** executioner ناو جەلاد، بکوژ، مرەقکوژ، میر غەزەب، سەربڕ، جەلاب. ع جلاد N bøddel د جلاد.

**چرژان :❶** wither چاوگی تێنەپەڕ چرژیان، چرژاندن، سیسهەڵگەڕان، وشکاندن. ع صعق N visne د پژمردە کردن.

**چرژان :❷** contrition ئایینناسی کۆمەڵایەتی ناوی چاوگ پەشیمانی، ژێوانی، چرژان، دارەتی هەستکردن بە هەڵە و ژێوانبوونەوە. ع ندم، توبە N anger د تاسف، پشیمانی، توبە.
ن: وەکوو چرژان لە تاوانەکەی، ئامادە بوو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات.

**چڵەبەنان :** row of tents ناوی لێکدراو چڵەبەندان، ڕەشماڵی شان بە شان،

ڕیزە خێوەت کە سنگیان هاوبەشە. [ع] صف الخیام [N] rad med telt [د] ردیف چادر.



**چۆڤاش:** Chuvash people [ناو] مەردمێکی بە ڕەگەز تورکی ئۆگۆڕن، لە ناوچەی ئیدل_ئۆراڵ تا سیبری دەژین. [ع] شعب تشوفاش [N] Chuvash folk [د] مردم چوواش.



**چوارشانە:** heavyset [ئاوەڵناو] کوڵەپڕە، سینە و ناوشان پان، مەردوومی ئەستووری قەڵەوی داڕێژراو. [ع] قوي جثة [N] tungsett [د] تنومند و قوی هیکل.

**چوارهەنگڵ:** giant [ناو] [ئاوەڵناو] چوارشانە و کەتە و بەرسینە پان، زیاتر بۆ ئەسپ بەکار دەهێنرێت مەگەر ئەوەی بۆ تەوس یان ئاماژە بێ بە مرۆڤێکی زەبەلاح. [ع] عملاق [N] kjempe [د] لندهور.

☜ چوارشانە





**چەفت و کێلوون:** دار و قفڵی دەرگا داخستن. جگە لەوەی چەفتەکە ئەخرێ، بۆ دڵنیایی کێلوونەکەش دادەخرێ.

**کێلوون:** lock ناو ئەشکۆڵ، داری پشت دەرگا بۆ داخستن. ع مزلاج، مغلاق، قفل N låse, klinke د بندینە، قفل.






**چێورمە:** ڕەمەند، وشکە کەڵەک، پاردە، غەرە، دیواری کورتی بە بەرد هەڵچنراو.

**خاچ تێڕوانین:** Angry look, scowl ناوی فەرمان ڕاستەوخۆ و بە مۆڕەوە تێڕوانین. ع نظرة غاضبة N Sint utseende د نگاه خشم آلود.





**خۆنواندن:** feigning چاوگی تێپەڕ ئاوەڵناو خۆدەرخستن، خۆنمایشکردن، خۆڕانان، خۆنمایی، ساختەکاری. ع التظاهر N late som د تظاهر کردن.

**خەوارە:** taken by sleep دارەت لە داوی خەو کەوتوو، خەوبردنەوە بە

دڵنەخوازی. ع مأخوذة من النوم N tatt av søvnen د در دام خواب افتادن. ☜ شەوارە

**داریل:** cask ناو دەرە، کەموڵ، بەرمیلی تەختەی گەورە، کووپەی داری سەرگیراو، کووپەی شەراب. ع برميل خشبي N tønne د بشکە چووبین. ☜ سەدەن ☜ کووپەی ماوزێر






**داڵدە:** refuge, asylum ناو پەنا، پەناگا، کۆڵەکە، هاناگە، سایە. ع ملجاء، حرز N tilflukt د پناه، لجوء.

**داڵدەدان:** refuge فەرمان پەنادان، حاواندنەوە لە ژێر پەنای خۆدا، بە تایبەت بۆ ئەوانەی گیانیان لە مەترسی دایە. ع مأوى للاجئ N asylmottak د پناه دادن.

**دایکی تەوفنکراو:** godmother ئایینناسی دایکی ئایینی، ئانە.

☜ **باوکی تەوفنکراو:** godfather ئایینناسی باوکی ئایینی، تاتە.

**دەراو:**❶ tone ناوی فەرمان شێواز و چۆنیەتی ئاخافتن؛ دەنگێک بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە؛ شێوەی دەربڕینی بابەتێک. ع نبرة N tone د لحن.

ن: نامەکەی دەراوێکی دۆستانەی هەبوو.

ن: بە دەراوێکی تووڕە وتی.

ن: بە دەراوێکی ڕاماو و دەنگێکی نزم پاتەی کردەوە.

☜ **دەراوی:** tonall, tonally ئاوەڵناو ئاوازی، هیی ئاواز، پەیوەندیدار بە شێواز و چۆنیەتی ئاواز.

☜ ئایدیۆلێکت.

**دەراو:**❷ accent شێوەگۆ زاراو، شێوازی ئاخافتن و گۆکردنی: بێژە، دەموبێژ، زمانێک بە تایبەت هیی نەتەوە یان ناوچە یان چینێکی

کۆمەڵایەتی.

: کاتێک بە ئینگلیزی قسە دەکات دەراوی زۆر ناخۆشە!

: سوورەی ئەمریکایی دەراوێکی کوردی زۆر خۆشی هەیە!

**دەستاژۆ :** tame ڕاهێنان ئاوەڵناو ماڵی، ڕام، ڕاهاتوو، کەوی، دەستەمۆ، ناکێوی، دەسەڵێن؛ گوێڕایەڵ، بەرخئاسا، بەگوێ، قسەبیس. ع ترويض، خاضعة. N tam د رام، اهلی، فەرمانبردار.

**دیدەوانی :** observation tower چاودێری چاودێرگە، ژوورێکی بەرزی تایبەت بۆ چاودێری و بینینی دەوروبەری شوێنێک وەک قەڵات و زیندان و پادگان و لە کۆندا بۆ بینینی دەرەوەی شوورەی شار. ع برج المراقبة N observasjonstårn د برج دیدبانی.



**دیمیتری یەکەمی ساختە :** False Dmitry I تزار (١٥٨٢ـ١٦٠٦) هەرچەند تەمەنی زۆر کورت بوو، بەڵام تەنها تزارێکە توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە هەڵمەتی سەربازی و یاخیبوون بگات بە تەختی پاشایەتی و، لە ساڵانی ١٦٠٥ـ١٦٠٦ ببێ بە تزاری ڕووسیا. ع ديميتري الدجال الأول N Falske Dmitrij I av Russland د دیمیتری دروغین اول.






**دیوا :** taffeta, gauze ناو تافتە، کووتاڵی ئاورێشم، جۆرێک تەنراوی

گرانبایی ئاورێشمە بە تایبەتی بۆ جلی ژنان. ع دیباج، دیبق N taft
د نوعی پارچە ابریشمی.





**راپەڕینی پۆگاچێڤ :** Pugachev's Rebellion بزووتنەوە مێژوو ڕاپەڕینێکی جووتیاری بوو، لە نێوان ساڵانی ١٧٧٣ بۆ ١٧٧٥ لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا، لە لایەن کازاخانی یاییکەوە بە سەرکردایەتی پۆگاچێڤ، ئەفسەری پێشووی سوپای ڕووسیا. ◄ پوگاچۆڤ ئەفسەری پێشووی سپای ڕووسیا لە چەندین جەنگدا خزمەتی کردبوو، بەڵام لە کاتی ڕاپەڕیندا بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو پیتەری سێیەم، ئیمپراتۆری ڕووسیایە، کە لە ڕاستیدا ساڵانێک بەر لەوە کوژرابوو. پیتەری سێیەم تەنها بۆ ماوەی شەش مانگ لە ساڵی ١٧٦٢ دەسەڵاتداری کرد و دوای تیرۆرکردنی، کاترینی دووەمی هاوسەری شوێنی گرتەوە. ◄ ڕووسیا گیرۆدەی جەنگ لەگەڵ عوسمان بوو. پۆگاچێڤ دەسەڵاتێکی لە ناوچەی ڤۆلگا و ئۆراڵ و تاتارستان بەدی هێنا. کەوتە چاکسازی و هەڵوەشاندنەوەی سێرڤاژ و سەربازی و ئازادکردنی جووتبەندە. بە داخەوە بە هۆی دوخمانی یارانی گیرا و تیرەباران کرا. ◄ ڕاپەڕینی پۆگاچێڤ، مەزنترین ڕاپەڕینی جووتیاری مێژووی ڕووسیە لە بەرهەمی جۆراوجۆر و هەروەها کچی سەرهەنگ، نووسینی ئەلێکساندر پووشکین، وەرگێڕانی سیامەند شاسواری گێڕدراوەتەوە. ◄ پۆگاچێڤ لە دەسەڵاتی سۆڤێتیدا بە پاڵەوانی نیشتمانی ناسرا و بە یادەوەری ئەوەوە تەمریان لێدا.






**ڕاوەن❶:** property ئابووری ناو دارایی، داڕدە، سامان، شت یان کۆمەڵێک شت کە لە چاوی ڕێسادا هی کەسێک بێ. داڕدە دەتوانێت هێسن بێ دەتوانێت ناهێسن بێ. ◀ ڕاوەندار خاوەنی سامان و داڕدەیە، ڕاوەندار دەتوانێت کەسێک یان چەند کەس یان کۆمپانیایەک بێ.
ع ملکیة N eiendom د ملک. ☜ داڕدار.

ن: ڕاوەن و خاوەن: property and owner ع د ملک و مالک.

**ڕاوەن❷:** holding ئابووری ناو پشک و سەرا و سامانە داراییەکانی تر کە لە دەستی کەسێک دایە و خاوەنیەتی. ع ملکیة و عقار N eiendom د ملک و دارایی E tenement.

ن: هەڵگرتنی ڕاوەنی بازرگانی.

ن: بەکرێدانی ڕاوەنی بازرگانی و تایبەتی.





**ڕفحە:** shelf ناو ڕف، ڕەفە، تاقەی زۆپ، شوێنێکی تەختە یان گەچ و چیمەنتۆیە وەکوو تاقێکی باریکۆلە بۆ دانانی شمەک و وەکوو جامخانە.
ع الرف N hylle د رف.

⇦ ڕف زمانی کوردی پەهلەوییە و لە سوغدی و مانەویش بە هەمان شێوە هاتووە. لە ئەردەڵان دەڵێن ڕفحە، کە شێوە دارماڵەکەیەتی. G پاڕامان

⇦ دزراوە بۆ عەرەبی ☜ ڕفەی ئازاد ☜ دزراو و وەرگێراو.







**ڕۆندک:** tear ناو فرمێسک، ئەسرین. ع دمعة N rive د اشک.

**ڕوانگە:** observatory ناو بەرجەوەن، جێگەیەک کە لێیەوە دەڕوانن، جێگایەکی تایبەتییە کە بە ئاسانی مانگی یەک شەوە و ئەستێرەی تێدا بدۆزرێتەوە، شوێنی ڕوانینی چاودێرگەی ئەستێرەوانی. ع مرصد N observatorium د مرصد.

**ڕوانگەی بینین:** visual perspective دەستەواژە ئاسۆ، هەتەرگەی چاو، مەودای بینین، ڕادەیەک چاو دەتوانێ ببینێ. ◀ چی دەبینی، بە گوێرەی ئەوەی لە کوێ وەستاوی. ع منظور بصري N visuelt perspektiv د چشم انداز بصری.




**ڕوبل:** ruble یان rouble دراو یەکەی دراوی بلاڕووس و ڕووس بەرامبەر بە سەد کەپەکە. نرخی یەک لە سەدی یووڕۆیەکە. سەرەتا پارەی ئیمپراتۆری ڕووسیە و پاشان یەکێتی سۆڤیەت.




**ڕەتاندن:** frighten away هێماییر چاوگی تێپەڕ چەرمەسەرێ بەسەرهێنان، هێنان و بردن و ماندووکردن. ع تخویف بعیدا N skremme bort د ترساندن.

**ڕەتێنراو:** frighten away هێماییر فەرمان ناوی‌بەرکار چەرمەسەرێ دراو. ع تخویف بعیدا N skremme bort د ترساندن.

**ڕەشەدار:** Ebony ڕووەک درەخت ناو ئەبەنووس، کۆتەی ڕەش یان قاوەیی

تاڵ، دارێکی گەرمەسێری هێند و سریلانکایە، بۆ دروستکردنی کەلوپەلی گرانبایی بەکار دێ.



**زۆرگ:** mound ناو زورگ، زورب، زەوی هەڵەت و چاڵ و بەرز، زنجیرە تەپۆڵکە. ع تل N haug د ماهور.



**زیوارە:** evening ناو ئێوارە درەنگان، عەسرۆجە. ع عصر، المساء متأخر N kveld د عصر دیر. هەنبانە بۆرینە

**ساپیتە:** hilltop, peak ناو لای هەرە بڵیند، چلەپۆپە. ع قمة التل N bakketopp د ستیغ.

**سامۆرتە:** saddle straps کەرەستە ناو ئاڵقە و بەندی پاشکۆی زین بۆ بەستنەوەی جانتا و شمەکی سوار، قایشی تەرکبەند. N sal- stropp ع سرج حزام د فتراک.

**سپێدپەهنا و سپێدبالا:** ناوی لێکدراو کازیوە دووبەشە، کازیوەی سپێدپەهنا کەناری ئاسمان واتە ئاسۆ زیوین بووە و، سپێدبالا بە دوایدا

دێت، ئەو کاتەیە ڕووناکییەکە بەرز دەبێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسمان و وردە وردە هەوا ڕوون دەبێتەوە.

**سرووش:❶** inspiration سروشت ناو دەنگی پێوار، دەنگی لە غەیبەوە. ع الهام، نفخ N inspirasjon د وحی، الهام.

**سرووش:❷** فریشتە ناو لە ئاڤێستادا بە واتای فریشتەی پەیامهێنەر و تەتەری ئەهوورامەزدا هاتووە.







**سلسار:** pixilated ئاوەڵناو بێشەرم، گەوەند، ڕێلاس، بێشەرمانە سەربەردای، پرتۆک، سەرسەری، پنتی، زۆر چەتوون. د وقح N skamløs د عجول، بی بندوبار E fiendish.

**سۆفیا:❶** Sofia جوگرافیا پایتەختی وڵاتی بولگاریایە. ساڵی ٢٠١١ دانیشتوانی ئەم شارە ١،٣ ملیۆن کەس بووە. سۆفیا گەورەترین شارە لە بولگاریا و، چواردەمین گەورەشاری وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپایە. زۆرینەی زانکۆ و پەیمانگا کلتووری و ناوەندە بازرگانی و کۆمپانییاکان لە شاری سۆفیایە. ع صوفیا N Sofia د صوفیه.







**سۆفیا:** ❷ ئەم Sofia و Tsarskoye Selo جوگرافیا کچەرسەرھەنگ لە ڕۆمانی کچی سەرھەنگ باسیان دەکرێ و، کۆشکی کاترینی لێیە، هەدووکیان دەکەونە باشووری شاری پەترزبۆرگەوە. تزارسکۆ سێلۆی هاوینەهەواری تزاری ئێستە ناوی پووشکینـە.




**سواڵەت:** ❶ ceramic دەفر ناو سێرامیک، گڵەسوورەی سوورەوەکراو، وەک دەفر و ئامان یان پارچەی گڵێنە بۆ فەرشکردنی سەربانی شیروانی. ع خزفي N keramikk د سفالین.

**تاتەپۆش:** slate ناوی چاوگ فەرشکردنی سەربان بە تەختە بەردی ناسک.

**سواڵەت:** ❷ tile دەفر کەرەستە ناو گڵێنە، کاشی، گۆزە و دیزە و کیتەڵە و شتی دروستکراو لە گڵەسوورەی سوورەوەکرابێ. ع البلاط N flis, slate د کاشی.

☜ سێرامیک ☜ چینی





**سەررێژنە:** ❶ clue ناوی لێکدراو سەرەداو، سەرتاڵ؛ بەڵگە یان زانیارییەکی

یارمەتیدەر لە دۆزینەوە و چارەسەری تاواندا. ع فکرة N ledetråd
د سرنخ.

**سەررێژنە:❷** ناو سەررێژانە، سەلیقە، زەوق، شێواز، چێژ N stil, måte, smak ع د سلیقە، ذوق، اسلوب E style, manner, taste.





**سەروەر:❶** chieftain ئاوەڵناو سالار، پێشەوا، سەرگەورەی خۆشەویست، کەسێک کە کۆمەڵێک خەڵک بڕوایان بە سەرۆکایەتی و باڵادەستی و سەرپەرشتیاری ئەو هەیە. ع زعیم N høvding
د سرور.

**سەروەر:❷** benefactor ئاوەڵناو ئەرباب، ئەزبەنی، گەورە و خاوەندەسەڵات لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا. ع رب، منعم N Lord د ولینعمت، ارباب.

**سەروەر:❸** numerator سەربەخۆیی خەبات ناو لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بە واتای سەربەخۆییخوازی ڕاشکاو و بێپێچوپەنا و دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی و سەروەری نەتەوەیی کوردستان بەشداران و ئەندامان بە فەرمی یەکدی بە وشەی «سەروەر» بانگ دەکەن، کە ڕاستەوخۆ هاوڕێ و هاوبیری هاوخەبات دەگرێتەوە. سەروەران، سەربازی ڕاستەوخۆی سەربەخۆییخوازین بە مەبەستی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ و، لەم کوردستانەدا هەموو چین و توێژێک دێنە کایەی خەباتی ڕامیاری خۆیان و دەسەڵاتی ڕامیاری خۆیان لە کۆماری کوردستان

و لە بەرژەوەندی کوردستان بەدی دەهێنن. ع رفیق حزبی N kamerat د سرور. بەشدارانی بۆچوون و چین و توێژە جیاکان بەم ناوانە یەکدی بانگ دەکەن:

- کۆمۆنیستەکان: هاوڕێ. {نوێنەری چینی کرێکار.}
- دێمۆکراتەکان: هەڤاڵ. {نوێنەری وردەبۆرجوازی.}
- نەتەوەخوازەکان: هاوبیر. {نوێنەری شەرمنی کوردایەتی.}
- سەربەخۆییخوازان: سەروەر. {نوێنەری ڕاشکاوی سەربەخۆیی.}

**سەنگەلا:**❷ swing ناوی فەرمان لۆژە، لەرە، هاتوچۆ، لەپـلەپ، هەلوور؛ بزووتنی بە هەر دووک لای ڕاست و چەپـدا. ع أرجوحة N svinge د نوسان.

**سێباز:** leapfrog گەمە ناو کەوشەک، هەمزەڵ، یارییەکی پێنج شەش کەسییە، مالّان ئەنووشتێنەوە و دەست دەنێنە سەر ئەژنۆیان، یەکێکی جەمسەر باز دەدات بەسەر هەموو منالّەکاندا، پاشان بۆ خۆی ئەنووشتێتەوە و یەکی دوای ئەو باز دەدات؛ بەو شێوەش هەیە کە یەکێک ئەنووشتێتەوە و هەموو بەسەر ئەودا باز دەدەن. ع لعبة القفزية N sprang د بازی جفتک چارکش.








**سێرڤاژ:** serfdom F سیستەم ناو ئاماژەیە بۆ پێگەی ئابووری-کۆمەلّایەتی گوندنشینانی نائازاد لە سیستەمی فیۆدالّیدا.سێرڤاژ یان جوتبەندەیی ڕووخسارێکی نەرمکراوی کۆیلایەتی بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا. ◀ جووتبەندە ئەو کەسە بوو لەسەر زەوی کار دەکرد و، بە بەشێکی دانبڕاو لەو زەوییە دەژمێردرا. جوویبەندە لەگەلّ زەوییەکە دەکڕدرا و دەفرۆشرا. ◀ جوتبەندەیی لە ڕووسیا تا

شۆڕشی ئۆکتبری ١٩١٧ درێژەی کێشا. [ع] القنانة عبودية الأرض [N] livegenskap [د] رعيت داری [E] servage.





**شاری:** urban [ژیار] [ئاوەڵناو] ئاوەدانی گەورە بە هەموو خزمەتگوزارییەکی هاوچەرخەوە، وەکوو فێرگە و نەخۆشخانە و ناوەندی وەرزشی و بازار و بەڕێوەبەرێتی و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ. [ع] مدني، حضري [N] Urban [د] شهری.

☜ **گوندی:** rural ☜ **پەراوێز:** suburban کەنارشار











**شاسەیوان:** tent [ناو] چەرداخ، دەوار، رەشماڵ، کۆن، خێوەت. [ع] خيمة [N] telt [د] سیاه چادر ییلاق نشینان.





**شاگە:** Hello [ئاقدەر] شاگا، دروود، خۆش بە، شادبە، سڵاو، وتەیەکە بەکار دەهێنرێ بە واتای سڵاو و مەرحەبا، لە (شاگاهـ)ـەوە هاتووە، واتە کاتێ وەکوو کاتی شا خۆشبێ. [ع] سلام، مرحبا [N] Hallo [د]

سلام، درود. خاڵ هەنبانە بۆرینە فەژین.

**شایەنە:** ناو کەنیزی ڕازیار، کەنیزی بەرکار، کەنیزی هاودەم د ندیمە در باری N forlover ع خادمة الشرف E maid of honour.

**هەژمە:** servant of honour ناو نۆکەری ڕازیار و خزنەتکاری تایبەتی، نۆکەری بەرکار، نۆکەری هاودەم. ع خادم الشرف N ærestjener د نوکر خاص. ن: ئەز هەژمەکاری بەژنی تەمە.






**شەمێلە:** ① eavesdrop دابونەریت فەرمان {شەمێلەی ژنان} شەماڵە، بژارە؛ شەوانی شەممە، ژنان، لە سێ ڕێیان و سووچی کۆڵانان و بەسێوی بانان خۆیان دائەگرن و گوێقوڵاخ ئەوەستن، لەگەڵ نیازێک لە دڵدا. ئەوەی لە ڕێبوارانی ئەبیستن ئەیکەن بە نوخشانە و نوقڵانەی پێکهاتنی نیازەکەیان؛ ئەگەر گوتەی خۆشیان بیست ئەوا ئەیکەن بە نیشانەی پێک نەهاتنی مرازەکەیان، گوایە نوخشانە بەپێچەوانەیە. ئەم نەریتە بە تایبەت لە چوارشەممەسووری یان کوڵە چوارشەممەی کۆتایی ساڵدا زۆر باوە. ع التنصت N tjuvlytte د استراق سمع، فالگوش ایستادن.

وێنە: هەرای سپی White Noise بەرهەمی Josef Březina.



**شەمێلە:**❷ eavesdrop فەرمان پسوو، کوڵگرتن و بە دزی گوێ لە گوتە ڕاگرتن. ع التنصت N tjuvlytte د استراق سمع، گوش ایستادن.

**فەراگەرد:** Environment ناو دۆر، دۆرمادار، کشتوکەنار، دەورووبەر، ناوچە، پەراُنیەر، ئەو نواقەی کە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیا تێیدا ئەژی N Miljø ع بیئة د محیط.

**چێوە:** perimeter ناو پەراُنیەری بازنە. ع محیط N omkrets د محیط.

**فیلد مارشاڵ:** Field Marshal سیا پلە ناو باڵاترین پلەی سپایی، بەرامبەرە بە ژنراڵی پێنج ئەستێرە، پلەیەک لە ژنراڵی چوار ئەستێرە بەرزترە.



**ڤۆلینسکی و خرۆشچۆڤ:** Volynsky and Khrushchov کەسایەتی لە سەرکردەکانی پارتی ڕووسی دژی بوهرێن Bühren، دڵخوازە ئەڵمانییەکەی ئیمپرێس ئانا. ◀ لە مێژووی نوێی ڕووسیا، لە دوای پیتەری مەزن، هیچ ژنێک بە ناوی خۆیەوە دەسەڵادار نەبووە، بەڵکوو لە بن کاریگەری ژنەیاو یان سۆتەکەیدا ڕامیاری کردووە و پلانی دارشتووە. ◀ کونت ئێرنست یۆهان بوهرێن Count Ernst Johann Bühren، دڵخواز، سۆتە یان ژنەیاوی تساریتسا و ئیمپرێس ئانا ئیۆئانۆڤنا Anna Ioannovna بوو، کە بۆ ماوەی دە ساڵ حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای کردووە، لە ساڵی ١٧٣٠ تا ١٧٤٠.








**ڤۆڵگا :** Volga رووبار ڕووباری ڤۆڵگا، درێژاییەکەی (٣،٦٩٠ کم) و درێژترین ڕووبارە لە کیشوەری ئورووپا. ◀ دەکەوێتە بەشی ڕۆژاوای وڵاتی ڕووسیا و ڕووسەکان بە ڕووبارێکی نەتەوەیی دادەنێن و شانازی پێوە دەکەن. ◀ بە گوێرەی ئەو ناوچانەی پێیدا تێدەپەڕێ کە ناوەکەی دەگۆڕێت. ◀ ڕێڕەوێکی هەرە گرینگی وڵاتی ڕووسیایە بۆ گواستنەوەی ئاوی لە ناخۆی وڵاتدا، چونکە بە ناو پانزە شاری گەورە، هەروەها مۆسکۆی پایتەختیشدا تێدەپەڕ. ◀ سەرچاوەی هەڵقوڵانی ڕووباری ڤۆڵگا لە گردۆڵکەکانی ڤاڵدای لە باکووری ڕۆژاوای مۆسکۆیە و بە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سەنت پیتەرزبۆرگدا بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات تا دەگاتە شاری قازان و لەوێشەوە ئاراستەی خۆی بەرەو باشوور دەگۆڕێت و لە ڕێڕگەی ڤۆڵگا دەچێتە ناو زریای کاسپیەنەوە.








**قاڵنگە :** pull skein دەزوو ناو بەنی هەڵکراو بە شێوەیەکی تایبەتی ڕاست و چەپ لە پەنجە گەورە و پەنجە تووتە دەئاڵێنرێ و پاشی ئەوەی ناوقەد بەرەوژووری دەبەسترێت. جەمسەرەکەی تری لەپەیسا دەکرێتە کار بەبێ ئەوەی بڵاو ببێتەوە، لە کاتێکا گلۆڵە ئەگەر جەمسەرەکەی بگری و بەری بدەی، تل دەبێتەوە و دەڕوات؛ چەند هەودا دەزوو یان ئاوریشمێکە کە پێکەوە هەڵ کرابن بۆ ئەوەی تاوتاو دەرکێشرێ و کار بکرێ. N trekke nøste.








**کازاخ:** Kazakhs ناو یان Cossack گەڕان بەرگرا و یانەساوێنیو بەرگر٧
نەتەوەی کازاخ دانیشتووی کازاخستان و هەندێ شوێنی ئاسیای ناوەڕاستن. ◀ لەبەر ئەوەی شێوازی ژیانیان کۆچەری دەشتەکی بووە، داب و نەریتی داستان و چیرۆک و مێژووی خۆیان بە شێوەی زارەکی زمانەکی هەڵگرتووە. ◀ بۆ کازاخ گرینگ بوو کۆڵکە یان درەختی خێزانی بزانێت و حەوت پشت (حەوت نەوەی پاش خۆی) بناسێت. بەڵام کازاخ هەروەها بەو گوندیانەی باشووری ڕووسیە و ئوکراین و پۆڵونیا دەوترا کە لە دەست ئاغەکان هەڵاتبوون و لە قەراخ چەمەکانی دان و دنیپر دەژیان. ئەم گرووپانە وردە وردە خۆیان ڕێکخست و بوون بە خاوەنی چەشنە سەربەخۆییەک و لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچانە ئەرکی سنوورەوانیان پێ سپێردرا. کاتی هێرشی ناپلیۆن بۆ ڕووسیە کازاخەکان بە جەنگی تەق و ڕەو ترسیان هاویشتبووە دڵی سەربازە فەرانسەییەکان. یەکەی کازاخ تا کۆتایی حکوومەتی تزاری لە سپای ڕووسیەدا هەبوو و بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانە بەکاریان دەهێنان. ناسرەدین شای قاجار پاش گەشتی ئورووپا بریگادی کازاخ یان یەکەی کازاخی لەناو سپای قاجار دامەزراند. ڕەزا کازاخ (ڕەزا شای پاڵانی) لەم یەکەیەدا خزمەتی دەکرد.




**کابۆک:** den ناو ئێلان، لانە، هێلانە، کولانە، بە تایبەت مێشەی شێر. ٤
وکر N nest د آشیانە.

**کازان:** Kazan جوگرافیا ناوی جێگا یان قازان، پایتەخت و گەورەترین شاری کۆماری تاتارستانە لە ڕووسیایە. ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە

زیاتر لە ١،٢٠٠،٠٠٠ کەسە و بووەتە پێنجەمین شاری گەورەی ڕووسیا و گەورەترین شاری ناوچەی فیدراڵی ڤۆڵگا، واتای وشەی قازان هەمان قازانی مەنجەڵی گەورەیە.





**کازیوە :** dawn, false dawn ناوی لێکدراو [کات+زیو+ئە] بوولێڵەی بەیان، ئەو کاتەی کە ئاسمان هێشتا ڕوون نەبووەتەوە و کاتی زیوینە. ع الفجر الکاذب N falsk daggry د فجر کاذب.

**کالمووک :** Kalmuck ڕەگەزناسی ئایینناسی ناو ئاوەڵناو کچرسەرھەنگ ئەندامی گەلێکی بە ڕەچەڵەک مەنگۆلیایی، کە زۆربەیان بوودایین و بە شێوەیەکی سەرەکی لە کۆماری کالمیکیا دەژین. ع القلموق N Kalmuck د قلموق.

**کالمووکیا :** Kalmykia جوگرافیا ناوی تایبەت بە فەرمی کۆماری کالمیکیا کۆمارێکی ڕووسیایە و دەکەوێتە باکووری باکووری قەفقاز لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، کە ئایینی بودایی تێیدا باڵادەستە. ڕووبەرەکەی ٧٦ هەزار و ١٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە (٢٩ هەزار و ٤٠٠ میل چوارگۆشە)، ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی ٢٧٥ هەزار کەسە، بە ڕەچەڵەک مەغۆل و بە پلەی یەکەم لە ئایینی بوودایین. پایتەختی کۆمارەکە شاری ئیلیستایە کە ناوبانگێکی زۆری لە شەترەنجی نێودەوڵەتیدا بەدەستهێناوە.









**کراسکۆڤ:** Mikhail Kheraskov هۆنەر {١٧٣٣ـ١٨٠٧} میخایل، هۆنەر و شانۆنووسی ڕووسی، لە ماوەی ١٧٧١ تا ١٧٧٩ چامەی داستانی «ڕووسیاد»ی نووسی، کە یەکەم هۆنراوەی داستانی ڕوسییەیە لە چەشنی هۆمەر و ڤیرژیل.



**کنیاژنین:** Yakov Knyazhnin نووسەر {١٧٤٢ـ١٧٩١} یاکۆڤ، مەزنترین تراژێدینووسی سەردەمی کاترینی گەورە.

**کۆپەک:** kopek دراو یەک لە سەدی ڕوبل، یەکەی دراوی ڕووس و بلاڕووس. ع کوبیک N kopek د کپک.

**کۆلیت:** shed ناو کەپر، کۆلیت، خانەتۆرە، خانیلە، کوخت، ماڵی هەژارانە، سازەیەکی سەرگیراو لە دار و چیلکە یان ئاسن بۆ هەمارکردن، یان پەنای خۆپاراستن، یانیش وەکوو کارگە بەکار دەهێنرێت. ع سقیفة N hytte, skur د خرابە، کلبە.



**کۆن:** tent ناو چەرداخ، دەوار، ڕەشماڵ، خێوەت، شاسەیوان. ع خیمة N telt د سیاه چادر ییلاق نشینان.

**کووپەی ماوزێر:** گەمە ناو کووپەڵەی باریک و درێژە، بارووت و ماوزێری تێکراوە و پلیتەی بۆ دانراوە، لە عەرزی ئەچەقێنن و ئاگری

دەدەن، دەسووتێت و ئاگر و پزیسکەی ڕەنگنامەی دەچێت بە حەوادا، هەڵبەت ڕەنگەکانی بە گوێرەی ئەو هێسنانەی تێی کراوە، وەکوو ئاڵۆمینیۆم، سولفور، باریۆم و پۆتاسیۆم، کە لە لایەن PESO «ڕێکخراوی جیهانی هێمنی پەترۆڵ و تەقەمەنی»یەوە ڕێگە دراون.




**کەبار :** virtue **ناو** ئەدگاری چاکە، ڕەوشتی باڵای کۆمەڵایەتی، نیازپاکی؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە: ڕازونیاز، نوێژ و نزا. **ع** فضیلة **N** dyd **د** فضیلت، فضائل.

**کەپکەی هیوا :** Cape of Good Hope **جوگرافیا** **ناوی جێگا**. کەپکەی هیوای چاکە. لە دوای کەپکەی ئاگوڵاس، باشووری ترین بەشی کیشوەری ئەفریقایە، لە ئەفریقای باشوور. **ع** رأس الرجاء الصالح **N** Kapp det gode håp **د** تنگە امید نیک.





**کەڵکاوەژوو :** misusage, abuse دادوەری ناوی فەرمان ناوی لێکدراو بەکارهێنانی چەواشە، بەکارهێنان بە شێوەی نەشیاو و بۆ مەبەستی نەشیاو. ع اساءة N misbruke د سوء استفادە. ⟵ کەڵک و کەڵکاوەژوو

ڕیشەناسی [کەڵک+ ئاوەژوو] واتە ئاوەژوو کەڵک لێوەرگرتن، بە هەڵە و پێچەوانە سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی هەر شتێک، کە دارماڵ واتای {misusage, abuse} و {اساءة} و {misbruke} و، وشەی دەستکردی {سوء استفادە} دەدات.

ن: دەرمانی ئازاریان بۆ نووسیبوو، کەچی کەڵکاوەژووی لێ دەکرد... و وەک هۆشبەر بەکاری دەهێنا.

ن: کەڵکاوەژووی دەسەڵات.

ن: ئەوە یەکەمجار نییە تۆمەتی کەڵکاوەژووی دەسەڵاتی لێ دەدەن.

ن: کاریگەری ئەم پۆلە دەرمانە بووەتە هۆی کەڵکاوەژوو.

ن: پێدانی ئەو گرێبەستەکە کەڵکاوەژووی دەسەڵات بوو.

ن: کەڵکاوەژوو لە ناوبانگی چاکەی ئێمە، بووەتە...

**کەوڵپۆس :** Fox Fur پۆشاک ناو پاڵتاوی پێستی تووکدار. ع فرو ثعلب N revepelsfrakk د پوستین، وات.



**گریشکا ئۆترێپیەڤ :** Grishka Otrepyev تزار کچرسەرهەنگ مەبەست تزار دیمیتریۆسی یەکەمی ساختەیە، کە بە فێڵبازی لە ساڵانی ١٦٠٥-١٦٠٦ خۆی کردووە بە تزاری ڕووسیا. ☜ دیمیتری یەکەمی درۆزن






**گلێرە:** hailstorm دیاردە ناو تەرزەلۆکە، تەرزەی وەرد، ڕەهێڵە و تۆفانی تەرزە. [ع] عاصفة البرد [N] haglstorm [د] تگرگ ریز.



**گەشمەرگ:** martyr ناو گیانبەختکردوو، گیانباز، گەشمردگ. [ع] شهید [N] martyr [د] شهید.

**گەواڵە:** cloudlet ناو گەوارە، پەڵە هەور. [ع] القزعة سحابة صغيرة [N] litet moln [د] ابرپارە، تکە ابر.




**گێز و گومان:** hunch and guess ناوی لێکدراو گومان هەستێکی ڕەمەکییە، بەڵام گێز، گومانێکە ئەرخایەنیی لەگەڵ بێ، جا لەسەر بنەمای بینراوە و بۆچوونەکان ڕاوەستابێ یانیش لەسەر بناغەی ڕاستەقینە، گومان هەستکردنە بە ڕووداوی بوویەرێک لە داهاتوودا دەدات. [ع] الحس الباطني [N] anelse [د] احساس وقوع امری در اینده.

**لاچەژ:** jam ناو میوەیەک لە ناو شەکەردا کوڵێنرابێ و خەست کرابێتەوە، جگە لە گوڵاو و هێل و دارچین، کە بە دڵخوازە، لیمۆ یان پارێزەر بۆ لاچەژ پێویستە، بۆ ئەوەی شەکرەکەی ڕوخس نەکات و نەگەڕێتەوە. [ع] مربا [N] syltetøy [د] مربا.

☜ ڕینگاڵ: ئاوی میوە،

☜ خۆشاو: میوەی کوڵاو لە ناو ئاو،

لاچەژ: میوەی کوڵاو لە ناو شەکر.






**لانەواز:** destitute ئاوەڵناو بەلەنگاز، ڕەواڵ، ژار، کاسۆ، بێتووتە، لامیسک، بێئەنوا، ڕووت، زوار، هەناسەسارد، کۆڵەوار، هەژار، هەڵوەدا، سەرگەردان، ئاوارە، نازشێواو، بەژماڵە، لاکەوتە، بێدەرەتان، بێتوانا، ڕەبیان. ع معوز N nødlidende د بینوا، ناتوان.

**لاوار:** fubble ناو داروپەردوو، رووخاو و کەلاوە. ع خرابة N fubble د آوار.




**مامزە:** ئامێر ناو مامێز، ئاسنێکی نووک تیژە لە پانیەی پۆستاڵی دەدەن و لە تەڕادی ئەسپی ئەکوتن بۆ لێخوڕین د مهمیز N sporer ع وخز الخیل E spurs.

تێبینی: تیپێکی بەسکتباڵی پیشەیی ئەمریکایی هەیە بە ناوی San Antonio Spurs کە زۆر بەناوبانگە و زۆر جار تەنها بە Spurs بانگ دەکرێن.




**ماووت:**❷ felt ناو کوتاڵێکی خوری ئەستوور و کوڵکنە دەکرێ بە جاکەت و پانتۆڵ و کڵاو. ع لبادي N følte د ماهوت.






**مووژیک:** moujik چیناپەتر کۆمەڵایەتر ڕووسی، جووتیاری بەستراو بە زەوی لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕووسیەدا، کە لەگەڵ زەوی ئەفرۆشرا و ئەکردرا. ◀ بە شێوەیەک لە شێوەکان جووتبەندە وەکوو مووژیکە.

**جووتبەندە:** Peasant, bondman ناوی لێکدراو بەندە، جووتیاری بەستراوە بە زەوییەوە. د رعیت. ع تابع E peasant

**جۆچین:** جووتیاری خاوەن زەوییە، جا کەم یان زۆر، بەڵام ڕەشایی جووتبەندەی بێزەوییە. G کوردیپیدیا

**کشتیار:** peasant ناوی لێکدراو باخەوان یان باخدار، کەسێک کە درەخت و ڕەز و باخ بەخێو دەکات.





**مینگرتن:** چاوگی نێبیەر دەورهەڵگرتن، گەرم داگیرسان. مینگرتنی مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتن و وتاردانا؛ مینگرتنی شەلاق و مەزرەق.





**نارین:❷** elastic کەرەستە لخێز، نەرم و باوخۆر، شتێک کە کێشی بێت و بگەڕێتەوە جێگەی خۆی، نارین واتا شتێک کە شێوەی ئەگۆڕێت و دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی خۆی. ع مرن N mollis د قابل انعطاف E resilient, malleable



**نارینە:❶** sponge هێسن ئاوەڵناو شتێک ئەگەر نەرم بێت و بگوشرێت و بگەڕێتەوە بۆ شێوەی خۆی وەکوو ئیسفەنج پێی ئەڵێن نارینە. ع إسفنج N svamp د اسفنج.

**نارینە:❷** هێسن ئاوەڵناو کەسایەتی نەرم و گونجاو، نەرم و نیان، کەسێک ئەگەر گوێڕایەڵ بێت و زۆر دڕایەتی نەنوێنێ پێی دەڵێن نارینە.

**ناقدەر:❶** denominator بیرکاری ناوی لێکدراو ژێرە لە کەرتی بیرکاریدا. ع غغغ N د مخرج.

**ناقدەر:❷** sill ناو بەردەرانە، لای خوارەوەی باڵشمە یان چوارچێوەی دەرگا. ع الجانب السفلي N under siden د ضلع پایین چهارچوب در.

**ناقدەر:❸** denominator هێمایر ناو کەسی هاوبەش. ع قاسم مشترک N fellesnevner د شخص مشترک.

ن: واش پێدەچێت، هەر هەموویان یەک ناقدەری گومانلێکراویان هەیە: تۆ.

They all seem, to have one common denominator: you.

**ناقدەر:❹** denominator ڕێزمان ناو بانگکردن، دواندن. ع علامة تعجب N utrop د صراخ حرف ندا، علامت تعجب.











**نەعرەتە:** roar ناو نەڕە، گوڕە، قریوەی بەرز و گەورە. ع طافوا N brøle د نعره.






**نەمرچ:** fretful ئاوەڵناو نەدوو، مۆن، ڕووتاڵ، دەموچاو گرژ، گرگین، دزێوی تووڕە و تۆسن، دژهێم، مۆن. ع عبوس N irriterende د اخمو. ☜ گورگن



**وارگە:** camp سەربازی ناو چادرگا، کەمپ، هۆبە، زۆم، بارەگا، هەوارگە، لەشکرگا. ع مخيم N leir د اردوگاه، اردو.

**وژارە:** imagination, phantasies ناو هزر و بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتوو بە وەرم یان ئەندێشە N fantasier ع تخيل د خيال اندیشی، خیالپردازی، خیالبافی.

**وەشەسیاو:** tenderly وەسپێ ئاوەڵناو لەدلنزیک، ژیکەڵە، دەلال، بەردڵ، بەناز، بەسۆز، مێریڤان، نازدار، بەردڵکەوتوو، شیرین، خوێنشیرین، خۆشەویست، سەوزەی خوێنشرین. ع بحنان، التحبيب N kjærlig, د ømt نازآلود، دوست داشتنی.

**هەژمە:** servant of honour مێمانە ناو نۆکەری ڕازیار و ڕاوێژکاری تایبەتی، نۆکەری بەرکار، نۆکەری هاودەم. ع خادم الشرف N ærestjener د نوکر خاص.

**ن:** ئەز هەژمەکاری بەژنێ تەمە.

**شایەنە:** مثمانە ناو کەنیزی ڕازیار، کەنیزی بەرکار، کەنیزی هاودەم د ندیمە در باری N forlover ع خادمة الشرف E maid of honour.

**servant:** ناو نۆکەر، کارەکەر، خزمەتکار. ع خادم N tjener د فدائی؛ خادم.






**هەڵۆ:①** The Eagle چامە ناو یان پیرە هەڵۆ، چامەی پەرویزی ناتل خەنلەرییە، بۆ سادقی هیدایەتی هۆنیوەتەوە و پێشکەش بەوی کردووە، کاریگەری ئەلێکساندر پووشکینی لەسەر بووە لە ڕێگەی ڕۆمانی کچی سەرهەنگەوە؛ کاریگەری ئاڵفرێد تنیسۆنی لەسەر بووە لە ڕێگەی هۆنراوەی هەڵۆکەیەوە و، کاریگەری بوودلێری لەسەر بووە بە هۆی هۆنراوەی قالاوەوە. چامەیەکی لە ڕادە بەدەر بەهێزی بەراوەردی ژیانی سەربەز و سەرنەوییە؛ هەژار و سوارە هەر کام لە ئاستی خۆیانەوە وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەوانەی ئەوانیش یەک لە یەک جوانتر و بەهێزترن.

**هۆنراوەی پیرە هەڵۆ**

هەژار:

پاییزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە ~ با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە

دیارەلای شەختەیەناخۆش خەوەرێ ~ دارەخۆی دەرنێ خەزاڵ هەڵدەوەرێ

هەورە ڕەشپۆش و بە گریە و ناڵە ~ سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە

بەگزەی سەردی هەناسەی کەژ و کۆ ~ ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ

داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم ~ ئەو دەمەی چۆن و چ بووم بۆ وا نیم

هێز و سۆمای نیە باڵ و چاوم   مامەوە گردە نشین بێ ڕاوم
دوورە گۆشت پۆڕ و کەوم وەردەکەوم   گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
پیرییە پاییزی وەرزی ژیانە   وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕنانە
وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم   ڕاو بە تاڵی منە هاکا مردم
مردنیش هێندە نە سووکە و سانا   سەری لێ گێژە هەزاران زانا
چم بە سەر دێ کە نەمام و مردم   پەڕی بەر بایەک و خۆڵی وردم
گیان بەرەو کوێ دەفڕێ ڕوون نیە بۆم   تۆ بڵێی بچتەوە لای باوە هەڵۆم
تۆ بڵێی ڕاوی هەبێ لەو بەرزە   پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە
داخم ئەوڕازە لە بن سەر پۆشە   سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە
دڵ ودیدەم کە بە دنیا فێرە   چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە
ژین گەلێ شیرنە فیزی ناوێ   بۆ مەبەست سەر دەنوێنم تاوێ
چاری ئەم دەردە لەلای قاڵاوە   گەرچی زۆر پیرە بە لاوی ماوە
دەچمە لای و بەوە چم لێ نایە   ڕەشییە و ئاوی ژیانی لایە . . .
سەر نەوی دای لە شەقەی شابالان   هاتە وێرانەیەکی جێماڵان
بوو بە میوانی قەلێکی ڕوو ڕەش   چەپەڵ و ڕژد و لە مەردی بێبەش
قەل قڕی: لێم مەیەپێش زۆرداری   خوا شوکر زۆر بە کەنەفتی دیاری
زوو بە چیت لێم گەرەکە پێم بێژە   دوور لە من بگرە لەشم بەنوێژە
گوتی ئەی لالە قەلەی هەر ماوم   پرم و زۆر لە مەرگ ترساوم
هەمە پرسێک و دەبێ بمبووری   هۆی چیە تۆ کە لە مردن دووری
وەک دەڵێن ئێوە بە چل ساڵ باڕن   تووشی تووش نایەن و کۆسپ و باڕن
ڕێیەکەم پێ بڵێ بۆ هەر مانم   تۆی لە لات دەست دەکەوێ دەرمانم
سوێند ئەخۆم پاشی هەتا بشمێنم   هەر کەوێ ڕاوی بکەم بۆت بێنم
قەل گوتی: هۆزی هەڵۆ زۆر خاون   سەیرە لام چۆنە کە خاوەن ناون
باب و کاکت بە نەزانی مردن   بیری سەربەرزییە وای لێکردن
هەر کەسێ بەرزە فرە زوو دەمرێ   بای بڵندایی سەر و دڵ دەگرێ

ماڵی ئێوە کە لە لووتکەی کێوە ~ لای جن و دێوە بەڵای زۆر پێوە
خوێنی پۆڕ پورگێ دەخاتە خوێنێ ~ گۆشت کەوی تازە گرفتێ دێنێ
جگەر و سی و دڵی مامر ژەهرە ~ تا وەها بێ تەقەلات بێ بەهرە
دەتەوێ زۆر بژی خۆش ڕابوێری ~ خۆ لە پەندم گەرەکە نەبوێری
وەرە وەک ئێمە بژی نزم و نەوی ~ شەو لە سەر گەندەڵە دارێک دەخەوی
خواردنی باشی کە تۆ نەتدیوە ~ گۆشتە بارگینی گەنی و تۆپیوە
کردنی چینە لە پەین و شیاکە ~ تاو و تینی لەشە بۆ دڵ چاکە
پەندی باپیرە بە میرات ماوە ~ خوێنی زامی کەرە سۆمای چاوە
گفتی من گەوهەرە بۆت هەڵرێژم ~ تاقە دوو ڕێت لە بەرە پێت بێژم
یا لە ناو بۆگەن و نزمایی ژیان ~ یان بە سەر بەرزییەو بسپێرە گیان
ڕاچەنی لەم وتەیە پیرە هەڵۆ ~ هاتە بەر چاوی گەلێ کەند و کڵۆ
کەفتە ناو گێژی خەیاڵات و خەمان ~ مان ئەگەر وا بێ چ شیرینە نەمان
گوتی: پیرۆز بێ لە خۆت ئەم ژینە ~ جەژنی تۆ بۆ مە شەپۆڕ و شینە
کێ بە سەر بەرزی ژیابێ تاوێ ~ ژینی قالاوی بە پووشێک ناوێ
چاوەڕێی مەرگە گیان با بیبا ~ پەڕ و باڵم لە چیا با بیبا
بە هەڵۆیی کە لە ژین بێبەش بم ~ نەک هەزار ساڵە قەلی ڕووڕەش بم
بۆ شتێک ئێستە لە خۆ بێزارم ~ من هەڵۆ بۆچی بە تۆ بوو کارم
مەرد ئەگەر کاری بە نامەردانە ~ دەردی سەرباری هەموو دەردانە

~

کەوتە خۆ دای لە شەقەی باڵ دیسا ~ ئاگرێکی لە دەروون دائیسا
ڕاستەخۆبۆسەرو هەربۆسەرچوو ~ هەردی جێهێشت و لە هەوران دەرچوو
قەل هەزار ساڵێ ژیا بەو تەرزە ~ سەرنەوی و هێشتە هەڵۆ هەر بەرزە

## ⇦ هۆنراوەی پیرە هەڵۆ

سوارە:

پاییزە دار و دەوەن بێ بەرگە ~ دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە

هەر گەڵایێ کە لە داریٚ دەوەریٚ   نووسراوێکە بە ناخۆش خەوەریٚ
تاو هەناوی نیە وا مات و پەشێو   لەشی زاماری دەکێشێتە نشێو
ڕۆژ پەڕە، ساردە کزەی بای زریان   کاتە بۆ ژینی لە دەس چوو ، گریان
دڵی پڕ بوو لە پەژارە و لە دڵۆ   ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ
بە قسە خۆشە مەترسی مردن   تاڵە ئەو هەستی بە مردن کردن
کاتی کۆچ کردنە وەختی سەفەرە   داخەکەم سەختی نەمانم لەبەرە
هەر بینا هات ئەجەل و من مردم   با لە شێویٚ پەڕ و باڵی بردم
تۆ بڵێی پاشی نەمان ژینیٚ بیٚ ؟   بۆ لەشی ساردەوە بوو تینیٚ بیٚ ؟
تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بیٚ ؟   یا نە ئەو قافڵە وەستانی بیٚ ؟
مەرگە دیٚ و دوا بە هەموو شت دێنیٚ   هەموو ئاواتیٚ لە دڵ دەستێنیٚ
پاشەرۆکێکی بکەم لەم باخە   تاکوو باڵ و پەڕی من پەرداخە
هەر بڕۆم نابەڵەد و بیٚ سەر و شوێن   دیار نییە خێڵی هەڵۆیان لە کوێن
شارەزای ڕێگەیی مردن کێیە   چیە ئەو مەنزڵە کوێنەی جێیە
نابمە ڕێبواری کەلی هات و نەهات   چارەکەم بەشکوو ئەوا هات و نەهات
خۆی بەخۆی گوت کە دەچم بۆلای قەل   کەیخودای پیر و بەبیری گەلی مەل
هەڵفڕی ڕاوکەری زاڵی کەژ و کێو   لە چیای بەرزەوە ڕووی کردە نشێو
کەوتە ئەو دەشتە لە ترسا تەق و ڕەو   دەرپەڕی کوڕکوڕ و کڕ مایەوە کەو
هاتە لای قەل بە کزی و بیٚ وازی   قەل گوتی : مامە هەڵۆ ناسازی ؟
کوتی قالاوە ڕەشەی پسپۆڕم   پیرم و پیٚ یە لە لێوی گۆڕم
باخی ژینم بە خەزان ژاکاوە   کاتی مەرگە و ئەجەلیش ناکاوە
پێم بڵیٚ چۆنە کە تۆ هەر لاوی   زۆر بە ساڵ پیری بەڵام چا ماوی
هێزی ئەژنۆم نیە باڵ بیٚ هێزە   هەموو گیانداریٚ ژیان پارێزە
قەل کوتی باشە کە گویٚ ڕادێری   پەندی من پاکی بە دڵ بسپێری
ئەو دەمە بابی بەهەشتی من مرد   دوور لە تۆ دەرد و بەڵای ئێوەی برد
پێی گوتم ڕۆڵە هەوای زار و نزار   هەیەتی دەرد و نەخۆشی بە هەزار

دیق و زەردویی و ئاهۆ و وەرهەم ~ بە گژەی بای بە قەوت دێن بەرهەم
گۆشتی کەو چەندە کە تام دارە بە ناو ~ هەنگ و هالاوێ دە هەنوێتە هەناو
تا وزەی بیر و خەیاڵ سەردەکەوێ ~ کە لە گۆڕ کەوتی وەها دەردەکەوێ
پەین و پاڵی کە لە پاڵی دێ پە ~ مەنزڵی نۆکەری خۆتی لێ پە
کەرە تۆپیو و کەلاکی گوێلک ~ هەڵمی دڵ ڕوون کەرەوەی سەرگوێلک
پێکەوە چینە بکەین لەو پەینە ~ بۆی سەنێر مەڵهەمی بیر و زەینە
ورد بەوە چەندە بە مانا قووڵە ~ مەسەلە و گفتی قەلی ماقووڵە
بیکە سەرمەشقی ژیان ئەو ئیشە ~ هەر لە سەر داری نەوی هەڵنیشە

~

هاتەوە بیری هەڵۆ ڕابوردووی ~ پاکی بووژانەوە یادی مردووی
گوڵ کرا ڕایەخ و پایەندازم ~ چەندە ئاژوا لەشی کێو ئاوازم
چەندە ڕوانیمە زەوی لەو بانە ~ کێو و دەشت لەو سەرەوە چەند جوانە
چەن چکۆڵەن پەلەوەر لەو بەرزە ~ ئاخ کە چەن خوێڕی گرە ئەم عەرزە
چەندە ڕاوی کەو و کەوباڕم کرد ~ دوژمنی تاقمی شمقارم کرد
کۆلکە زێڕینە وەکوو تاقی زەفەر ~ ئاسمان بۆ منی بەست کاتی سەفەر
حەوتەوانان بوو مەیانی شەڕی من ~ چەندە شۆڕاوە بە خوێن شاپەڕی من
ئێستە بۆ وا ڕەبەن و داماوم ~ من هەڵۆ چاو لە دەمی قالاوم
سا کە ئەو کارە وەها ساکارە ~ مەرگە میوانی گەدا و خونکارە
هەوری ئاسمان بێ خەلاتم باشە ~ یا لەشم خاشە بکێشن باشە
گوتی واژنی درێژ پێشکەشی خۆت ~ گۆشتی مندارەوە بوو هەر بەشی خۆت
ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن ~ نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن
لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزە مژی ~ چۆن بژی مەرجە نەوەک چەندە بژی

**هەڵۆی دووسەر:**[1] Double _ headed eagle هەرالدری بەرژەنگ نیشانەیەکە پەیوەندی بە چەمکی ئیمپراتۆریەتەوە هەیە لە زانستی هەرالدریدا.
**پێشینە:** تۆخمە دیکۆراتیڤەکەی هەڵۆی دوو سەر سەرچاوەیەکی

ڕەهای لە ئایکۆنۆگرافیای هیتیدا هەیە و لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. ◀ ئەم بەرژەنگە لە سەدەی دەیەم و یازدەمەوە، دووبارە دەردەکەوێتەوە و لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیندا بەکار دەهێنرێ. ◀ لە سەدەی دوانزەدا لە ئەندەلوس و فەرەنسا و بولگاریا و، لە سەدەی سێزدەمەوە سوڵتانییە سەلجوکییەکانی ڕوم و مەملوکەکان بەکاریان هێناوە. ◀ پاش ئەوانە لە سەدەی حەڤدەوە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز و سربیا و ڕووسیاشدا بەکارهاتووە، ئەمەش لە ڕوانگەی مەسیحییەوەیە. ع عقاب ذات رأسين N Dobbeltørn د عقاب دو سر.








**هەڵۆی دووسەری ڕووسیە:❷** Double_headed eagle هەراڵدری

بەرژەنگ نیشانەی ئیمپراتۆری لە ڕووسیە. ◀ دوای داگیرکردنی کۆنستانتینۆپۆڵ لە لایەن ڕووسیەوە، بەکارهێنانی **هەڵۆی دوو سەر** لە دووکنشینی گەورەی مۆسکۆ بڵاوبوویەوە، دوای ئەوەی ئیڤانی سێیەم هاوسەرگیری لەگەڵ سۆفیا پالێیۆلۆگۆس (خوشکەزای کۆنستانتین ١٤٥٣_١٥٠٥) کرد و، دراوی بە لۆگۆی هەڵۆی دوو سەرەوە لێدا. هەڵۆی دوو سەر وەک تۆخمێکی گرنگی هەراڵدری بنەماڵە ئیمپراتۆرییەکانی ڕووسیادا مایەوە، وەکوو خانەدانی ڕۆمانۆڤ لە ١٦١٣_ ١٧٦٢.







**هەیتە:❶** پاپی، سیخوڕ لە بەرگی دگەردا. [د] عامل نفوذی، جاسوس infiltrator, [F] المتسلل، خط مائل [ع] infiltratedor, føflekk [N] mole.









**هەیدە:** glorious [ئاوەڵناو] شکۆدار، شکۆمەند، فەرەوەر، مایەی شانازی. [ع] فاخر [N] strålende [د] شکوهمند.

**هیملوو:❶** storeroom [ناوی جێگا] هەماری سووتەنی، لێژنەی ئێزنگ، خەرمانی دار و چیلکە. [ع] مستودع [N] lagerrom [د] انبار سوخت.

**هیملوو:❷** ammunation, arsenal [ناوی جێگا] جبەخانە، کۆگای تفاقی جەنگی، هەماری چەک و تەقەمەنی، ئاموێر و کەرەستە. [ع] مستودع أسلحة [N] arsenal [د] زرادخانە.













**یاوەر:** sergeant سەربازی ناو سەرنۆگە، چاوەش، پلەیەکی سەربازی لە ئەفسەر بەرەوخوارە N sersjant ع عەریف، شاویش د سرگروهبان

تێبینی: شاویش: هەمان چاوەشی کوردییە.






**یاییکا:** Yaïka جوگرافیا ناو شارۆچکەیەکی دووهەزار کەسییە لە مەڵبەندی بۆدری لە پارێزگای گانزۆرگۆ لە باشووری ڕووسیا نزیک سنووری کازاخستان.








## لەمەڕ کچی سەرهەنگ

ئەلێکساندەر سێرگەیەڤیچ پووشکین (۱۷۹۹ــ۱۸۳۷) هۆنەر و شانۆنامەنووس و ڕۆماننووسی ڕووسی سەردەمی ڕۆمانسی، لەلایەن زۆر کەسەوە بە گەورەترین هۆنەری ڕووسی و دامەزرێنەری وێژەی مۆدێرن و وێژەی ڕووسی دانراوە.

پووشکین لە بنەماڵەیەکی خانەدانی ڕووسی لە مۆسکۆ لەدایک بووە. پووشکین هەر لە تەمەنێکی زۆر لاویەوە دەستی بە نووسین کردووە و یەکەم هۆنراوەی لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بڵاوکردەوە. زۆر زوو لە لایەن هۆڵی پاشایەتی ئەلێکساندەر و هەروەها لەلایەن دامەزراوە وێژەییەکانەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان دەناسرێ. ◀ لە کاتی دەرچوونی لە قۆناغی ئامادەیی، پووشکین چامەی مشتومڕاوی خۆی بەناوی "گۆرانی ئازادی» خوێندەوە، کە یەکێکە لەو چەند هۆنراوەی بووە هۆی تەرەکرانی لە لایەن ئیمپراتۆر ئەلێکساندری یەکەمەوە. ◀ پووشکین بەناوبانگترین شانۆنامەی خۆی، بۆریس گۆدانۆڤی لە کاتی دەربەدەری و لەژێر چاودێری توندی پۆلیسی ڕامیاری تزار و لە دۆخێکدا نووسیوە کە نەیتوانیوە بڵاوی بکاتەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمی وێژەیی پووشکین چامەڕۆمانێکە بە ناوی «یەڤگێنی ئانەگن Yevgeniy Onegin» لە نێوان ساڵانی ١٨٢٥ بۆ ١٨٣٢، واتە لە ماوەی هەشت ساڵدا نووسرا.

یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی پووشکین ڕۆمانی مێژوویی «کچی سەرهەنگ» لە ناوازەترین و سەرنجڕاکێشترین بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەیە. ◀ کچی سەرهەنگ لەمەڕ ڕاپەڕینی یەمیلیان پۆگاچێڤ سەرکردەی مەزنترین ڕاپەڕینی جووتیاری مێژووی ڕووسیەیە. ◀ داستانی کۆڵنەدان و نەمرییە، داستانی کەم بژی و کەڵ بژییە! ئەو داستانەیە کە لە مێژووی نوێی کوردستاندا دەیان نموونەی جێ شانازی لەو بابەتەمان هەیە. ◀ داستانی ئەو نەمرییەیە کە سەرکردەی ڕاپەڕیوان هەرچەند سوور لێی ئاپینە دەکوژرێ، بەڵام ئامادە نییە، پاشەکشە بکات. ◀ سەربردەی ئەم پاڵەوانە لای کورد نامۆ نییە. پاڵەوان لە زمانی پیرێژنی کالمووکەوە دەگێڕێتەوە کە هەڵۆ ناتوانێ وەکوو قەل گەنخۆری بکات و سی ساڵ ژیان زۆر زۆر لە سێسەدساڵ ژیانی قەلئاسا بە باشتر دەزانێ. ◀ هەمان سەربردەی کاری کردوەتە سەر خانلەری نووسەری دراوسێ و بووەتە هۆی هۆنینەوەی داستانی هەڵۆ و، لەو جوانتر دوو کەڵەهۆنەری وەکوو هەژار و سوارە بە ڕادەیەکی ئەفسانەیی جوان و بێوێنە کردوویانە بە کوردی و هەردووکیان لە فەرهەنگۆکی ئەم وەرگێڕانەدا تۆمار کراون. ◀ بەڵێ پۆگاچێڤی پاڵەوانی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە، کە نووسەر بە شێوەیەکی تایبەت وەک کەسایەتییەکی هەیدە و فەرەوەر و لێهاتوو وەسفی دەکات، سی ساڵ ژیانی هەڵۆیی لە سێسەدساڵ وەک قەڵ ژیان بە باشتر دەزانێ و بوێرانە تا کۆتایی درێژەی دەدات.

سیامەند شاسواری ـ ٢٠٢٤ دەروە